# حەرەمسەراو خەساوەکان

## خوسرەو جاف

## هەولێر ٢٠١٠

# ناوەرۆك


تۆ چی؟ ............ ٦
حەرەمسەرا ............ ٨
مانا ............ ١١
رەووشت ............ ١١
فرەژنی: ............ ١٤
بازاڕی كۆیله ............ ١٥
حەرەم سەرا: ............ ١٧
بە دەست هێنانی كۆیله ............ ١٩
فێركردنی كۆیله ............ ٢١
ژنە سوڵتان ............ ٢٢
نامەی بیهایسی ژن سوڵتان ............ ٢٤
خەساوەكان ............ ٢٥
زنجیرەی دەسەڵات ............ ٢٧
قەفەسی زێڕین ............ ٢٨
مردن ............ ٢٩
دنیای قەدەغەكراو ............ ٢٩
ژیانی رۆژانەی ناو حەرەمسەرای سوڵتان ............ ٣١
باخچەكان ............ ٣٣
یاری ............ ٣٣
مەلەوانگە ............ ٣٤
قسەو باس ............ ٣٤
هەڵبەست ............ ٣٥
نوێژ ............ ٣٦
رازی گوڵ و باڵندە ............ ٣٧
ئەفیون ............ ٣٨

خەلیفە مەی خۆرەکان.......... ٥١
دەڵە دێوەکەی سوڵتان .......... ٥٨
حەمام.......... ٦٥
خواردەمەنی .......... ٦٨
قاوەی تورك.......... ٧١
ژنانی سوڵتان. .......... ٧٣
ژنانی حەرەمسەراو سیاسەت.......... ٧٥
کەژاوەی دایکی سوڵتان.......... ٧٦
کچە شازادەکان. .......... ٧٦
مندالْ بوون. .......... ٧٨
مەرگی ژنی سوڵتان.......... ٧٩
روکسالینا.......... ٨٠
قوسیم.......... ٨٤
ئیمی دیبوك دی ریڤێری "نەخشدلْ" .......... ٨٦
خەساوەکان. .......... ٨٩
سلێمان ئاغا. .......... ٨٩
کۆیلەداری لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.......... ٩٦
بونگای کۆیلە فرۆشتن. .......... ٩٦
کۆیلە لە کۆمەلگای موسلماندا .......... ٩٧
کۆیلەداری لە ئەفریقیا. .......... ٩٨
کۆیلەی ناو ئەفریقیا .......... ٩٩
کۆیلە بوون لە سەدەەکانی ناوەڕاستدا.......... ١٠٠
کۆیلە لە دەوڵەتو شارەکانی ئیتالیادا.......... ١٠١
شەکەرو کۆیلە.......... ١٠١
پێست سوورەکانو کۆیلایەتی .......... ١٠٢
ئاژەڵە ماندووەکان. .......... ١٠٣
بەندەگی .......... ١٠٣

جۆری خەساوەکان. ........................................ ١٠٨
بازرگانیی کۆیلە........................................ ١١٠
خەساوی چینی ........................................ ١١٣
خەساو و هەوەسی جنسی........................................ ١١٤
دووبارە بونی ئاڵەتی پیاوانە. ........................................ ١١٦
گەورە خەساو: قیزلار ئلفاسی........................................ ١١٨
حەرەمی ئاسایی. ........................................ ١٢٠
گوێزانەوە. ........................................ ١٢٢
فرەژنی........................................ ١٢٤
دۆعاو جادوو........................................ ١٢٧
مردن. ........................................ ١٢٩
ژنانی بوخچە. ........................................ ١٣٠
خەونی رۆژهەڵاتی. ........................................ ١٣٠
هەزارو یەك شەو. ........................................ ١٣١
ژن هێنانی خەساوەکان. ........................................ ١٣٤
دووبارە دەرچوونەوەی ئالەتی خەساوەکان........................................ ١٣٥
کرنولوژی سوڵتانەکان عوسمانی ........................................ ١٤٦
وێنەکان........................................ ١٤٨

# تۆ چی؟

لـە هـەر کـوێرا باسـێك، نووسـراوەیەك کتێبێـك دەربـارەی حەرەمـسەرای زنجـیرە دەسەڵاتەکانی ناو مێژووم وەچنگ هاتبا، بـە وەردەکارییـەوە دەمخوێنـدەوە، تـا زانیـاریم زۆرتر بووایە، زۆرتـر سەرسامتر دەبووم، بەڵام ئـەوەی بـۆ مـن لـەم بـوارە دوورو درێـژەدا رۆشن بووەتەوە لـە سـەرەتای مێـژووەوە تـا بـە ئـەمڕۆ لـە هـیچ قۆنـاغێکی مێـژوودا بـە ئەندازەی زنجیرە دەسەڵاتەکانی ئیسلام گرنگیان بە حەرەمسەراو کوێلەداری نـەداوە، بـە تایبەت لە دوای خولەفای راشدینەوە، ئەو بەربڵاوییە دەستی پێکـردووەو لـە سـەردەمی دەسەڵاتی ئەمەویەکانەوە بـە نـاو خولـەفای ئەمـەوی و خولـەفای عەباسـییەوە بـە دوای ئەوانـدا دەسـەڵاتە جۆرواجۆرەکـانی ئیـسلامیو غـەیرە ئیـسلامی رەواجیـان بـە حەرەمسەراو کۆیلەداری داوەو لە سەردەمی دەسەڵاتی سەفەویی و قاجاریو عوسمانیـدا ژمارەی دانیشتوانی نێو حەرەمسەرا بـە ئەندازەیـەك بـووە، بوودجەکـەی، لـە بوودجـەی لەشکری دەوڵەت زۆرتر بووە.

بەندە تا کتێبەکـەی "ئـولیف کروتییـە"م نەخوێندبوویـەوە، خـەیاڵی ئـەوەم نـەبووە رۆژێك لە رۆژان دانیشمو لەم بارەوە بنووسم، وەك کتێبێك بڵاوی بکەمەوە، ئەگەر چی لـە کتـێبی "دەڵە دێوەکـەی سـوڵتان"دا، چـەندین بابـەتم دەربـارەی سـەڵاتینی عوسمـانی نووسـیبوو، کاتێـك کەوتمـە کۆکردنـەوەی زانیـاری دەربـارەی مێـژووی کۆیلـەداری بـۆ بەرگـەکانی" دائیرەتولمـەعاریف" وە چـەندین بـاس جۆراوجـۆرم لـەو رووەوە نووسـی، روانیم وا بڕگەیەکی زۆرم لە یەك باسی پەیوەندی داردا لێرەو لـەوێ پـەخشو بڵاون. ئەوە" ئولیف کروتییە" بوو هانی دام و خستمیە کەڵکەڵەی کۆکردنەوەیان و دارشـتنیان وەك کتێبێك.

ئەکەتولئینساف، ئەوەنـدە لـەزەتم لـە کتێبەکـەی" ئـولیف" بردبـوو، بـە داخو نـاڕواو دەزانی، ئەو زانیارییانە بە شێوەی کتێبێك نەگەیەنمە کتێبخانەی کوردی.

با ئەوەیش بڵێم. هۆیەکی کەی ئەم کتێبـە وا بـە دەستـەوەیە. روونکردنەوەیەکە لـە چۆنیەتی ژیانی سەڵاتینی عوسمانی و چۆنیـەتی هەڵخەڵەتاندنی ئێمەی کورد، لە رێگەی ئاییـنەوە، کە چۆن" مەلا ئیـدریس" ناوێـك، خـەڵکی تۆقانـدووە، ئەگـەر دژ بـە سـوڵتانی

عوسمانیو زورو زەوتەکانیان بەربەرەکانێ بکەن ئەوا (تەلاقیان ئەکەوێت). هەر ئەو مەلا دۆزەخیە بوو بە هۆی لە ناو بردنی دەوڵەتو دەسەڵاتی پاشا کوێرەی رەواندووز.

با دوور نەرۆین، هەر لەم دوا دوایەدا، دوای چوارسەد ساڵ پێشێل کردنی خاكو وڵاتی کوردستان لە لایەن ئیمپراتوریەتی عوسمانیەوە، تەواوی دیاردەکان بە ئاشکرا بانگەوازی دوارۆژەکانی دەسەڵاتی عوسمانیان دەکرد، کەچی برێك لە دەسەڵاتدارانی کورد، تا ئەو حەلانەش هەر سووربوونە لە سەر پیرۆزی سوڵتانی عوسمانی، بە حیساب خەلیفەی ئۆمەتی ئیسلامەو دەبێ پارێزگاری لێ بکرێت، ئەوە بوو لەشکریان رێکخستو خۆیان گەیاندە"شوعەیبە" و غەزایان کردو زیاتر لە سەد کوڕی کوردیان لەو سەحرای عەرەبستاندا بە کوشت دا. ئەمە چییە گاور شالاوی هێناوەو غەزایە.!!

هەر لەو کاتەدا، کابرایەکی عەرەبی خەڵکی مەککەو مەدینە، لە رووی حیکمەتەوە، لە رووی لێزانینەوە، شان بە شانی ئەو گاورانە، دژ بە دەسەڵاتی عوسمانی شەوو رۆژ لە پێناوی میللەتەکەی خۆیاندا لە شەڕدا بووە. من وا نازانم ئەوانەی نەختێك ئاگاداری ساڵانی دوادوای، دەسەڵاتی عوسمانی بن، دان بە لێهاتویی و لێزانی" فەیسەلی یەکەم"دا نەنن، چ دانی پێدا بنێن یان نەینێن، ئەو توانی بە چاکی، نان بە نرخی رۆژ بخواو میللەتەکەشی بحەسێنێتەوەو چاوساقانی ئەو دەمی ئێمەش بوونە مایەی ماڵوێرانی میللەتەکەمان. بەهەر حاڵ، با بگەڕێمەوە سەر کتێبەکەمان، جاروبار پرسیارێك دەکەوێتە خەیاڵمەوەو و دەڵێم. باشە "خوسەرەو جاف" ئەگەر لەو سەردەمانەدا بژیاباو دەسەڵاتیشی هەبووایە، حەرەمسەرات دەبوو یان نا؟

من ناتوانم وڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە. تۆ چی.؟

خوسرەو جاف

٢٠١٠-١-١

هەولێر

# حەرەمسەرا

ئەوەی دەخوێنێتەوە، بیرەوەری کچێکە ڕۆژێك لە ڕۆژان لە حەرەمی یەکێك لە پاشاکاندا هاتووەتە دنیاوە، ئەو دەڵێت: منداڵیم بە شێوەیەکی سەیر گوزەراندووە، هەر لەو حەرەمەیدا زۆر کەنیزو خزمەتکارمان لە بەر دەستو پادا بووەو لە گەڵماندا دەژیان. من لە تورکیادا هاتوومەتە دنیاوەو لەوێڕا گەورەش بوومە، هەر لەوێدا چیرۆك، داستانی سەیرو سەمەرەم بیستووەو ڕەنگە سەرچاوەکانی زۆرتر لە کتێبی هەزارو یەك شەو وەرگیرابێتو جارو بار قسەو باسم دەربارەی ئەو حەرەمە دەبیست کە نەنکمو خوشکەکەی تیادا دەژیان، هەر لەو دەمانەدا هەستم بەوە کردبوو کە ئەو دەنگو باسانە ئاسایی نەبوونە، بەڵام من وەك کچۆڵەیەك بە ئاسایی وەرم دەگرتو ئاگاداری ڕووداو و چیرۆکی تر نەبوو بووم.

"زوهرە" خانم دایکی باوکم بوو، ئەو بوو سەرەتاو بۆ یەکەمین جار باسی حەرەم و ژیانی ناو حەرەمم لێ بیست، ئەو کچی بارودسازێکی مەکادونی دەوڵەمەند بوو، وەك زۆربەی زۆری ژیانی ئەوسای پێش سەدەی بیستەم حەرەم جێگەیەکی جیاوازی ژنانە، بۆ کەس نەبوو هاتوو چووی ئەو بەشە بکات. جگە لە خزمە نزیکەکانی نەبێت بە دەگمەن لە حەرەم دەچوونە دەرەوە، ئەگەر دەریش چوونایە سەرتا پای خۆیان دادەپۆشی، یان کۆڵانێکیان لە پارچە دروست دەکرد لە نێوان دەرگاو گالیسکەکەدا، تا هیچ کەسێك شێوەی ئەو ئافرەتە لە ڕاگوزەریشدا بە دی نەکات.

شوکردنی ژنانی حەرەم بنەماڵە، لە پێشدا دەیان بڕییەوە، هیچ یەك لەو کچانە مێردەکەی لە پێش شوکردنیا بە چاو نەدیبوو، بەو شێوە لە جێگای سەرەتایەوە دەگوێزرایەوە جێگەیەکی کە، تا لە گەڵ خەسوو ئافرەتانی تردا دیسان ژیانێکی تێکڕای تر بە سەر ببا. نەنکم لە تەمەنی چواردەساڵیدا شووی کردووەتە با پیرەم، با پیرم ئەو دەم پیاوێکی چل ساڵان بووەو دۆستی باوکی نەنکم و خۆشکێکی دەگوێزنەوە بۆ حەرەمی زاوایەکیان، لەو حەرەمەدا منداڵەکانیان گەورە دەکەن. کە شەڕی بەڵکان دەست پێدەکات، ئەوێ بە جێدێڵنو بەرەو ئەنادۆل کۆچ دەکەن لە ١٩٠٦دا، کە دامو دەستگای سوڵتان عەبدولحەمید لەو ساڵەدا دەهاروژێت، سیستەمی حەرەم داریشی قەدەغە

دەکرێت. بە تەواوی چۆنیەتی ئەوماڵەم لە بیرنایە تیایدا لە دایك بوومە، ئەوەندە دەزانم پێنج نهۆمی بوو، دەینواڕییە سەر دەریادا، سەر شۆرگەیەکی تیا بوو ژنان خۆیان تیادا دەشوشت، گا بەردێکی گرانیت لە پشتی ماڵەوە بوو، خانووەکەی لە دەورو بەر جوێ دەکردەوە، وایان دەوت کە ئەو خاتووە، لە مێژدا هی پیرە پاشایەك بووە، لە گەڵ ژنەکانیدا تیایدا دەژیا، ئیدی کە منداڵ بووم لە پارچەی چنراوی کۆنی فڕێدراو بوکەڵەم دەسازاند، لە ساڵی ١٩٥٠ز دا، من و باوکم و نەنکم بۆ شاری ئەنکارا گوێزامانەوە.

لە ساختمانێکدا نیشتەجێ بووین، چەندین ئاپارتمانی تیادا بوو تێکڕا ئێمە دوو مامو سێ پوور و نەنکم لەو ساختمانەدا دەژیاین، سەرباقی ئەوانە چەندین کۆیلەی ئەوساش، کە وەختی خۆی مامی گەورەم" فایەق پاشا" پێشکەشی خێزانەکەمانی کردبوون، باوەك کۆشكو بەرەی سەردەمی عوسمانی بەو شێوە نەمابوو، بەڵام شێوەی ئەپارتمان سازی هەموومانی لە یەکەوە نزیك کردبووەوە. کە ژنان کۆ دەبنەوە، گەورە ژنان بڕێك شت دەڵێن، بەڵام کەمجار لە سەر ئەو داستانانەی ڕێك دەکەون و زۆربەی ڕەسم و ڕەواڵی کۆن ئەنجام دەدرا، کە بە پاشماوەی سەردەمی ژیانی ناو حەرەم دەژمێردرا، وەك چۆنیەتی شیرگرتنەوە بۆ توك لابردن، یان چۆن قاوە دروست دەکرێ، یان سفرە دانان، یان قوربانی دابەشکردن، یان لە چاو پیسیو جادوو کردن خۆ پاراستن، ئەوان بەشێکی لە بیر نەچووی ژیانی ناو حەرەم بوون، کەمو زۆر هێشتا لە ناو ئێمەدا هەر مابوون.

کاتێك تەمەنم گەیشتە هەژدە، بەرەو ئەمریکا ڕۆیشتم و لەوێ گیرسامەوە، بەڵام دوای یانزە ساڵ گەڕامەوە بۆ شاری ئەستەنبول، بۆ ناو خێزانەکەمو تازەکردنەوەی بۆ چوونەکانم دەربارەی سەرەتای ژیانم، بەڵام ئەمجارەیان بە بیروڕایەکی قوڵی ئەدەبی و هونەرییەوە.

بەوەی سەرسام نەبووم کە دێم وا دەرو دەروازەی کۆشکی گەوەرەی سوڵتان کراوەتەوە و خراوەتە پێش چاوی تەماشاکەران، ئەو کۆشکەی گەورە سوڵتانەکانی عوسمانی سەدان ژنو کویلەی ڕەنگاو ڕەنگیان تیادا دەپاراست، وە نەبێت بۆ ساڵێكو دوو، بەڵکو لە ساڵی ١٥٤٠ز تا ٢٠٠٠ز. یانی چوار سەد ساڵ ژیانو چۆنیەتی تێفکرین هەزاران ئافرەت کە لەو کۆشکەیدا دەژیان هیچیان لێ بە جێ نەمابوو جگە لە

جێگاكانیـــان و رازو نیـــازی نـــاو حەمامـــەكانیان نـــەبێت، كـــە وەك ئەفـــسانە بـــە ســـەر زەمانانەوەیە.

سەردانم بۆ كۆشكی"توپ قـاپی" وەك تاپۆیـەك لـە بـیرو فكـرو ئەندێـشەمدایەو لـێم دوور ناكەوێـــتەوە دەكەومـــە، بـــیری ئـــەو گیـــان لەبەرانـــەی كـــە لـــەوێرا دەژیـــان، جلـــە ناسكەكانیانیان لە خەیاڵمدا با دەیشەكێنێتەوە، وەك وابێت دیوارەكان دۆستانە چیەم بۆ بكەن ورازی سەیر سەیرم بۆ بگێڕنەوە، سەرشۆرگە مەڕمەڕینەكان، دەنگی خوڕەی ئاوی دەهاتە گوێم، جگە لە بیرو ڕای پڕ لە رازو هەوەسیو رووداوی راست و درۆی سـەرزاری خەڵكی، بـۆ خـۆم كەوتمـە بـیرەوە، سـەدان پرسـیار، تیـشك ئاسـا، لـە نێـو ئاوەزمـا كەوتـە شەپۆلدان، بە درێژای ئەو ساڵانە، چی لێرەدا روویداوە..؟! ئـەو ژنانـە كـێ بوونـە، داخـۆ چۆن چۆنی ژیانی رۆژانەیان دەگوزەراند. ئیـدی كەوتمـە تەقـەلاوە بـۆ زانـین، بـۆ پەیـدا كردنـی ئـەوەی بەڵگـەو دیكومێنتـە دەربـارەی ئـەو سـەردەمە، تـا سـەرجەم دیمـەنێكی واقیعیانـەی ئـەو كاتانـە بـسازێنم، هەرچـی كۆشـام جگـە لـە نووسـینی بڕێـك گەڕیـدەی ئەورووپایی، یان چەند نووسینێكی بڕێك لە كارمەندانی باڵیۆزخانەكانی ئەو سـەردەمە نەبێت، بەڵگەی زۆرم بە دەست نـەهێنا. لێـرەو لـەوێ بڕێـك هەڵبەسـتو نووسـینی ئـەو ئافرەتانەو نووسینی وشكو برینگی مێژوونووسان نەبێت، كە یەكەمجار لە ژیانی پڕ لـە هەراو بەزم و غەمی ئەو ژنانەوە بـە دوورن. بـەڵام كـە بڕیارمـدا، دەربـارەی رابـوردووی بنەماڵەكەم بنووسم خزمو خێشو دۆستو ناسیاوانم، زۆر زانیـاری بـە نرخیـان لـە بـەر دەستم نا، زۆر رووداویان بۆ گێڕامەوە، كە ئەوانە بـۆ خـۆی دەكرێـت ببنـە هـەوێنی زۆر داستان. بۆم دەركەوت وە نەبێت"حەرەم" و كۆمەڵكردنی ژنانو كۆیلە تەنها لە توركیـادا بووبێت، بەڵكوو لە زۆربەی وڵاتانی ئاسیادا ئەو جۆرە ژیانە لە دەربارو ماڵە گەورەكانـدا ئەنجام دراون، لە دەرباری هندوستاندا بە شێوەی(بەردە) یانی كۆیلەداری وە لە ئێراندا" ئەندەرون" یانی حەریم و لە وڵاتی چین دا لە شـاری"پـەكینی قـەدەكراودا" گـەلێ ژنـان جیا كراونەتـەوە لـە ژێـر چاودێری زرتـە زەلامـانی خەسـاودا، بـەڵام ئـەوی لـە "سـەرای گـەورە"ی ســەڵاتینی عوسمانیــدا بــووە و رویــداوە، نموونــەی راســتەقینەی تــەواوی" حەرمەكانە.

لەو سەرای گەورەدا، هەزاران ژنی تیادا ژیـاوە وهـەر لەویـشدا مـردوون، بـێ ئاگـاداری هیچ كەسێك بێ ناو و بێ نیشان لە نێوان ئەو چوار دیوارەیدا ژیاونو مردوون، بە تـەما

بووم ئەو جیهانەم بۆ دەرکەوێتو بڕێك لەو رووداوانە، ئەو رازە پارێزراوانە، ئەو جیهانە چوار چێوەدارە بخەمە بەر چاو و دەستی خەڵکی. داخۆ ئەو ژنە دەست بە سەرانە، چی دەربارەی خۆیان وئێمە دەڵێن..؟

من ئافرەتێکی نێو حەرەمسەرام، من کۆیلەیەکی عوسمانیم، من نۆبەرەی دایکێکی لاقەکراوم، لە کۆشکێکی رازاوەدا هاتوومەتە دنیاوە، لی گەرم باوکمەو تەنگەبەری بسفوریش بابمە، حیکمەت سەرنویشتمە و نەزانینیش سەر ئەنجاممە، جلەکانم یەکجار گران بایەو بۆخۆم هەرزان، من کۆیلەیەکی کۆیلەدارم، بێ ناوو بێ نیشانمو نەناسراو هەزاران داستانم دەربارە نووسراوە، هەوارگەم مەزاری خواکانەو شەیتانۆکەشی تیا پەروەدە دەکرێت، هەر ئەو مەزارە پیرۆزە دیوی پشتەوەی دۆزەخمە.

## مانا

حەرەم وشەیەکی عەرەبییەو لەوشەی "حەرام"وە وەرگیراوە، یانی ئەو جێگای قەدەغەو پارێزراوە بە جێگەی پیرۆزەی لە ناو شاری مەککەدا ناسراوە بە "حەرەم" یانی ئەو جێگە داخراوە بە رووی غەیری ئیسلام، بەڵام ئەو وشەیە لە دنیای ئەورۆدا یانی جێگایەکی دابڕاو، جێگەو شوێنی تایبەتی. ئافرەتان لە خانوو بەرەیەکدا ئەو جێگەی خێزانی تیادا دەژی بە خزمەتچیەکانەوە و وشەی"حەرەم" لە جیاتی وشەی ژنیش بە کار دەبرێت، سەرئەنجام"حەرەم" یانی خانوی خۆشبەختی کە زۆرتر دەسەڵاتی پیاو سالاری و ئارەزووەکانی لەوێڕا ئەنجام دەدرێت، دوور لە چاوی خەڵکانێکی تر، جگە لە پیاوە خاوەنەکەی نەبێت، حەرەم گۆشەیەکی دیاریکراوی دەسەڵاتدارێکە لە لایەن خەساوەکانەوە دەپارێزرێت بۆ ئاغاکەی.

## رەووشت

حەرەم جیهانێکی دابڕاوی دوورخراوەیە، ئاکامو سەرئەنجامی کەلتوورێکی سەرکەوتووانە، یاسایەکی دووفلیقانەیە، تێکەڵەیەکە لە تاوانو پیرۆزی، واقیعێکی تفتو

تـاڵ دەخاتـە سـەر رێـچکەیەکی تێکڕایـی پـڕ لـە توندوتیـژی و دڵ رەقی، لەسـایەی ئـاوا یاسـایەکدا ژنو پیـاوی تیـادا دوو بەشـن، ئـافرەت دیـاردەی ئارەزووشـکاندنەو پیـاویش ئـاوەزو عـەقڵ، "حـەوا" هەڵخەلەتێنـەو یاسـای بـاوك سـالاریش لـە قـووڵایی مێـژووە وا بڕیاری داوە کەوا تەواوی ژنان وەك دایك حەوا وان.

بە سەر ئەوەیدا لە زۆر کتێبی پیرۆزدا هاتووە کە لە پێش "ئادەم و حـەوا"دا لێرەو لەوێ جیهانێکی تر هەبووە، بۆ نموونە لە فەرهەنگی سوومەری، فیرعـەونی و یونانیـدا، ژنان جێگەو شوێنی بەرزو بڵندی خۆیان هەبووەو گەیشتوونەتە پلەو پایـەی خواکانو لە سایەی ئەو رێکخراوەیەدا دایك سالاریش پا بە پای بـاوك سـالاری بڕیـاردەر بـووە، لـە ئاکام و سەرئەنجامی مرۆڤ و گیان لە بەراندا.

خودا خۆشەویستی و مـەرگی سپی یـەکێك بـووە لـە خـودا ناسـراوەکان، وەك مـانگی چـوارده دەسـت نیـشان کـراوەو ئـەو خودایـە بـە نـاوی جـۆراو جـۆر نـاو بـراوە و پەرەستوشیانە، وەك: ئیزیس، عشتار، ئارتمیس، ڤینوسو ناوی تر.

سـەرەتای بەشـەرییەت خەڵکەکە کۆچـەر بوونـە، بـە دوای خـۆراکی رۆژانەیانـدا لـە جێگەیەکدا نەدەگیرسانەوە، دەبوا رۆژانە لەتەقەلای خۆراکی خۆیاندا لە جوڵاندنـدا بـن، هیچ کەس خاوەنی هیچ شتێك نەبووە، کە مـرۆڤ پـەی بـە زانـینی هونـەری کـشتو کـاڵ بردووە، بۆی دەرکەوتووە ئەو کارە گەلێك لە راوکردن بژێوی رۆژانەی مسۆگەرتر بووەو دەکاتو لە رووی نیازەوە بڕیاری دا لە جێگەیەکدا نیشتەجێ بێت، هـەر ئـەو نیـشتەجێ بوونە پەیوەندی نێوان مرۆڤو زەویو زاری پتـەوو بـەهێز کـردووە، هەسـتی خاوەنـداری لە نێوان مرۆڤدا رۆژ بە رۆژ زۆرترو پتەوتر بـوو، کاتێـك تـۆوکردنو زەوی و زار بوونـە بەشێك لە ژیانی پیاوان جێگەو شوێنو رۆڵی ئافرەتانیش لەو کۆمەڵگا سەرەتایانەدا رۆژ بە رۆژ گرنگترو دیاری تر خۆی وەدەردەخست.

لە ئاکامدا پەی بردن بە هونەری کشتوکاڵ، نەك مرۆڤی ئەو دەمەی لـە برسـا مـردن رزگار کردووە، بەڵکوو بووبە هـۆی وەبەرهـەمهێنانی زورتـرو عـەمار کردنـی ئازووقـەو دانەوێڵە و ئەو جۆرە ژیانە تازەیە چەندین نیازو داپێویستی تـری هێنایـە کایـەوە، وەك موڵکایـەتی، یـان بـەکاربردنی ئـەو کەسـانەی بـۆ خۆیـان توانـای وبەرهـەمهێنانی تێـدا نەبووەو سەر ئەنجام بە کۆیلە کردنـی مـرۆڤ بـە کـار بردنـی. ئیـدی ژن سـالاری، کەوتـە پاشەکشەو باوك سالاری" باترفامیلیا"رۆژ بە رۆژ دەرکەوتووتر دەنوا. وشـەی" فامیلیـا"

له سەردەمی دەسەڵاتی ڕۆمانی کۆنـدا یـان " دارایـی پیـاو"، ئـەو داراییـەی وابـە ئیرسـی دەگەڕێتەوە بۆ کوڕەکانی و ئافرەت بوو بە بەشێك لە دارایی پیاو. لێرەدا فـەرەژنی بـوو بـە دیاردەیـەکی ئـابووری و پیـاو نیازمەنـدی دەسـت و توانـای زۆرتـر بـووە تـا ئاسـتی زیندەگی بپارێزێت.

چیرۆکی ئـادەمو حـەوا لـە ئـاینی یەهوودیەتـدا، ژن بـە گوناهکـار لـە قەڵـەم دەداتو گوناهەکەشـی بەسـتەگی بـە جنـسەوە هەیـە، چـیرۆکی جیـاوازی رۆح لـە لەشـەوە مەسیحیەتیـشی بـە باشـی وەریگـردووەو تـا رادەیـەکیش رێزدارتـر تێـی روانییـە، بـەو حیـسابەی کـەوا"مەسـیح" نێرینەیـەکی پـیرۆز بـووە، لـە دایکێـك هاتووتـە دنیـاوە بـێ تێکەڵاوی جنسی و ئەوەندە مەسیح خاوێن بووە، هیچ تەوح و حەزێکی جنسی و مـەیلی بەلای ئافەرتانەوە نەبووە.

خواوەند پیاوی وەك خۆی درووست کردووە، بەڵام ئافەرتی لە لەشو گۆشت کە پـڕە لە هەستو حەزی هەستیاری جنسی، پیـاو ئەندیـشەی بـەرەو ئاسمانەکانـە ژن ناتوانێـت تەکامولکا تا شوو نەکات. لە سەدەی یازدەهەمدا، "توما ئـەکوینی" و "ئـەلبرتوماگنوس" بیروڕایەکیان بڵاوکردووە، کەوا ئافرەت دەتوانێ شەیتان هەڵخەڵەتێنێت و بیکێشێتە نـاو پێخەفـەوە بـۆ تێکـەڵاوو بـوون و لـە سـەر ئـەو بنەمایـە دادگاکـانی پـشکنین هـەزاران ئافەرتیان بە زیندوویی سووتاندووە، تا رۆح سالاری ئافەرت لە دنیادا تەواوی بێت.

لـە ژێـر سایەی دیـاردەی پیـاو سـالاریدا، پیـاو بـە توانـاو دەسـەڵاتێکی زۆرەو کەوتـە جوڵانـەوەی بـەربڵاوی جنـسی، هـەتا بڕێـك لـە سـەرمایەی کلیـسای کاسـولیك لـە کـارو کـردەوەی ژنـانی جنـدەو پـەتیارە بـە دەسـت دەهـاتو راپـەڕینی و تەقـەلای جوڵانـەوەی "لوسەر"ی بۆ نەمانی ئەو جۆرە رەفتـارە نەشـیاوانە بـووە. بـەڵام ئـاینی ئیـسلام، لەبـەر ئەوەی باوەڕو متمانەی  بە ئافرەت نەبووە، ناچاری روپۆشو دوورکردنەوەیان لە پیاوان کردووە. جگە لە ئەوانەی کە مەحرەمن، یانی ئەوانەی ژنان ناکرێت هـەڵیان خەڵـەتێنن و بۆ ئەو مەبەستە نیاز بە جێگەو شوێنی تایبەت بە ژنان پەیدا بووە.

# فرەژنی:

دیاردەیەکە کەوا پیاوێك لە یەك ژن زیاتری هەبێت، وەك لە پێشدا لێی دواین، سەرەتا لە بەرکارو کردەوەی کشتوکاڵی بووە لە دواییدا، لە ئاینەکانیشدا بووتە باو.

لە ئاینی ئیسلامدا ئافرەت بە گوێرەی ژیانی ئەورۆی مرۆڤ هەڵنەسەنگێراوە، لە لایەکی ترەوە عەقڵو عەقلانیەتی ئافرەت لە پیاو کەمتر دانراوە، وەك دەبینرێت لە شەرعی ئیسلامدا، شایەتی دوو ئافرەت بەرانبەرە بە شایەتی پیاوێك (نسائكم حرث لكم فأتوا حرثكم أنا شئتم) ئەم ئایەتە پیرۆزە، بە وردی چۆنیەتی مامەڵە کردنی پیاوان وەدەردەخا، بەرانبەر ژنەکانیان، ئەگەر یەکێك بێت یان چوار.

لە کۆمەڵگای عەرەبدا، هەروەها زۆربەی زۆری کۆمەڵگای ئیسلامیدا ژنی یەکەم بە " خاتون" ناودەبرێت و دووهەمیان بە "هەوی" ئەگەر بوونە چوار، ئەوا یەکەمەکە بە ژنەگەورە ناودەبرێت، ئەگەر پیاو بیەوێ ژن تەڵاق بدات، بەلای قازییەوە ئاسان دەتوانێت ئەو کارە بکات، بەڵام ئافرەت مافی بەو شێوە تەڵاقەی نییە. مەگەر بتوانێت بەڵگەی بەهێز رووکاو بیسەلمێنێ. سەیر لەودایە پیاو دەتوانێت ژمارەیەکی زۆر ئافرەت رابگرێت، وەك بینراوەو نووسراوەو تۆمارکراوە، دەسەڵاتدارانی ئیسلامو شاو خەلیفەکانی ئیسلام، سەدان و هەزاران ئافرەتیان لە حەرەم سەراکانیاندا بە خێو کردووەو بە گوێرەی نیاز لە گەڵیاندا جووت بوونە.

فەرەژنی، ئاسان نییە، نەك تەنها لە بەر ژیان و دابینکردنی پێویستیەکانیان، بەڵکوو لە بەر مارەییەکانیان، کە دەبوا ئەو مارەییەیان" شیربایی" بەکەس و کاری کچە بدرێت. پیاوێکی هەژار بە زەحمەت شیربایی ئافرەتێکی پێ دەدرێت.

# بازاڕی کۆیله

بازاڕی کۆیله له دێر زەمانەوه له رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەبووه، دەگەڕێتەوه بۆ دوو هەزار ساڵ لە پێش زایینـدا ئـەو ئـاڵو وێڵـەی لـه دۆڵـی رافیدەینـدا" موزۆپوتامیـا" رەواجێکی زۆری هەبووه، ئەوانەی له شەڕەکاندا دەستگیر دەکران، یان بـاوکی کـچو کوڕ له جێی قەرزو منداڵەکانی دەبەخشی، له شاره گەورەکانـدا ئـەو بازاڕانـه بـەدی دەکـران، بەڵام لەم دواییانەدا لەوڵاتی میسر له شاری قاهیرەو ئەسکەندەرییه، زۆرتر ئەو ئاڵوویڵه رەواجی هەبووه.

بازاڕی ئاڵوویڵ به کۆیله سەرنجی زۆری رۆژهەڵات ناسان و هونەرمەندانی ئـەوروپای راکێـشاوه و لـەو رووەوه چ وەك تـابلۆ یـان وەك باسـو نووسـراو هـەتا وەکـوو شـیعر، ئەوروپاییـەکان ئـەو ئاڵوویڵانـەیان نەخـشاندووەو ئـەوڕۆ بـه زەرافـەتێکی پـڕ لـه سەرسامیەوه ماوەتەوه بۆ مرۆڤی ئەم دەورەو زەمانه و داهاتووی مرۆڤایـەتیش. لێرەدا بڕێك لەو سەرسامی و بیروڕای ئەو کەسانه دەخەمه بەر چاو.

بازاڕی کۆیله فرۆشان بـەلای منـەوه چـاکترین جێگایـەك بـوو کـه بـۆی دەچووم، کـه دەڕۆیشته نێو ئەو سـاختمانه پـڕ لـەرازو نیـازو تاریـك وکـۆڵانی باریـك و تـەنگ. هـەروا واقوڕمان توش دێت. له ناوەڕاستی ساختماندا کۆیلەکان دەخرێنه بەر چاو که ژمارەیـان سی تا چل کەس دەبن و تەواوی ئەوانه تەمەنێکی وایـان نییـه. بـەڵکو بڕێکیـان منـداڵ، بەڕاستی دیمـەنێکی غەمـەنگێز وەبەرچـاو دەکـەوێ. بـەڵام بەلامـەوه سـەیر بـوو غـەم و پەژارەیـەکی ئـەوتۆم بەروخـساری کۆیلەکانـەوه نـەدەدی. بەتایبـەت ئەوکاتـەی وا کۆیلەدارەکه رووپۆشی له سەر لەشیو بەدەنی رووت و قوتی کۆیله لادەبرد.

ئەوەی سەرسامی دەکردم زوڵفو پەرچەمیان بوو، پەلکی ئەسـتووری مارپێـچی گـرێ گرێی تەڕی رۆندار، که رێچکەی رۆنـەکه بەخەتی پـشت و نێـو مەمکیانـدا ئـارام دەهاتـه خـوارەوه، ئـەو جـۆره چـەورکردنه، لـەش ولاری زۆرتـر دەخـسته بەرچـاو، بازرگانـەکان ئامادەی روتکردنەوەیان بوون، دەمیان، ئاواڵه دەکـرا تـا دەم و دانیـان دەرکـەوێت، هـاتوو چۆی نەرم و نیانیان پێ دەرکردن، دەستیان له نەرمو شلی مەمکیان دەدات، ئەو دیمەنـه هیچ غەم و پەژارەو ژانێکی له روخساریاندا وەدەر نەدەخست.

کاتێـك لـە گەشـتە دوورو درێژەکـەیان لـە سـەر چـاوەی رووبـاری نیلـەوە گەیـشتنە هەوارگە، گورج و گۆڵانە کەوتنە وەبەرچاو خستنی پارەداران کە تەنها ژمارەیـەك مـرۆڤ بوون و لە لای دیـواری مزگـەوتی خەلیلفـەی فـەرمانڕوادا بـەریزی ئـەو کۆیلانـە خرانـە بەرچـاو، خـەڵکیش بـەرەو ئـەو بـازاڕە دەڕوا، بـۆ کـڕینی کۆیلـە، وەك لـە بـازاردا ماسـی بکڕێت.

لـە یـەکێك لـە خانەکانـدا وام بـۆ هەڵکـەوت لـە ژۆرێکـدا بم بەرانبـەر ژووریٚ چـەند کۆیلەی تێدا بـوو. ئـەو نزیکییـە بـۆمی رەخـساند تـا بـە وردەکارییـەوە لێکـی بدەمـەوە. چەند ئافەرتێکی رەش پێستی حەبەشـی، چـەور کرابـوون، دەمو لێـوو لـوت و روخـساری وردیلانـە، بـەڵام خـاوەنی سمـتو کەفـەڵێکی پـانو پـۆڕو نـەرمو شـل، لـە نـازو ئـەدا و کریشمەدا وەستاکاربوون.

چەندە نازدارو جوانی، چاوانت چەندە بە عینوانە مریەم خانم. چەندە.

باشە ئاوا دەمبینی بۆ نامکڕی؟!

ئێمە یەك ئاینو یەك تێفکرینین بۆ یەك دروست بووینە.

جا بۆ نامکڕیت؟

مریەم بیر لە خۆشبەختیمان بکەرەوە.

باشە بۆ نامکڕیت؟

ئیدی ئاوا گفتو گۆیەکی پڕ لە فێڵی کیو پێدانە

## حەرەم سەرا:

هۆزو تیرە تورکەکان بەتایبەت عوسمانییەکان فەرە ژینیان تیادا باو بووە، هەتا وەکوو لە پێش گرتنی قوستەنتەنییە ١٤٥٣ز و ئەو حاڵەتە رەواجی فراوانی پێدراوە.

سوڵتان محەمەدی دووەم، ناسراو بە "فاتێح" سوور بوو لە سەر ئەوەی پایتەختی دەسەلاتی بگوێزێتەوە بۆ شاری داگیرکراو، بە ناوی تازەیەوە" ئەستەنبول" هەر بەو شێوەی جارانی، بەلام رازاوەتر، فەرمانیدا کەوا خانوبەرەی دایکی بە شێوەی حەرەمسەرای ئیمپراتورە"هیلین"ی ژنەکەی قوستەنتین برازێنێتەوە، کە دابەشکرابوو سەر هۆبە هۆبەدا، ئا لەوێرا ژنانێك دەژیان، لە مێردەکانیان جیا بوو بوونەوەو هەر یەکێك لەو ئافرەتانە، کارو کردەوەیەکی بۆ دەست نیشان کرابوو، سوڵتان محەمەد کولتووری بیزەنتی پاراست، دابرانی ژنان لە بەر چاوان، قوتابخانەی تایبەت، کۆیلە و خزمەتکاری زۆر، لە گەڵ ئەوانەیدا فەرە ژنی ئیسلامی تێکەڵ کرا و سەرئەنجام حەرەم سەرایەکی پان و پۆرو بەربلاو دروستکراوە. سوڵتانەکانی عوسمانی، کچانی شازادەو میرەکانی ئەنادۆڵو لە خێزانی بیزەنتیانی زۆر خواستووە، لە دوای گرتنی قوستەنتەنییە کۆیلە مارە کردنو ئەوانەی لە حەرەمسەرادا گلیر بووبوون بوو بووە کارێکی ئاسایی.

بە پێی میتالۆژیایەکی کۆن، جێگەو شوێنی ئەو حەرەمسەرایە لە لایەن پیرشلیارو پێشبینی کەری پەرستگای"دەلفی"یەوە دەست نیشان کرابووە، کە ئەو جێگایە باشترین جێگە بووە. ئەو لێوارە سحرئامێزەی سەر دەریای مەرمەرە لە ئاسمانەوە دابین کراوە، هەر ئەو سەر زەویو لێوارە بووەتە پایتەختی دەسەلاتی بیزەنتەی کۆن و لە دوای داگیرکردنی قوستەنتەنییە سوڵتان محەمەدی فاتێح کۆشکی" توپ قاپی" سازاندووە. لە رۆژهەلاتدا بە سەرای گەورە یان " بابولعالی" ناسراوە.

سیر ولیامز جونز"١٧٧٢"ز هەڵبەستێکی بە ناوی " کۆشکی بەخت" نووسیوەو دەڵێت:

هەڵقەی پرچی سپی کەوتە سەر لۆچی روخسارو رومەتی، لە جێگە سافو لوسە فەرش کراوە کەیدا، بە سەر بەردێکی بەفرینەوە، بە بزیسکەی جادووەوە کۆشکە بەرزەکەی وەدەرکەوت.

ئەو سەرایە، مەڵبەندی دەسەڵاتی ئیمپراتووریەتی عوسمانی بوو، هەزاران کەس لە خزمەتی تایبەتی وەکارو کردەوەی سوڵتاندا بوون، بەشی تایبەت لە بەشەکانی کە جیا کراوەتەوە بە" حەرەمی سوڵتان" ناسراو بوو، کە لە ساڵی ١٥٤١ز دا لە سەر بڕیاری سوڵتان شاژن" روکسالینا" گوێزرایەوە بۆ حەرەم سەرای تازە دروستکراو.

لەوێڕا خێڵ و هۆزی ژنان دەژان و دەمردن و رایان دەبوارد و پێدەکەنین و دەگریان، بە درێژایی چوار سەد ساڵ، تا ساڵی ١٩٠٩ز. ئەوێ ناسراوە بە دیاردەی بێ یەکاودووی دابڕانی ژنان لە دنیای دەورووبەر. ئەو ساختمانو حەرەمسەرایە، سەجەم چوارسەد ژووری تیادایە، دابەشکراونەتە سەر بەشی جۆراو جۆردا، "دەربار" جێگەی فەرمانڕەوایی سوڵتان بوو، بەشی زیندەگی تایبەتی سوڵتان بەشی گەورەی خەساوەکان، بەشی ژیانی دایکی سوڵتان کە بە دەورووبەریدا لوژو ئەپارتمانی زۆری لە دەور سازێنراوە، لەولاوە گەراجی گالیسکەو قەفەسەبەندی باڵندەکان کەوتووەتە نێوان حەرەمسەرای ژنانەوە و دنیای دەرەوە کە لە ژێر چاوەدێری راستەخۆی توندو تیژی خەساوەکاندا بەڕێوەدەبرا.

دەروازەی"تۆپ قاپی" لە بەیانیدا دەکرایەوەو لەخۆرئاوادا دادخرا، خەساوەکان و جێگەی هونوزگایان بەلای دەستی راستی رێگەی ئاڵتونینەوەیە، لە نێوان خانووبەرەی دایکی سوڵتان و ژنانی کۆیلەوەیە، رازاندنەوەی ئەو ئەپارتمانانە بەستەگی بە کەسایەتەتی دانیشتووەکەیەوە بوو، بە تەئکید جێگەو شوێنی سوڵتان ئەفسانە ئامێز بووە، ژنانی دڵخوازی سوڵتان ئەپارتمانەکانیان لە ژنانی تازەکارو تازە هاتوو رازاوەتر بووە، زۆربەی تازە هاتووەکان بە کۆمەڵ دەژیان، یان خەساوە تازە هێنراوەکان ئەوانیش سەرەتا بە کۆمەڵ دەژیان.

لە سەدەی پانزەو شانزەدا دانیشتوای حەرەم سەرا لە هەزارەوە هاتنە سەر چەند سەد کەسێك، لە بەر ئەوەی شازدە گەنجەکان، لە ویلایەتەکاندا کاریان پێ سپێرابوو لە وێڕا دەژیان، بەلام لە دوای سەدەی حەڤدەهەمەوە، دیسان ژمارەی دانیشتوانی

حەرەمسەرا گەیشتە دوو هەزار کەس، بە تایبەت دوای بڕیاری ژیانی شازادەکان لە قەفەس زێڕیندا لە گەڵ ژنو کۆیلەو خزمەتکاری تایبەتمەندیان.

ئیمپراتورییەتی عوسمانی لە سەردەمی دەسەڵاتیدا خاوەن وڵاتانو داگیرکەری سەر زەوییەکی پان و پۆڕ بووە، لە چیاکانی قەفقاسیاوە تا کەنداوی فارس، لە دانوپەوە تا رووباری نیل، مێژووی حەرەمسەرا پەیوەندی بەو دەسەڵاتەوە، لە هەر چوار گۆشەی جیهانەوە جوانترین ئافرەت بۆ حەرەم دەنێردران، لە رەگەزو رەنگو شێوەی جۆراو جۆری ئافرەتانی سەرزەوی، ئیدی ململانێی ئەو ئافرەتانە و دەست تێوەردانیان لە کارو کردەوەی دەوڵەت داریدا، بووبە دیاردەیەکی بینراو، هەروەها سەرنج راکێشانی باڵێوزەکانی نیشتەجێی ئەستەنبول، بەڵام یەکێك لەو ئافرەتانە هیچ کەس بە چاو نەیدەدین، ئەو حەرەمسەرایە بووبووە خولیای رۆژئاواییەکان لە رێگای ژنە دەڵاڵەکانەوە، یان ئارایش کەرانەوە، یا دەستگێڕو وردەواڵە فرۆشەکانەوە دەکۆشان زانیاری بە دەست بهێنن، ئەو زانیارییانە زۆرتر لە رووی هەواو هەوەسی ئەو کەسەوە بڵاو دەبوویەوەو راستەقینەی ئەو رووداوانە تا بە ئەمڕۆ بە وردی نەزانراوە.

## بە دەست هێنانی کۆیلە

بە دەست هێنانی کۆیلە بوو بووە باو، ئەوی ئافرەتی جوانکیلە و شۆخ پەیکەر بوایە لە بازاڕی کۆیلە فرۆشاندا، لە لایەن فەرمانڕەوایانی ولایەتەکانەوە دەکڕان و بە دیاری دەنێردران بۆ دەرباری سوڵتان، یەکێك لە کوولتورەکان وابوو کە دایکی سوڵتان هەموو بەرە جەژنانێك کچە کۆیلەیەکی نازداری شۆخو شەنگ پێشکەشی کوڕە سوڵتانەکەی بکات، سەیر لەوەدایە زۆربەی زۆری ئەو کچانە غەیری موسوڵمان بوونەو بە شێوەیەك لە شێوەکان لە نێو خێزانیان لە ریشە هەڵکەنراوبوون، سوڵتانەکانو دەست رۆیشتوانی ناو دەسەڵاتی عوسمانی، زۆرتر مەیلیان بەلای ئافرەتانی زوڵف زەردو لەرەگەزی شەرکەس و گورجیو ئەنجازی وەبووە. کە وەك رەگەز باوەڕ بەخۆکردنو خۆ راگر ناسرا بوونەو باوەڕ وابووە کە ئەو رەگەزانە دەگەڕێنەوە سەر رەگەزی ئافەرتانی

ئەمەزۆنی، کە گوایە لە دەورو بەری دەریای رەشدا دەژیان، کە بە ژنانێکی شەڕ کەرو لێهاتوو دەژمێردران، ئەورۆکە هەژاری وایکردووە باوکەکانیان ئەو کچولانە بفرۆشن. لە ساڵی ١٧٩٠ ز دا، نرخی کۆیلەکان تارادەیەك دیاریو دەسنیشان کرابوو، چ لە بارەی رەگەزیانەوە یان چۆنیەتیان یان تەمەنیان.

- شەرکەسی هەشت ساڵان.
- حەبەشی دەساڵان- کچ.
- شەرکەسی کچی پێنج ساڵی.
- شەرکەسی پانزە ساڵانی بە ژن کراو.
- کۆیلەیەکی مام ناوەندی قوڵ.
- کۆیلەیەکی قوڵی حەڤدەساڵان.

نرخی ئەو کۆیلانە، لە هەزار قرشەوە، بۆ دوو هەزار قرش بوو، لە کاتێکدا ئەسپێك بە ٥٠٠٠ قرش بووە. یاسای کۆیلایەتیو تەماحگیری ژنانی دوارۆژی چاکتر وای لە زۆر خێزانو خەڵکی شەرکەسی و گورجیەکان کردبوو کە بە ئارەزووی خۆیان کچەکانیان برۆنە نێو دنیای کۆیلایەتی و سەرئەنجام حەرەمسەرای سەلاتینەوە.

لە بیرەوەرییەکانی"لوسی دوف گوردون ١٨٦٤ ز"دا دەڵێت: شەرکەسەکان بۆ خۆیان کچەکانیان دەبردە بازاری کۆیلە فرۆشان، تا ژیانێکی چاکتر بە دەست بهێنن. بەلام قوڵەرەشەکان، ئەوانەی لە حەبەشەوە هێنرابوون، بە تەواوی تەوانەوە دەکۆشان تا ئازادی بە دەست بهێنن.

# فێرکردنی کۆیله

لـه پـێش ئـهوەی هـهر کۆیلهیـهك بگاتـه حهرەمـسهرای سـوڵتان، لـه لایـهن پیـاوە خهساوەکانی حهرەمسهراوە، له تهواوی بـوارو لایهنهکانـهوە تـاقی دەکرانـهوەو لـه شـیان بهوردی دەپشکێنران، کاتێك بڕیار دەدرا، کۆیلهیـهك بێتـه نـاو حهرەمـسهراوە، دبـووا لـه پێشدا ببرێته بهر دەستی دایکی سوڵتان تا پهنجهمۆری هاتنی بکا، که ئهو رەزامهندییهی پـێ بهخـشرا، نـاوی دەگۆڕێـت و نـاوێکی فارسـی بـۆ هەڵدەبـژاردن، کـه بگونجـێ لـه گـهڵ رەنگـو روخسارو پۆیدا، بـۆ نموونـه ئهگـهر ئـهو کچه، سـورو سـپی بوایـه، ناویـان دەنـا" گولبـههار" ئـهو دەم دەخرایـه ژێـر فێربـوونی رەسـم و رەواڵـی کۆشـك و حهرەمـسهرا، هەروەها فێری رۆشنبیری ئیسلامی دەکرا.

وشـهی کۆیلـه، بـه تـورکی پیـان دەوتـرا" ئوداليـسك" یـانی ئافرەتـانی ژوور، یـانی ئەوانـهی بـۆ خزمـهتگوزاری بـهکار دەبـرێن، بـهڵام ئەوانـهی کـه جـوانیو زەرافـهتیان سهرسام هێنهر بوایه، دەکرایه" جاریه" یانی ئەوانهی وا دەبنه هاو پێخهف و چۆنیهتی فێرکردنی ئهم جۆرەیان له گهڵ "ژنی ژوور"دا جیاواز بوو، زۆرتـر بـۆ بـهزمی شـهوانهو رابواردن سودیان لێوەردەگرت. ئیدی فێری موسـیقا ژەنـدنو سـهماکردن، ئـهدەبیات یـان بـه هـهوەس هێنـانی پیـاو لـه نـاو جێگـای رابواردنـدا. لـهم بابهتـه، دوانـزە دانـهیان هەڵدەبژارد بۆ خزمهتی تایبهتی سوڵتان، که تهواوی مواسـهفاتیان تیادابایـه، بـۆ حـهمام کردنـی سـوڵتان و جـل لـه بـهرکردنی، یـان جـل شـۆردنی، یـان خـواردنو قـاوەو چـای پێشکهش کردنی.

"جیوماریائنجیولیللو" گهنجێکی ئیتالیایی بوو له سهردەمی سوڵتاندا بووە تا مـردن، له کتێبهکهیدا به ناوی" مێژووی تورکیا ١٤٨٠ز"دا دەڵێت: ئهو ئافرەتانـهی لـه خزمـهتی سوڵتاندا فێری زۆر هونهری جۆراوجۆر دەکرێن، وەك نووسینو ئـاین، دروومـان، چـنین، موسیقا ژەنین و گۆارنی وتن.

بڕێکیان سوڵتان دەست بهرداریان نابێت، بڕێکی کهیان سـوڵتان دەیانبهخـشێته پاشا نزیکهکانی، ئهو پاشایه له سهریهتی به پێی ئاینی ئیسلامی ئهو کهنیزەیه مـارە بکـات و لـه بـهر ئـهوەی ئـهو جـۆرە ژنانـه لـه نـاو کۆشـکی سـوڵتاندا دەسـت رۆیـشتوو بوونـهو

پەیوەندیان پتەو بووە، پاشاکان هەمیشە ئاواتە خوازی بە دەست هێنانی یەکێك لەو ئافرەتانە بوونە. بەڵام بەشەکەیان دەخرانە ژێر چاوەدێری دایکی سوڵتانەوە، یان یەکێك لە ژنەکانی سوڵتان، یان کچەکانی سوڵتان، یان گەورە خەساوەی حەرەمسەرا، ئەو کچانەی توانایی بە دەنیان تەواو بووە، کارو کردەوەی بەڕێگەوە بردنیان پێ دەسپێردا و دەبوونە خاوەن ژووری تایبەت بە خۆوە، چۆنیەتی خەرجی ئەو بەشانە لە لایەن سەرۆکی وەزیرانەوە دابین دەکراو کارو کردەوەیان دەست نیشان دەکرا وەك:

سەرپەرەشت یاری جل و بەرگ، یان چاودێری حەمامەکان، یان قورئان خوێنەکان، یان ژووری زەخیرەو خەزێنە. زۆر رویداوە کچە کۆیلەیەك ئەوەندە زیرەك و لێهاتوو بووە، گەیشتوەتە پلەو پایەی بەرزو بڵند، بڕێك تریان گێل بوونە دووبارە لە بازاڕدا فرۆشراون.

# ژنە سوڵتان

سوڵتان وەك خواوەندێك سەیردەکرا، هیچ کەس نەیتوانیوە، دەنگی لێوە بێت، یان سەیری سوڵتان بکات، بیستراوەو وتوویانە: سوڵتان دەستە سڕەکەی فڕێ دەدایە سەر ئافرەتێك، ئەوە یانی ئەو ژنە شەوێ دەڕواتە ناو پێخەفی سوڵتانەوە، بەڵام ئەو جۆرە هەڵبژاردنە دوورە لە راستەقینەوە، ئەوی هاو پێخەفی سوڵتانی هەڵدەبژارد گەورە خەسیاوی ناو حەرەمسەرا بوو، ئەو بووە هاو پێخەفی سوڵتانو دەچووە دڵی سوڵتانەوە، ئەودەم بەشێکی دیاری کراوی ساختمانێکی بۆ تەرخان دەکرا. کۆیلەی تایبەت، عەرەبانەی تایبەت، بەلەمی تایبەتمەند.

"پول رایکوت"ی گەڕیدەی سەردەمی حەڤدەهەم دەڵێت:" ئەگەر سوڵتان لە ئافرەتێك خۆشی بهاتبا، دەخرایە ژێر چاوەدێری خودی سوڵتانەوەو بە پێی رەسم و رەواڵێك دەیانگێرایەوە بۆ حەرەمسەرا و لەدواییدا جێگەو شوێنی تایبەتی پێ دەبەخشێنرا.

ئەگـەر یـەكێك لـەو ژنانـە لـە سولـّتان ئـاوس بوایـە، ئـەوا پلـەو پایـەیان بـەرزتر دەبووەوەو دەكرانە خاسـەكی Hasekiو نـاوی" كـادین" یـان لێـدەنرا، ئەگـەر سـكەكەی كوڕ بوایە لە دواییدا ئەو كوڕە ببێتە سولّتان ئەوا دایكی بـە دایكـی سـولّتان نـاو دەبـرا و دەبووە بە هێزترین ئافرەتی ناو ئیمپراتورییەتی عوسمانی.

موسلمان لای وایە و دەڵێت: بەهەشت لە ژێر پای دایكدایە، سولّتان دەتوانێ ژنی زۆر بهێنێت، بەڵام تەنها یەك دایكی هەیەو ئەو چاودێری تەواوی ئافرەتانی ناو حەرەمـسەرا بوو، بە دەست هێنانی پلەی دایكی سولّتان ، ململانیەكی خوێناوی لە حەرەمسەرا بـەرپا دەبوو، بە سەدان جۆر دەكۆشان تـا لـەو ململانیـەدا سـەركەوتووتر بـن، ڕووداوی سـەیرو سەمەرە رویداوە لە سەردەمی سولّتان محەمەدی چوارەمدا" سولـّتانە گولنـوش" بـە لای سـولّتانەوە زۆر ئـازیز بـووە، بـەڵام "جارییـە" یـەك لـە نـاو حەرەمـسەرادا دەكەوێـتە بەرچاوی سولّتان، بە ناوی" گوڵ بەیاز" ئەم گوڵبەیازە دڵو دەروونی سولّتان بـە دەسـت دێنێت، ئەو عەشقە دەبێتە هۆی رقو كینەو شاكامی "گلنوش" و گوڵبـەیاز دەخاتـە نـاو دەریای مەرمەڕەوەو دەیخنكێنێت.

بـە دایـك بـوونی سولـّتان پلەیـەكی یـەكجار بـەرزو بڵنـد بـووە، ئیـدی دەسـەڵات، دەوڵەمەندی و زۆر شـتی تـر، لەولاشـەوە سك پـڕ بـوون لـە سولـّتان بـۆ خـۆی دنیایـەك مەترسی بە دواوە بووە، غەریمەكان بـە چـنگ و دندانـەوە بـە دوای لـە نـاو بردنـی ئـەو ئافرەتانەوە دەبوون و زۆر ڕووداوی خوێناوی ڕوویداوەو تۆمار كراوە.

كاتێك سولّتانێكی تـازە دەڕواتـە سـەركار، ئـەوی ژنو دەسـتو پلـەی سـولّتانی پێـشوو هەیە دەنێردرێن بـۆ"كۆشـكی فرمێسك" جێگـەو شـوێنە كۆنـەكانیان دەدرێنـە تـازە بـە دەوارن گەیشتووەكان.

# نامەی بیهایسی ژن سوڵتان

ئازیزەکەم کەلفا Kalfa.

هەواڵم پێگەیشت کەوا ئەو دەگوێزنەوە فلاتە بەربلاوەکە، لە کاتێکدا ئەو فلاتە دەبوا بۆ من بوایە نەك ئەو. لەوانەش گوزەشتە، کچۆڵەیەك ئەو جێگە بەربلاوە داگیرکات ئەمە نەشیاوە، ئەگەر گەورەی سەرزەوی بە داواکەی من بزانێت بێگومان بەرگری لەوە ناکا. تکایە داواکەم بگەیەنە عەرزی دایکی سوڵتان، کە ئەویش بۆ خۆی دەزانێت ئەوە مافی رەوای منە، ئەگەر ئەوەم بۆ نەکەن ئەمن نارۆم بۆ سەرای گەورە، ئەگەر هاتوو دایکی سوڵتان لە سەر ئەوە رازی نەبوو ئەوەیان باسێکی ترە. بەڵام ئەوە بزانە لام خۆشە بمرم تا" ئەو" ببێتە خاوەنی ئەو فلاتە جوانە پان وپۆڕە.

نامەی ژنێکی سوڵتان بە ناوی" بیهایس" بۆ کلفای سەرپەرەشتی ساختمان ١٨٣٩ز.

# خەساوەکان

بۆ پاراستنی ژنانی سوڵتان، لەشکرێکی خەساوی گەنجیان لێرەو لەوێ کۆ کردبووەوە، ژمارەیان دەگەیشتە هەزار خەساوە، ئەوانە، یان کۆیلە بوونە، یا لە شەڕدا دەستگیر کراون، لە دواییدا خەسێنراون – پێش بالق بوون – و بە کۆیلە کراون، ئەوانەی کە سپی پێست بوونە، لە راڕەو و دەوروو بەری دام و دەستگای سوڵتاندا دەست بە کار دەکران، یانی جێگەی کاروباری رۆژانەی سوڵتان. بەڵام قوڵەکان، کارو کردەوەی حەرەمسەرایان پێ دەسپێردرا. یان بۆ چاوەدێری راڕەوی زێڕین، کە لە نێو دەربارو حەرەمسەرا دا بووە، گەورەی خەساوەکان، دەوڵەتو دەسەڵاتێکی فراوانی پێدرابوو، چ لە کاروباری سیاسیدا، یان دەوڵەتداری، ئەو بوو بازنەی پەیوەندی نێوان سوڵتانو دایکی. پلەو پایەی گەورەی خەساوەکان بە ئەندازەی سەرۆك وەزیرانی سەردەم بووە، هەتا وەکوو بە شێوەیەکی فەرمی لە سەرۆك وەزیران کەمتر نەبووە.

لە بەر ئەوەی ئەو گەورە خەساوە بە کلیلی رازی سەرتاسەری حەرەمسەرای سوڵتان دەناسراو پەیوەندی راستەوخۆیشی هەبووە بە دەرەوەی حەرەمسەراوە، ئەو کۆیلەنە بە چینێکی گەنیاو نابەکار دەناسرا، هەتا وەکوو لە ناو سەرتاسەری دانیشتوانی کۆشکی سوڵتانیدا. وە لە بەر ئەوەی ئەو کۆیلە رەشە خەساوانە، دەوروو بەریان پڕ بووە لە ئافرەتی جوانکیلەو پەری روخسار و شۆخ پەیکەری شەهوەت ئەنگێزو فێربووی رێ و رەسمی هەوەس هەڵساندنی رەگەزی پیاو لە کاتێکدا بۆ خۆیان لە هەوەسی پیاوەتی بێوەری ومەحروم بوونە، دڵو دەروونیان پڕ بووە لە کینەو شاکامی و داونانەوەو پیلان، بەو جۆرە تۆڵەی خۆیان کردۆتەوەو دەروونی کەفچەڕینی پڕ لە قینیان ئارام کردۆتەوە.

"مونتیسکیو" بە ناوی ئەو خەساوانەوە چەندین نامەی نووسیوە" حەرەمسەرا ئیمپراتورییەتی منە، جێگای نیازو رازی منە، ئەو نیازەی کە تەنها هەر ئەوم بۆ ماوەتەوە و من رایدەگەیەنم کەوا بوونم هەمیشە دیاردەیەکە کەس ناتوانێت دەست بەرداری بێت، رەفتارو کردارم مایەی رقو کینەی ژنانی حەرەمسەرایە ئەو کینەو بوغزە، بە رێکەوت مەزانە، بە پێچەوانەوە، بۆی کۆشاوم و ئەوانیش لە خۆرا

نامبێزێنن، با ئەوەش بلێم، من لە تەواوی کارو باریاندا خۆم هەڵدەقورتێنمو بەرگری لە تەواوی ئارەزووەکانیان دەکەمو ئەو پیلانانەی کە دەیکەن هەڵیدەوەشێنمەوە، بۆ ئەوەی ئاگاداری بن.

قەشمەری حەرەمسەرا، زۆرتر لە کورتە باڵا خەساوەکاندا هەڵیان دەبژارد، کە لە حەرەمسەرادا گاڵتە جاڕی بۆ سوڵتان و خانمەکانی سوڵتان ئەنجام دەداو لە زۆر کاری نهێنی و تایبەتمەند ئاگادارم دەبوو.

لە کتێبی" ژن نامە"یدا کە زۆرتر باسی ژیانی ژنانی حەرەمسەرای تیادایەو چۆنیەتی ژیانی ئەو ژنای بە رەنگ و شێوە وەدەرخستووە، کورتە باڵایەکی گاڵتە جاریش تیا نەخشاندووە، هونەرمەند" لیڤی" لەو تابلۆیەیدا وەردەکاری زۆری نواندووە و دەیەوێت ئافرەتێك لە کاتی ژانی منداڵ بوونیدا بهێنێتە پێکەنین.

# زنجیرەی دەسەڵات

ڕەسمو ڕەواڵ وابووە هەمیشە دەبوایە دەسەڵات بۆ کوڕە گەورەی بنەماڵە بمێنێتەوە، بەڵام"محمد الفاتح" یانی ئەو سوڵتانەی وا شاری ئەستەنبولی گرت، ئەو یاسایەی توڕدایە لاوەو فەرمانی دەرکرد، کەوا سوڵتان بۆی هەیە، تەواوی خزمە نزیکەکانی بکوژێت تا فەرمان ڕەوایی بگەڕێتەوە سەر کوڕەکانی و ئەو فەرمانە بوو بە هۆی کوشتنی نۆزدە برای کە سەرجەم لە ڕۆژێکدا هەر نۆزدەیان سەربڕیوە، ئەم بریارە لە سەر پێشنیاری دایکی بووە، کە بڕێك لەو نۆزدە برایانەی منداڵ بوونە و ئەو کوشتارە خۆیناوییە بەر حەوت کەنیزەی ئاوسی لە باوکیشی کەوت و هەر حەوتیان خرانە نێو گوێنیەوەو توڕ درانە نێو دەریای مەڕمەڕەوە لە ساڵی ١٥٩٥ز دا.

لە ساڵی ١٦٠٤زاینیدا، باڵیۆزی ئینگلیز نامەیەك بۆ شاژن (ئەلیزابێت) دەنووسێت و دەڵێت: دوای بە خاك سپاردنی ئەو شازادانە، خەڵکێکی زۆر لە بەردەم حەرەمسەرادا کۆ بووەتەوە، تا تەماشای دەرکردنی دایکی ئەو کوڕە کوژراوانەو ژنانی سوڵتانی مردوو بکەن، هەروەها کچەکانی سوڵتان کە ژمارەیان ٢٧ دانە دەبوون، لە گەڵ دوو سەد کەنیزەی کۆیلەداو لە ژێر چاودێری قوڵەخەساوە دڵڕەقەکاندا لە کۆشکی کۆندا نیشتەجێ بنو لەوێڕا تا دەتوانن شێوەن بگێڕن بۆ کوڕو براکانیان.

# قەفەسی زێڕین

لە ساڵی ١٦٦٦ زاینیدا، سوڵتان سەلیمی دووەم، ئەو فەرمانە خوێناوییەی محەمەدی فاتێحی کەم کردەوەو، فەرمانێکی دەرکرد کە شازادەکان نەکوژین، بەڵکو لە کۆشکێکی دوور لە خەڵکدا، دەپارێزرێن‌و هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان لە گەڵ دنیای دەرەوەدا نەبێت‌و لە دەورو بەر بپچڕێن.

بە پێی ئەو فەرمانە، بەشێك تەرخان کرابوو ئەنجام دانی ئەو مەبەستە کە بە هۆی ڕاڕەوێك بە حەرەمسەراوە پەیوەندی درابوو، ئەو ڕاڕەوە ناسراوە بە (دەرگای جنۆکە) کە نزیك بوونەوە لەو بەشە بە هەموو جۆرێك یاساغ کرابوو.

شازادەکان لە دنیا دادەبڕان، چەند کە نیزێکی کۆیلە نەبێت، کە منداڵ دانیان دەرهێنرا بوو، تا لە شازادە باردار نەبن، ئەگەر ڕوویدابا یەکێك لەو کۆیلە کەنیزانە سکیان پڕ بوایە، بێ یەك‌و دوو دەخنکێنران.

ئەو شازادانە، لە لایەن چەندین چاودێری کەڕوڵاڵ کراوەوە بە سەختی چاودێری دەکران، جارووباریش هەر ئەو کەڕوڵاڵانە، دەبوونە بکوژی شازادە دەست بەسەرەکان، ئەو شازادانە لە دنیا دادەبڕان، لە جیهانێکی نەخوێندەواری و گێلی‌و بێ ئاگاییدا گەورە دەبوون، تێکەڵ بە ترس‌و توقیانی ڕۆژانەی ترس لە سەربڕین، ئەگەر یەکێك لەو شازادە دەست بەسەرانە ڕێکەوت و تەقدیر هەڵێخستایەو بکرایەتە سوڵتان، نەیدەتوانی کاروباری دەوڵەت‌و دەسەڵات بەڕێوە بەرێت،

کاتێك"مورادی چوارەم" کۆچی دوایی کرد لە ساڵی ١٦٤٠زاینیدا، ئەوی جێگەی گرتەوە( ئیبراهیمی یەکەم) بوو، کە نیشتەجێی قەفەسی زێڕین بوو، کە خەڵکی لە بەر قەفەسەکەیدا کۆ بوونەوە تا بیکەنە سوڵتان، ئەوی دەرگا بووە دایخستووە، ترسو تۆقیان لە کوشتن هەراسانی کردووەو نەهاتووەتە دەرەوە، تا تەرمی سوڵتانیان هێناوەتە بەر دەرگاو پیشانیان داوە، ئەو دەم باوەڕی کردووە.

(سلێمانی دووەم) سی‌و نۆ ساڵ لە قەفەسی زێڕیندا دەست بە سەر بووە، بە ئاینداری‌و خۆش نووسییەوە خۆی خەریك کردووە، کە کراوەتە سوڵتان حەزی کردووە دووبارە بگەڕێتەوە نێو قەفەسی زێڕینەکەی.

شازادە"ئیبراهیمی یەکەم" لە تۆڵەی دەست بەسەریدا کارو کردەوەی جنسی خۆێناوی ئەنجام داوە، ژیان لەو قەفەسەدا بنەمای فکری و سایکۆلۆژی کابرای بەندکراوی دەگۆڕیو دەیکردە گیانلەبەرێکی ناتەواوی دەروون نەخۆش.

## مردن

ژمارەی مردوانی نێو حەرەمسەرا، کەم نەبوون، زۆربەیان لە تەمەنی لاوێتیدا دەمردن، ئیدی بە مەرگی جۆراوجۆر، سا لە رووی ململانێی نێوان ئافرەتان خۆیانەوە بێت، وەك دەرمانخوارد کردن، یان کوشتن، یان نەخۆشی.

"هنری لیللو"بالیوزی ئینگلیزی، ساڵی ١٦٠٠ز لە دەرباری عوسمانیدا، دەڵێت" پیلانی ژنانی نێو حەرەمسەرا بە ئەندازەیەك زۆر بووە لە ژمارە نەدەهات، زۆریان لە ناو دەریای مەرمەرەدا خنکێنراون، بڕێك تریان گەورە خەساوی ناو حەرەمسەرا دەیانی خستە نێو گوێنیەوە فڕەیانی دەدایە نێو دەریاوە.

لە ساڵی ١٦٦٥ز بڕێك لە ژنانی ناو حەرەمسەرای سوڵتان، محەمەدی تۆمەتیان پێ کرا کەوا جەواهێراتی بێشکەی منداڵی سوڵتانیان دزیوەو ئاگریان بەرداوەتە قوڵێکی حەرەمسەرا، تا تاوانەکەیان بشارنەوە و ئەو ژنانە بە فەرمانی سوڵتان بێ یەكو دوو خێرا خنکێنراون.

محەمەدی فاتێح "ئیرن"ی ژنی بە خەنجەر کوشتووە، ئەو شاژنە بە دیل گیراوە، لە ئاینی مەسیحییەتدا بە شەهید لە قەڵەم دراوە و لە بەهەشتدا رووبە رووی هاوسەرەکەی دەبێتەوە. کە مردووە تەمەنی ٣١ ساڵ بووەو هەر بەو تەمەنەی بەردەوام دەبێت.

## دنیای قەدەغەکراو

بابولعالی و حەرەمسەراو قەفەسی زێڕین، سێ کوچکەی قەدەغە کراو بوون، هەر یەکە لەوانە جیهانێکی جیاوازو مەرجی ژیانی خۆی تیادا دابین کرابووە، لە

حەرەمـسەرادا ژنـانی نێـو ئـەو چـوار دیوارانـە کـە لـە گـەڵ تـرس‌و توقیانـدا پـەروەردە بووبوون و ژیـانی رۆژانـەیان دەگـوزەران هـەر بـەو ئەندازەشـە خـەریکی پـیلان نانـەوەو تەپکەو داو نانـەوە بـوون لـە رێگـەی خەسـاوەکانی نێـو حەرەمـسەرادا دژ بـە دەسـەڵات دارانـی دوورو نزیکـی نێـو ئیمپراتوریـەتی عوسمـانی ئـەوەی هەوەسـیان لێبـا دەیـانکردو بۆشیان دەچووە سەر، ئیدی بێ تاوان سەری تیا چووبا، یان گەورە پیاوێـك، سـوڵتان یـان شای شاهان و فەرمانڕەوای رۆژئاواو رۆژهەڵات و یەکە بکۆژی دەریا گەورەکان ژنانی نێو حەرەمسەرا دەیانتوانی زۆر رەشی پێ بکەن بە سـپی، زۆر فـەرامینی نـاڕەوای پـێ ئیمـزا بکەن. بە تایبەت دایکی‌و گەورە خەساوی نێو حەرەمسەرا، دەیانتوانی دەست وەردەن لە کاروبای ئیمپراتویەتداو بە گوێرەی نیازی خۆیان گۆڕانکاری بکەن‌و ئەو جـۆرە ژیانـەو دەست تێوەردانە زادەی سەد ساڵ‌و دەسـاڵ نـەبووە، بـەڵکوو تەمـەنی سـەدان سـاڵ کـەمتر نەبووەو بینـراوە.

سەیر لەوەدایە ئەو هەموو کارە ناڕەوایە دەخەنە ئەستۆی تەقدیرو کردەوەی خێـرو شەڕ، تێکڕا لە رۆژهەڵاتی ئیسلامیدا کـارە قورسـە نەشـیاوەکان دەخەنـە سـەر قـودرەتی قادرو خەڵکەکە لە خۆیان دووری دەخەنـەوە، دەڵێن ئـەوەی رووی داوە نووسـراوە، هـەر کەسێك ئایندەو زیندەگی خۆی لـە نـاو چاوان نووسـراوە، ئـیتر بـێ سـوودە گـۆڕانی ئـەو تالعە، ئەو نوسراوەش هەمووان دەگرێـتەوە، جیـاوازی لـە نێـوان کۆیلـەو کاسـب و ئاغـاو هەژار و سوڵتاندا ناکات، ئەم جۆرە تێفکرینە لە راستیدا پەنجەمۆرە بۆ نارەوایەکان، بـۆ ئەوەی کەس دەنگی" بۆ و نا" نەکاتەوە، با ئەوەش بڵێن لە حەرەمـسەرادا نـەبێت تـەنها بواری شەڕو ئازار کار فەرما بووە. نەخێر شان بە شـانی ئـەو هـەموو کوشـتارو پیلانـەو ناباییانە هاوکاری و دۆستایەتی‌و هاودەردی‌و هاوژان‌و ئیشی بـە روخـسارانەوە دەبینـراو دەستی یارمەتیان بۆ یەکتر درێژ کردۆتەوەو بوونەتـە پـشت و پـەنای یـەکتر، ئـەو رۆکـە لەو دنیا پڕ ئاشوفتەگی و ململانـێ خۆیناوییـەی هـیچ نەماوەتـەوە جگـە لـە پەنجـەرەی توڕدارو سەرشـۆرگەی ساردوسـڕی مەڕمـەڕین و راڕەوی رەنگاو رەنـگ‌و دەروو دەروازەی قایم و قوڵ نبێت. بەڵام داستانی ئەو ژنانە بووەتە بیرەوەرییەکی لە بـیر نەچـوو کـەم و زۆر تازە دەبنەوە.

# ژیانی رۆژانەی ناو حەرەمسەرای سوڵتان

وتەیەکی تورکی هەیە دەڵێت: ژیانی تایبەتیمان نیاز بەپەرژین هەیە. ئەو وتەیە گوایی کۆمەڵگای دەسەڵاتی عوسمانییە. حەرەمسەرا بە وردی چۆنیەتی ژیانی ژنانی نێو چواردیواری وەدەرخستووە.

مێژوو نووسی" دورسون بای" دەڵێت: ئەگەر هەتاو مێ نەبوایە نەیان دەهێشت تیشکی بکەوێتە ناو حەرەمسەراوە." گوڵیەیاز" خاتوونی پەسەندی لای سوڵتان محەمەدی چوارەمی عوسمانی لە سەردەی حەڤدەهەمدا لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی:"ئێمە لە هەتاو بێوەرین ئەوەسا سپی هەڵگەڕاوین و دەڵێن عاجین." زۆرکەم روویداوە پەیوەندی نێوان ژنانی حەرەمسەراو دنیای دەرەوە، سەیر لەوەیدایە هێشتا ئێمەی مرۆڤی ئێستا تا بە ئەمڕۆ بەوردی ئاگاداری ژیانی نێو حەرەمسەرا نین، ئەوەی دەیزانین لێرەو لەوێوە دەیدەینە دەم یەکەوەو بۆ چوونێکی پەلەو پۆقرتاو گەلالە دەکەین.

لە تابلۆیەکی هونەرمەند" لیکومت دی نوی"دا بە ناوی" کۆیلەی سپی" کۆیلە قوڵێکی جوانکیلەی تیادایە، کۆیلەی سپی جگەرە دەکێشێو دەنواڕێتە ئاسمان. ئەوە بۆ خۆی چی دەرکردو داخۆ ئەوە چ رۆژێك بووە؟ رۆژێك لە زنجیرە رۆژانێکی بێ پایان رەنگە ساڵەهای ساڵ درێژە بکێشێت. کەس تەماشاکەری دەردی ئازاری نەبووە. جگە لە چوار دیواری دوور لە هەتاو نەبێت. ئەی ئەو کچۆڵە رەش پێستە چی؟ ئەوە ئەو لە چی بیرو ئەندیشەیەکدایە؟

لە تابلۆیەکی دیدا کەوا شاکاری هونەرمەند" فەردریك گودال"ە ژنە راکشاوی سەر کاناپایەکە، ژنە قوڵە رەشێك بە منداڵێکەوە خەریکی منداڵەکە بوکەڵەی باڵندەی بە دەستەوەیە. ئیدی ئەو ژنە، راکشاوە لە چ فکرێکدایە؟ ئایا ئەوە دایکی منداڵەکەیە کە ژنانی کەوتوەتە سەر ئامازەی فەرمانڕەوایەکی خوێنخواری توقێنەر.!! چەندین لەو کۆیلانە، سەرنویشتی خۆیان سەلماندووە و دەڵێن: بەڵێ ئاوا ژیانێك لە ناو چاوانمان نووسراوە. ئەو ژنانە یا بە دیلی گیراون، یان وەك کۆیلە کڕاون و بە زۆر کراونەتە ئیسلام. بڕێك نامە بە دەست هاتووە، کەوا سوڵتانەکان نووسیویانە بە ناوی، "Heremden Mektublar 1850-1450".

تیایـدا هـاتووە: کـەوا لـە حەرەمـسەرای سـەلاتیندا ژنـانی رۆشـنبیری غـەیرەدین، زۆربوونە، زمانی تورکیان نەزانیوە، برێکیان جولەکە، یان مەسیحی بوونـە، بـە گـوێرەی ئاینی خۆیان دۆعایان دەکرد کە لەو ژیانەیان خوداوەند رزگاریان بکات. ئایا ئـەو جـۆرە ژیانەیان بە نەنگ زانیوە و لایان وا بووە کە گلاّوکراون؟.

زۆر بەلگـە بـە دەسـتەوەیە، کـەوا لـە حەرەمـسەرادا، دوعـاو جـادووی رەشو سـپیو خۆشەویستیو نەفرەتی زۆر تیادا روویـداوە، هـەروەها بـەخت خوێندنـەوە، یا گردنـەوە یان پێشبینی کردن و قاوە گردنەوەو شەیتانو ئەجنە دوورخـستنەوە، لـە حەرەمـسەرادا بـاو بـووە. برێـك لـەو ژنانـە لـە چـوار دەوریـان یـاخی بوونـەو پەیوەنـدی عـشقی، یـان سەکسییان لـە گـەڵ دەرەوەی حەریمـدا بەسـتووە. سـولتان ئەحمـەدی دووهـەم، دەیزانـی یەکێك لە ژنەکانی پەیوەنـدی لـە گـەڵ پیـاوێکی قـۆزدا هەیـەو، ئـەو پیـاوە دەڕواتـە نـاو حەرەمسەراوە دەکەوێتـە بـیری دەسـتگیرکردنیانەوە، لـە کـاتێکی تایبەتیـدا هـەردووکیان پێکەوە دەگرێت، بەلاّم ژنەو پیاوەکـە لـە دەسـتی رادەکەنو بـەرارەودا بـۆی دەردەچـن و سولتانیش بە شمشێری رووتەوە دوایان ئەکـەوێت، کـە دوو عاشـق بـە هـەرا دەگەنـە لای بەشی رەشە خەساوەکان، خۆیان دەکەن بە ژوورێکدا. سولتان دەڕواتـە ژوورەکـەوە، هـیچ کەسـێکی وەبەرچـاو ناکـەوێتو ئـەو دوو عاشـقە دەبنـە دلۆپێـك ئـاو و دەڕۆنـە نێـو زەوییەوە. سولتان دەگاتـە باوەڕێـك، ئـەوە بـۆ خـۆی موعجیزەیەکـەو روویـداوە، ئـەودەم فـەرمان دەدا ئـەو ژوورە بـە زێـڕ بڕازێننـەوەو ئـەو ژوورە دەکرێتـە مـەزار. ئـەو جـۆرە رووداوانە هەمیشە بەو شێوە تەواو نەبووە، زۆربەی ئەو ژنانە ئاکامیـان خنکانـدن بـووە لە نێو دەریادا، هەتاوەکوو تۆمەتێك، بوختانێك، پیلانێکی دروسـتکراو بووەتـە هـۆی لـە ناو چوونی زۆر لەو ئافرەتانەی نێو حەرەمسەرا.

ئەوەی لە ناو چوار دیواری حەرەمـسەرادا، رویـداوە ئیـدی وەك وابێـت لـە جیهـانی خامۆشـاندا روویـدابێت، لـە دەروازەی حەرەمـسەرا هـەر ئافرەتێـك رۆیـشتە ژوورەوە، مەگەر بە مردوویی دەرچوونی هەبێت.

## باخچەکان

دارو درەختی دەورو بەری حەرەمسەرا، پڕی بووە لە گوڵ و گوڵزارو باخچەی ئاونماو حەوزی ئارام و خوڕدار، لە هەمان کاتدا، پیادە ڕەوی تایبەت بڕێک لەو ژنە خاوەن دەسەلاتانە، کە دەرۆیشتنە ناو باخچەوە، کەنیزو قوڵە خەساوەکان وەك پەپوولە بە دووریدا دەچەرخانەوەو یاری منداڵانەیان دەکرد. جارو بار سوڵتان فەرمانی دەدا، دەرو دەروازەی بابولعالی ببەستن، پارێزەران دەکەوتنە پاسو دوور خستنەوەی خەڵکی لەو دیوی دیوارەوە، قوڵەڕەشە خەساوەکان دەکەوتنە چاودێری دەرو دەروازەو کون و قوژبن، ئەو دەم پۆل پۆل نازداران، وەك هەنگ لە حەرەمسەرا دەهاتنە دەرەوەو سوڵتانیش لە نێوانیاند وەك نێرەحەیتە، لە ناو باخو دارو درەختو گوڵو گوڵزاردا فەخرو شانازی بە دەوریان دەفرۆشت، ئەو جۆرە پیادە رەویان زۆرتر لە ساڵانی ١٧٠٠ز روویداوە.

## یاری

یاری ژنانی کۆیلە، هەر لە کارو کردەوەی منداڵان دەچوو، باوەك بڕێك لەو کۆیلانە تەمەنیان حەڤدە تێنەپەڕی بوو جارەو بار یارییەکیان دەکرد بە ناوی "سەرسەری ئەستەنبوڵ" یەکێك لە کچان جلو بەرگی پیاوانی لە بەر دەکرد و بڕۆی رەش دەکردو سمێڵی بە سەر لێویەوە دەنەخشاندو نیوە کولەکەیەکی لە سەر دادەناو ئیدی بەو شکڵو شەمایلە قاقا پێدەکەنین، یان چەند ئافرەتێك لە دەوری حەزوی ئاو کۆ دەبنەوەو پاڵ بە یەکترەوە دەنێن و دەکەونە ناو حەوزی ئاوەوە، سوڵتان تەماشای ئەو پاڵنانو شڵپەشڵپەی ناو ئاوەکەی دەکرد. ئەو دەم یەکێك لەو ئافرەتانەی هەڵدەبژارد بۆ هاوپێخەڤی شەوی. یان چاوی یەکێ لە ئافرەتانیان دەبەستو بەرەڵایان دەکردو ئەو دەم دەکەوتنە پرسیارکردن، دەربارەی مشەخەساتی ئافرەتێکی کە لە بەرامبەریدا وەستاوە.

یان، کچە گەنجەکانی سوڵتان لە گەڵ کۆیلەکانیاندا دەکەوتنە یاریکردن لە ژێر چاودێری دایکەکانیاندا و بڕێك یاری تایبەتی تەنها کچە شازادەکان بووە و ئەو کۆیلە کەنیزانە لە گەڵ کچە سوڵتاندا وەك جیهازی بوکێنی دەرۆیشتن بۆ ماڵی زاوا.

## مەلەوانگە

لە رۆژانی گەرمی هاویندا، ژنان لە نێو حەوزی مەرمەڕیندا مەلەیان دەکرد، یان منداڵانە ئاویان دەپرژاندە سەرو لەشی یەکتردا، قوڵە رەشەخەساوەکان چاودێری ئەو بەزمە دەبوون.

سوڵتان مورادی سێهەم، کە زۆرتر کاتی بە رابواردنەوە دەگوزەراند، تەماشا کەری ئەو شەڕەئاوە بوو، وەك زانراوە، مورادی سێهەم، سەدوسی منداڵی بووە.

بەڵام سوڵتان ئیبراهیمی یەکەم، دوڕو مەرجانی دەهاویشتە ناو حەوزەکەوە، تا ژنانی رووت و قوت بکەونە پەلە قاژێی وە دەست هێنانی ئەو جەواهێرانە.

وا باوە کە گەوەرە خەساوانی حەرەمسەرا کۆیلەیەك دەکڕێت و دەیهێنێتە ناو حەرەمسەراوە، دوای وەدەر دەکەوێت ئەو ژنە کۆیلەیە ئاوسە، زۆر نابا، کوڕێکی دەبێت، لە هەمان کاتدا سوڵتانە نورهان، ژنی سوڵتان ئەویش کوڕێکی دەبێ و ئەو ژنە کۆیلە منداڵدارە دەگوێزنەوە ماڵی سوڵتان نورهان، ئیدی رۆژ بەرۆژ سوڵتان عەلاقەو موحەبەتی بەرانبەر منداڵی ژنە کۆیلەکە زۆرتر و زۆرتر دەبێت، ئەو خۆشەویستیەی سوڵتان، دەبێتە هۆی ئێرەیی ژنی سوڵتانو لەو رووەوە تورە دەبێت، سوڵتان لە نارەزایەتی ژنەکەی ئاڵۆز دەبێتو بە تەواوی توانایەوە کوڕەکەی خۆی دەهاوێژێتە ناو مەلەوانگەوە، ئەو شازادە ناوی محەمەد بووەو لەو هاویشتنە رزگاری دەبێت. بەڵام تا دەمێنێت جێگەی برینێك بە روخسارییەوە دەمێنێتەوە.

## قسەو باس

بە ئاسانی دەتوانرێت دەربارەی پۆلێك ئافرەت بدوێین لە دەوری مەلەوانگەیەکدا کۆ بوونەتەوە رازو نیازی تایبەت و یاری منداڵانەیان بخەینە سەر کاغەز، رەنگە زۆر بە ئاسانی بتوانین ئەو کارەی ئەنجام بدەین لەو جۆرە کۆبوونەیدا منداڵان گوێیان بە چیرۆکی پیرە ژنان رادەهاتو باسی دێوو درنجو برێك لە میتالۆژی ئەدەبیاتی ئێرانی دەکرد، یان باسی دڵداری لەیلاو مەجنوون، یان بەیەك نەگەیشتنی دوو دڵدارو ئاکامی پڕ لە خوێنو فرمێسکی نێوانیان. ئەو چیرۆکانە لە لایەن بگێڕەکەیەوە بەسێ کوچکەیەك تەواو دەبوو، یان بە سێ دانە سێو، یەکێکیان بۆ گێڕێرەوەیەو ئەوی تریان

بۆ گوێگرەو سێهەمیان بۆ منە، کە بکاتە پاڵەوانی چیرۆکەکە هەمووان دانیان بە شایستەگی ئەو قارەمانەیدا نابوو.

لە دوای خۆر ئاوا بوونو لە پێشی خۆر هەڵهاتندا دەبوا تەواوی ژنانو دانیشتوانی حەرەمسەرا لە ناو چوار دیوارانـدا بوایـەن، لەو کاتانەدا دەست دەکرا، بە چنینی داوو تەپکەو پیلان، کەسەدان رووداوو چیرۆکی کەنینو گریانی پێکهێناوە.

زۆربەی ئەو چیرۆکانەی لە حەرەمسەرادا دەوتران، دەگێڕانەوە، زۆرتری بۆ داوی دەردی شەو بێدارانی دەستی دڵەڕاوکەو شەو تەنهایی، هەر وەها بوونی ژیانی نێو ئەو چوار دیوارە ساردو سڕانە بووەو خۆ لاواندنەوەیەك بووە، هەروەها خۆ خەڵەتاندن لە ئاکامو سەرەنجامێکی نادیاری و راز ئامێز.

کچۆڵە تازە پێگەیشتووەکان، هەمیشە ئاشوفتەو پەریشان، ترسو تۆقیان بە روخساریانەوە دەقی بەستبوو، چوار دیواری بەرزو بڵندی روخساری پڕ لە کینەو بوغزی خەساوەکان ململانێی ئافرەتانی دەوروبەر لە رۆحو رەوانی ئەو کچۆڵە تازە پێگەیشتوانەیدا تا دوا هەناسە کاری بووە.

## هەڵبەست

شیعر لە ناو ژنانی حەرەمسەرادا باوێکی زۆری هەبووە، تەنیاییو دابڕنو شێوەی ژنانو دەروونێکی غەماویو دوور لە تەرازووی پێکهێناوەو ئەوی لە راستیدا بە دەستیان نەهێناوە بۆ بە دەست هێنانی، پەنایان بردوەتە بەر خەیاڵ. ئیدی مەحروومیەتی لە ئازادیو لە خۆشەویستی لە سرووشتی وەحشی. دیاردەیەکی زەقی ئەو وەختە کە دانەپۆشرا ناکۆکی نێوان"حەتیبولای"خۆشکی سوڵتان محەمەدی دووهەمو خودی سوڵتان بووە، سوڵتان لە حەرەمسەرا دەریکردووەو لە ناو ڤیلایەکی سەر بوغازی بسفوردا نیشتە جێی کرد، ئەو ناکۆکیە سیاسیەی نێوان خۆشکەو برایە، کەوتە سەر زمانی خەڵکی، بەڵام خۆشکی سوڵتان خاوەن هەستێکی ناسكو قەڵەمێکی بە توانا بووە، شیعری نووسیوەو شیعرەکانی کەوتونەتە سەر زمانی خەڵکی وەك دەڵێت:

لە پێناوی ئاوێنەیەکدا

ئاوێنەیەکی رووشەڵێ ژەنگ گرتوو

منی دەست بە سەری لێرەدا چوار دەورگیراو لەم دیارە
نەهامەتی خەڵکە زۆرەکە بە منەوە دیارە.

سەیر لەوەدایە، لە سەرجەمی سیوهەشت سوڵتانی عوسمانی سیانزەیان شاعیر بوونەو برێکی زۆری کچو کوڕو کوڕەزای ئەو سوڵتانانە شیعریان نووسیوە.

"ئولیف کروتیە" دانەری ئەم کتێبە، دەڵێت: لە بیرمە منداڵ بووم، نەنکم بە چاوێکی فرمێسکاوییەوە، شیعرێکی دەخوێندەوە، هەر لەو شیعرەی چەندین وشەی تورکیم لە بیرە. دیارە ئەو شیعرە شیعری کۆیلەیەکی گەنجی چوار دەورگیراوی پشتی پەنجەرەیەکی تەلبەنکراو بووە، بە دژوار توانیویەتی ئاسۆی لێڵو رۆشنی سەر دەریای بسفور ببینێتو بکەوێتە بیری، پشتی چیا سەر بە ئاسمان کێشاوەکانی قەفقاسیا.

ڕێکەوتێکە لە وڵاتی خۆشەویستیدا روویداوە
بنواڕە دڵۆپێ فرمێسکی ئەم چاوانە
هەزاران فەرسەق ماوەو مەودا لە نێوانە.
چیای بەرزی ئاسمان تەی کەر
ڕێگای دوورو درێژی پڕ لە مەترسیو خەتەر
دیلم لە ناو دیوارو پشتی دەروازەو شوورە
هەزار سڵاو لە وڵات و سەر زەوییە دوورە

# نوێژ

دەست نوێژ هەڵگەرتن، لە پێش نوێژدا دەبوا رووخسارو دەستو بازوو و هەردوو پا، لە پێشی نوێژدا مەرجێکی سەرەکی ژنان دەیانکرد، ژنان سەریان دادەپۆشیو بەرماڵیان رادەخستو ئیدی دۆعاو ویردی تایبەت بە نوێژیان دەخوێندو روو بە جێگەیەك زۆرتر وەك من بزانم، رۆژهەڵات بووەو روو بە شاری مەککەو ئیدی هەڵدەستانو دووبارەو چەند بارە سەری تەعزیمیان لە زەوی دەناو ئەو دەم دادەنیشتنەوە، بەو شێوە سەرو رووخسارو لەپو هەردوو چوکتان دەخستە سەر زەوی، ورزشێکی جسمانیو رۆحیان دەکرد، ئەو نوێژەی دەیانکرد، زۆرتر لە وەرزشی" یوگا" دەچوو.

# رازی گوڵو باڵنده

تـابلۆی هونەرمەنـد" جـون فردریـك لویـسی" بـە نـاوی "پـەیکی دەسـتگیرکراو"، ئافرەتێك دەبینین سەرسامانە دەنوارێتە دەستە گوڵێکدا، نوارینەکەی پڕە لە رازو وەك وا بێت لە گەڵ هەر گوڵو گەڵایەکدا نیـازو دەردی دڵێکی پێ بڵێت وشکانیو تـەنهایی و دەست بە سەریو دابڕانی لە دنیای دەورو بەری پێ رابگەیـەنێت. ئـەو نوارینـە پڕە لـە رازو نیازو ئارەزووی خنکاو، داستانی عاشقێکی نەناسراو دەگێڕێتەوە، هـەر ئـەو تابلۆیـە بـوو بـە ئیلهامی ژنـە ئینگلیزەکـان"لیـدی مـاری ورتلی مونتـاکو" ئـەو نوارینـەی کـردە ئلگویەك بۆ گرنگی گوڵ لە ژیانداو بەو شێوە نوارینەی بە گوڵدا، بووبـە دیاردەیـەك لـە سەرتاسەری بەریتانیاداو چەندین کتاو لەو بارەوە نووسراوە، کە گوڵ چـەندە دەتوانێت رازی نێوان دڵەکان بخاتە بەر چاوو.

حەرەمـسەراو دەوروبـەری باخـچەیەکی ئـاژەڵی لـە نزیکـدا بـۆ کرابـووەو منـداڵانی حەرەمسەرا زۆریان حەز بە دیتنی ئەو باخچەیە دەکرد، تـا لـە نزیکـەوە فیـلو پڵـنگ و شێر ببیـنن، سوڵـتانەکان جارەوبـار مـەیمون و باڵـندەیان دەکـردە دیـاری بـۆ ژنـەکانیان، وەك لـە شـیعری شـاعیراندا"ئاسـك" دەشـوبهێنرایە کـچو ژنـانی جـوان لـەو باخـچەیەدا سـەدان بولبـول و کـۆترو کـەناری تیایـدا راگیرکرابـوو هـەروەها تـووتی جۆراوجـۆر، یـان باڵندەی عشقی چکولانەی رەنگاو رەنگ لە ژووری ژناندا رادەگیرانو پەروەردە دەکران.

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم، عاشقو شەیدا" تووتی" جۆراو جۆر بوو، لای وابوو کـە تـووتی دەتوانـێ پێـشبینی زۆر لـە نـەزانراوەکان بکـات لـە کۆشـکی"یلـدز"دا جـۆری جۆراوجۆری رەنگاو رەنگی تووتی لە قەفەزدا دەپارێزرا، هەروەها تاوسی رەنگـاو رەنـگ، لە ناو باخچەکاندا هاتووچۆیان دەکرد و وەك پاسەوان بۆ هەر جوڵانەوەیەك دەیانقیڕان، هەر ئەو گوڵو گوڵزارو باڵندانە بووبوونە هۆی داستان سـەرایی پـڕ لـە خـەیاڵی جوانو ترسـێنەریش و ژنــانی نێــو حەرەمــسەرا خۆیــان تەشــبیە دەکــردە ئــەو باڵنــدە زیندانکراوانـەی نێـو قەفەسـی زێـڕین، داسـتانی بولبولێـك دەگێڕنـەوە، کـە لـە سـەدەی هەژدەهەمدا بە سەر زمانانەوە بووە، کە گوایە بولبولێك عاشقو شەیدای گوڵێـك دەبـێ، گوڵەکە کە گوێی لە ئاوازو خوێندنی بە سۆزی بولبولەکە دەبێت لـە عەزرەتـدا بـە سـەر چڵەکەیەوە دەکەوێتە لەرزین، گوڵەکە سپی بوو وەك زۆربەی گوڵە سـپییەکان، سـپیەکی

بێگەردی پاكو خاوێن، ئەو ئاوازە بە سۆزە دڵی گوڵەكەی هێنایە خورپەو داچەڵەكیی.. بولبولەكە بە ئارامی لە گوڵەكە نزیك بوویەوەو بە گوێیدا چرپاندنی. گوڵە جوانەكە، ئای چەندم خۆش دەوێی. گوڵ ئەو چپە ئەفسوناوییەی بیست لە سەرما سوورهەڵگەڕا، ئیدی لەو دەمەوە، گوڵی قەرەنفل لە دایك بووەو بە ناوە ناسراوە.

## ئەفیون

ئەفیون، مادەیەكی سڕكەرە، لە تریاك دروست دەكرێتو دەگیرێتەوەو بە شێوەی جۆراو جۆر بەرهەمی دێنن. بڕێكیان تێكەڵی بە هاراتی تیژی دەكەن، بڕێكی دیكەیان مسكو عەنبەرو بۆنی خۆشی تێكڵاو دەكەن، كە زۆرتر دەست ڕۆشیتوانو دەوڵەمەندان دەیكرن. لە حەرەمسەرادا، پایەبەرزەكان دەیانكێشا، جۆرێك بووە وەك هەبوونی جواهیراتو زەڕو مەرجانی بەنرخو باشترین جۆریان، بەلای سوڵتانەوە بووە. بڕێك لەوانە وەك دەرمان بەكاریان دەبرد، بەڵام دەرمانێكی ئاسایش بەخشی، كە بۆ خۆی بە دەستهێنانی ئاسایشی رۆحی لە چوار دیواری حەرەمسەرادا دەرمانێكی شایستە بووە، بۆ ئەو هەلومەرجی ژیانە. زۆربەی سوڵتانەكان لە گەڵ ژنەكانیاندا دەیانكێشا، بەڵام بۆ رابواردن. ژیان لە حەرەمسەرادا بە هۆی ئەفیونەوە دەكەوتە دنیای خەواڵوو خۆمارییەوە، ژنان پەنایان دەبردە ئەو جۆرە سڕكردنەی فكرو لەشیان، هەروەها نیرگەلەو ئەفیون، كارێك بووە زۆربەی ژنانی حەرەمسەرا دەیانكێشاو ملكەچی خەیاڵی پەرتۆبڵاوی مەحاڵی خۆیان دەبوونو بەو شێوە ژیانە دەست بە سەری خۆیان بۆ ماوەیەك لە بیردەكردو غەم و پەژارەی دووره ووڵاتیو دووره باوانی خۆیان دەدایە دست مەنگیو خوماری ئەفیونەوە.

## سەماو گۆرانی

لـە حەرەمـسەرادا، دێوەخـانی سـوڵتان بـەرازاوەی بەشـی حەرەمـسەرا دەژمێـردرا، سـاڵۆنێکی گـەورەی دوورو درێژ،کـە لـە سـەر بنـەوە جێگەیـەکی بـەرزتر و لـە پـشتەوە پەیوەندی بووە بە باڵکۆنێکەوە، لە وێرا سوڵتان ژنەکانی دەدیو لە گەڵیاندا رایدەبوارد، با بیری لێ بکەینەوەو بیهێنینە بەر چاوی خۆمـان، وا سـوڵتان سـەلیمی سێهەم، لـە نـاو پۆلی ژنانی حەرەمسەرادا دانیشتووەو بە لا سەریەوە چەترێ:ی ئاورێـشمی بەغـدایی بـا دەیشەکێنێتەوە، سوڵتان جل و بەرگی رەنگاو رەنگی لە بەردایە و پێستی سمۆرە بە سەر دووشـانیدا چەسـپاوە، خەنجـەرێکی ئەڵماسـی نیگـاری بـە بەرۆکەوەیـە، عەمامەکـەی بـە یاقوت و مەرجان رازاوەتەوە، لە بندەستیدا تێرگەلەیەکی رازاوە بە جەواهیرات، مـافوری رەنگاو رەنگ لە زەویدا پەخش کراوەتەوە، دایکی سوڵتانو کەنیزەکانی لە دەستی راستی سوڵتانەوە، هەریەکە بە جۆرێك، یا دانیشتوون یا راوەستاون، برێك لەو کۆیلە کەنیزانە، لـە ناوکۆشـەو سـەرینی رەنگـاو رەنگـدا راکـشاون، برێکـیتـر لـەو کۆیلانـە، پـشتیان بـە دیوارەوە داوەو راوەستاون، جوانیو زەرافەتی ئـەو ئافرەتانـە بـەو جلو دیـوارەوە داوەو راوەستاون، جـوانیو زەرافـەتی ئـەو ئافرەتانـە بـەو جلو بەرگـە رەنگـاو رەنگانـەوە، بـە بریـسكو پریـسكی تیـشكی ئەڵماسـەکانەوە گـەڵێك لـەوەی زۆرتـر وەدەرخـستووە کـە لـە داستانەکانی هەزارو یەك شەوەدا نووسراوە، هەر لەوێدا موسیقاو بەزم و سەما لە پێشی چاوی سوڵتاندا دەست پێدەکات. موسیقا ژەنەکان لە باڵکۆندا و دوور لە چاوی ژنانی ناو ساڵۆن بە هونەری خۆیانەوە خـەریك دەبـنو لـە نـاو سـاڵۆندا نـازدارانی خـۆش پەیکـەر، پەریانی وێڵی بەهشت، دەستە دەستە لە سەر ئاوازی موسـیقا سـەمایەکی رازداری پـڕ لـە حـەزو شـەهوەت ئـەنجام دەدەنو سـوڵتانیش وردە وردە دێتـە سـەر هـەوەس و ئیـدی سەماکەران هونەرمەندان دەکۆشن لە تـوێی کریـستاڵی شـۆڕەوە بـووی نـاو سـاڵۆن نزیـك ببنەوە تا بکەونە بەر بەخشندەگی حەزرەتی سوڵـتان.

سوڵتان سەلیمی سێهەم، شاعیری بە تواناو موسیقا ژەنێکی پەنجەزێرین،" ١٧٨٩-١٨٠٧ز " ئـەو بـووە مۆڵـەتی دایـە موسـیقایانی فەرەنـساوی موسـیقاژەن تـا ئافرەتـانی نـاو حەرەمسەرا فێری موسیقا ژەنینیان بکات، بە تایبەت ئەو ژنانەی کە هێشتا نەبووبوونە ئیسلام. هەرگیز مۆڵەت نەدەدرایـە تـەنها بوونـەوەی مامۆسـتایانیو ژنـانی موسـیقا ژەن

ئـەو فێربوونـە بەشـێوەیەکی تێکڕایـی دەکـراو لـە ژێـر چـاودێری قوڵـە مـۆنو گـرژە خەساوەکاندا، یان ئەو موسیقا ژەنانەیان چاودەبەست تا ژنانی قوتابیان بە چاو نەبینن، لەو رووەوە، "رۆمان نووس بە ناو بانگ لیسلی پلانسی" ئەو جۆرە مامەڵانـەی تیـادا بـە جوانی روونگردەتـەوە، هـەر ئـەو رۆمانـە کراوەتـە فیلمێکـی سـینەمایی بـە کـارگێری" مارسیل کارنی" بە ناوی کوڕەکانی نێو بەهشت ١٩٤٥ز، تیپی " دیبـورو" تیپێکـی بـە نـاو بانگی پاریس بوو زۆرتر کاری هونەری پاڵەوانیەتیان ئەنجام دەدا لە ساڵی ١٨١٥. دەعوەت کران، تا لە پێشی چاوی سوڵتاندا بەرنامە ئـەنجام بـدەنو ئـەو تیپـە بەرنامەیـەکیان بـۆ ژنانی حەرەمسەرا ئەنجام دا، کە کاتێك برانە نێو ساڵۆنێکەوە نواریان کەسی تیادا نییـە، سـەریان سـووڕما، بەرنامــە بــۆ کــێ ئــەنجام بــدەن، بــێ ئاگــا لــەوەی لــە پــشتی پەردەوەپەنجەرەی تۆڕدارەوە سەدان ئافرەت چاویان لێیانـە. گـەورە خەسـاو لـە تیپەکـە نزیـك بوویـەوە وتـی: فـەرموو دەسـت پێبکـەن. ئیـدی بـە گـوێرەی بەرنامـەی خۆیـان دەستیان بە هونەرنمای خۆیان کردوە.

## شانۆی سێبەر

جیهانی ژێر سێبەرو تاریکی، شیفتەی شانۆی سێبەربووە، " کاراکوز" بوکڵەیەکی بـە ناو بانگی نێو زۆربەی سێبەرنشینەکان بووە و هاورا تێکەڵی رەخنەی گاڵتەجاری قـسەی خۆشو نەستەقی جۆرا جۆر بـووە، بـەردەوام هـاتووە، تـا سـەدەی بیـستەمو لـە کتـێبی" کـاراکوز"دا کـە لـە لایـەن، سـەدری عیـسات سیافوسـجیل" ناوێکـەوە لـە سـاڵی، ١٩٤٥ز نووسراوە.

ئەو یارییەی لە نێو تاقچەیەکی شانوی مانەندا لە رێگەی بوکڵەیـەکی سـەر پەنجـەی ئەنجام دەدرا، هاورای جەفەنگـو قسەی پڕ لە گاڵتەجاری یان دیمەنی جۆراو جـۆر، هـەر ئەو نێوە، لـە عەرەبیـدا بـە یـاری" قـەرەقوز" دەناسـرا و ئـەو هونەرمەندانـە پەنجـەیان دەخـستە سـەر مـەوزوعاتی کۆمەڵایـەتی و عەشـقی جۆراوجـۆر و شـێوەی جوڵانـەوەو وتووێژی چەند دەنگی ئەنجام دەدرا.

## بازارو كڕین

له سەدەی نوزدەهەمدا، ماوەو مەودا دەدرایە ژنانی حەرەمسەرا بە گالیسکەوە بـڕۆن بۆ ناو بازاری شارو له دەروازەی بازاڕدا بازرگانان كوتاڵەكانیان دەخستە بەر چاویان، یان وردەواڵە فرۆشـان كوتاڵـەكانیان دەبـردە نـاو حەرەمـسەراوە لـە دەروازەی حەرەمـسەرادا، خەساوەكان كوتاڵەكانیان دەبردە ژوورەوەو ئەو دەم دەنێردرا بۆ لای جلدور، كه بۆ هـەر یەكێك له ئافرەتانە ئەندازەی قەدو باڵای بەلاوە بووەو له سەر ئـەو ئەندازانـە دەیـبڕیو دەیـدووری، جـارو بـار مۆڵـەتیان دەدایـە ژنـە بازرگانـە جولەكـەكان، تـا كوتـاڵو جەواهێراتیان بخەنە بەر تەماشای ژنە  دەست رۆیشتووەكانی نێو حەرەمسەراوە، بڕێك لـە بازرگانـە مەسـیحییەكان ژنـانی جولەكـەیان دەخواسـت تـا دەسـتیان بكاتـە بـازاڕی حەرەمـسەرا و هـەر ئـەو ژنانـە دەبوونـە پـەیكی عـشقی نێـوان ژنـانی حەرەمـسەراو دۆسـتەكانیان یـان دەبوونـە داردەسـتی پـیلانو داونانـەوەی ژنـانی حەرەمـسەرا لـە ململانیەكانیاندا.

## گەشتو دیدەن و سەیران.

لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی سـوڵتان مـەحموودی دووهەمـدا، ١٨٠٨-١٨٣٩ز دایكـی ئـەو سـوڵتانە" نقـشدیل ئیمـەی دی ریفـیر" كـە بـۆ خـۆی كـچە فەرەنـسیەك بـووەو بـە ئامۆزای"جوزەفین بوناپارت" ناسراوە كـە لـە فرسـەتێكدا لـە لایـەن دزە دەریاییەكانـەوە دزراوەو سـەرئەنجام فرۆشـراوەتە حەرەمـسەرای سـوڵتانی عوسمـانی" سـوڵتان عەبـدوولا حەمیدی یەكـەم" ئـەو كچۆڵە توانیویـە دڵـی سـوڵتان بـە دەست بهێنێـت و ببێتـە ژنـی سـوڵتانو لـە سوڵـتان باردار بێـت، بـە هـۆی ئـەوەی دایكـی سـوڵتان بـووە بـە رەگـەزیش فەرەنـساوی بـووە، رەوشـتو رۆشـنبیری فەرنـسە لـە حەرەمـسەرادا پـەرەی سـەندووەو جـۆری ژیـانی وڵاتـی فەرەنـسەی كـەم و زۆر لـەوێڕا پیـادە كـردووە، ئیـدی سـەیرانی نیوەشەوانی سەر لێواری بسفورو سەماو موسیقاو ئاهەنگی جۆراوجۆر له سـەر فـەرمانی دایكی سوڵتان ئەنجام دەدرا.

دایكی سوڵتان" ئیمی" رچەشكێنی بوو، ئەو مامەڵانەی سەدان ساڵ له حەرەمـسەرادا ئـەنجام دەدرا تـوڕی داوە لاوە، بـەوەوە رانەوەسـتا گەشـتو گـوزاری بـۆ وڵاتـانی ئاسـیاو

ئەورووپا دەست پێکرد لە یەکێك لە تابلۆکانی هونەرمەند" بزیزوبزی"دا ئەو جۆرە ژیانە تازەیەی حەرەمسەرای خستووەتە بەر چاو، جێگایەکی تایبەتمەندی بە سەر رووبارێکەوە دروست کردبوو، کەوتبووە رازاندبوویەوە، کردبوویە جێگای رابواردنی ژنانی حەرەمسەراوە ئەو جێگایە لە لایەن خەساوەکانەوە چاودێری سفت و سەخت دەکرا. ئەو جێگایە پڕ بووە لە " ئالاجیق" چەتری هەتاو، کەپری جۆراوجۆر ، باخچەی رازاوە، دارودرەختی وڵاتانی دوورەو نزیك، ئاونماو پیادە ڕەو، ئیدی لە رۆژانی دابینکراودا ژنانی حەرەمسەرا، لە گەڵ منداڵەو کۆیلە کەنیزەکانیاندا رۆژێکیان بەسەر دەبرد، تا هەواو هەتاوی راستەو خۆی ئاسمان لە سەرو زوڵفو لەشیان بدات، جارەو بار وەنەبێت نەنها بە هۆی گالیسکەوە بۆی برویشتانا برێك جار بە هۆی کەشتیو بەلەمەوە دەچوونە ئەوێ، برێك بەرنامەی ئامادەکراو ئەنجام دەدرا وەك سەمای ورچو مەیموون، یان جولانەوەی پاڵەوانیەتی برێك لە وەرزشکاران یان شانۆیی" قەرەقۆز".

رۆژی رۆیشتنی ژنانی حەرەمسەرا بۆ ئەو شوێنە لە حەرەمسەرادا دەبووە هەواو بەزم، ئیدی شەربەتو خواردنی جۆراو جۆریان بۆ ئەو رۆژە ئامادە دەکرد، جانتای رەنگاو رەنگ گرانیان لە گەڵ خۆدا دەبرد، لەوێڕا پارەی شاباشیان دەدا بە ئەکتەرەکان، یان یارمەتی دەرۆزەکەرانیان دەدا، خەساوەکان بە سواری ئەسپ دەهاتن دەچوون هەموو شت لە ژێر چاودێری ئەو خەساوانەدا ئەنجام دەدرا، کە دەگەڕانەوە بۆ ناو حەرەمسەرا بەتام و خوێوە بۆ ئەوانەیان دەگێڕایەوە کە بەختی بەشداربوونی ئەو گەشتەیان نەدەبوو.

"لەیلاساتز: ١٨٥٠-١٩٣٠ز " شاعیرو موسیقا ژەنێکی ناو حەرەمسەرا بووە، لە یەکێك لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: شازادە موراد پیانۆی لێدەدا، من و خۆشکەکەی سەمامان دەکرد، سەمای" یوگا"بەڵام رابواردنی راستەقینەمان ئەو کاتانەی بوو وا دەرۆیشتینە دەرەوە، بۆ ناو چیاو سروشت، یان مەلەمن دەکرد لە نێوان دوو شارۆچکەی" بیبك" و "ئیمرگان"دا. بە سەر بسفورەوە سەدان ئافرەتی حەرەمسەرا لەوێڕا کۆدەبوونەوە، هەرگیز ئەو رۆژانە لە بیرناکەم لەوێڕا گۆرانی و ئاوازی سێحرئامێز لە گەڵ دەنگی شەپۆلی دەریادا تێکەڵاو دەبوو، بەلەمی رازاوە بە تەلقرمەو مەخمەڵ بە ناوی بسفوردا دەهاتنو دەچوون.

# جەژنەکان

لە رۆژی نەرۆزدا، کە بۆ خۆی بە جێژنێکی ئێرانی ناسراوە، لە دەرباری عوسمانیدا ئەو جەژنەی بە جەژن دادەنرا و بەڕمیان بۆ دەگێڕاو بەو هۆیەوە سەرۆك وەزیرانو پیاوە گەوەرەکانی ولات دیاریان پێشکەش سولتان دەکردو لە حەرەمسەرایشدا ژنانی پلە خوارەوەن دەچوون بۆ دەست ماچ کردنی ژنە پایە بەرزەکان، لە سالی ١٥٥٤زدا، نوێنەری هولەندە گەشتێك بە ناو تورکیادا کردو لە بەری دیوی ئاسیای ئەستەنبولدا چاوی بە نەوعێك گول کەوتووە. لە پێشدا ئەو جۆرە گولەی نەدیوەو کیسەیەك لە پیازی ئەو گولەی دەباتەوە بۆ ولاتی خۆیان و ئەو پیازانەی" چاند" و هەر "تولیپ" لە هولەندەدا ناسراوەو بووە بە دیاردەیەکی نەتەوایەتی تولیب، یانی عەمامەی سەر. لە سالانی "١٧٠٣-١٧٣٠ز" سولتان ئەحمەدی سێهەم کە بووە بە سولتان لە شەڕو پەلامارەوە دوور بووەو زۆرتر تەرحی بەلای کاروباری رۆشنبیرییەوە چەرخاوە، کارو کردەوەی بیناسازی کردووە، بە شێوەی ئەرووپاییەکان و لە سەردەمی ئەو سولتانەدا کاروباری هونەری و رۆشنبیری و ساختمان لەولاتدا پەرەی سەندووە، بە شێوەی ئەورپی و ئێرانی. جان کلود ناوێك١٧٦٦ز دەربارەی جەژنی گولانی ئەو سەردەمە دەلێت: ئەو جەژنە لە مانگی نیساندا لە رارەوی داریندا ئەنجام دراوە، کە بە دوولادا گولی جۆراوجۆر لە ناو سندانەی رازاوەدا دادەنران، یان بە شێوەی قەنیلە لە سەرەوە پەلوپۆی گولەکان شۆڕ بویەوە، یان تۆپی شوشەینی لە ئاوی رەنگاو رەنگ لە سەر زەوق‌و سەلیقە لە جێگای تایبەتمەندا دادەنران‌و لە نێو باخچەکاندا هەرەمی تەختین دروست دەکرا و سایەبانەکەی سولتان لە ناوەڕاستدا بە شێوەیەکی رازاوە وەدەردەکەوت و خەلکی دەست رۆیشتووی ولات هەریەکە بە گوێرەی توانا دیاریان پێشکەش بە سولتان دەکرد.. هەروا دەلێت: گەوەرەی خەساوەکان، بەلایەوە درکاندویەتی، کەوا ژنانی ناو حەرەمسەرا لە رووی زەوق و شەوقی خۆیانەوە شتی جۆراوجۆریان دەسازان، تا دلی سولتان بە دەست بهێنن، ئەو هەموو ژنە نازدارانە هەوەس ئەنگیز چاوڕوانی ئاوڕێکی سولتان بوونە، ئەگەر لوتف بکاو شەوێك بیانکاتە هاو پێخەف. تەواوی ئەو ژنانەی لە فستیفالی گولا بە شدار دەبوون هەر هەموو ئەوانە لە شەهوەتدا ملقیان دەدا، ئیتر هەر جولانەوەو دەمو

لێوێكو چاوو ئەبرۆیەك، پڕ بووە لە نیازی شەهوەت ئەنگیزو هەوەسو شەبەفیەتو حەیشەرییەت.

## ئازادی خەیال

لە دوادوای سەدەی نوزدەدا كە عەبدولحەمیدی دووەم بووە بە سوڵتان، ژنان لە حەرەمسەرادا گۆڕاوە، موسیقا یاساغ كرا ئاهەنگو سەیران قەدەغەكران، سوڵتان لەوەی دەترسا بكوژرێت، تەواوی كۆ كردنەوەو كۆمەڵ بوونی قەدەغە كردبوو، نە گەشتو گوزار ما، نە گەشتی ناو دەریاو نە ئاهەنگی سەماو رابواردن، سەردەمی دەسەڵاتی ئەم سوڵتانە وەك تەعزیە بارێكی لێهاتبوو.

"حەلاید ئەدیب ١٩١٤." لەم رووەوە دەڵێت:

ئێمە كۆمەڵێك لە بیرچووی بەدبەختو غەمگینین، زۆر كار هەیە دەتوانین بیكەین. حەیف ئێمەی ئافرەتان لە هەموو جۆرە جوڵانەوەیەكدا مەحرومین. ئەگەر ئێمەیش وە ك نەنكەكانمان تێفكراین رەنگە ئەوەندە هەستمان بە بە دبەختی نەكردایە وامان لێهاتووە باوەڕمان بە حیكمەتی ئاینو دین نەماوە.. ئەم ژیانەی ئێمەی تیاداین لە زۆرو نابەرابەریو توند و تیژی زیاتر هیچی ترمان نەدیوە. بێگومان ملكەچیو رۆشنبیری لە گەڵ یەكدا ناگونجێن، ترسو تۆقانێك ئەورۆكە ژنانی توركی تیادا دەژی، كەس هەست بە ژانەكەی ناكا، جگە لە ژنی تورك نەبێت، ئایا وڵاتێكی تر لەم دنیایەدا هەیە، ژنانی وەك ئێمەی تیادا بژی، رەنگە بڵێت من تووشی نەخۆشی كپیو دەروونی هاتووم رەنگە وابم، بۆ نەبم..؟ كەوا ئەوی ساڵانی ژیانم هەیە هروا بە فیڕۆ چووە.

دەپرسێت، چۆن دەژین؟ ئێمە هەمیشە لە خەیاڵداین، تەنها رابواردنمان سەیری هاتوچۆی كەشتیەكانی ناو بسفورەو بەس، ئێمەی دەست بەسەر ئەو كەشتیانە بە دێو دەزانین، لامان وایە رۆژێك لە رۆژان دێتو پەلمان دەگرێتو لێرە دەمان رفێنێت، بەس نییە ئەو ئارەزوویە هێشتا لە دڵو دەروونماندا هەیەو بووەتە مایەی زیندەگیمان، بەندە بە پێچەوانەی ژنانی ناو حەرەمسەرا دەنووسم، نووسینەكان بڕن لە یاخی بوون، پڕن لە نائومێدی، ئیدی دەنووسم و دەنووسم، سەیر لەوەدایە نووسینەكانم تابە ئەمڕۆ

هاورازیان خوڵەو بەس، بائەوەش بڵێم ئەم نووسینانەم رەنگە ببنە مایەی تیاچوونم، بەڵام ناڵێی کە تیا بچم چی لە دەست دەدەم.

ئەی خودا، چەندە دوژمنی بابە کوشتەی فەرهەنگی ئەورپاییم ئەو فەرهەنگ و رۆشنبیرییە بووەتە مایەی بەدبەختیو غەمگێنیم. چ تاوانێکم کردووە، من لە حەرەمسەرادا بێمە دنیاوە؟ بۆ یەکێك نەبوومە لەو کۆمەڵگایە؟ رێکەوت بووە کەم تەرخەمە لە دابەشکردنی خۆشی و ناخۆشیدا؟ جاروبار لە سەر ئاهەنگی موسیقا رۆژهەڵاتی گۆرانی دەڵێین لە گەڵ ئامێری عوددا وە پلەی ئاهەنگەکانی" دۆی بچوکە"ئەلمیتور" کە بۆ خۆی دەروازەی غەمو غەمستانەو ئەو دەم رۆحو لەش‌و ئەندامان دەیتە لەرزین و گریان دەگەینە سنووری تیاچوون.. من وەك ئافرەتێکی ئەم سەر زەوییە دەست بە بڕیاری تازە دەکەم، هەر نەبێت ئەم هەموو کاتە بێ حیسابە هەروا دەڕوا، ئیدی نەهێڵم هەروا بڕوا.. ئای خودا دیسان وا شەو هاتەوە. ئەوە کارەکەرە پیرەکەمە وا هات، ئەوە سانێ جلەکانم لە بەر دادەکەنێ. زوڵفم شانەدەکات. بۆ کێ؟ بۆ تەنهایی یان تاریکیەکی رەها.

# جل وبەرگ و جەواهێرات.

**هەزار پەری نازداری وێڵ لە ئاسمان**

**بە دەوەری گڕی هلگیرساوی ئاگردا. لە سامان.**

**قەدوو قامەتی ئەفسووناوی ژێر تیشکی سایەو رۆشن.**

**جولانەوەی موزونی شەهوەت ئەنگیزی هێواش وتن.**

**پاپەتی. پاو پوزی پاوانەی زێر لە پا.**

**کراسی ئاورێشمی لەرزۆکی بەر شنەی با.**

**وەستاکاری فەرهەنگ دولبەرین.**

**نەخێر وێڵ لە ئاسمان پولی پەرین.**

**بۆ هەر پیاوێك شەهوەت ئەنگێزن ئاواتن**

**ئەشهەدو هەسونە زێڕینەی رۆژهەلاتن.**

**سیر ولیام جونز" دیمەنێکی دیووە، ژنانی سەماکەر بە جل و بەرگی رەنگاو رەنگ بە دەوری ئاگردا سەمایان کردووە، دیارە" سیر ولیام جونز" لە سالی ١٧٧٢ز هاتووەتە رۆژهەلاتو لە ولاتی تورکیادا چەند مانگێك ماوەتەوە لەو رووەوە وەسفی کردوون، بەندەش بەو شێوە وەرمگێڕاوەتە سەر زمانە حەیاتەکەمان.**

**خوسرەو جاف**

**٣٠-١٢-٢٠٠٩ هەولێر.**

به پێی سەدەکانی رابووردوو حەرەمسەرا وەك شانۆ وابووە، هەرکەسەو بە شێوەیەك رۆڵو نەخشی تێدا بینیوە، بە تایبەت لە رووی جلو بەگەرەوە، کتێبك بە ناوی"قانون نامە" کە لە سەدەی شانزدەهەمدا نووسراوە، تەواوی رەنگو شکلو شێوەی جلو بەرگێك کە دەبێ لە دەریادا لە بەر بکرێت بە وردی تیایدا نووسراوە، هەتاوەکو جۆری کەوش لە پا کردن، یان ئەو جلو بەرگانەی دەبێت لە رۆژانی تایبەتمەندا لە بەر کرێت بە تایبەت لە رۆژانی شەرەفیایی سوڵتانو هەروەها بۆنە جۆراجۆرەکاندا، وەکو جەژنو میوانداری رۆژانی هاتنی سەفەراو باڵیۆزە بێگانەکان. تەواوی کارمەندانی دەرباری بابولعالی هەریەکە بە گوێرەی پلەو پایەی خۆی جۆرە جلو بەرگێکی بۆ دەست نیشانکراوە بۆ سوڵتان هەرگیز ژنێکی خۆی دووجار بە جلێکەوە نەدیووە، بە گوێرەی قسەی خەساوەکان یان بازرگانە کوتاڵ فرۆشەکان یان فالگیرو قەرەجو وردەواڵە فرۆشو چاوحیزەکان زۆر وەسفو هەواڵی جۆراوجۆر بە دەست هاتووەو بە شێوەیەك کەوا ژنانی حەرەمسەرا زەوقێکی زۆریان هەبووە لە دوورینی جلو بەرگدا، یان هەڵبژاردنی پارچە و قوماشی ئاورێشمو مەخمەڵو تەلقرمەی زێرین و زیوین و هەروەها جەواهێراتی جۆراوجۆر، لەم رووەوە "ماری ڤورتای مونتاگو ١٧١٧ز دەڵێت:

زەنارخانم پشتوێنێکی پانی بە ئەڵماس دارێژراوی لە پشتدایە، چەندین زنجیری شۆڕەوە بووی تا سەر ناوكو سەر تۆپزی ناو گەڵ. یەکێکیان لە مرواری دەنك گەوەر، ئاخرەکەی زومەژدێکی گەوەری پێوە شۆڕ بووبووویەوە، چپەی لە گەڵ گەنجینەی، شاراوەدا دەکرد، زنجیرێکی تر لە دووسەد دانە زومرد وەستا کارانە دروستکرا بوو، دوو دانە ئەڵماسی تێکەڵ کرابوو، هەریەکەیان بە ئەندازەی بستەیەك.

خانم مونتاگو، ئەمجارەیان دەکەوێتە باسی بازنگو خرخاڵ، کەهەموویان یاقووتو ئەڵماس و زومردیان تیادا وەستاکارانە چەسپاو بووە، یان تاجی سەر ئەگریجەی سەر، یان ئەنگوستیلەی جۆراوجۆری گەورەو بچووکی جەواهێراتی نایاب و دەگمەن، خۆ گوارە مەپرسە. شورەوە بووە لا گەردنی سپی وەك بلوریان شەهوەت ئەنگێزی شکولەتی.. لەوەی دڵنیام بە زەحمەت نرخو بەهای ئەو جەواهێرانە بزانرایێتو هیچ یەك لە شاژنەکانی ئەوروپای یەك چوارەمی ئەو جەواهێراتەیان نییەو نەبووە.

لە ساڵی ١٥٤٥زدا، " یاسونودازارا" گوزەری کەوتووەتە تورکیاو لە رووی داپۆشراوی ژێر ئاورێشمن، کلای پارچەی ئاورێشم بەسەر زەوییەوە دەخشێت، عەبای خەت خەتی

ڕەنگاو ڕەنگ، کەشی کون کونی ڕەنگاوڕەنگ، بە تاڵی جەرمو ئاورێشم تاپوزی پێچراو، ئەوەی من بیزانم، هەتاوەکو دەریاکانیان ئەوانەش لە پارچەی نەرمو تیانو زەرد، شیلە، کڵاوی بە تەلقرمەجنراو، لە سەر کۆڵەوانەی ڕەنگاو ڕەنگ لە سەر شان بەو شێوە ژنانی تورکیام دیوە. دیسان هەر لەم ڕووەوە" توماس والات" ١٥٩٩ز، لە کتێبێکدا سێ دانە کەنیز بە دزیوە بینراوە: سێ دانە سەری کڵاوی بەزێڕچنراو، گەردنی شاراوەی ژێر هەڵقەی جەواهێراتی شۆڕبووەوەی سەر سنگو مەمکی گۆشتن، یان پلپلەی گوارەی کونی نەمەی گوێ، کۆڵەوانەی ساتانی سوریان زەرد پشتوێنی ڕەنگێکی تر، پانتۆڵی کورتی لە لۆکە دروستکراو، بڕێك لەو کەنیزانە پاوەنەی جۆراوجۆر لە پا، کەوش پاژنە بەرز لە پا، ئەوەندە بەتاسۆە سەیریانم دەکرد ئەوی ئەو دیدەنەی بۆم ڕەخساندوبوو ئالۆزی دایگردو ژەنی پێمەوە کە بەویقار بم. ئەوی روونە ژنانی ناو حەرەمسەرا" ئەکسوار"ی جۆراوجۆریان بە کار بردووەو وردەواڵەی ڕەنگاو ڕەنگیان سازاندووە، جلو بەرگی تایبەتیان داوە بە دوورین، دیسان لەم ڕووەوە، خانم مونتاگو لە نامەیەکدا بۆ خۆشکەکەی نووسیوە لە ساڵی ١٧١٧زاییند دەڵێت: کە توانیم بڕۆمە نێو حەرەمسەراوە، جلی سەیرم لە بەر کرد، یەکەمیان دەرپێی ژێرەوە. بریقەدار بوو، هەردوو ران و پای دادەپۆشی، یانی لە تەنوورە شۆڕتر، کە بە تەلقرمە چنرابوو، کەوشەکانم لە پێستەی بزنی سپی بوو، ڕازاوە بە دوگمەی زێڕین، تاڵی پاو پوز بەندی ئاورێشم، گەردن بەندێك لەملا، قورسایی دەکەوتە سەر مەمکمدا، جلەکانم لە سەر ئەندازە دوورابوون. پشتیوێنەکەم بەپانی چوار پەنجە ڕازاوە بە جەواهێرات.

لە ساڵی ١٨٥٠ز دا، " فلورانسی نایتنجیل" نامەیەکی لە میسرەوە نووسیوە، تیادا ئەوی لە حەرەمسەرادا دیویەتی باسی کردووە: شتێکی سەیرە خانمی خانمەکان جلو بەرگێکی لە بەردایە هەروەك شاژنە ڕۆژهەڵاتیەکان، هیچ ژێرکراسێکی لە بەردا نەبوو، گۆشتەکەی دەرکەوتبوو، لە سەر زەوی چوار مشقی دانیشتبوو، هیچی لە دەور نەبوو، کۆیلە کەنیزەیەك نەبێت پێستی وەك شەو ڕەش بوو، پەنجەرەکان بە مافور داپۆشرابوون.

ژنانی ناو حەرەمسەرا، پڕن لە جوڵانەوەی جەسەدی بە جلی دەڕۆنە دەرەوە سەرتاپا خۆ داپۆشن، هیچیان بە دەورەوە نییە، گەڕیدە" بانودا زارا ١٥٤٥ز" دەڵێت:

روخـساريان داپۆشـيوه، جگـه لـه چـاو و دەميـان نـەبێت هيـچى تـر نابينێـتو چـاو دەميشيان بە دەسـتە سـڕێكى ئاورێـشمين داپۆشـراون، لـە پـشتى ئـەو ئاورێـشمەوە دەورو بەرى خۆيان دەبينن، ئەو دەستەسڕە بە دەرزيلە بە دەورى سەردا چەسپاوە بەڵام كاتێك بيانەوێت ئەو پێچەيە هەڵدەدەنەوەو روخساريان وەدەر دەكـەوێت، پێـچەو عـەبا هێـشتا بەردەوامە، ئەوە فەرموودەى قورئانە، كەوا ئافرەت دەبـێ هـيچ كوێيـەكى نەكەوێتـە بـە چاوى پيـاوان، تـا پيـاو لـە رێگـە دەرنـەچـن‌و ئـەو حاڵەتـە بـۆ رەگـەزى مـێ بـە پێويـست دەزانرێ، بۆ هەر كچێك كە بۆ يەكەمين جار دەكەوێتە بـێ نوێژييـەوە، يـانى دەكەوێتـە خوێنرێژى عادەى ژنانەوە.

"رامامحتا" لـە سـاڵى ١٩٧٧ز، رۆمـانێكى نووسـيوە، بـە نـاوى " inside the hayeli ناوەوەى تيايدا دەڵێت: ئەو چاوانەى لە پشتى پێچەوەن هەموو شت دەبينن، بەڵام كـەس ئەو دووچاوانە نابينێت و نازانێت چ رازو نيازێكيان تيادايە.

دواى داگيركردنى شارى قوستەنتنيە ١٤٥٣ز. ژنانى تورك گۆڕانكاريان لە جل‌و بەرگدا ئەنجامدا، بە تايبەت ژنانى ناو حەرەمسەرا، بە تايبەتى ئەو ژنانەى بە ديلى گيرابوونەو خراونەتــە نــاو حەرەمــسەراوە، لــە جيــاتى پێــچە مۆڵــەتيان پێــدرا كــەوا يــەشماخ yasmak بەستن.

لـە سـەدەى نۆزدەهەمـدا سـينا شـەلەبى نووسـەرى تـورك، لـە كتێبێكـى سـەعدابادا نووسـيويەتى: دوو ئـافرەتى جوانكيلـە يـەكێكيان جل‌و بـەرگى زەردى ليمۆييـەوە ئـەوى تريان بە رەنگى قەرەنقولى پۆش، هەر دووكيان لە نێـو گاليـسكەدا بـوون، بـەرەو دەرەوە دەرۆيـشتن، پێـچەكانيان سـاف‌و بێگـەرد وەك كريـستاڵ رۆشـن، دوو روومـەتى سـوور، هەڵگەڕاو وەك پـەڕەى گوڵ، سـەرو پرچـى درێـژو پەلكـەى جوان هـۆنراو لـە سـەيركەر نەدەترسـان، دابـەزين وەك دوو پـەرى، كـەوش لـە پـا، كـەوش پێـستەى وڵاتـى مـەغريب وازانراوە دەست‌و پەنجەى ئافرەت سەرنج راكێشن‌و برێك لە ژنـان هەسـتيان بـە گرنگـى ئەوە كـردووەو بـە ئاماژەيـەك لوغـەتێكى روون‌و ئاشـكرا دەخەنـە بـەر چـاو، رەنگـە بـە چەند لاپەڕە نەتوانرێت گوياى ئەو ئاماژەيە بێت. لە سەدەى نۆزدەهەمدا توركـە دەمـار گرژەكان دەستى ژنانيان داپۆشى‌و ئيدى دەست كێشى دوا پارچە گۆشتى ژنانەى داپۆشى. بەوەشەوە رانەوەستان چەتريان كردە باو وە نەبێت تەنها لە بەر پاراستن لە هـەتاو يـان باران بەڵكو لە بەر چاوى نامەحرەمەكان.

باوەشێنیان کردە باو بۆ ژنـان لـە پـەڕی نەعامـەو تـاوس دروسـتیان کـرد، رازاوە بـە جواهێراتی گرانی جۆراو جۆر، دەستەکەی لە پیشەی"عاج" یـان لـە پـشتی کیـسەڵ بـوو، بەڵام دەستەسڕ بۆ خۆی زمانێکی تایبەت بوو رەنگەکانی وەك شفرەی "مورس" وا بـوو، زۆرتر ژنان بە دیاری دەیان نارد بۆ عوشاقەکانیان، هەر رەنگێك زمانێك بوو.

سور: خۆشەویستی گەرم وگوڕ.

پرتەقاڵی: خەفەتو غەمگین.

سەوز: بریار لە سەر شو کردن.

قەرەنقوڵی: پەیمانی خۆشەویستی.

مۆر: دەردی دڵ.

رەش: نائۆمێدیو دوورکەوتنەوە.

شین: ئومێد بە دوا رۆژ.

دەسەسڕی، دڕاو، یان سووتاو، یانی وا خەریکم دەمرم لە غەمو پەژارەدا.

"ژیراردی نرفال" لە کتێبێك بە ناوی گەشتێك بۆ رۆژهەڵات لە "١٨٤٣- ١٨٥١ز دەڵێت: کاتێـك گەیـشتمە رۆژهـەڵات رازی ئـەم خەڵکـەم نـەدەزانی، بـەڵام دوای ماوەیـەك بـۆم دەرکەوت، ئەگەر ژنێك بیزانیبا جوانیەکەی سەرسام ئـاوەرە دەیتـوانی خـۆی بخاتـە بـەر چـاوی بینـەری. ئەگـەر ئـافرەتێکیش لـە ژێـر چـاودێری خەسـاوێکدا نەبوایـە، جـلو بەرگەکانی لە زۆرشت دەیپاراستو هیچ پیاوێـك نەیـدەتوانی لـە شـەقامدا. لـەو ئافرەتـە نزیك بێتەوە، هەتاکوو مێرد ژنەکەی خۆی نەدەناسی، ئەوداپۆشینە بۆ خۆی ئاسـانکاری بووە بۆ ئەوەی ئەو ژنە بگاتە دڵدارەکـەی، بـێ ئـەوەی کـەس بیناسـێت، بـە تایبـەت ئـەو دیدارانە بە هۆی چوونە حەمام ئەنجام دەدرا.

ژنان دەیان توانی بڕۆنـە دەرەوە، مێردەکانیـان مـافی ئـەوەیان هـەبووە یـەك یـان دوو خەساویان لە گەڵدا بنێرنو ئـەو خەسـاوانە بـە ئاسـانی چاوپۆشـیان کـردووە لـەو جـۆرە پەیوەندیانەو بـۆ خـۆی ئـەو خەسـاوانە ئـەو جـۆرە یـەکتر دیتنانـەیان رێکخـستووە، یـان پیاوان بە جلو بەرگی ژنانەوە لە رێگای ئەو خەسـاوانەوە براونەتـە نـاو حەرەمـسەراوە تا لە گەڵ خانمی ماڵدا رابوێرن، لەو بابەتە چیرۆکانە زۆر روویداوە.

# خەليفە مەی خۆرەكان

زۆر لە مێژوونووسان، لایان وابووە خواردنەوەو رابواردن بە شێوەی جۆراوجۆری دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی عەباسیەكان بەڵام سەرچاوە مێژوویە باوەڕ پێكراوەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە بڵاو بوونەوەی مەی خواردنو رابورادن لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەمەوییەكانەوە پەرەی سەندووە" ٦٦١- ٧٥٠ز" زۆرتر لە دەربارو ناو دەسەڵاتدارانی ئەمەویدا بە فراوانی بینراوە.

خانم بازی، شەراب خواردن، گۆرانی و سەما، لوسكەو هەتیوبازی هەتا وەكو لە شارە پیرۆزەكانیشدا بە فراوانیب بڵاوبوەتەوە، وڵاتی شام بە پەیڕەوانی دەسەڵاتی ئەمەویان دەژ مێردرانو دۆڵی رافیدەینی بە ئیراق بوو بە لایەنگیرانی عەباسیو عەلەوی دەناسران جا بۆیە تەواوی تواناو دەسەڵاتی ئەمەویانو رابواردنیان خستە وڵاتی حیجازەوە وە دەربارى خەلیفەكانی ئەمەوی بوو بە هەوارگەی رابورادنو شەراب خواردن، بە تایبەت لە سەردەمی یەزیدی كوڕی مەعاویەو یەزیدی كوڕی عەبدوولەلیك و وەلیدی كوڕی یەزید. بڕێك لە خەلیفەكانی ئەمەوی پەردەیان دادەنا لە نێوان خۆیانو هاوپیاڵەكانیانداو بڕێكی تریان باكیان لە شەوەیی و رێزی ئاینی نەبووەو جاروبار بە سەرخۆشی رووتو قووت دەكەوتنە سەما. وازانراوە كە یەزیدی كوڕی مەعاویە بڕێك ئاژەڵی دەهێنایە، وەك سەگو مەیموونو مەسعودی مێژوونووس دەڵێت: لە جلیسی یەزیدا سەگو مەیموونو بازو پڵنگ دەبینرا شەرابیان بەو ئاژەڵانە دەدا، مەیموونێكی بە ناو بانگی شەراب خواری بووە بە ناوی" ئەبی قەیس" یەكێك لە هاو پیاڵەكانی شاعیری گەورە ئەختەلی بە ناو بانگ بووە كە هەڵبەستی فراوانی دەربارەی مەیو بەزمی شەوانەو رابواردنی نووسیوە، ئەمەش یەكێك لە هەڵبەستەكانی یەزیدی خەلیفە كە دەڵێت:

| | |
|---|---|
| ومداتە حمرۀ فی قارورە | زرقاد تحملها ید بیچاو |
| فالخمدشمس والحباب كواكب | والكف فگب والاناد سماد |

عەبدوولەلیكی كوڕی مەروان خەلیفەی ئەمەوی" ٦٥- ٨٦ك" لە پێشی بە وەی خەلیفە بێت، بە ناوبانگ بووە، بە كۆتری مزگەوت، بەڵام لە دواییدا پەنای بردۆتە بەر

خواردنـەوە، وەلیـدی کـوڕی عەبدوولـەلیك هـەمان ڕەوشـتی بـە کـار بـردووە کـە بـاوکی کردوویەتی. شوعەرای لە خۆی نزیك کردۆتەوە، یان سلێمانی کـوڕی عەبدوولـەلیك کـە تەنها عومـەری کـوڕی عەبدوولعـەزیز خەلیفـەی ئەمـەوی دور بـووە لـە شـرابو بـەزم و ڕەزمی رابواردن.

کاتێك یەزیدی کوڕی عەبدوولـەلیك بـووە بـە خەلیفـە ١٠١ك دوو جارییـەی گـۆرانی، بێژی هەبووە بـە نـاوی حەبابـەو سـەلامە تـەواوی کاروبـاری خەلیفـەیان هەڵدەسوڕاند، کەوەلیـد بـووە بـە خەلیفـە خەلافەتەکـەی زۆری نەکێـشاوە ١٢٥-١٢٦ك تـەواوی کـاتی لـە رابواردنو زۆرتر نێربازی و شیعر وتن بردۆتە سەر وا باوە کە ئەبو نەواسـی شـاعیر زۆر لە بیروڕای شیعرەکانی لە وەلید وەرگرتـووە، وەلیـد ئەوەنـدە ئـارەزووو هەوەسـی بـەلای خواردنەوەوە بووەشەراعەی کوڕی زەندی بود کە یەکێك بووە لە چاو ساغانو زانایـانی خواردنـەوەو جـۆری شـەرابەکان، کـرد بوویـە راوێـژکارو هـاو پیاڵـەی خـۆی. ئـەو بـوو پێشنیاری بۆ خەلیفە وەلید کـە لـە کۆشـکی خەلیفـەدا جێگایـەك تـەرخان کـات بـۆ هـاو پیاڵەکانی تا بەرەبەیان نەگەڕێتەوەو هەر لە وێدا بنون، شێوەی خواردنـەوەی وەلیـد لـە رادەبـەدەر بـوو بـوو، لـە حـەوزی پـڕ شـەرابدا مەلـەی دەکـرد، وەلیـد لـە سـاڵی ١٢٦ك دا کوژراوە.

ئەگەر چی دەسەڵاتو دەوڵەتی ئەمەوی بەرەو لێژی گل دەبووەوە بەڵام لە ناو دەست رۆیـشتوەکانی ئـەو دەسـەڵاتەدا رابـواردنو خواردنـەوە بـەردەوام بـووە، لـە ئـاوا هـەلو مەرجێکـدا شـەڕو شـۆڕی نێـوان دەوڵـەتی ئەمـەویو رێکخراوەکـانی عەباسـیدا دەسـت پێدەکاو بە تایبەت لە ناوچەکانی وڵاتی ئێراندا بە فەرماندەی ئەبوموسلمی خوراسـانی زۆر ناکێـشێت سـوپاو لەشـکری ئەمـــەوی راو دەنێــت و دەســەڵات دەکەوێتــە دەســتی عەباسـیەکانو ئـەبو عەباسـی خوێنرێـژ، دەبێتـە یەکـەمین خەلیفـەی عەباسـیو دام و دەزگـاو دەسـەڵاتی عەباسـی رۆژ بـە رۆژ بـەهێزترو بـەربڵاوتر دەبـوو، ئیـدی زنجیـری دەسـەڵاتی عەباسی کـەوتبووە گـەڕ، ژیـانو جۆرەکـانی ژیـان بـەلای ئـەو دەسـەڵاتە تـازە پێگەیشتووەوە بە تونـدو تیـژی پـەرەی دەسـەند، تـا گەیـشتە پلـەو رادەیـەك ئـەو رۆکـە ئەوانەی دەربازی ئەو سەردەمو دەسەڵاتە نووسراوە خوێنـەری پـێ سەرسام دەبێت، بـە تایبــەتی لــە بــواری رابــواردنو خــۆش گــوزەرانی دەســەڵاتی عەباســی، برێــك لــە دەمارگرژەکانی عەرەب ئەندازەی ئەم رابوارادنـە دەخەنـە ئەسـتۆی ئێرانیـەکان و ئـەوان

تاوانبار دەکەن بەو شێوە رابواردنە، گوایە کە لە قوڵایی مێـژوووەوە رەگـەزی ئێرانـی بـە ئەهلی رابواردنو خواردنەوە بە ناوبانگ بوون و لە دەسەڵای عەباسیدا دەسـت رۆیـشتوو بوونو قسەیان لێ بیسراوە و دەمڕاست بوونو ئاینی زەردەشتی کە تا ئەو حەلە زۆربەی خەڵکی ئەو وڵاتە پەیڕەوی بوون، شەراب خواردنەوەی تیادا رەوا بووەو ستایش لێکراوە.

ئیدی کۆشکی دەسەڵاتی خولەفای عەباسی لە مەهدییەوە بیگرە تا رەشـیدو ئـەمینو راسقو متەوەکیل، بـەزمی شـەوانەو رابـواردن تیـادا بـووە بـە دیاردەیـەکی هەمیـشەگیو دەست رۆیشتوانی دەسەڵاتی عەباسی وەك خەلیفەکان رایانبواردووەو شاری بەغـدا بـووە بە گەوەرەترین جێگەی خواردنەوەو رابواردن لە سەرجەم وڵاتی ئیسلامیدا."جاحیز"ی مێژوو نووس دەڵێت: لیوانی خواردنەوەکانیان بە خەت و ختـووتی فارسـی دەرازانـدەوە. سـەرو مێزەریـان بـە گـوڵ دادەپۆشـرا، بـەزمی سـەماو مۆسـیقا ئـەنجام دەدرا، ئـەو دەم چـاکترین جـۆری خواردنــەوەی زەرد وەك زێـڕ و سـورترین شـراب وەك خـوێنی ئاسـك دەخورایەوە. کتێبی" الاغاتی" و دیوانی شاعیران: ئەبونوواسو موسلمی کوڕی وەلید، بە زەقـی باسـی رابـواردنو خواردنــەوە دەکـەن لـە سـەردەمی عەباسـییەکاندا. لـە کـاتی دەسـەڵاتی مـەئموونی خەلیفـەدا کتێبێـك نووسـرا بـە نـاوی تحلیـل البنیـز لـە لایـەن بشرالمریس کە لـە دیـوانی خەلیفـەدا دەربـارەی دەدوان، کـە شـەراب خـۆر تـا چ رادەیـەك شایانی حەدلێدانە، لەو کاتانەدا ئەوانەی بازرگانی شەرابیان دەکرد یان جوولە کە بوون، یان زەردەشتیو نەسارا، لە کتێبی" جاحیز" تیایـدا دەڵێـت: تاقیکردنـەوەی سـەیرکراوە، دەربارەی کاری بۆنی شەراب، لە رەفتاری ئاژەڵەکانـدا، شـەرابیان دەخـوارد. بڕێـك ئـاژەڵ داوە، وەك: حوشتر، گامێش، گا، ئەسپ، بەراز، ئاسك، کـاور، هـەلۆ، سـەگو مـار ئـەوی بـە چاکی هاتوەتە سەر هەوەسیو شەراب کاری تێکردووە، ئاسك بووە.

بـە درێـژی شـەویش لـە بـەزمو رابواردنـدا بـوون، مەنـسوری خەلیفـە" ١٣٦- ١٥٨ك" حـەزی لـە خواردنــەوە نـەکردووە، بـەڵام مـاوەی داوەتـە پزیـشکی بەسـەر مێزەکەیـەوە بخواتەوە وە ئیبراهیمی کوڕی هەرەمە یەکێك بووە لە شەراب خۆرە هەمیشەییەکانو لـە سەردەمی ئەبوو عەباس خوێن رێژدا چەندین جار داری حەدی لێدراوە و لەبەر ئـەوەی شاعیرێکی بە توانا بووە، مەنسوری خەلیفە حەزی لـە شـیعرەکانی کـردووە پێـی وتـووە: بڵێ چیت دەوێ تا بیکەم.

دەڵێت بۆم بنووسە بۆ والی" مەدینە" کە دەخۆمەوە داری حەدم لێ نەدەن."

مەنسور دەڵێت: داری حەد، سنوورو حدوودی خودایە من توانای ڕەد کردنەوەیم تییە.

دەڵێت: چارەیەکم بۆ بکە.

نامەیەك دەنووسێت بۆ والی شاری" مەدینە"و دەڵێت: "ئەوەی ئیبن و لهەرمەی بە تۆمەتی سەرخۆشی گردو هێنای بۆ لات، سەد جەلدەی لێدە. ئیبنولهەرەمەی سەخۆشیش هەشتا جەڵدەی بۆ لێدە.

ئیدی پیاوانی والی، ئیبنولهەرەمەیان بە سەرخۆشی دەدی توخنی نەدەکەوتن. ئیبنولهەرەمەش بە سەرخۆشی دەیووت: کێ سەد بە هەشتا دەکڕێت؟ بابێتە بەرەوە، لە دەرباری مەهدی خەڵیفەی عەباسیدا، پیاوانی ئاینی نەیانتوانیوە مەرجەکانی ئاین بسەلمێنن١٥٨-١٦٩ك ئەوە بوو دوو مندالی ئیبراهیم و عەلیەی کچی دوو گەورە هونەرمەندو گۆرانی بێژو شاعیری سەردەمی خۆیان بوون. دەگێڕنەوە کە رۆژێك، مەهدی دەڕوا بۆ راو لە یاساوڵەکانی تاك دەبێتەوەو گوزەری دەکەوێتە ماڵە عەرەبێك، بە خانە خوێیەکەی دەڵێت: شەرابت هەیە؟

خانە خوێ شراب دەخاتە بەردەستی خەلیفەو کە یەکەم پێك دەخواتەوە دەڵێت: دەزانیت من کێم؟

دەڵێت: بەڵێ، دەزانم تۆ لە پیاوەکانی خەلیفەی.

دەڵێت: نەخێر، من یەکێکم لە سەرکردەکانی خەلیفە.

کە لێوانی سێهەم دەخواتەوە، دەڵێت: دەمەوێ بزانیت من خودی خەلیفەم. کابرای خانەخوێ، گۆزە شەرابەکە لێ دوور دەخاتەوە، دەڵێت، نامەوێ بیکەیتە چوارەم پێك، ئەودەم دەڵێی من خودی رسولەڵلام.

مەهدی گۆرانی بێژی دەربار"ئیبراهیم موسللی" سزا دەدا، لە بەر ئەوەی بەزمی خواردنەوەی بۆ "هادی ورەشید"ی کوری دروستکردوو شاعیری گەورەی عەرەب" بەشاری کوڕی بوردی" لە ژێر دارا کوشتووە، بە تۆمەتی بێ دینی. هادی کە بووە بە خەلیفە.١٦٩-١٧٠ك لە بەزمەکانیدا پەردەی نێوانی لاداوە، کە هاروون بووە بە خەلیفە١٧٠-١٩٣كبە تەواوی شێوەی ژیانی گۆڕیوە، بڕێك لە شەوان بە جلو بەرگی ئاساییەوە، بە جۆرێك خۆی دەکۆڕێ، دەکەوتە گەشتو گەڕانو لە درێژەکاند دەیخواردەوە، جارێك لە گەڵ ئیسحاق موسا کوردی گۆرانی بێژ گوزەریان دەکەوێتە

دێرێك، لە وێدا ئەو شەوە مەستی مەست دەبێتو پارەو پولێکی زۆریش بەو دێرە دەبەخشێت. لە کتێبی"فگب السرور"دەڵێت: شەوێك هاروون دزە شەوێکی تر دەکاتو دەڕواتە ماڵی ئیبراهیم موسلی. ئیبراهیم بەزمی بۆ دەگێڕێت، کچە جوانکیلەیەکی کۆیلە بە ناوی " نەزم" بە گۆرانی وتن هارون سەرسام دەکات، دەگێڕنەوە کە عەباسەی خوشکی لە رابواردنەکانیدا شەوانە بەشداری دەکردو بۆ ئەوەی بە جەعفەری بەرمەکی هاو پیاڵەی مەحرەم بێت، مارەی دەبڕێت لە جەعفەر، بەمەرجی تێکڵاو نەبوون، بەڵام ئەو دوانە ئەم مەرجە دەخەنە لاوەو کوڕێکیان دەبێت، دەبێتە هۆی ئاڵۆزی هارونو سەرئەنجام وێرانە ماڵی بنەماڵەی بەرامیکەو کوشتنی جەعفەرو ئەو کوڕە منداڵەشی. ئەوانەی هاو پیاڵەی هەمیشەگی هارونە رەشید بوون، ئیسحاقو موسلی حوسەینی کوڕی زوحاك، ئەبی نەواسی شاعیر و ئیبراهیمی مامەی بوون.

لە دوای مەردنی هارون ئەمینی کوڕی جێگەی گردۆتەوە، خواردنەوەو رابواردنی بەردەوام، سەرتاسەری ژیانی داپۆشی بوو، توخنی ئافرەت نەدەکەوت، ژنانی دەبێزاند، تەواوی کاتی لە گەڵ کوڕە جوانکیلەکاندا بە سەر دەبرد، دایکی "زوبێدە" کە ژنی بە هێزو توانای هارون رەشید بووە، بە تەواوی توانایەوە کۆشاوە، لە نێر دووریخاتەوە، تەوحو هەوەسی بەلای ئافرەتاندا بکێشێت، ژنانی سەرو روخسار دەگۆڕا، جلی پیاوانی لە بەر دەکردنو دەیناردنە لای کوڕەکەی، بەڵام هەوەسی لوسکە بازی ئەمینی لەوە گوزەرا بوو، ئەمین زۆر حەزی لە هاوپیاڵەی ئەبونواس دەکردو زۆر بەی شەونشینیو بەزمەکانی ئەمین ئەبونواسی تیادا بووە، بۆیە مەئموونی برای دوای کوشتنی ئەمین و بووە خەلیفە. ئەبونواسی شاعیری لە خۆی دوور خستۆتەوە. بە سەر ئەوانەشدا ئەمین فەرمانی داوە ئەبونواس زیندانی بکەن، لە سەر ئەوەی سلیمان کوڕی جەعفەر ناوێك هەواڵی گەیاندۆتە ئەمین کە گوایە ئەبونواس بێ دینەو زەندیقە، بڕێك خەڵکی هێنابووە خزمەتی خەلیفە کە دیویانە ئەبونواس لێوانە شەرابەکەی خستۆتە بەربارانو وتوویانە بۆ وا دەکەی؟ وڵامی داوەتەوە، کە دەڵێن لە گەڵ هەر دڵۆپێك باراندا پەرییەکی ئاسمانی هاورایە دەمەوێ چەند پەریو مەلائیکەیەك لە گەڵ شەرابەکەمدا تێکەڵ بێت و بیانخۆمەوە. مەئموون کە بووە بە خەلیفە ئەویش وەك باو و باران دەیخواردەوە، بەڵام بە ویقارو کەمتر بە سەرخۆشیەوە خۆی دەنواند، رەفتارو کرداری مەئموون زۆرتر بە دەوڵەت دارییەوە دەگوزەرا، بەڵام شەو رابواردنی لە ژنو

خواردنــەوە بــە دوور نــەبووە. لــە دوای مــەئموون، موعتەســەم هاتووەتــە ســەرکارو سوڵجانیو خەلافەتی بە دەستەوە گرتووە٢١٨-٢٢٧ك. دووبارە حوسەینی کوڕی زوحاك"ی بانگێشی دەربـاری خـۆی کـردووەو بـەزمی شـەراب و رابـواردنی لـە دەرباریـدا بـەردەوام کردۆتــەوە، کــە مەعتەســەم پــەلاماری شــام دەدا، گوایــە ژنێکــی زوڵــم لێکــراو وتوویەتی:"واموعتەسەما" یانی: هاوار موعتەسەم، حوسەینی کوڕی زوحاکیشی لە گەڵ خۆیدا بردووە لە وێڕا دەڕۆنە دێری" مران"و شەوێکی سووری شـەراباوی دەبەنـە سـەر لەوێدا. موعتەسەمیش ئارەزووی بەلای نێـرەوە زۆرتـر بـووە تـاکو مـێ. عاشـقی کوڕێـك بووە بە ناوی" سیما الترکی".

"نەزم" ژنە گـۆرانی بێـژێکی بـێ حـەیاو چـەقاوە سـوو بـووە، زۆرتـر کـە سـەرخۆش دەبوو دەیکردە بەزمی خۆی، گوایە وەختی خۆی بووە بە هاوپێخەڤی هاروونە رەشید، لە دیـوانی موعتەسـەمدا کـە سـەرخۆش دەبێـت، بـە موعتەسـەم دەڵێـت: مـن یـەکێکم لـە دایکەکانتان.

موعتەسەم فەرمانی دوورخستنەوەی دەدا بۆ وڵاتی "سند" لەوێڕا شەوێك لە بەزمی والـی ئەوێداعومـەری کـوڕی موسـای بەرمەکیـدا سـەرخۆش دەبێـت و دەیکاتـە هـەراو ئەویش دەیکوژێت.

دوای. موعتەســەم، واســتی دەبێــتە خەلیفــە٢٢٧-٢٣٢ك ئــەویش وەك ئــەمین عاشـقی نێربازی بووە، بە دوای واسقدا موتەوەکیل، دەسەڵاتی خەلیفـەی پـێ دەدرێـت ٢٣٢-٣٤٧ك بـەلای ئەویـشەوە، ئـاش هـەمان ئـاش بـووە، وەك بـاو بـاپیرانی خواردنـەوەو رابـواردنو تەخــشانو پەخــشانی پــوڵو پــارەی بــەیتولمالّ بــۆ هــەوەس رانــیو ئــارەزووی جــۆراو جۆرەکــانو شــتیێکی تــازە بابــەتی لــە دەربــاری عەباســیدا کــردە بــاو چــەندین قەشمەروگاڵتەچی هێنایە بەزموڕەزمی خۆیەوە بۆ پێکەنینو گاڵتە جاڕیو مەشمـەرەکی وە شاعیری گەورەی ئـەو دەمـە" بوحتـەری" یـەکێك بـووە لـە هـاو دەمـانو هـاو پیاڵـەی شەوانەیو لە گەڵ ئەبی عەنبەسی الحبجریدا گاڵتە جاری زۆریـان هـەبووە، یـەکێکی تـر لەو شاعیرانەی هاو دەمی موتەوەکیل بووە عەلی کوڕی جەهەم بووە خـاوەن هەڵبەسـتی بە ناو بانگ.وعیون المها بین الرصافه والجسر. جلبنا اگوی من حیپ ادری ولا ادری.

متوەکیـل، روداوی سـەیری هـەبووە لـە گـەڵ کـەنیزەو ئافرەتـانی جۆراوجـۆردا، لـە کتێبینشوارالمحاچرەی تنوخیدا هاتووە لە متوەکیل رۆژێك هەوەسی کـردووە ئـەوەی لـە

بەزمی خواردنەوەکەیدایە دەبێت بە رەنگی زەرد بێت، گومەتی سەر دیوانەکەی بە رەنگی زێرین رەنگ دەکەن، ئەوی دۆشەكو متەکاو سەرین هەیە هەر هەمووی زەرد رەنگوبە پارچەی ئاوریشمی نەرم ونیانی زەرد رەنگ دەڕازێنێتەوە، ئەوی کەنیزەو ئافرەتو مەیگێڕو کوڕانی خزمەتکاران هەیە هەر هەموویان زەرد پۆش دەکەنو حەوزی ناوەڕاستی دیوان ئاوی تیا بلقی داوەو پڕیان کردووە لە زەعفەران، بەڵام ئەوەندە زەعفەران بە دەستەوە نەبووە تا حەوزەکە زەرد بنوێنێت ترساون ئالۆز بێتو سزایان بدات، بە ناچاری عەرزیان کرد وا شەوەو بازار داخراوەو زەعفەرانمان هەر ئەوەندە بە دەستەوە بووە، فەرمانیدا جلو بەرگی زەرد رەنگی کەنیزەکان داکەنن و هەڵیژەننە ئاو و بیخەنە ناو حەوزەکەوە.

کە مونتەسیر، بووە بە خەلیفەی عەباس٢٤٨-٢٨٧ك حوسەینی کوڕی زوحاك خانەنشین کردووە و یەکێکی لە خولەفای هەمیشە مەستی عەباسی"موعتەز" بووە٢٥٢-٢٥٥ك بەڵام کە موعتەمەو بووە بە خەلیفە٢٥٦-٢٧٩ك شەوێك ئەوەندەی خواردۆتەوە ئیدی سبەینێ هەڵنەساوە هەروەهاموعتەزیدی خەلیفە ٢٧٩-٢٨٩ك و خەلیفە"موکتەفی"٢٨٩-٢٩٥ك و خەلیفە موقتەدر٢٩٥-٣٢٠ك و خەلیفە قاهیر٣٢٠-٣٢٢ك کە شەو و رۆژ بۆ خۆی سەر خۆش بووە، کەچی هەر کەسێکیان بە سەرخۆشی گرتبا، بە فەرمانی قاهیربیللای خەلیفە، داری حەدیان لێدەدا، ئەوی لوسکە بووە دووری خستوەتەوە، ئامێری مۆسیقای شکاندووە.

خەلیفەی عەباسی، دووبارە بەزمی خواردنەوە لە مەیخانەکاندا لە بەغداو شارەکانی دیکەدا ئاسی بۆتەوە.

لێرەدا نامەوێت بکەومە باسی سەلاتینی عوسمانی کە لە دەربارەکانیاندا چ جۆرە هەتیك وژدانو پاشێلکردنی ئیمان وشەراب خواردن و رابواردنو حەرەم سەرای هەزار ئافرەتی و ژیانی پڕ لە شەرمەزاری و پەت پەتیو بگەرەو بەردەی ئەو حەرەم سەرایە ئێستاش هەوێنی هەزاران داستانو رۆمانی جۆراوجۆرە.

# دەڵە دێوەکەی سوڵتان

ئەگەر چی شەو درەنگەو لە دوا هەناسەکانیدا گوڕی دەسەندەوەسوڵتان ئیبراهیمی عوسمانلی خەو لە چاوانی تاراو بوو، لە زوورەکەیدا پەرێشانو ژلێژاوانە درێژەی ژوورەکەی عەجولانە دەپێواو دەستو پەنجەی رادەوەشاندو لە گەڵ خۆیدا دەیبۆڵاند. زۆری نەخایاند کە نەڕاندی، دوو پیاو ماقوڵی خەسیاو وەك فیشەکە شێتە هاتن بە ژوورداو دەست بە سنگەوە چو پەیکەرێکی مسین راوەستان بۆ فەرانی سوڵتان.

سوڵتان لە ژێر عەمامە سەوەتێنەکەیەوە گێلانە نوارینێکی بە سەر پای خەساوەکاندا کردوو وتی: ئازا(یوسف ئاغا)و(ئەحمەد ئاغا)و (کوێر ئاغا) بۆ دێنن بۆ ئێرا. زووبی، درەنگ.. هەر کەسێك گویی لە قسەکانی سوڵتان بگرتایەو چاوی لە ژلێژاوی بوایە دەیوت هەر نەبێت سێ بەشی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دوژمن داگیری کردووەو سوڵتانیش بۆیە وا بە پەرۆشە.. ئەم سێ کەسە وا سوڵتان ناردی بە دوای مبارەکیاندا هەر یەك بە لێپرسراوێکی دەربارەو حەرەم سەرای سوڵتان دەژمێرران..

(یوسف ئاغا)، پێش چەند ساڵێك لە وڵاتی رووسیاوە بە دیلی هێنراوەتە دەرباری عوسمانیو ماوەیەك لەوە پێش سوڵتان ئازادی پێ بەخشیوەتەوە کردوویەتی یە جێگەی بڕواو متمانەی خۆی..

(ئەحمەد ئاغا)یش لە بنچەکدا مەجارستانی بووەو هێندە کاسەلێسی چاك زانیوەو بە ڕیاو شان تەکاندنو درۆو دەلەسە توانیویەتی جێگای پای خۆی لە دەرباری سوڵتاندا بکاتەوە.

(کوێر ئاغا) لە راستیدا ناوی کوێر موسڵی ئوغلو، بوو لە بنەڕەتدا بە خەڵکی وڵاتی یۆنان دەناسرا، بە گاڵتەچی سوڵتان دەژمێردرا.. بە رەفتاری قەسمەریانەی سوڵتانی پێ دەکەناند. کوێر ئاغا پیر پەنکیەکی زگماکی بوو.. ئاگری دەخواردو بزماری لە لەشی خۆی دادەکوتاو سەدان فەننوفێڵی دەکرد تا بەڵکو بزەیەك بکەوێتە سەر دوو لێوی موبارەکی خەلیفەی ئیسلامو سوڵتانی مەمالیکی موعەزەمی عوسمانی.. ئەم سێ کەسە تەنها بیرو ئەندیشەیان خۆش بەختی سوڵتان بوو.. هیچ جۆرێ پەیوەندییان لە گەڵ وڵاتو کەسو نەتەوەی خۆیدا نەمابووە، چو پەتاتەیەکی بێ ڕیشویان لێ هاتبوو..،

زۆری نەخایانـد هـەر سـێ نەفـەری ناوبراویـان هێنایـە حـوزوورو رۆیـشتنە ژوورەوەو (کوێرئاغا) هاتە دەمو وتی:

گیان بەخشەکان ئامادەی فەرمانی سوڵتانن، سـوڵتان لـە هاتووچۆدا هەڵچەرخایەوەو ئاوڕێکی تیژی لێدانەوەو وتی: من دەزانم ئێوە نمەك بە حەرام نین. دەزانم بۆ فـەرمانی من سەرتان پێوە نییە. دەزانم بـۆ ئاسایـشی مـن گیانتـان دەبەخـشن. ئەمـشەو ئێـوەم بـۆ سـەرگەرمی بـانگ نـەکردووە. بـەڵکوو بـۆ کـارێکی گـرنگ کـە بەسـتەگی هەیـە لـە گـەڵ ئایندەو داهاتووی ئەو وڵاتەدا. سـوڵتان ئێـوە نیگـەرانی شـتێکە دەبێـت هەرچـی زووتـرە ئەنجامی بدرێت.

هەرسێکیان پێکەوە وەڵامیان دایەوە: سوڵتان فـەرمان بـدا.. گیـان هـەرزان شـتێە کـە دەیبەخشین لە رێگای فەرمانیدا.

سـوڵتان فـەرمان بـدا. گیـان هـەرزان شـتێە کـە دەیبەخـشین لـە رێگـای ئیـشارەتی بـۆ کردنو وتی:

چاك گوێـتان لێ بێت چی دەڵێم. مـن زۆرم بـیر لـێ کردوەتـەوە. گەیـشتمە ئاکـامێکی ژیرانەو پەسەند. مـن ئـیتر تاقـەتی ژنـانو کچانی جۆراوجـۆری حـەرەم سـەرام نـەماوە، لێیان بێزار بووم. حەزو تەوحم بە لایانـەوە نـەماوە دەمـەوێت شـتێکی نـوێم بـۆ پەیـدا بکەن.. دەمەوێت ئافرەتێکم بۆ پەیدا بکـەن هـیچ سوڵـتانێکی عوسمـانی و ئـەم دەربـارە بەخۆیەوە نەیدیبێتو لە داهاتوویشدا هیچ کەسێکی تریش نەیبێت.!!

بە بیستنی قسەی سوڵتان ئاغا گەل ئاوڕێکیان لـە یـەك دایـەوەو بـێ ئـەوەی هـیچ بـە یەکتر بڵێن بە چاو لە یەکتریان دەپرسی ئەرێ تۆ هیچ تێگەیـشتی سـوڵتان بـە سـەر ئـاوا ئاوڕێکدا گرتیانی و وتی:

جیزبابینە. ئـاوا گێلانـە مەنوارنـە یـەکتردا.. ئێـستا پێتـان دەڵـێم چیم دەوێت. مـن دەڵـێم ئـافرەتێکم دەوێـت تـا ئێـستا لـە دەربـاردا نـەبینرابێت. مەبەسـتم جـوانیو نازەنیینیو شۆخ و شەنگی نییە. ئافرەتێکی جوانکیلەی جۆراوجۆری زۆر بـە سـەدان لـە حـەرەم سـەرادا هەیـە، مـن ئـافرەتێکم دەوێـت پابەنـدی ئـەو مەرجانـە نـەبێت. ئـەو ئافرەتانە بە لای منەوە ناك جوان بن بەڵکوو بێزم هەر لە هەموویان دێتەوە.!

دیسان سـێ ئاغـا گـەل لـە ژێـر چاوەوە نواڕیـان بـە یـەکترداو سـوڵتان بلێـسە سـەندو نەڕاندی بە سەریانداو وتی: کوڕە ئێوە بۆ ئەوەندە گێلو ڕەشـە وڵاخـن. بـۆ تـێ ناگـەن

دەڵێم چی.!؟ ئەم ئافرەتو کەنیزانەی وا لە حەرەم سەرادا دەبینرێن پەیڕەوی یاساکانی سروشتن چاو هەر چاوەو دەست هەر دەستو دەم هەر دەمـەو سـنگ هـەر سـنگەو ڕانـیش هەر رانەو هین هەر هـین، بـەلای منـەوە ئـاوا دەمو لـوتو ڕانو سـنگو مـەمكو هینێـك ئارەزووم ناجولێنێت: حەزم ناهێننـە خـرۆش، مـن ئـافرەتێکم دەوێـت دوور لـە رەوشـتی تێکڕایی. دەبێت ئافرەتێکی وا بێت سرنجی هەموو کـەس ڕابکێـشێت. نـاخ راچـڵەکێنێت. کابرای یۆنانی هەڵی دایەو وتی.

قوربان فیـدای ژێـر پـات بم. وا دەزانم تـا ڕاەیـەك نیـازی خـاوەن شـکۆمان بـۆ رۆشـن بووە. سولتان ئیبراهیم گەوجانە وتی: وا دیارە تۆزێك مێشکی خۆتان جولاندووە. پێتـان بڵێم ئەمن بوڵەند بالاترین ئافرەتم دەوێت. قـەدو قامـەتی لـە دوو مـەتر و نیـو کـەمتر نەبێت. هێندە قەڵەو بێت سێ کەس نـەتوانێت بیجولێنێـت. هـەر ڕانێکـی بـە ئەنـدازەی ئەم پایانە بێت. کاتێـك بنـەڕێنێت دەرو پەنجـەرەی ئـەم کۆشـکە بێتـە لـەرزین. کـە دەم بکاتەوە قەڵێك بکا بە یەك تیکە. زمانی لە زمـانی گایـەکی چـەند سـاڵە درێـژ تـر بێـت. ئـاوا ئافرەتێـك ئـاواتو ئـارەزووی سولـتانەکەتانە. زوو کـەن خۆشـبەختی هەمیـشەگی ببەخـشنە سـولتانەکەتان. دەمـەوێت هەمیـشە بوترێـت ئـەوە ژن بـوو سـولتان ئیـبراهیم هەیبوو. بەوە دەڵێن ئافرەت. ئەویش بزانن ئەگەر بە دەستی خـاڵی بگەڕێنـەوە خـاوەنی سـەری خۆتـان نـین. بـا ئـەوەیش بڵـێم، ئەگـەر بێـتو خۆشـبەختم کـەن دەزانـن چـۆن ئەتانگەشـێنمەوە. فەرمانیـشم نووسـیوە بـۆ تـەواوی والیـەکانی ئیمپـراتۆرییـەت وادەتـان دەمێ. فەرمانی ئێوە فەرمانی منە. ئیتر رامەوەستن لێدەن بڕۆن. بـەلام زوو بـێ ئـۆقرە بوگم.!!

هەرسێ ئاغا گەل نەیاندەزانی چی بکەنو چی بڵێن، لـە بـەر خۆیانـەوە دەیـانوت تـۆ بڵێیت سولتان شێت نەبووبێت؟!. تـۆ بڵێـت گاڵتـەمان پـێ نـەکات؟ کـە لێکیـان دەدایـەوە دەیانزانی سولتان لەو کەسـانە نیـە حـەزی لـە گاڵتـە بێـت. ئـەویش بـەم شـەوە درەنگـە، ناچار لە بیانیدا باروو بنـەی خۆیـان لـێ بەسـتو کەوتنـە رێ بـە ولاتـانی ژێـر دەسـتەی عوسمانیدا. لە هەر شارو دێو ئاوەدانییەکدا بە دوای گـوم بـووی خۆیانـدا دەگـەڕانو بـە هەر لایەکیشدا پەیكو هەواڵیان دەنارد. گەڕانو گەڕان گەڕان. تا هەواڵێکیان پێ گەیشت بەڵێ لە ولاتی ئەرمینیادا کە بەشێکە لە ئیمپراتۆری عوسمانی، کچێکی بیـست سـالان لـە خیزانێکی جووتیاردا دەژی رەنگە مەرجەکانی. سولتانی تێدا بێت. ئاغا گەل بێ وەستان

بەرەوە ئەرمینیا کەوتنە ڕێ و بە هەر چەرمەسەرییەك بوو خۆیان گەیانـدە هەوارگـەی کچە. ڕوانیان کـچ چ کـچ. دەڵـە دێوێکـە بـۆ خـۆی. هەرچـی کۆشـان خێزانـی رازی بکـەن نەیانتوانی تا بە زۆر کچەیان لە دایكو باوکی سەند. ئینجا بیریان کردەوە چۆن چۆنین. بیگەێننـە پایتـەخت. گالیـسکە هـەڵی ناگرێـت. ئەسـبو حوشـترو هێـستر هـەر هـیچ. بڕیاریاندا گالیسکەیەکی تایبـەتیان بـۆ دروسـت کـردو گالیـسکەیان دایـە پاشـکۆی بیـست ئەسپی بە هێـزەوەو بـەرەو پایتـەخت وەڕێ کـەوتن. کـە گەیـشتنە شـار تـەواوی خـەڵکی پایتەخت وەك هاتوو بن بۆ سەیری ئەسپەکەی تەرواجە بە سەر شەقامەکانەوە راوەستا بوونو سەرسامانە سەیریان دەکرد. گالیسکەی بیست ئەسـپی گەیـشتە دەربـاری سوڵـتاو سوڵتان بە پە لە کۆشك هاتە دەرەوەو کـە چـاوی بـە کـچە کـەوت. گیلانـە پـێ دەکـەنیو خەریك بوو لە خۆشیدا پەڕ دەربێنێت. کچە هـەمان لەنـدەهووڕ بـوو کـە ئـەو بـیری لـێ کـرد بـووە. سـەیریان کـرد کـچ ناچێیە هـیچ دەرگایـەکی  کۆشـکدا، سـوڵتان فـەرمانی دا خەیمەگای سوڵتانیان لە باخچەی دەرباردا بۆ هەڵدا تـا دەرەکـانی کۆشـکی تـەرخان کـراو بگۆڕنو تەختی تایبەتو لە حەرەمسەرادا بە دزی سوڵتانەوە( دەڵـە دێـو)ەکـەی سوڵـتان ناو دەرگاکانەوەو هەر هەموویان ئاژنیەوەو دەستیان کـرد بـە فـراوان کردنیـان. سـوڵتان فەرمانی دا چوار ئاشپەزیان بۆ تەرخان کرد لە گەڵ بیـست کـەنیزو دە پیـاوی خەسـاودا بۆ خزمەتو فەرمانی کچە. کچە گوێزرایەوە کۆشکی تایبەتو لە حەرەمـسەرادا بـە دزی سوڵتان(دەڵەدێو)ەکەی سوڵتان ناو دەبرا. هەر ژەمێك نـان خـواردن بـریتی بـوو لـە یـەك کاوڕی برژاوو لە گەڵ بـرنجو شـلەیەکی زۆرو سـێ قـەل و چـەند مریـشكو چـەند گـۆزە ئاوو شەراو.

سوڵتان لە ژووری(دەڵە دێو) نەدەهاتە دەرەوە. دەربار بـێ سـوڵتان دەچـەرخا. جارو بارێك یەك مانگ رەبەق فەرمانەکانی رادەگیرا تا سوڵتان ئیمزای بکات. جـارو بـارێکیش ئیمزاکەشـی نـەدەکردو تـوڕەش دەبـوو. لـە پێـی فـەرمانی سـوڵتان (دەڵـە دێـو) تـەنها ژێرکراسێکی ئاورێشمینی لە بەر دەکردو بەس، لە ژێر ئەو کراسەوە خـەرمانێك گۆشـتی لـەپار لـەپار دەلەرزییـەوە. سـوڵتان نـانی بـە سـەر رانـی گۆشـتنەکانی(دەڵـە دێـو)ەوە دەخوارد.شەوگاری یا لە ناو گەڵیدا دەبردە سـەر یـان لـە نێـوان مەمکە وەك شـەڵتەکانی دەڵە دێودا. کاتێك دڕۆیـشتە سـەر رانو سـنگی(دەڵـە دێـو) چـو ماسـی یـەك لـە تەنیـشت نەهەنگێکدا مەلە بکا ئاوا وەچاو دەهاتن. سوڵتان هەموو رۆژێك لـە تـەوقی سـەری دەڵـە

دێووەوە ماچی دەکرد تا پاژنەی پای. تا دەگەیشتە پاژنەی پای شەوی بە سەردا دەهات ئیتر سوڵتان ئەمە کاری بوو.

قسەی( دەڵە دێو) رەواجێکی ئەوتۆی پەیدا کرد هەرچی بوتایە یەكو دووی لێ نەدەکرا. فەرمانی رەوا بوو. سوڵتان ولایەتی شاماتی بە(دەڵە دێو) بەخشیو فەرمانی نێو لێ نانی(والیە خانمیشی) بۆ دەرهانی. کۆشكو دەم و دەزگای(دەڵە دێو) بو بە روانگەی والیە کەسەلێسەکانو کارفەرمایانی دەوڵەتو بابردەڵەکانی دەربار. خەڵاتی سوڵتان بە پێی رای( دەڵە دێو) بە پیاو ماقوڵان دەدرا. ئیتر قسەو ئامۆژگارییەکانی(قووسم) خانمی دایکی سوڵتان کاری نەدەکرد. ئیتر هەر ژنگەلی حەرەمسەرا بوو بۆ گوزەرانی چاکتر دەبووە دەستەو دایەرەی( دەڵە دێو). ئیتر هەر وەزیرو میرو گزیر بوو سە رلە عاستی( دەڵە دێو) دادەنواندەوە. لە راستی دا سوڵتان دەڵە دێو بوو. (دەڵە دێو)یش سوڵتان لە ناو خەرمانی گۆشتدا شاردبۆوە.

(قووسم)خانمو چەند ژنانێکی سەرەی حەرەم سەراو دەربار لە یەکیان دایەوە ئەگەر کار وا بڕوات دەبێت ببنە شراوگێڕی بەزمی شەوانی(دەڵە دێو).پێکەوە کەوتنە راوێژو بیرو ڕاو تەکبیر کەچی بکەنو چۆن چۆنی لەو ئافاتە ئاسمانیە رزگار بن. هەرچیان دەکرد دەڵە دێو لە بەر چاوی سوڵتان بخەنو مەیلی کەمتر بکەنەوە بێ کاڵك بوو بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەمڕۆ لە سبەینێ شیفتەتری دەڵەی دێو دەبوو. دووعاو جادویش کاری تێ نەدەکرد. ئاشپەزخانەی تایبەتی هەبوو. دەرمان خوارد نەدەکرا. هیچی نەدەخوارد تا سوڵتان چێژی نەکردایە. ئیتر هەر بیرێکیان دەکردەوە نەدەگەیشتنە ئاکامێك، تا رۆژێك (قووسم) خانمی دایکی سوڵتان چوو بۆ لای سوڵتانو وتی، لە بەر ئەوەی دەمەوێت ساردی لە نێوان والیە خانم و ژنانی حەرەمسەرادا نەهێڵم، وا بەزمێکم ئامادە کردووە دەمەوێت لە کۆشکەکەی خۆمدا بیگێڕم تا ئەو ساردیو ناکۆکی نێوان والیە خانم و خانمەکاندا نەهێڵم.

سوڵتان نەختێك منجە منجی کردو ئینجا بە دوو دڵییەکەوە وتی:

ئەی چۆن.؟

بۆ چی ئەی چۆن؟

ئاخر دایە تۆ زۆر سەیری، والیە خانمی لای من وەك هەر ئافرەتێکی تر نییە ئەمجا قاقا چوو بە پشتاو دەست ئیشارەتی بۆ دایکی دەکردو پێ دەکەنیو دەیوت: ئەم دایکی

منه چەند سەیرە بیری لەوە نەکردۆتەوە والیە خانم ناڕواتە دەرگاکانی کۆشکەکەیدا. دایکی سوڵتان بە مەکرێکی ژنانەوە هاتە پێشەوەوە وتی:

خودا سێوەری سەری سوڵتانمان لە سەر لا نەبا. دایکت دەمێکە بیری لە خۆشبەختی سوڵتان کردۆتەوە کۆشاوە ئەوەی سوڵتان پێی شاد دەبێت بیکا. من زەمانێکە دەرەکانی کۆشکەکەم فراوان کردووەتەوە تا والیە خانمی پیادا بڕوا.

سوڵتان گیلانە سەیرێکی دایکی کردو منداڵانە وتی: باشە بە مەرجێك دڵی نەیەشێنن، والیە خانم گەڵێك دڵ ناسكو زەریفە. دایکیشی بەڵێنی پێ دا کە بە دڵی ئەو رەفتار بکەن.

بە شەویدا والیە خانم بەرەو کۆشکی(قووسم) خانمی دایکی سوڵتان وەڕێ کەوت. هەر لە دەرگاوە نەوای گەرمی مۆسیقا دەهاتە گوێ.

بۆنی بوخووراو عەتری جۆراوجۆر لە ئاسماندا شەپۆل پشتی سەر خۆی لە کەپوو دەخشاندو ناخی دەبزواند.

بە گەیشتنی والیە خانم بەزم دەستی پێ کردو رامش کران سەمای هەوەس ئەنگێزیان لە تالاردا ئارام گەرمتر دەکرد. شەراوگێڕان گوڵ گۆنا بادەیان بە نازەوە تێکەڵ بە جوڵانەوەی مەوزون و ئاهەنگی سازەوە دەدا بە دەستەوە. ئیتر هەر هەنگامەیەك نرابویەوە لنگەی نەدەبینرا. والیە خانم چەند گۆزە شەرابی نابی خواردبۆوە شەنگوولو سەر خۆشوسەر سەنگین دەهاتە بەر چاو.

دایکی سوڵتان لە مێژا بیست زەلامی بازولە ئەستووری بە گوریسەوە ئامادە کردبوو، لە نێو گەرماو گەرمی بەزمدا بیست قوڵە رەشی خەساو بە گوریسەوە پەلاماری والیە خانمیان داو رمان بە سەرو ملو دەستو پایدا. والیە خانم کە دەینەڕاند پەنجەرەکان دەلەرزینەوە. تا یەکێك لە قوڵە رەشەکان بە سەر دەمیەوە دانیشت. کار لە کار ترازابوو، دوای کێشەیەکی زۆرو فەرتەنەو بیگرەو دەری مەکەیەکی فەراوان بیست قوڵە رەش توانیان دەڵە دێو بخنکێنن. هەر بەو شەوە دایکی سوڵتان کەوتە پێش ژنانی حەرەمسەرا بە قژڕنینو شیوەنو گریانەوە خۆیان گەیاندە سوڵتانو بە دەم زاریەوە گێڕایانەوە بەڵێ( والیە خانم) هێندە شەراوو خواردنی خوارد هات بە لاداو دڵی وەستا. بە بیستنی مەرگی(دەڵە دێو) سوڵتان لە تاوا هات بە لاداو بورایەو. ئیتر(سوڵتان ئیبراهیم) هەر بە

ناو زینده بوو. سێ مانگی ڕەبەق لە کۆشکەکەی(دەڵە دێو) نەڕۆیشتە دەرەوە، پەژارەی مەرگی دەڵە دێو هاڕیبووی بە سەر یەکدا.

تا لە ساڵی ١٦٤٨ی زاینیدا دوای تێپەر بوونی سێ مانگ بە سەر خنکاندنی(دەڵەدێو)دا لە سەر بڕیارو پیلانی دایکی سوڵتان سوپا دژ بە سوڵتان هەستانو لە هەمان کۆشکی دەڵە دێودا بە پەت سوڵتانیشیان خنکاند.

# حەمام

منداڵ دوای چلە رۆیشتنی بۆ یەکەمین جار بەڕێو رەسمێکی تایبەتەوە دەبرێتە حەمام، چەندین ئافرەتی سەرەو دایەنی لە گەڵدا دەڕۆن، دایەنەکە هێلکە قازێك لە ناو جامێکدا دەشکێنێت روخساری منداڵەکە چەور دەکات. بە حیساب ئەو منداڵە وەك قاز دەتوانێ مەلەوانی بکات.

موساحیب زادە ئەستەمول سەدەی نۆزدەهەم.

روخسارو رووی ژنانی حەرەمسەرا، پڕ لە ناسکی وزەرافەت، خۆشۆردنو پاکیو پاکیزەیی یەکێکە لە کۆشەکانی ئاین، بۆیە لە کۆشکێکدا چەندین حەمام دروستکراوە، سوڵتانو دایکی سوڵتانو ژنانی سوڵتان هەریەکە لەوانە حەمامی تایبەت بە خۆیان هەبووە و ژنانی دیکە لە حەمامێکی تێکراییدا خۆیان دەسۆرد، جارەو بار جەنابی سوڵتانیشی هەوەسی"حەمام لەمیشی" لەوێرا دەکردو بەرووت وقوتی تێکرایی شلپەی مەلەو نازی ژنانەوە جولانەوەی هەوەس ئەنگیزی ژنانی جوان ئەندامی رەشو سپیو ئەسمەری ئەوێ جولانەوەی شەهوەتاوی هەبووەو زانیویانە لە ژێر چاودێری خەساوە لێزانەکاندا بە بەرچاوی حەزرەتی سوڵتانەوە دەیانکرد. لە راستیدا حەمامی تورکی لە حەمامی بیزەنتییەوە وەرگیراوەو بە شێوەی حەرەمسەرای گۆڕیوە، مێژووی حەمامو چۆنیەتی، بۆ خۆی باسێکی دوورو درێژە، بەلام بۆ نموونە جەمامی رۆمانی دیاردەیەکی ئرستوکراتیانەیە کە لە سەردەمی دەسەلاتی رومانەکاندا تەنها دەست رۆیشتووەکان دەیانتوانی لەو جۆرە حەمامانەدا بەشداری بکەن، سیستەمی لولەکەشی تیایدا بە کار برا بووەو نموونەی لە ئاسەواری شاری پومبای هەروژاوی ژێر گڕو تلی گڕکاندا هێشتا هەرماوە، ئەو حەمامە تێکڕاییانە بە جیاواز ژنو پیاو خۆیان تیادا دەشۆردو بوو بووە کەلتوورێکی ئەرستووکراتیانە. ژنانی حەرەمسەرا کە لە زۆر لایەنەوە مەحروم بوونە، رۆژی حەمام رۆیشتنیان بەلاوە گرنگ بووە، لەوێڕا بە تێکڕایی رازو نیازیان دەکردو رایان دەبواردو لە چوار دیواری ژوورەکانیاندا دەرۆیشتنە دەرەوەو لە بەیانیەوە درێژەی دەکێشا تا درەنگانێ. "ژولیا بارودی ١٨٣٠ز" لە کتێبێکدا بە ناوی" نازدارانی سفور" دەڵێت: هەڵمی قورسو تاریك خەریك بوو دەیخنکاندم، قاقای پێکەنینی کۆیلە

کەنیزەکان، زۆرتر لە سێ سەد ئافرەتی رووت چپەی راز ئامێزی بنگوێی یەکتر، هاتوو چۆی بێ مەبەستی دەوری حەوز دەستیان گردبوو بە مەمکیانەوە، بڕێکیان تەنها سەریان داپۆشرابوو، بڕێکی تر خەریکی شەربەتو شیرینی خواردن بەدەم پێکەنینەوە منداڵانی وردو درشت، بێ دەربەست لەو هەموو لەشولارە رووت و قوتە، ئیدی وام لێهاتبوو بە دژوار هەناسەم پێ دەدراو لە هەمان کاتدا سەرسامی دایگرتبووم، ئەوە راستەقینەیە یا خەیاڵو وەهمە. دیتنی ژنانی حەرەمسەراو میوانداری چەندین رۆژی دەکێشا ئەگەر ژنی حەرەمسەرایەك بڕۆیشتایە بۆ میوانداری حەرەمسەرایەکی کە، چەندین شەو و رۆژ دەمایەوە و حەمام رۆیشتنیشی لەو دیدارەیدا بەشێك بووە لە رەسمو رەواڵی میوانداری. کچێکی یونانی ١٩٠٨ز دەڵێت: رۆیشتم بوومە میوانی خێزانێکی تورك، کۆیلە کەنیزەکان روتیان کردمەوەو حەمامیان کردم.

تابلۆی هونەرمەندێکی ئیتالی، ناوەکەی نەزانراوە، بە ناوی" کونستانتینوپولی ١٥٧٠ز" چەندین ئافرەتی تیادایە بەرەو حەمام دەڕۆن، کارەکەرو خزمەتچیەیان بە دواوەیە، حەمام رۆیشتن بەڵگەیەك بووە بۆ پەیوەندی نێوان ژنانی حەرەمسەرا، لە گەڵ خۆشەویستەکانیاندا، حەمام تێکراییەکان وەك یانەی رابواردنی ئێستا وابووە، زۆربەی کۆشکەکان زیاتر لە سێ حەمامیان زۆرتر تیادا بووە،" خانمی هارڤی" بۆ تورکیا گەشتی کردووە، ئەو حەمامانەی دیوەو دەڵێت: هەستێکی ناجۆر رووی تێکردم، خۆم بە "روبیان" دەزانی، کە ئاوەکوڵ منیشی ئەو ترسەم لێ نیشتبوو، کە سەیری ژنەی بەرانبەرم کرد سورهەڵگەڕابوو وام دەزانی پێستیان گیراوەتەوە، ویستم بڕۆمە دەرەوە نەمتوانی، هەر دەبوا لفکەبدرایەم ئاوی گەرمم بە سەردا بکەن، نە جارێك و نە دەجار..

دیارە، دوای سەد ساڵ، ئاش هەمان ئاشە" ماریانا ئەلیرزا ١٩٧١ز" لە یاداشتەکانیدا دەڵێت: رووتوقوت بە سەر کورسییەکەوە دانیشتم هەڵم دەوری دابووم، چەند کەسێك بە دەورمدا دەهاتن و دەچوون، دەستیان بە شۆردنم کرد. بە لفکەو سابوونو ئاویان بە سەرما دەکرد بێ وچان، ئەو ئافرەتانە دەستیان لەخەنە گرتبوو، یان بە رەنگ کردنی سەرو قژیانەوە خەریك بوون.

"پسانو دازارا" دەڵێت: لەو وڵاتەدا عاشقی زوڵفو پرچی رەشن، ئەو ژنانەی پرچو قژیان رەش نییە، بەرەنگ رەشی دەکەن، ئەوانەی قژیان، زەردە یان سەریان سپی بووە، بە رەنگی سوور زوڵفیان بۆیاخ دەکەن، یان لە خەنەو وسمەیان دەگرت، بە سەرو

زوڵفەوە رانەدەوەستان بەڵکو دەستو پەنجەو نینۆکیان رەنگاو رەنگ دەکرد. وبڕێکی تر ئەو توکەیان بە مادەیەکی کیمیاوی لە ناو دەبردو سافو لوسیان دەکرد.

"بنزرA.M ١٩٣١ز" لە کتێبی حەرەمسەرادا دەڵێت: وادەرکەوتووە کەوا" خەنە" عەرەقی لەش کەم دەکاتەوە، هەرووەها چاورشتن، ساردی بەخشە بۆ چاو و لە چاوی حەسودان ئەو چاوە دەپارێزێت. هەروەها ئەبرۆ پەیوەستی لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا بە شتێکی جوان ناسراوە، لە ناو هەندۆسەکاندا بە کارێکی ناپەسەند لە قەڵەم دراوە.

لە وڵاتانی ئیسلاند، دانیمارك، ئەلمانیا، یونان، ژنان روخسار رەنگاو رەنگ بکات، وەك جادوگەر تێی دەڕوانن." ئەدموند دی ئمیکسی ١٨٩٦ز" لە کتێبی" قوستەنتەنیە"دا دەڵێت: "ئاسان نییە باسی جوانی ژنانی تورك کردن. کە بیریان لێ دەکەمەوە، هەمیشە ئەوەی دەبینم قژی رەش، روخساری سپی، دەم و لێوی سور، بەڵام ئەوی لام ئاشکرایە، تەواوی ئەو ژنانە بە شێوەیەکی گشتی ئارایشی تۆخ دەکەن، ئیدی ئەمە سپیاوە، ئەبرۆ رەش کردنە، برژانگ رەنگ کردنە. بڕێك بەهاراتیان بە کار دەبرد بۆ لەشیان وەك، قەرەنفلو زەنجەبیل" لەشیان پێ چەور دەکرد، تا هەوەس ئەنگیزتر بن، بڕێك لە ژنانە وەك "سموئیل بیکەر" دەڵێت: چاڵێکیان دەکەند، پڕیان دەکرد لە داری داربەڕوو و بخور و سەریان دادەپۆشیو دەوری ئەو ئاگرو دووکەڵەیان دادەپۆشی و ژنە لە ناویدا بۆ ماوەیەك دادەنیشت، تا لە چاوی حەسودان بە دوور بێت.

قاپقاپ، لە پاکردن، لە حەمامدا هۆی خۆی هەبووە، ژنانی دەست رۆیشتوو قاپقاپی رازاوەی گران بەهای لە گەڵ خۆدا دەبرد، تا پایان لە حەمامدا نەخلیسکێت، یان پایان بەر توکی لابراوی پاو پوز وەبەر نەکەوێت، یان جنۆکە نەتوانێت بەر پاوپلیان بکەوێت.

توکی لەشو پاو بەر، بەلای ژنانی حەرەمسەراکانەوە بە تاوان لە قەڵەم دەدرا، هەر بەحاڵ نوکیان دووبارە وەدەرکەوتبا، ئازا لایان دەبرد، ئەو کارەش لە حەمامدا دەکرا و بە شێوەیەکی لێزانانە توکەکانیان دەکردە ئەو هەویرە سوتێنەرە و لە کاتی پێویستدا دەیانشۆردو ئەو مادەیە لە بنەو توکەکەی یا قلیسی دەکرد نە ك بە شێوەی تاشین کە ئازا دێتە دەرێ." شیرە" جۆرێکی کەی توك لابردنە، کە لەو جێگایە دەدرێت توکی لێ رواوە و بە گورجی لادەبرێت. توکەکان لە بنەوە وەدەر دێن سەرەتا ژناوییە. دوای گەرمیو هاڵاو هەڵم و شۆردنی جۆراو جۆر، لەوێڕا دێنە دەرەوە بۆ بەشێکی تر دەچن، بۆ پاڵکەوتن و حەسانەوە، لەوێدا لوژی تایبەتی تیادایەو هەروەها جێگای تێکرایش ئەو

جێگانـە رازاونەتـەوە، بـە ئاونمـاو شوشـەی ڕەنگـاو ڕەنـگـو قـالی سـەد ڕەنـگـو پـەردەی ئەسـتووری تەلقرمـەدار، بـۆنی بـو خـور و عـەتری جـۆراو جـۆر لـە لایـەن کۆیلـە کەنیزەکانەوە خزمەت دەکرێن و هەر لەوێڕا بـازارێکی بـچووك پێکدێت لـە وردەواڵـە و خواردەمـەنی جۆراوجـۆر، یـان نێرگێلـە کێـشان، سـەیر لەوەدایـە، ئـەو جـۆرە حەمامـە تێکراییانە لە چاوی چاو بازان بـە دوور نـەبووە، هـەر وەهـا لـەو حەمامانـەدا ژنـانی ژن پەسەند لە گەڵ یەکدا تێکەڵ دەبوون.

لـەو جـۆرە حەمامانــەدا زۆر هەڵبــژاردن دەکــرا، ســاوەك کــڕین یــان دۆزینــەوەی ئافرەتێکی جوان و بێ عەیب، تا پێشکەشی سوڵتان بکرێت. حـەمام زۆر گـرنـگ بـووە لـە ژیـانی ئافرەتـانی نـاو حەرەمـسەرادا، لەوێـدا بـەروتی یـەکتریان دەدی، لـەوێڕا یـەکتریان دەشۆرد، لەوێڕا دەستیان لە جێگەی هەستیاری یـەکتر دەدا، لـەوێڕا شـەوگاری تـەنهاییان بەو جۆرە تێر دەکردو لە وێڕا ئەو ژنانە عاشقی یەکتر دەبوون.

## خواردەمەنی

خواردنەکە، بـە سـەر پارچـەیەك قوماشـی مەخمـەڵی بـە تەلقرمـەی زێـوین چـنراو، خرابووە سەر سینیەکی زێـڕین شـەش پـاوە، لـە نـاو سـینیەکەدا دەفـرێ پـڕ لـە زەڵاتـەو کافیارو زەیتوونو پەنیر بە لای ئەوانەوە خوێدانو تیژدان دانرابوون، کە بە شـێوەیەکی زەرنگەری بە بەردی ڕەنگاو ڕەنگ رازا بووەوە، شـەربەتی لیمـۆ لـە مەسـینەیەکی بلـوردا پێشکەش کراو لە دەوری سینیەکەدا دەستەسڕی چنراوی ڕەنگاو ڕەنگ دانرابوو.

لیلی ساز هریمین ئکیوز ١٩٢١ز

خۆزگە ئەوەی لە دەمتایە دەبووە شەکەر

سوپاست دەکەم دوعا خوازم بۆ تۆیش وابێت.

لـە پـێش نانخواردنــدا، بــەو جــۆرە لــە گــەڵ یەکــدا دەدوان، نــان خــواردن لــە حەرەمسەراکاندا تەنها بۆ تێر بون نەبووە، بەڵکوو بە ڕەسمو ڕەواڵێکـی تایبـەت ئـەنجام دەدرا، بە درێژایی ڕۆژ شیرینی و شەربەتی جۆراوجۆر لە ڕارەوەکاندا بە ڕێگاوە بووە، بۆ خانووبەرەی ژنەکانی سوڵـتان و دایکی سوڵـتان و ژنە پەسـەندەکانی لای سـوڵتان، بـەلای ئەو ئافرەتانەوە شەربەتو جۆری شەربەت زۆر گرنگی پێـدراوە، هـەروەها شـیرینەمەنی

بە زۆری بە کاریان بردووە، لە گەرمای هاویندا، بە دووری سەد کیلومەتر لە چیا دوورەکانەوە، لە چاڵە بەفرەکانەوە بەفریان دەهێنا، تا حەرەمسەرای سوڵتان شەبەتەکانیان گەرم نەبێتو سەهۆڵی تێدا بێت. بە شێوەیەکی تایبەت بە هێسترو وڵاخ ئەو بەفرەیان دەگەیاندە دەربارو حەرەمسەرا."ئیڤیلیا تشلبی، ١٣١٤-١٣٢٨ز لە گەشتنامەکەیدا دەڵێت: کرێکارانی کۆ کەرەوەی بەفر، عەمامەکانیان سپی بوو، وەك بەفر تێکەڵ بووبێت، کۆمەڵیان دەکرد وەك خەرمان، ئەو جۆرە بەفرانە لە چیای" ئوگپ"دا بە دەستیان دەهێناو بە سەر گالیسکەی گەورەوە کۆیان دەکردەوە، سی تا چل هێستر رایان دەکێشا. لە دەرباری عوسمانیدا گەلێك گرنگیان داوەتە شەربەت، چۆن لە وڵاتی فەرەنسادا دروستکردنی ئەلکول بە لایانەوە کارێکی گرنگ بووە، بە لای عوسمانییەکانەوە شەربەت وا بووە و ئەو شەربەتانەیان تێکەڵی شیرەی بۆن خۆشی گولی کاردینیاو گوڵی بە نەفسەج، پابونگو زیزەفون، یان قاوەی تێکەڵی کەزەنفولو بۆنی خۆشتر کردووە.

لە زۆربەی دەربارەکاندا کەسانێکی دەست نیشان کراون وەك "خۆراك چێژ" تا لە پێش سوڵتان پاشادا یان شا ژندا لەو خواردنە بخوات، بۆ تاقیکردنەوە، نەکو ژەهری تێادا بێتو شا یا سوڵتان ژەهر چێژ بکرێت. لە سەر سەکۆی ساڵۆندا سینی خۆراکی جۆراوجۆر ریز دەکرا، تا خەساوە تایبەتەکان ئەوانەی دەست نیشانی قلاتو بەشی خانمە دەست رۆیشتووەکان بوون لە ژێر چاودێری خەساوەی تایبەتدا سینی خۆراك بۆ ئەو خانمانە دەبرا، بە سەر سینی زیوینەوە دەبرایە خزمەتیانز بەڵام ژنانی ئاسایی هەروا بە دەست نانیان دەخواردو لە سەر سینی مسین دەخرایە بەردەستیان.

بە دەست خواردن، لێزنی دەوێ ژنانی حەرەمسەرا بەو شێوە خواردنە راهاتبوونو بەکار بردنی دەستو پەنجە لە خواردندا وەك هونەری سەمای هێندی وایە. چۆن سوود لە دەست و پەنجەیان دەردەگرن. ئەوانیشی لە خواردندا. ئاوا زۆرتر هەر بە دەستی راست خواردنیان دەخوارد، دەستی چەپ بۆ کارو باری ناپوختە و تەمیز بەکاریان دەبرد. ئەو دەم کۆیلەکان مەسینەو لەگەنیان دەهێنان بۆ دەست شۆردن، خاولی بە سەر شانەوە بۆ دەست وشك کردنەوە، دوای نانخواردن کاتی راکشان دەهاتە پێشەوە بۆ کێشانی جگەرە و نێرگەلە، کە بۆ خۆی بە بە شێکی گرنگی رابواردنی حەرەمسەرا دەژمێردرا، ئەو کارەیان دوور لە چاوی پیاوان دەکرد، ئەو مۆڵەتەی تەنها بە ژنە

سەرەکان درابوو، تازە هاتووەکان ئەو مافەیان پێ نەدرابوو، بەلاّم بە دزییەوە دەیان کرد.

"سیوفیل کوتیر" کۆیلە کەنیزیك بووە دەڵێت: دوای نانخواردن، پاڵدانەوەو نێرگەلەکێشان بە دەورو بەر تا چەندین سەرینی رەنگاو رەنگ پەخشو بلاّو کرابێتەوە بۆ خۆی لە زەتو چێژی تایبەتی هەیە.

ئەو جۆرە ژیانەی لە حەرەمسەرادا بوو بووە هۆی قەڵەو بوونی لەشو تێکچوونی ئەندازەی لەشو لار.

"سانودازارا" دەڵێت: برنجو گۆشتی گا خواردنو شیرینیمەتی نە جوولاّنەوە، بەستەنیو دۆندرمە، خواردنی نیوەڕۆ، هەروەها شەوان بریتی بوو لە چەندین جۆر خواردن، لە سەری هەموویانەوە برنجو گۆشتی جۆراوجۆر. هەروەها سەوزە و زەیتون و میوەی ولاّتانی دوورو نزیك، لە درەنگە شەودا میوەو کولیچەش دەخورا.

برێك لە ژنانی حەرەمسەرا بۆ خۆیان جۆری سەیرسەیری شیرینیان دروست دەکرد. رەحەتەلقووم، یەکێك بووە لە وانە، کە تاکو ئەو رۆ لە تورکیادا لێی دروست دەکەنو برێك ناوی شەهوەت ئەنگیزیان نابووەسەر شیرینیەکان، وەك دەمو لێوی شیرین، بازووی ژنان، پەنجەی خانم رانی ژنان ناوکی ژن.

# قاوەی تورك

دروست كردنی قاوە بۆ كچە تازە پێگەیشتووەكان بە مەرجی سەرەكی خانەداری دەژمێردرا، سەرەتا بە دڵو داوەوە دەكۆشا وەستاكارانە بۆ دایكی دروستی كردبا.

نیو فنجان ئاو

دوو كەوچك چای شەكر.

دوو كەوچك چای قاوە.

ئاوە ساردەكە بكە نێو دەلەی قاوەكە، ئنجا شەكەرو قاوەكەی تێكەڵ بكە، ئاگرێكی نەرمو ئارام تا دەست بە كەف كردن دەكات. ئەو دەم تێیكەو دووبارە بیكوڵێنەوە تا كوڵان، ئیتر دەبێتە قاوەی پەسەند، ئەو قۆناغانە زۆر سادەیە، بەڵام لە هەمان كاتدا بە هەموو كەس ناكرێت، گەلێك پڕە لە وردەكاری، ئەلكوول خواردنەوە لە حەرەمسەرادان بە كارێكی پەسەند نەدەزانرا بەڵام جارو بار ئەو كارەش دەكرا، زۆرتر هەر" عەرەق" بە دەست دەكەوت، با بۆ خۆیان دروستیان دەكرد.

بەرچایی بەیانیان بریتی بوو لە گێمەرو هەنگوین، مرەباو زەیتونو چای، بەیانیان قاوە نەدەخورایەوە. بەڵام بۆ حەرەمسەرای سوڵتان، شتێكی تر بوو، بڕێك پەنیر تەنها بۆ حەرەمسەرای سوڵتان دروست دەكراو لە جێگای تر نەدەبینرا. وا باوە " كلیوپاترا" بیستو چوار ئاشپەزخانەی هەبووە، هەریەكەیان بۆ سەعاتێك.

لە حەرەمسەرای سوڵتاندا، دە ئاشپەزخانەی گەورەو بیست ئاشپەزخانەی تایبەتی تیادا بووە، كە سوڵتانو دایكی و ژنەكانی سوڵتانو بڕێك لە گەورە خەساوەكان. پێویستیەكانی ئاشپەزخانەكان سەرسام ئاوەربوونە، قازانی گەورەی مسین، بڕێك لە دەوریو دەفەرەكانیش هەر لە مس درووست كرابوون، ئەویش بە ژمارەیەكی زۆر جارەوبار نانخواردنی تێكڕای لای سوڵتان بۆ میوانانی دەرەوە دەكرا، خواردنی چوار تا پێنج هەزار كەس لەو ئاشپەزخانانە ئامادە دەكرا.

لە ئاشپەزخانەی سوڵتاندا، سەدوو پەنجا چێشت لێنەری تیادا بووە، ئەوی گەورەی هەمووان بووە، بەرپرسیاری ئامادەكردنی نانی سوڵتان بووە، دوای چێژكردنی لە لایەن كەسی تایبەتی ئەو كارەوە، دەخرایە بەر دەستی سوڵتان، سێ بەلەم تەرخان كرابوو تا

داری سوتەمەنی بهێنن بۆ ئاشپەزخانەی سوڵتان. لە نـەنکم پرسـی، ژنـانی حەرەمـسەرا، مەیلیان بەلای چ جۆرە خواردنێکەوە بووە؟ وتـی باینجـان ئێمـە ئەوسـا لـە باوەڕێکـداین ئەگەر هەر ئافرەتێك تاینجان لە خـەودا ببینێـت، ئـەوە سـورەتمان دەسـڕی و بـە جـۆری جۆراوجۆر دەمانخوارد تا پیاوان تەوحو هەوەسیان بەلامانەوە زۆرتر بێت، ئەوەشـی وت: ئەگـەر پـەنجا جـۆر چێـشتی باینجـان فێـر نـەبێت بـاش بزانـە تـا ئەبـەد بـە بـێ مێـرد دەمێنێتەوەو شوو ناکەیت.

# ژنانی سوڵتان.

خنکاوی ژێر ئەڵماس و رازاندنەوەیە، دەڵێی ژنە سوڵتانە

"سەرکیسیان لولای"

لە ساڵی ١٣٤٦زدا، سوڵتان ئەوهان شازادەیەکی بیزەنتی هێنا بە ناوی" تیودورا" بەو بۆنەیەوە شایی و بەزمێکی گەورەی گێڕا، ئەو دەم قوستەنتینیە هێشتا نەگیرابوو. سوڵتان ئەوهان لە بەری ئاسیاوە چادرەکانی هەڵدابوو، سێ کەشتی نارده بەری بیزەنتەو چەندین کەشتی چاودێری لە گەڵ سوارەی چەکداردا کرده هاوڕای ئەو کەشتیانە بۆ هاوردنی شازاده بوکەکەی، "ئیدوار گیبون" لە کتێبی هەروژانی ئیمپراتۆریەتی رومانیدا دەڵێت: کاتێك لە لایەن خەساوەکانەوە، پەردەی لە روخساری بوك هەڵدرایەوە، چاکتر وایە بڵێم: قوربانی. دەنگ سوڕنا و هەڵحەلەی ئاسمانی کەڕ کردبوو" تیودوار" درایە دەست ئاغا وەحشیەکەی، دوور لە رەسمو رەواڵی کلیسا، بەڵام یەکێك لەمەرجەکان ئەوە بوو، کە تیودورا لە سەر دینی خۆی بمێنێتەوە. بووبووە باو، سوڵتانەکانی عوسمانی کچانی سوڵتانو دەست رۆیشتوانی دوورو نزیك مارە بکەن، ئەو جۆرە پەیوەندیانە، زۆرتر، بووە، بەڵام دوای داگیر کردنی نێوان دوو دەسەڵات بووە، بەڵام دوای داگیر کردنی قوستەنتینیە حەرەمسەرای سوڵتان پڕ بووە لە کۆیلەی رەگەزو ئاینی جۆراوجۆری غەیره تورك و مەرج نەبوو کەوا سوڵتان مارەیان کات. بەڵام جاروبار هەوەسی دەچووە سەر یەکێکیان و دەیکردە ژنی رەسمی خۆی، وەك سوڵتان سلێمان قانوونی ژنێکی لەوانەی هەڵبژارد و بۆ خۆی، سوڵتان هەشت ئافرەتی دەست نیشان دەکرد، ژنی یەکەم بە "خانمی یەکەم" دەژمێردرا بە ناوی" باش قادین" دووەم "ئیکینجسی" ئیدی تا هەشتەم، ئەگەر یەکێك لەو ژنانە بمرادیە، ئەوی لە خواری ئەوە، جێگای دەگرتەوە، بەڵام دوای ئەوەی گەورەخەساو ئەو مەوزوعەی لە گەڵ خودی سوڵتاندا دەکردەوە رەزامەندی وەردەگرت، وا باو بووە کە سەلاتین پەیوەندی سەکسیان لە گەڵ زۆر لە ئافرەتانی ناو حەرەمسەرادا بەستووە، بۆ نموونە، کە سوڵتان مورادی سێهەم مردووە، سەد بێشکەی منداڵی کۆرپەی تیا ژەنیاوە، سوڵتانیش هەبووە لە یەك

ئافرەت زیاتر پەیوەندی جنسی لەگەڵ ژنانی تردا نەبووەو نەبەستووە، وەك سوڵتان سەلیمی یەکەم، محەمەدی سێهەم، موڕادی چوارەم، ئەحمەدی دووەم. بەڵام ئەوی زۆربەی سوڵتانەکان دەیانکرد شەوانیان لە گەڵ ژنە پەسەندکراوەکانیان" سێوگلی" وا رابواردو لە رووی بەرنامەیەکی داڕێژراوەوە خەزێنەدار یان، میرزا بنووس شەوی پەیوەندی جنسی سوڵتانی دەنووسی تا رۆژی لە دایکبوونی منداڵەکان لە باری شەرعیەوە بزانرێتو دانی پێدا بنرێت کە لە تۆخمی سوڵتانەو نۆرە شەوی ژنانی سوڵتان بە دەسکەوت دەژمێردرا کە ببنە هاو پێخەفی سوڵتان. بەڵام یەکێك لە ژنانی سوڵتان سلیمان بە ناوی" گولفام" نۆرە شەوی خۆی فرۆشتووەتە ژنێکی تری سوڵتان و بوەتە هۆی ئالۆزی سوڵتان و فەرمانی کوشتنی داوە، بە سەر ئەو هەموو ژنەی کە لە حەرەمسەرادا کۆمەڵ کراوەو هەموویان تاسوی رابورادنو مەحرومی هاوپێخەفی پیاوان بوونە، رووداو کەم روویداوە، کێشەو هەرای ئاشکەرا نەدەبیسترا، لە سەردەمی "سوڵتان ئیبراهیم"دا کە بۆ خۆی شەبەقیەتی جنسی هەبووەو جاروبار زۆربەی ژنانی حەرەمسەرای رووت کردوەوە و ئیدی هەوەسی بە جوڵانەوەی جنسی و پەیوەندی ژنان لە گەڵ یەکتردا هەڵدەستاو ئەو سوڵتانە لە کارو باری بەڕێوەبردنی وڵاتیشدا نامەوزوونو خوێنڕێژو ئاشوفتە رەفتار بووە، لە نێو حەرەمسەرادا جارو بار رکەبەرایەتی نێوان ژنان کارەساتی لێ دەبوویەوە وەك، مەهیدفران ژنی سوڵتان رۆخساری روکسالینای ژنی سوڵتان سوتاندووە، یان گلنوشی ژنی سوڵتان، گولبەیاری کەنیزەی جوانکیلەی خنکاندووە، ژنێکی سوڵتان"حوریم" لە ناو جێگادا کوژراوە، یان ژنێکی کەی سوڵتان بە ناوی" بزمیلیم" کەس نەیزانیوە چی بە سەر هاتووە. بە سەر ئەوانەدا شەڕی دەسەڵات نۆرە جێگای سوڵتان شەڕێکی خوێناوی بووە، بە ئارامی بە شینەی ژەهرو سەدان دەواو دەرمانی ناجۆرو دۆعاو جادوی رەش لە کاردا بووە و بەوانەوە رانەوەستاون، لە کارو باری دەوڵەتداریدا دەستیان بووە، یان هەر ئەو دژواری و سەختگیری ناو حەرەمسەرایە، ئەو مەرجە توندو تیژو بێرەحمانە بڕێك لە ژنانی حەرەمسەرای نەترساندووەو کاری نەشیاویان لێ وەشاوەتەوە.

ژنانی حەرەمسەرا، مافی دانیشتنیان لە حزوری سوڵتاندا نەبووە، مەگەر سوڵتان بۆ خۆی ئەو مۆڵەتەی پێدا بوو بێت. دایکی شازادەکان ، کوڕەکانیان بە پاوە دەبینی پەیوەندی نێوان دوو ژنی سوڵتان لە رێگەی سکرتێرەوە ئەنجام دەدرا، لە حەرەمسەرادا،

ڕێز لە گەورەتر گیراوەو دامێنی کراسی گەورەکان ماچ دەکرا، یان شازادەکان سەری ژنی سوڵتانی باوکیان ماچ دەکرد.

## ژنانی حەرەمسەراو سیاسەت

دەست تێوەردانی ژنان، لە کاروباری دەوڵەتداری ئیمپراتورییەتی عوسمانیدا، یەکێك بووە لە هۆکارە سەرەکیەکانی هەروژانی ئەو دەسەڵاتە، سەیر لەوەدایە ئەو دیاردەیە لە سەردەمی بە هێزترین سوڵتانی عوسمانیدا دەرکەوتووە، کە سلمانی قانونی بووە، ١٥٢٠-١٥٦٠ز، لەو قۆناغەدا کە روکسالینا لە کۆشکی کۆنەوە کە محمدی فاتێح دروستی کردبوو، گوێزرایەوە، بۆ کۆشکی سەرای ١٥٤٥ز ژنان بوونە خاوەن دەسەڵاتو ئەو شێوە سەدو پەنجا ساڵی کێشاوە، وە لە سەردەمی ململانێی دوو ژنی سوڵتاندا" قوسیم وتورهان" تەواو بووە.

دوای سوڵتان سلیمان هیچ سوڵتانێکی عوسمانی بۆ خۆی لە مەیدانی شەڕدا نەبینراوە، بەڵکو هەمیشە لە ناو گەلێ ژنانی حەرەمسەرادا گرفتار بوونە، ئەو کەنارگرتنە بووەتە هۆی ڕۆژبەرۆژ لاواز بوونی دەسەڵاتی عوسمانی و دەوڵەتداریان لە رووی لێهاتوویی ئەفسەرانو کارمەندانی لێهاتوووە نەکردوە، بەڵکوو لە سەر حیسابی پێشکەش زۆرتر و پەیوەندی ناجۆرو مەحسوبیەت بووە تا لێهاتوویی و لێزانین. لە دوای سوڵتان محەمەدی سێهەم ١٦٠٣ز، بڕێك لە شازادەکان بوونەتە سوڵتان، خاوەنی نەعەقلێکی تەواو بوونە و نە کەسایەتیەکی بە هێز بوون، ئەوی وڵاتی بەڕێوە دەبرد و قسەی ڕۆیشتووە، ژنانی ناو حەرەمسەرا و خەساوەکانی ناو حەرەمسەرا بووە، ئەو دیاردەیە لە زۆربەی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکاندا بینراوە، کە کار بە دەستی پشتی پەردە ژنان بوونە. وەك مادام پومپادور، یان ئیمپراتۆریستی وڵاتی چین. بێوەژنەکەی" جونگ شو" کە لەو بەڕێوە بردنەیدا گەورە خەساوی حەرەمسەرا، بە کەسایەتی سێهەم لە قەڵەم دراوە. یانی، سوڵتان سەرۆك وەزیران، گەورە خەساو بەو شێوە دۆستو دوژمنانی ژنانی نێو حەرەمسەرا دەگوێزرانەوە لە سەر کار لادەبران و دەکرانە کاربەدەست. والیەکان دەست نیشان دەکران، یان پیلانیان لە گەڵ وڵاتانی دەرەوەدا دەبەست. بۆ

نموونه" بافا" کچە بنەماڵەیەکی شاری بوندقیە کە لە لایەن دزە دەریاییەکانەوە بەدیل گیراوەو فرۆشراوەتە حەرەمسەرای سوڵتانو دواجار بووەتە ژنی سوڵتان مورادی چوارەم، بەر نامەی ئەوە بووە بەرژەوەندی بوندقیە بپارێزێت، ئەگەر چی" بوندقیە" نێوانی لە گەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا باش نەبووە، بەڵام ئەو ژنە پەیوەندی نهێنی لە گەڵ"کاترین دی مریس"دا هەبووە لە ڕێگای ژنە جولەکەیەکی جواهێر فرۆشەوە، تا بەرژەوەندی بەریتانیا بپارێزێت و سوڵتان مورادی چوارەم کە کوڕی "بافا" بووە ئاگاداری ئەو جۆرە پەیوەندیانەی دایکی بووە، سەرئەنجام لە ساڵی ١٥٨٣زدا "بافا" بە شێوەیەکی نەزانراو لە ناو جێگەکەیدا بە خنکێنراوی دۆزراوەتەوە و یەکێك لە ڕۆژنامەکانی "ژەنەوا" نووسیویەتی: "پیرەژنە درۆ خوێنرێژەکە سەرەنجام کوژرا."

## کەژاوەی دایکی سوڵتان.

کە سوڵتانێك دەمرێت و سوڵتانێکی تر دەڕواتە سەر تەختی سەڵتەنەت، لە گەڵیا هەموو شتێ دەگۆرێت، تەواوی دەسەڵاتەکان جێبەجێ دەکرێن، ئافرەتێك کە دەبێتە دایکی سوڵتان بۆ ئەو ڕۆژە ڕەسمو ڕواڵێکی تایبەت ئەنجام دەدرێت، زۆرتر لە سەد گالێسکەی ڕازاوە بە شەقامدا دەڕوا، لە دوولای شەقامدا سەرباز ڕاوەستاوە، لە کۆشکی فرمێسکەوە بۆ کۆشکی سوڵتان چەند کەسێك پولو پارە دەپرژێنێتە سەر ڕاوەستاوەکاندا. بە دوای ئەو گالێسکانەیدا گالێسکەی کەنیزو خزمەتکارانی دایکی سوڵتان دێنە پێشەوە، لە دەروازەی کۆشکی سەڵتەنەتدا سوڵتان دەڕواتە پێشوازی دایکیەوەو دەستی ماچ دەکاتو دەیباتە ناو کۆشکەوە.

## کچە شازادەکان.

کچانی سوڵتان تێکڕا لە حەرەمسەرا پەروەردە دەکران، لە گەڵ مندالانی کۆیلە کەنیزانی تردا، هەر لەوێدا دەنرانە بەر خوێندن. بە شوودانی ئەو کچە شازادانە زۆرتر هاوبەستەگیەکی سیاسی دەبوو تا عشق و پەیوەندی سۆزی عیشق، بە تایبەتی لە

سەردەمی نۆزدەدا ئەو کچە سوڵتانانە دەدرانـە پیـاوی گـەلێك لـە خۆیـان گـەوەتر، ئـەو پیاوانەی لە دەوڵەتداریدا بە دەسەڵات و بە توانا بوونە. جارو بـار کچی سـوڵتان هێشتا ساوا بووە، دەست نیشان کراوە بۆ کەسێك. وەك لـە سـاڵی ١٧٠٠زدا، فاتمـەی کچی سـوڵتان ئەحمەدی سێهەم تەمەنی پێنج ساڵان بووە، کراوەتە دەزگیرانی عەلی پاشا، کـە تەمـەنی لە چل بەرو ژوور بـووە، دەبـوا ئـەو دەزگیرانـە پیـاوە هەشـت نـۆ سـاڵ چاوەڕوان بوایـە، کـچەشی نـەدیبا، ئـەودەم دەگوێزرایـەوە، بـەڵام بـەو" علـی پاشـایە" لـە شـەڕدا کـوژراو فاتیمـەش نـەبووە نـسیبی، بـە دوای ئـەو کوشـتنەیدا ئیـدی ئـاوا دەسـت نیـشان کردنێـك قەدەغـەکراو هـەر کـچە شـازادەیەك ئەگـەر تەمـەنی لـە چـواردە کـەمتر بوایـە، بـە شـو نەدەدران بڕێك لەو کچە سوڵتانانە مافی هەڵبژاردنی مێردیان پێدرا و بڕێکیـان توانیـان بە خۆشەوستیەوە شو بکەن و بڕێك تریان چەندین شویان کردووە، سەڵاتینی عوسمـانی پارەو پولێکی زۆریان خـەرج کـردووە، لـە شایی‌و بـەزمی کـچەکانیاندا" بـاروف هیلمـوت فـون مـولتکی ١٨٣٦ز" دەربـارەی شـایی کـچە سـوڵتان" میحریمـا" دەڵێـت" دوێنـێ چـوار شـەمەی مـانگی ئایـاری ١٨٣٦ز پێویـستیەکانی کـچە سـوڵتان گوێزرایـەوە مـاڵی زاوا، لـە پێشەوە چەندین پاشا دەرۆیـشتن، سـوارەی چـەکدار لـەپارێزدا بـوون، چـل هێـستر بـاری پارچەو قوماش، بیست گالێسکە مافوری رەنگـاو رەنـگ و جـل‌و بـەرگ بـە دوایانـدا، سێ سەدو شەست بارهەڵگر سینی‌و زیویان بە سەر سەرو شانەوە بوو.

بە سەر هەر سینییەکەوە قورئانێك دانرابوو. کە بـە ئـاوی زێـر نووسـرابوو، بـەدوای ئەوەدا موبلیاتی زیوین و پێویستیەکانی نان خواردن، هەر هەمووی لە زێڕ درووسـتکراو و ئەو زێڕو زیوانە بە نهێنی دەیگێڕنەوە بۆ خەزێنە، تا لە رەسم و رەواڵی کـچێکی کـەی سوڵتاندا بەکار ببرێت‌و بەزم‌و شایی‌و موسیقا و سەماو هەڵپەرکێ حـەوت رۆژی دەکێـشا، یان زۆران بازی و ئاگر بازی و شەڕە کەڵەشێر، لـە نـاو شـاردا هـەر بـەو هۆیـەوە ئـەنجام دەدراو دوای ئەو رەسم‌و رەواڵـە بـوك وزاوا دەرۆیـشتنە کۆشـکێك، کـە لـە مێـژدا سـوڵتان دروستی کردبوو، گەورە خەساو لە گەڵ زاوادا دەڕواتە ژووری بووکەوە، یەکەمین کارێـك کە دەیکا هەر دوو پای ژنەکەی ماچ دەکا، ئەوە یەکەمین دەست پێکردنە بۆ نێوانی ژن‌و مێرد.

بڕێك لەو کچە سوڵتانانە بەلای سوڵتانەوە قسەیان دەرۆیشت وەك، میحریما"ی کچە سوڵـتان سلیمانی گەورە. یان شازادە" عایشە"ی نەوەی سوڵـتان سلیمان، ئەوانـە زۆر بـە

دەسەلأت بوونە، یان" حەتایس"ی خۆشکی سوڵتان ئەحمەدی سێهەم" ١٧٠٣-١٧٣٠ز" زۆر بەلای سوڵتانەوە قسەی رەواجی بووە، هەروەها مێردەکەی کە سەرۆك وەزیران بووە. لە قسەی دەنەدەچووە، دەستی لە پیلانو داونانەوەدا هەبووە، لە گەڵ مەرکیز دی فیللینوف بۆ هاو کاری لە گەڵ فرەنسادا دژ بە روسیا.

برێك لە کچە سوڵتانەکان شویان کردە پیاوە گەورەکانی ولأت، ئەوانەی وا ژنەکانیان نەزۆك بووە. کاتێك سوڵتانێك دەمرد ژنانی دەوروبەری لە دەسەلأتو توانا بێوەری دەکرانو بۆ کۆشکی فرمێسك دەنێردران و سەر لە نوێ حەرەمسەرایەکی تازە دەهاتە سەر شانۆ. برێك لە بێوەژنەکان دەیانتوانی دووبارە شو بکاتەوە.

## منداڵ بوون.

ژنە سوڵتان ئەگەر باردار بوایەو چاوەڕوانی منداڵ بوونی بکردایە، کۆشکەکە خاوێن دەکرایەوە،ن بە تایبەتی قەلأی دایکەکە دووبارە سازی و دیکۆراسیۆنێکی تازەی بۆ دەکرا، جل و بەرگی منداڵەکە ئامادە دەکرا، سەر جێگەو رووپۆشی بێشکەی ساوا دەبوا بە رەنگی سوور بوایە، کورسیەکی تایبەتیان دروست کردبوو تا ژنی باردار لە سەر دانیشێتو ئاسانتر منداڵی ببێت، مامان بە ژنەوە خەریك دەبوو، دەستو پاو کارەکەری ژنە سوڵتان بە پاوە دەوەستانو چاوەڕوانی کورتە بالأی قەشمەری خەساوی حەرەمسەرا دەستی دەکردە گاڵتە جاری، تا ژنە سوڵتان فکری لە ژنانی منداڵبوون پەرتەوازەکان، کە منداڵ دەهاتە دنیاوە، گەورە خەساوی کۆشك هەواڵەکەی لە کۆشکدا بلأو دەکردەوە، بەو هۆیەوە ئەگەر کوڕ بوایە پێنج بەران سەر دەبڕانو حەوت تۆپ دەتەقێنرا، ئەگەر منداڵەکە کچ بوایە، ئەوا سێ بەران سەر دەبڕانو سێ تۆپ دەتەقێنرا، ئەو رەسمو رەواڵە پێنج جار لە شەو و رۆژێکدا دووبارە دەکرایەوە. دیاری جۆراوجۆر دەدرایەە شازادەو دایکی شازادە لە لایەن پیاو ماقوڵانی ولأتەوە.

لە هەفتەی منداڵ بووندا حەرەمسەرا چراخان دەکراو دەمراسانی ولأتی عوسمانی هەریەکە بە گوێرەی توانای خۆی لەو بەزم و بەرنامەیەیدا بەشداریان دەکرد.

# مەرگی ژنی سوڵتان.

ئەو گۆڕە بێ ناوەی لە تەنیشت" سوڵتان محەمەدی فاتێح"دا نێژراوە، بەڵام بڕێك لە پیاوە ئاینییەکان، لایان وایە، ئەوە گۆڕی" ئێرین"ە، ژنە پیرۆزێکی پەیڕەوی ئاینی ئەرسەدۆکسیە کە سوڵتان زۆری خۆشویستووە، وەك چیرۆکی نووسی سالانی ١٥٦٦ز ولیام بونیتەر دەڵێت: سوڵتان محەمەد نەك تەنها زۆری خۆش ویستووە، بەڵکوو حەسوودی بە باو هەوای دەورو بەریشی دەبرد، ئەو ژنە گەلێك بۆ سوڵتان دڵسۆز بووە، بەڵام لە ئاینی خۆی دەست بەردار نەبووە، پیاوانی ئاینی لەو رووەوە سوڵتانیان سەرزەنشت کردووە، دەڵێت: رۆژێك سوڵتان مەلا سەرو ناسراوەکانی ناو وڵات بەوردی سەیری بکەن، سوڵتان بە دەستی خۆی پێچەکەی هەڵدەداتەوە دەڵێت: بنوارن. ئەمە جوانترین ئافرەتی رووی زەوییە، لام وانییە لە ژیانتاندا ئافرەتی واتان بە چاوان دیتبێت، ئەمە پەرییەکە لەوانەی وا لە بەهەشت وێڵ بووە، من لە ژیانی خۆم زۆرترم خۆشدەوێ، بەڵام خۆشەویستی من بۆ ئیسلام لە گەڵ خۆشەویستی ئەم ئافرەتەدا بەراوەرد ناکرێت، ئەو دەم پرچی ژنەکەی لاداو بە لێدانی شمشێرێك سەری پەڕاند. تشارلزگورنگ ١٧٠٨ز لە شیعرێکیدا دەڵێت:

ئەو تاجەی لە سەر سەرمەو دەبریسکێتەوە ئە باجەی کە دام، شیرەی رۆحم بوو، لە قوربانگای دەسەڵاتدا، عیشقم سەر بڕی، سەدان تۆماری عیشقو عاشقیم سوتاندو دڕی.

لێی هەڵکردبوو تۆفانو رەهێڵەو رەشابا.

ناچار بووم ناچار هەر دەبوا وام کردبا.

سوڵتان سلیمانی قانوونی فەرمانیدا"گولفام"ی ژنی بکوژن، چونکە شەوێك نەیویست ببێتە هاو پێخەفی سوڵتان. سوڵتان ئیبراهیمە شێت، لە بەزمێکی رابواردنیدا فەرمانی دا هەرچی ژنی حەرەمسەرا هەیە بخرێنە ناو گونیەوەو فڕێ درێنە ناو دەریای بسفورەوە، یەکێك لەو ئافرەتانە چەند مەلەوانێکی فەرەنساوی رزگاریان کردوە و لە گەڵ خۆیاندا گەیاندویاندە شاری پاریس.

لە حەرەمسەرای سوڵتانەکانی عوسمانیدا، زۆر لە ئافرەتان بوونەتە خاوەن دەسەڵات و عیشقو زەڕو زۆر، بەڵام سێیان لەوانە، سەرتەلی هەموویان بوونە، یەکەمیان: روکسالینا"١٥٢٦-١٥٥٨ز" کە یەکەمین ئافرەت بووە بە شێوەیەکی شەرعی شودەکاتە

سـولّتان و دەبێتـە خـاوەنی بریـارو دەسـەڵات بـە لای سـولّتانەوە، کـە سـولّتان سـلیمانی قانوونی بووە.. یان ژنـە سـولّتان"قوسـیم"کـە بـۆ زەمـانێکی دوورو درێـژ دەسـەڵاتی بـێ سنووری پێدراوەو ژنە سولّتانی سێهەم" نەخشدل ئیی دی ریڤیر" کارو کردەوەکانی پڕ لە رازو ئەفسانەی جۆراوجۆر.

## روکسالینا.

بە سەر گردی سێهەمی حەوت گردەکەی ئەستەنبولّەوە، مزگەوتی سولّتان سلیمانی بە سەرەوە بینا کراوە، مزگەوتێکی گەورەو پایەدار"سینان" ئەنـدازیاری ئـەو مزگەوتـە هونەری نواندووە لە دوورەوە چەندین گەمـەتی بـچکۆلە تۆبزییـەکانی سـەرنجی بینـەر رادەکێـشێ، چـوار منـارەی بـەرزو بلّنـد، رۆیـشتوونەتە ئاسمانـدا، لـە بەشـی نـاوی مزگەوتەکەدا تاریک و دلّتـەنگ دێتـە بـەر چاو، ئەگـەر چـی پەنجـەرەکانی بـە شـێوەی میعماری ئێرانی دروستکراون و میحرابێکی. رازاوەی بۆ دروسـتکراوە، لـە پـشتەوە گـۆڕی سولّتان سلیمان و روکسالینای ژنی نێژراوە، ئیـدی لـەو دوو گـۆڕەدا دوو عاشـق راکشاون، رۆژێـك لـە رۆژان بەشـێکی بـەربلاّوی ئـەم جیهانـەیان بـەڕێوە دەبـرد، فـەرمان رەواییـان دەکرد، ئەوەتا پیشەو بەلاّیان لێ بە جێماوە، ئەو بسفورەی کە جیاوازی خـستۆتە نێـوان ئاسـیاو ئـەوروپاوە هـەر لـەو شارەیدا ئەسـتەنبول لـەو پـەڕی دەولّەمەنـدییـەوە دەنـگ و سەدای بانگ لە سـەردەمی روکسالیناوە وەك دوکـەڵ ئاسمـانی شـار دادەگرێـتەوە، تـا بـە ئـەورۆ، هێـشتا بـە تـەواوی بنەچـەی روکـسالینا نـەزانراوە، بـەلاّم وا بـاوە کـە کۆیلـە کەنیزێکی روسی بـووە لـە دەڤـەری ئوکرانیـادا ژیـاوە، چـەندین وێنـەی لـێ بـە جێمـاوە، دیـارە قـژی سـوور بـووە و زیرەکـی لـە چـاویدا دەبریـسکایەوە، بـۆ خـۆی سـتراتیژیەکی تایبەتی هـەبووە، سـەرەتا ئـەو ئافرەتـە سـەرنجی سـولّتان سـلێمانی ڕاکێـشاوە، وردە وردە زۆرتر لێی نزیك بووەتەوە، زۆری نەکێشاوە کوڕێکی لـێ بـووە، دوای ئـەو منداڵـە پلـەی بـەرز کردۆتـەوەو کردوویـەتی بـە ژنـی سـێهەمی خـۆی، کـە دەسـەڵاتێکی زۆری لـە حەرەمسەرادا پێدراوە، بە پێی یاسایەك کە وا سولّتان محەمەدی فاتێح دایرشتووە تاج و تەخت بۆ کوڕی گەورەی سولّتان بووە، روکسالینا ئـەوەی دەزانـی و کەوتـە بیری لـە نـاو بردنی ئەوەی کۆسپە لە رێگای سولّتان بوونی کوڕەکەیـدا، شـازادە مـستەفا مـاڤی سولـّتان

بوونی بەردەکەوتو ئەو دەیتوانی تەواوی براکانی لە ناو ببات، تا بە ئاسوودەگی فەرمانڕوایی بکات.

لە ساڵی ١٥٢٦زدا، سەفیری بوندقیە" بیترو براگادینو"هەواڵێکی بڵاوکردەوە، کەوا شەڕو ململانێ گەرم لە نێوان ژنی یەکەمی سوڵتان سلیمان" گوڵبەهار"ی دایکی وەلیعەهدو روکسالینادا رویداوە. گوڵبەهار، قژی روکسالینای راکێشاوەو روخساری بریندار کردووە، روکسالینا ئیدی بۆ ماوەیەك نەرۆیشتە خزمەتی سوڵتانو بە بەڵگەی ئەوەی کەوا روخساری تێکچووە. و رکی ئەوەی گرت تا بە پێی شەرعی ئیسلاو مارەی کاتو ئەو داوایە دوور نەبووە ببێتە مایەی سەر تیاچوونی، بەڵام بۆ رەزامەندی روکسالینا، سوڵتان بڕیاری دا کەوا وەلیعەهد بکاتە والی دەڤەری مانیسیاو بە پێی بروتوکۆل دەبوا گوڵبەهاری دایکی وەلیعەهدیش هاوڕای بێت، بەو شێوەیە گوڵبەهار دوورخرایەوە، ئەو دەم ژنەکانی دیکەی حەرەمسەرای بەخشیە پاشا نزیکەکانیو بەو شێوە ئەوی مەرجی روکسالینا هەبووە موو بە موو ئەنجامی داوەو بە پێی شەرع مارەی کردووە.

لەم رووەوە" سیرجورج بونگ ١٥٣٠ز" دەڵێت: لەم هەفتەیەدا رووداوێکی سەیر لەم وڵاتەدا رویداوە، کە لە مێژدا لەم رووەوە نەبینراوە" سلیمانی گەورە"کچە کۆیلەیەکی روسی مارەکردووەو کردوویەتە ئیمپراتۆریستی وڵاتانی عوسمانی و بەزم و بەرنامەی جۆراوجۆر بۆ ئەو رووداوە ئەنجام دراوە، ئیدی پێشبڕکێی ئەسپ تاودان، هەڵپەرکێ، دەعوەتی گەورەو گران قوربانی کردن، جانەوەر پیشاندان، بەو جۆرە سوڵتان سلیمان بە یەکەمین سوڵتانی عوسمانی لە قەڵەم دەدرێت کەوا ئافرەتێك توانی مەرجی خۆی بە سەریدا بسەپێنێتو بۆ ماوەی سیو دوو ساڵ ئەو ژنە توانی بە سەر پۆپەی دەسەڵاتەوە فەرمانڕەوایی بەردەوام بێتو سەیر لەوەدایە سوڵتان سلیمان، ئەو ماوەیە هەر بە وەفاداری مایەوە بۆ" روکسالینا" لەم رووەوە"دازارا" دەڵێت: سلیمان قانوونی، بەو دەسەڵاتە زۆرەوە بە تەواوی لە ژێر فەرمانی ئەو ژنەیدا بووە، دەورو بەرو خەڵکەکەش لایان وابووە روکسالینان سحرو جادوی بەکار بردووە، بۆیە وا سوڵتانی دەستە مۆ کردووەو ناوی جادوگەریان لێناوە، ئەوی پیاوانی گەورەی دەربارو دەوڵەت بووە، ئەو ژنەیان بێزاندووە، ئەوی منداڵی ئەو بووە، رقیان لێ بووە، بەڵام کەس نەیوێراوە هیچ

بدرکێنێت، ئەوەی لە خەڵکم بیستووە بە خراپە ناوی خۆیو منداڵەکانیان بردووە بە چاکە باسی ژنی یەکەمینی سوڵتانیان کردووە.

سوڵتان سلیمان، شاعێر بووە، شیعری نووسیوە و هەر وەها روکساناش شیعری نووسیوە و زۆری حەز لە شیعر کردووە، بە شێوەی شیعر دڵداریان دەکردو ئەو هێزی زۆری دڵدارییە بوو بووە پاڵپشتی سوڵتان لە شەڕەکانیدا، سوڵتان ژنێکی دۆزی بووەوە وەك خۆی بە هێزو توانا بووە، تەنها ئەوە نەبووە کە لە ناو جێگەدا سوڵتان رازی کات، بەڵکو لە کارو کردەوەی دەوڵەتداریدا پاڵپشتی سوڵتانی کردووە و لە هونەرو زەرافەتکاریدا هاندەربووە، حەرەمسەرای کردوەتە هەوارگەی هونەرو زەوق، سوڵتان لە جوانی زیاتر لە روکسالینادا هیچی دیکەی نەدیوە، بۆیە نازناو"پەری دەم بە پێکەنین"ی پێ بەخشیوە، زۆرتر حەزی لە کەنینەکریستاڵیەکانی دەکرد. کاتێك لە رووداوێکد بەشێك لە حەرەمسەا سووتا لە ساڵی ١٥٤١ز، روکسالیناو دەستو پێوەندەکانی و خزمەت بۆ کۆشکێکی گەورە گوێزایانەوە، لە سوڵتانو دەستگای دەوڵەتەوە نزیکتر بووەیەوە، ئەو گوێزانەوەیە بە سەرەتای دەسەڵاتی حەرەمسەرا دادەنرێت لە کارو باری دەوڵەتداریدا.. بەڵام ئەوەی روکسالینای نیگەران و پەشێو کردبوو، ژنی یەکەمی سوڵتان و کوڕەکەی نەبوو، بەڵکوو کابرایەك بوو بە ناوی "ئیبراهیم" کە سەرەتا، بازێ بوو سوڵتان پەروەردەی دەکرد، وردە وردە ئەو ئیبراهیمە ئەوەندە لە سوڵتانەوە نزیك کەوتەوە، خۆشکەکەی خۆی لێ مارەکرد و بە ناوی"حەتایس"وە کردوویەتی بە سەرۆك وەزیران. لە چادری سوڵتاندا دەخەوت. هاودەمو هاوڕازی هەموو کاتی سوڵتان بوو، شەوێك لە خەودا دەیخنکێننو پەنجەی تۆمەت بۆ روکسالینا درێژ دەکرێت، بەڵام هیچ بەڵگەیەك بە دەستەوە نابێ، دوای ماوەیەك سوڵتان بە روکسالینا دەڵێت: دەمەوێت کۆشکێك بۆ دروست بکەم، "روکسالینا" ترس دەکەوێتە دڵیەوە، نەکا ئەوە ببێتە هۆی دوورخستنەوەی. سوڵتان رازی دەکات لە جیاتی کۆشك دروستکردن با مزگەوتێك دروست بکاتو سوڵتان بەو پێشنیارە رازی دەبێتو" سینان"ی مێعماری بە ناو بانگ دەست بە دروستکردنی مزگەوتێك بە ناوی"سلیمانیە"وە دروست دەکات، بەو شێوە روکسالینا دووبارە سەر دەکەوێتەوە ١٥٤٩ز.

کاتێك منداڵەکانی روکسالینا گەورە بوون، ئەوی بە کوسپ دەزانی بەرانبەر منداڵەکانی، شازادە"مستەفا"بوو ئەو شازادەیە بەلای سوپاوە خۆشەویست بووە، ئیدی

روکسالینا لەوتە تەقەللای لە ناو بردنی، نامەیەکی دەست هەڵبەستی سازاند. کە گوایە مستەفا ناردوویەتی بۆ شای ئێران، تا یارمەتی بدات دژ بە باوکی ئەو نامەیە سلیمان بە یەکجاری ئاڵۆز کردووە، مستەفاش لە ناو سوپادا لایەنگیری زۆر بووە، دوو هێز بەرانبەر یەك رادەوەستن، هێزی سوڵتانی باوکی و هێزی مستەفای کوڕی بەڵام هەردووکیان دوودڵ دەبن لە شەڕ کردن، گوایە مستەفا بە تەنها دێت بۆ چادرەکەی باوکی لە دوو خاڵی پشکنین دەگوزەرێتو دەگاتە بەر چادری سوڵتان، ئەودەم سوڵتان بە دەستی خۆی دەیکوژێت. بەڵام منداڵەکانی روکسالینا ئەوی ناوی محەمەد بووە بە منداڵی مردووە"جهانگیر" زۆر زیرەك بووە، تووشی نەخۆشی مێشك هاتووەو فێی هەبوو، ئەوەیان کە ناوی " بایەزید" بووە، یەکجار درو دەست وەشێن بووە، لەوەی ترساون براکانی بکوژێت، سەرەنجام" سەلیم" هەڵدەبژێرن بە وەلیعەهد، کە لە هەموویان ئارام تر بووە، سەلیم پێشبینی بۆ کراوە کەوا بەگەنجی دەمرێتز بۆ دوورخستنەوەی ئەو پێشبینیە لە فکریدا پەنای بردۆتە بەر خواردنەوە و بە سەلیمی سەرخۆش ناو براوە.

"روك لینا" ئەوی دایرشتووە، وا نەهاتوەتە دیو نەژیا تا ئەوی بۆی کۆشاوە بە چاو ببینێت، کە چۆن هەرا کەوتووەتە نێوان سەلیمو بایەزیدەوە و چۆن بایەزید پەنای بردووەتە بەر شای ئێران و چۆن سوڵتان، شای ئێرانی ناچار کردووە تەسلیمی بکاتەوە، کە کەوتۆتە بەردەستی کوشتوویەتی.

روکسالینا، لە ساڵی ١٥٥٨ز دا مردووە، ئەوی جێگەی گردوەتەوە "محیرما"ی کچی بووەو بە دوای ئەودا شازادە"عایشە" ئەو دوو ئافرەتە خودی سوڵتان سلیمان قسەی لێیان بیستووەو بەقسەیانی کردووە، سەلیمی سەرخۆشو مورادی سێهەم لە ناو رابواردندا خنکا بوون و ژنان راستەوخۆ کاروباری دەوڵەتیان بەرێوە بردووە، سوڵتان سلیمان لە زۆر کارو باری دەوڵەتیدا پرسی بە "محیرما"ی کچی کردووە نەك کوڕەکانی..

# قوسیم

وەك زانـراوە، زۆبـەی زۆری ژنـانی حەرەمـسەرای دەربـاری عوسمـانی نـاوی فارسـیان هەڵبژاردووەو لەو بابەتەش زۆرن، عەرەبو تورك ئەم ئافرەتە بە"قوسیم" نـاو دەبـەن، بەڵام لە راستیدا ناوی"كۆەسیم"ە یانی چیایەك لە زێـڕ وەرگێـرا، دووشـازادە"ئەحمـەدو مستەفا" هەردووكیان لە قەفەسی زێڕیندا پێكەوە ژیان، بەڵام كە ئەحمەد بویە سوڵتان، براكەی نەكوشتو چەند ئافرەتێكی كردە هاوڕایە و دیوارێك بـە دەوری تـەواوی دەرگـاو پەنجەرەكاندا سازاندو كونێكی بچكولانەی هێڵایەوە تا ئـەلكول و ئـەفیون و خواردەمـەنی بنێرنـە ئـەو دیـودا، دوای چـوارده سـاڵ، مـستەفای شـێتو وێـت، دەسـتی قـەدەر وایكـرد بكرێتە سوڵتان. ئەو ساڵە دوورو درێژە، دوور لە خەڵكە ئەحمەد لە بنەماوە گۆڕی بـوو. ئیدی هەر شەوێك ئافرەتێكی تازەی لە باوەشدا بـوو، تـا ئـافرەتێكی یونـانی بووبـە ژنـی پەسەندی لای سوڵتان ئەحمەد، بە ناوی "قوسـیم"كـە چوارده سـاڵان بـووەو سـوڵتانیش پانزە ساڵان. سوڵتان ئەحمەد لە ساڵی ١٦٠٣ز دا تا ١٦١٧ز فەرمانڕەوایی كردووە. مستەفای لـە قەفەسـی زێـڕین بـەرداوەو بووەتـە سـوڵتان، ئـەودەم ئیبراهیم. دوای چـەند مانگێـك دەسەڵاتدارانی خەساو مستەفایان لە سەر تەخت لابردوو، دووبارە بۆ قەفەسی زێڕینیان نـاردەوەو كـوڕی عوسمـان كرایـە سـوڵتان، بـەڵام هێـزی ئینكیـشاری ئـەو كارەیـان بـە دڵ نـەبوو، پـەلاماری سـەرای سـوڵتانیان داو قۆڵیـان بەسـتو بردیـان بـۆ زینـدانی"یـەدی كولی"و لە وێڕا كوشتیانو گوێیان بڕی و گوێی بڕاویان بۆ دایكی نارد، ئـەو كوشـتنە بـە یەكـەمین كوشـتنی سـوڵتان لـە قەڵـەم دەدرێـت، دووبـارە مـستەفای شـێت و وێتیـان لـە قەفەسـی زێـڕین وەدەر هێنـاو كرایـەوە سوڵـتان، بـەڵام ئـەمجارە فـەرمانی كوشـتنی كوڕەكانی"قوسیم"درا ئەمجارەیان دووبارە هێزی خەسـاوەكان، كـە ژمارەیـان گـەڵێك زۆر بـووە، توانیـان كوڕەگەورەكـەی"قوسـیم" بـە نـاوی مـورادی چـوارەم ١٦٢٣-١٦٤٠ز بكەنـەوە سوڵتان. بەم شێوەیە، قوسیم گەیشتە ئارەزووی خۆی، كـە ببێتـە دایكی سوڵـتان مـوردا، گەلێك توند خوو و دڕسفەت بووە، لە سەرتاسـەری ئیمپراتۆریـدا خواردنـەوەی ئـەلكولی یاساغ كردووە، هەروەها جگەرەكێشان، ئەوی بەو دوو تۆمەتـە بگیرابـا ئیعـدام دەكـرا، لـە كاتێكـدا خـودی سـوڵتان هـەم دەیخـواردەوە و هـەم جگەرەشـی دەكێـشا.. كـە سـەرخۆش

دەبوو، لە گەڵ دەروێشێکی نەناسراودا بە جلو بەرگی شڕۆڵەوە لە ناو شاردا دەگەڕان، تا بەو تاوانەوە خەڵك دەست نیشان بکەن، زۆر کەس بەو تۆمەتانە لە کوچەو کۆڵانانـدا هەڵواسران. کوڕی دووەمینی قوسیم"ئیبراهیم" ئەویشی شێتۆکە بووە، قوسیم تـەواوی ئەمێدو ئارەزووی کەوتە سەر"بایەزید"ی هۆشمەندەوە ئازاو و سوارکارن ئەو لێهاتووەی بایەزید بوو بە ترس لە دڵی سوڵتاندا، لە شەڕێکی نێوان ئێران و عوسمانیدا، بە فەرمانی سوڵتان بایەزید کوژراوە، ئەو کوشتنە بووەتە هۆی هەوێنی زۆر داستان و نووسراو.. موراد چوارەم، نەخۆش کەوت، ویستی"ئیبراهیم"ی برای کە لەقەفەسی زێڕیندا بووە بکوژێت، بەڵام دایکی نەیهێڵاوە، موراد دەمرێت، دایکی هەرچی دەیەوێت ئیبراهیم لە قەفەس بهێنێتە دەرەوە، ئیبراهیم باوەڕ ناکاو دەترسێت بیکوژن، تا تەرمەکەی سوڵتان موراد دێننە بە دەرگای قەفەسەکەی و پێی دەڵێن ئەوە ئەو مردووەو تۆ سوڵتانی بەڵام هەر سور دەبێت لە سەر نەهاتنە دەرەوەی، تا بە هەزار فێڵ دایکی دەتوانێت دەری بهێنێت، سەردەمی دەسەڵاتی ئیبراهیم ١٦٤٠-١٦٤٨ز بە وردی دەسەڵاتی قوسیم لەو ماوەیەدا وەدەر کەوتووەو بە هاوکاری سەرۆك وەزیران مستەفا پاشا کاروباری دەوڵەتی بەڕێگەوە بردووە. سوڵتان ئیبراهیم لە رابواردندا نوقم کرابوو، سوڵتان زۆری حەز لە پێستەی توکداری ئاژیلە دەکمەنەکان دەکردو پەیوەستە بە سەر شانیدا دەیدا. خولیایەك کەوتە بیریەوە کەوا قەڵەوترین ژنی ناو ئیمپراتۆریەتی بۆ پەیدا بکەن، ئافرەتێکیان بەو مەرجانە لە وڵاتی ئەرمێنیا دۆزییەوە. کە سوڵتان چاوی پێکەوت یەك دڵ نا، سەد دڵ عاشقی بوو( بەندە خوسرەو جاف داستانی ئەو ئافرەتەو ئەم سوڵتانەم لە کتێبێکدا بە ناوی"دەڵە دێوەکەی سوڵتان لە ساڵی ١٩٩٨ز بڵاو کردۆتەوە، کە یەکێك بووە لە داستانەکانی ئەو کتێبەو لە دوای بەشی"قوسم"دا جیا لەم کتێبە دەگونجێنمە نێو ئەم کتێبەوە، تا ئەندازەی ناتەواوی سوڵتان ئیبراهیمتان بە وردی بێتە دەست.

سوڵتان ئیبراهیم، ماڵو موڵکێکی زۆری بەخشیوەتە ژنە کۆیلەکانی بەڵام لە تورە بوونێکیدا فەرمانی داوە تەواوی ژنە کۆیلەکانی بخرێ،ە ناو دەریاوەو هەموویانی خنکاندووە. ئەگەر سوڵتانێکی ئاوا وەجاخی کوێر بوایە، ئەوا لە بەرژەوەندی ئیمپراتۆرییەتدا بووە، بەڵام" قوسیم"بەوەی رازی نەبووە. بە دەواو دەرمان کارێکی وایکردووە، شەش منداڵی ببێت. کارو کردەوەی ئەم سوڵتانە شێتە هێزی ئینکیشاری

یاخی کردووە دەرگای سەرای سوڵتانیان گردو داوای سوڵتانیان دەکرد، بەڵام قوسیم بەڵێنی وەرگرت کە نەیکوژن و بیبەنەوە قەفەسی زێڕین، هەروا کرا بەڵام دوای دە ڕۆژ بە ئەمری موفتی، لە قەفەسی زێڕیندا خنکێنراوە.

بە دوای ئەودا، محەمەدی کوڕی ئیبراهیم لە نورهان خانم جێگەی باوکی گرتەوە، هێشتا تەمەنی حەوت ساڵان بووە.. قوسیم ئامادە نەبووە کە دەست بەرداری دەسەڵاتی دایکی سوڵتان بێت و بیدات دەست" نورهان"ەوە، نەیگوێزراوەتەوە کۆشکی فرمێسكو بڕیاری دا محەمەدی منداڵ ژەهرچێژ بکات. تا شاهزادەیەکی هەتیوی گەنج بخاتە شوێنی و بەهەوەسی خۆی فەرمانڕەوایی بکاتو بەو شێوە ململانێ کەوتە نێوان دوو دایکی سوڵتانەوە، ١٦٥١ز. هێزی ئینکیشاری بوونە لایەنگری قوسیم، بەڵام سەرۆك وەزیرانی تازە کوپرلو کارمەندانی سەرای بەلای نورهاندا کێشایانو قوسیم کارێکی وایکرد کە ئینکیشاری برژێتە ناو سەرایەوە، تا سوڵتانی منداڵو نورهان بکوژن. بەڵام نورهان لەو ئاگادارکراو خەساوەکان ڕۆیشتنە هانایەوە، قوسیم وای بە چاك زانی خۆی رزگار بکات ویستی لە حەرەمسەرا بڕواتە دەرەوە، بەڵام خەساوەکان زانیانو خنکاندیانو بەرووتی فڕەیاندایە پێش چاوی ئینکیشاری، بەو شێوە قوسیم بە درێژایی پەنجا ساڵ دەسەڵاتی دانێو بەڵام سەرئەنجامێکی خوێناوی توش هات. نورهان سەرکەوت، کوڕەی دەسەڵاتەوە بووە سوڵتان، ژنانی حەرەمسەرا زۆر نورهانیان خۆش دەویست، لە ساڵی ١٦٨٧زدا، نورهان مردووە، بەو شێوەیە دەسەڵاتی ژنان لە دەرباری عوسمانیدا تەواو بووە.

## ئیمی دیبوك دی ریڤیری "نەخشدڵ"

هیچ ژنە سوڵتانێك بە ئەندازەی"نەخشدڵ" سەرنجی خەڵکی ڕانەکێشاوە، بە باشی نەشزانراوە ئەم ژنە جوانکیلە چاو شینە لە دەڤەری" مارتینك"ەوە هاتووە، یان وڵاتێکی تر، من ئەو دەم منداڵ بووم، دەمبیست ئەم ژنە کەسایەتیەکی بەکجار سەرنج ڕاکێشی بووە، لە بنەماڵەکەماندا یا هەر نەبێت زەهرەی نەنکم وایدەگووت و لە ناو چیرۆکە زۆرەکانی نەنکمدا چیرۆکی نەنکی نەنکم" نەعیمە" سەیر بووە:

له سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیزدا، له ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا. ئیمپراتۆریەتی فەرانسە"ئوجین" سەردانی ئەستەنبولی کرد، ئەو شاژنە ویستی سەردانی حەرەمسەرای سوڵتان بکات، داواکەی بۆ ئەنجام درا، ژنانی ئەو حەرەمسەرایەی دی، زۆری بەلاوە سەیر بوو، بەڵام نەیانتوانی پێکەوە گفتو گۆ بکەن، ئەجین یان" ئوژین" توانی تیانگەیەنێت، ئایا کەسێکیان تیادایە فەرەنسی بزانێت..؟ سەریان بۆ لە قاندەوە ئەو دەم یەکێك لە پیرەژنەکان وتی: لە پێشی ئەوەی شاژن"نەخشدڵ" بمرێت کچێك هەبوو، سوڵتان زۆری خۆشدەویست ناوی"نەعیمە" بوو فێری فەرەنسی کردبوو وابزانم ماوەو لە کۆشکی کۆندا دەژی.. زۆری نەکێشا نەعیمەیان هێنایە خزمەتی ئیمپراتۆریەتو لە شێوەی کچێکی بچکۆلانەی شەرمندا بوو، بە لەهجەی: مارتینگ" فەرەنسی دەدوا، کاتێك سوڵتان روانی وا ئەو کچەی بەلاوە گرنگە بە دیاری دایە ئیمپراتۆریەتو گەنجێك لە هاوراکانی شاژن ئوژین حەزی لە "نەعیمە"کردوو داوای لە شاژن کرد مۆڵەتی بدا تا بیخوازێت، بەڵام سوڵتان رازی نەبوو بەو داخوازییە وتی: بە پێی ئاینی ئێمە ئەو ژنو مێردیە سەرناگرێت، مەگەر کوڕەکە ببێتە ئیسلام، کوڕە باوەك کاسولیکێکی سەرسەخت بوو، بەڵام بووبە موسڵمان و سوڵتان پێشکەشی زۆری پێدانو لە دەڤەری مەکادونیادا گیرسانەوەو منداڵی زۆریان لێکەوتەوە، ئەو کوڕە کارگای بارودی دروستکردو بنەماڵەی بارودچی بووبە نازناوی. ئەو داستانە نەنکم گەلێك جار دەیگێڕایەوە، بەڵام من هەرگیز لە نەنکم نەپرسی ئەو پیرەژنە بە چ زمانێك لە گەڵ ئیمپراتۆریسدا دواوە، ئیدی من نازانم ئەو داستانە تا چ ئەندازەیەك راست بووە، یان ئەویشی رازێکە وەك رازەکانی ژیانی (نەخشدڵ).

ئەوەی دەزانین کەوا" ئیمی دی ریڤیری نەخشدڵ ١٧٦٣ز کچی بنەماڵەیەکی نەناسراوی مارتینگ بووە، کچە ئامۆزاکەی ژوزەفین تاشیە دولا" شووی کردۆتە ناپلیون بوناپارتو داستانێك دەگێڕنەوە کەوا ئەو دوو کچە دەچنە لای فالگیرێك بەختیان بۆ دەگرێتەوە، پێیان دەڵێ: هەردووکتان دەبنە شاژن، یەکێکتان شاژنی رۆژهەلات ئەوی کەتان شاژنی رۆژئاوا.

له ساڵی ١٧٨٤زدا کاتێك "ئیمی" لە قوتابخانەی راهیبەکانەوە بە کەشتی دەگەڕایەوە، دزە دەریاییەکان، "باربارۆس" رفاندوویانە، لە تەمەنی یانزەساڵیدا فرۆشراوەتە کابرایەکی جەزایری، کابرای جەزایری کە جوانی ئەو کچوڵەیەی دیوە وای بە چاك

زانیوە، بیکاتە دیاری بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدی یەکەم. ئیمی سەرو قژ زەردی زیرەك وزیت، سوڵتانەوە نزیك، وردە وردە پلەی بەرز بوویەوە بوو بە ژنی چوارەمی سوڵتان، ژنی یەکەمی سوڵتان ناوی" توخیت سزا" بووە، دووەمیان" میحریما"ی ناو بووە، ئەو دوو ژنە لە ململانێیەکی بەربلاودا بوونە، تا کوڕەکانیان جێگەی سوڵتان بگرنەوە، نەخشدڵ، هەروا سەیری دەکردو شت فێر دەبوو..

لە ساڵی ١٧٨٤زدا، ساڵی شۆڕش گەلی فرەنسا، سولـتان عەبدولحەمید لە تەمەنی بیستو حەوت ساڵیدا مردووە، سوڵتان سەلیمی سێهەم بووە بە سوڵتانو نەیهێلاوە نەخشدڵ لە حەرەمسەرا بڕواتە کۆشکی فەرمێسكو مەحموودی کوڕیشی لە گەڵدا بووە، یانی برازی سوڵتان، چونکە"نەخشدڵ"وەك دیاردەیەکی فەرەنساوی لە حەرەمسەرادا دەردەکەوەت، سولـتان ویستوویەتی ئەم دیاردەیە بپارێزێت و دوری پتەو کردنی نێوان ئەستەمولو پاریسی پێدراوەو کراوەتە باڵیوزی ئەو کەینو بەینە، سوڵتان سەلیم رۆژنامەیەکی بە زمانی فەرەنسی دەرهێناوەو" نەخشدڵ" کۆشکی سوڵتان لە سەر شێوەی مێعماری" روکوکو" رازاندۆتەوە، بەڵام ئەو عشقو عەلاقەی سوڵتان بەفەرهەنگی فەرانسا، بووە هۆی کوشتنی لە ١٨٠٧زدا لە لایەن ئایینە دەمارگرژەکانەوە ویستیانە محموودی کوڕە سولـتانیش بکوژن، بەڵام نەخشدڵ رزگاری کردووە، "محمود" سەرئەنجام بۆتە سوڵتان و یەکێك بووە لە سوڵتانە بەناو بانگەکانو کارە باشەکانی دەگەڕێنەوە بۆ رۆشنبیری و فەرهەنگی دایکی، ئەگەر چی نەخشدڵ بەزاهیر موسڵمان بووە، بەڵام لە دڵەوە هەر بەمەسیحی ماوەتەوە. لە سەردەمی مەرگدا داوای کردووە قەشەیەك نوێژی بە سەردا بکات و بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا دەروازەی حەرەمسەرا بۆ قەشەیەك دەگرێتەوە.

## خەساوەکان.

ڕۆژێکیان لە ماڵی کابرایەکی موسڵمانی دەوڵەمەندەوە دەردەچووم ژنەکەی دووچاری نەخۆشی دڵ بوو بوو نازانم سێهەم جارم بوو یان چوارەم لەو ڕۆیشتن‌و هاتنەمدا کابرایەکی خەساوی باڵا بەرز لە پێش منەوە دەیقیراند، ژنەکان خۆیان بشارنەوە. بۆ ئەوەی ژنانی حەرەم‌و کەنیزەکان بزانن.. بەڵێ وا پیاوێکی نامەحرەمی بیانی لە حەرەمسەرادایە، با چاوی نامەحرەمیان وەسەر نەکەوێت کاتێ دەردەچووم تەنها بووم. لە یەکێك لە ڕۆیستنەکانمدا یەکێك ئارام دەستی گرتم، نوارِیم خەساوێکی دیکەی گەنجە، تەمەنی لە نێوان هەژدە تا بیست دەبوو، بێ دەنگ وەستا بوو فرمێسك بە چاوانیدا دەچۆڕا.. کەهیچی نەدەوت. پرسیم فەرموو بزانم چیت بۆ بکەم؟

بە نزاو تاڵەوە وتی. دکتور تۆ دەوای تەواوی دەردەکانت لەیە یا دەرمانی منیشت لایە.؟

مەگەر خودا بزانێت چەندە بەو وتە کورت‌و کەمەیە نارەحەت بووم. ویستم وڵامی بدەمەوە. وەڵامەکەم لە قورگمدا خنکاو دەرگام کردەوەو چوومە دەرەوە. وە نەبێت ئەو نزاو داوا ئەو خەساوەم لە بیر چووبێتەوە، بەڵکوو تا ئەو ڕۆ ئەو روخسارە پەریشانەیم لە بەر چاوەو بۆی نارِەحەتم.

## سلێمان ئاغا.

دوا دوای چڵەکان بوو، لە شاری ئزمیردا دەژیام، لە خانوو بەرەیەکی پێنج نهۆمیدا، کە ڕۆژێك لە ڕۆژانی حەرەمسەرای یەکیك لە پاشاکان بووە، خەساوێکم دەناسی بە ناوی"سلێمان ئاغا".ڕوخسارێکی بێ مووی سافو لووسی زۆرتر لە بەقسەمی زەنجەبیل دەچوو، ئەو بێ موویەی بچووکتری نیشان دەدا.

منداڵبوم وام دەزانی ئەو سلێمان ئاغایە هەمیشە دیارییەکی لە گیرفاندایەو بۆ منی داناوە، ڕۆژێکیان لە باوەشیدا بووم. پێمیەوە ژەندو لە گیرفانیدا ئەنگوستیلەیەکی دەرهێناو کردییە پەنجەم و یەکێکی دیکەی لە پەنجەکەی دیکەی کردم، ئیدی تەواوی پەنجەکانمی پڕ کرد لە ئەنگوستیلە، هەر ئەنگوستیلەیەکی لە گیرفانیدا بە ئارامی

دەردەهێنا، لە روخسارم ورد دەبوویەوە تا ئەنـدزەی خۆشـحالیم بـۆی دەرکـەوێت، تـا بـە ئەورۆ کەس ئەوەندەی ئەو پیاوە خەساوە نازی نەکێشاوم.

لە پەنجاکاندا کە بۆ ئەنقەرە گوێزامانەوە، هەر سەردانی دەکردین و لـە گـەڵ خۆیـدا بەستەی شرینی بۆ دەهێنام، ئیدی هەرکاتێ بهاتبایە، دەمزانی بەشـی مـنی دیـاری پێیـە، کە بەلەشە کەتەکەیەوە دەهاتەماڵەوە، بە دەنگێکی نـەرم و شـکڵو شـەمایلی زۆرتـر لـە ژنان دەچوو، ئەمن نەم دەزانی ئەوە بۆ وایە زۆرتـر بـە یـەکێك لـە پورەکـانم دەزانـی تـا پیاوێك.

دایكو باوکم، دوور لە من بە خزمەتكار ناویان دەبرد، دایکم دەیگوت: ئـەو نـاوە بـۆ کەسێك ریشی نەبێت و برێك لە پیاوان ئاوان، ریـشیان دەنایـەت، برێـك جـار لـە بـاوکم دەبیست، لەو پیاوانە زۆریان نەماون، ئەگـەر ئـەو ژمارەیـە بمـرن ئیـدی لـەم وڵاتـەدا بـۆ هەمیشە کەس نایان بینێتو دیاردەیەکی زەمانی رابوردوو بۆ هەمیشە لە ناو دەچێت.

تەمەنم نۆ ساڵان بوو بیستم کەوا مردووە. بۆم دەرکەوت خەسـاو بـەو پیـاوە دەڵێن، ئالەتی جنسی براببێت و تا ئەو دەمە ئاڵەتی جنسی پیاوانم نەدیبو، کە بیرم لێدەکردەوە بە چەقۆ ئاڵەتی پیاوێك ببڕن، موچرکەم پیادا دەهات.

نەم دەتوانی ئەو پرسیارانە لە باوکم و دایکم بکـەم، هاوڕێکانیـشم زۆرتریـان لـە مـن نەدەزانی، وەلە وانـەی مێـژوودا دەربـارەی ئـەو خەسـاوانەمان دەخوێنـد، هـی سـەردەمی سوڵتانەکانی عوسمانیو ئاماژە بەو خەساوانە دەکرا کە چـەندە لـە کاروبـاری دەوڵەتـدا دەسەڵاتدارو قسە رۆیشتوو بوونە. سلێمان ئاغا یەکێك بوو لەو دو خەساوانە.

لـەو دەمــەوە لـە فیلمەسـینەماییەکاندا، یـان شـانۆگەرییەکاندا یـان لـە ئاهـەنگی سـەماکاندا کەسایەتی ئـەو خەسـاوانەن پیـاوانی وەرزشـکار رۆڵـەکانیان نیـشان دەدا، بـە تایبـەت رەش پێـستە بازوڵـە ئەسـتوورەکان، کـە زۆربـەی لەشـیان بـە دەرەوە بـووە و خنجەری جواهێر نیشانیان بە بەرۆکەوە دەبوو، بەڵام ئەوانـە هـەرگیز لـە سلیمان ئاغـا نەدەچوون خەسـاندن کـەی هاتووەتـە کایـەوە؟ کـێ و چـۆن کەوتوونەتـە ئـەو بیـرەوە..؟ ئەمانە هەمووی پرسیارە و دوای تەقەلایەکی زۆر وەڵامەکانیم وەچنگ هێناوە، زۆربەی ئەو وەڵامانەش پابەندی خەیاڵو ئەندێشەیە..

وەك زانراوە، ئەو دیاردەیە سەرەتا، لە دۆڵی رافیدەتیدا رویداوە، "میزوپۆتامیا" ئەو دۆڵە بێشکەی فەرهەنگی بەشەرییەت بووە، دوو رووباری بـە نـاو بـانگ، دیجلەو فـورات،

لەو خوراەوە تێکەڵاو دەبن، دەرژێنە خەلیجی فارس. لەو دۆڵەیدا هۆزو میللەتانی جۆراوجۆر ژیاوە، دایك سالاری لەوێڕا سەری هەڵداوە، لە سەدەی نۆهەمی پێش زایندا، شاژن"سەمیرامیس" شاژنی دەسەڵاتی ئاشووری، ئەو فەرمانەی داوە، کۆیلەکان بخەسێنن‌و شاژنەکانی تر چاویان لەو کردووەو ئەو کارەیان ئەنجام داوە..

"ژیراردی نرڤال" لە کتێبی" گەشتێك بۆ رۆژهەڵات" دەڵێت: "دەستەو دایەرەیەکی زۆری زەبەنە لە خەساوەکان بە دوای کەژاوەی شاژنی سەبەئدا بوون" بەلقیس".

# قوڵە ڕەشەکانی سوڵتان سلێمان

هەر کە فەرمان ڕوایی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کەوتە دەستی سوڵتان سلێمانی دووهەم بە پێچەوانەی باوکی کاتی زۆرتری لە باوشی پەری روخساراتی میللەتە چەپاوکراوەکاندا دەگوزەراند.

حەرەمسەرای سوڵتان هەمەچەشنەی تیادا بوو، ئافرەتی لەش نەرم و خوێن گەرمو بە سەدان ئەگریجەی زەردو زێرینو رەش بە خەرمان. پێستی سپیو زەردو وەش فراوان. ئەندامی کەڵەگەتو باڵاو ئاڵاو ناوەراست و کوڵە باڵا لە هەر قوژبنێکی حەرەمسەرادا وەدی دەرکران.

هەر شەوێك لە شەوانی سوڵتان تەرخانە کرابوو بۆ هەری پەیکەرێك. هەموو شەوێك سوڵتان دەبوایە بەزمێکی تازەو نوێیان بۆ بگێڕایە.

نەوای سمتورو چەنگو شمشاڵو بلوێر تێکەڵ بە هونەرو هەڵبەستو سەماو مەیو بادە بوو. هەر شەو سەدان ئافرەت لە جۆشو خرۆشدا دەبوو تا سوڵتان بێتە سەر کەیفو حەزی بجوڵێت. هەنگاوەکان دڵ ڕفێنانە دەنرا. جوڵانەوەکان هەوەس ئەنگیزانە دەکرا. بادە لە دەمو لێو دوور نەدخراوە، سووری و ئاڵی شەرابی کۆنەو نایاب هێندەی تر دەمو لێوی گۆشتنی خوێن تێ زاوی ئافرەتانی رەنگین تر دەکرد.

ئافرەتانی حەرەمسەرا لە تاوی هەوەسو تامەزرۆییدا لێوە لەرەیان دەکرد. دولبەرەکان کەنیزەکان چو پەپولەی ڕەنگاوڕەنگ لە تالاردا هاتوو چۆیان بوو، مەدهوشان نیوە رووت و سنگو گەردن بلورین نازیان دەنواند. شیلکەی ڕانی جوان داتاشراوی مەڕمەڕینیان چاوی تێرو برسییان دەهێنایە سەما. خەنجەر بەدستانی قوڵە ڕەشی سوڵتان وەك پڵنگێکی برسی برسی دەیان نواڕییە هەر جوڵاوەیەکدا، دەربار بۆ ساتێك نەدەسرەوت نا چاوی تێر نەبووی سوڵتان دەچووە خەو. ئەو دەمە دزیو ئاشکرا قوڵە رەشەکان لە ڕارەوو تارمایی کۆشکدا بڵاوەیان لێ دەکردو ئاگادارو ئامادە دەبوون بۆ هەر ڕووداوێك..!!

سوڵتان وەك هەمیشە لە سنگی شانشینەوە شانی لە سەر سەرینی پەڕی قووی نەرمو نیان دادەداو دەینواڕییە پەری زادانو دەیخواردەوە. لە پڕ پەکێکی خۆڵاوی دیار بوو لە

رێگایـەکی دوورەوەی هـاتووە، هـات بـە ژووردواو چـو بـە چـۆکداو زەوی مـاچ کـردوو نامەیەکی دایە دەست سوڵتانەوە.

سوڵتان نامەی دایە دەست یەکێك لە میرزا بنووسەکانەوە تا بخوێنێتەوە. لەو نامـەدا فـەرمانی ڕەوای هـەنگاویان شـازادە(بروسـکی)داوا لـە دەرگـای سـوڵتان دەکـات مۆڵـەتی بدرێتی تا بگاتە خزمەتی سوڵتان. سوڵتان فـەرمانی دا چـەند هـەزار سـەربازێکی(یـەنی چـری) تـا سـەر سـنوور بڕۆنـە پێـشوازی شـازادەی هـەنگاریاوەو دیـسان بـە تەماشـای دولبەرانەوە خەریك بوو.

دە رۆژی نەخایانـد شـازادەی هـەنگاریا گەیـشتە پایتـەختو سـوڵتان تـا دەری دەربا(سرایلە) رۆیشتە پێشوازی شازادەوەو لە گەڵ خۆیدا هێنایە ژوورەوە.

وەك هـەر شـەوێك بـەزمی شـەوانەی سـوڵتان دەسـتی پـێکرد. شـازادەی هـەنگاری نەیـدەتوانی ئـەو هـەموو ڕازنـدنـەوەو دەسـەڵاتو شـکۆو جـەلالی دەربـاری عوسمـانیـیـە بسەلێنێت..

سوڵتان ڕێزێکی تایبەتی لە شازادە گرتو چەند بڕیارنامەیەکیان پێکەوە ئیمزا کرد. هۆزە چیاییەکانی ناوچەی(هۆزەکوین)ی وڵاتی یوگوسلافیا هەر کاتێك دەستیان دایـەوە تاڵانیو برینو ڕێگا گرتن، شازادەی هەنگاریا بەرەنگارییان بکاو دایـان مرکێنێتـەوە.. لـە لایەکی تـرەوە هـەر کاتێـك خێڵـەکانی تاتـار ویـستیان هێـرش بهێنـە سـەر خـاكو وڵاتـی هەنگاریا سوپای سوڵتان دایان پلۆسێتەوە.. ئەم پەیمانە لە سەر بـەرگی قورئـانی پیرۆزو سوڵتانو شازازاد ئیمزایان کرد..

ئێستایش ئەو قورئانە وئینجیلە لە مۆزەخانـەی(استـانبول)دا پـارێزراوەو دەبنیرێت-وەرگێڕ.

شازادە(بروسـکی) چـەند رۆژێـك بـە میـوانی لای سـوڵتان مایـەوەو سـەری سـڕ مـابوو توانـاو دەسـەڵاتی سـوڵتان..لـە هـەموو شـت سـرنج ڕاکێـشەرو بـەلای شـازادەوە قوڵـە ڕەشەکانی نێو دەرباری سوڵتان بوو نەیدەزانی ئەو قوڵە ڕەشانە بۆ وەك دار ئەبـەنووس جگە لە چاویان بـچووکترین جمـو جۆڵیـان پێـوە نابینرێـت. لـە دوای ڕۆژی میوانداریـدا شازادە خۆی نەگرتو رووی کردە سوڵتانو وتی:

هەموو شتێك لەم دەربارە بـە شـکۆیەدا تـێ گەیـشتم جگـە لـە کـارو بـاری ئـەو قوڵـە رەشانە نەبێت، ئاخۆ دەبێت چ کارە بنو بە دەردی چ کارێك دێن؟!

سوڵتان وتی ئێستا بۆت ڕوون دەکەمەوە بە دەردی چ کارێك دێن فەرمانی دا سێوێك بە تاڵێك بەنی ئاورێشمەوە ببەستن‌و لە ناوەڕاستی تالارەکەدا هەڵی بواسن. فەرمانی سوڵتان ئەنجام دراو ئینجا وتی: ئادەی بیلەخشێنن با بێت‌و بڕوا.. سێویان لەخشاندو دەستی کرد. بە هاتوو چۆ بەو ئاسمانەوە. ئینجا ڕووی کردە یەکێك لە قوڵە ڕەشە خەنجەر بە کەمەرەکانەوەو وتی: ئا دەی بیپێکە. قوڵە ڕەش چاپوکانە خەنجەری لە کێلان هەڵکێشاو بەرەو سێو هاوێشتی‌و سێ‌ی کرد بە دوو کەرتەوە.شازادە ئەگەر بە چاوی خۆی نەیدیبایە هەرگیز باوەڕی نەدەکرد.. ئینجا رووی کردە سۆڵتان‌و وتی: لە پێشگای سوڵتان داوا کارم یەکێك لەو قوڵە ڕەشانەم پێ ببەخشێت بۆ پاراستنی خۆم لە دوژمنانی نامەرد..

سوڵتان وەڵامی دایەوە: تەنها بەخشینی من کافی نییە، ئەبێت سۆێندی وەفاداریت بۆ بخۆن. ئەگینا کاریان چاك ئەنجام نادەن.

سوڵتان فەرمانی دا دوو قوڵە ڕەشی خەنجەر بە کەمەریان هێناو سۆێندو سۆێندخواردنیان پێ ئەنجام دراو بە خشێنرانە شازادەو لە گەڵ خۆیدا بردیانی بۆ وڵاتی هەنگاریا.

لە کۆشکی شازادەدا لە دوو ئافرەت زیاتری تیادا نەدەبینرا، یەکێکیان ئامۆزای شازادەو شا ژنی شازادە بوو، ئەوی تریان کچە جوانکیلەیەکی تاتاری خوێن گەرم بوو، شازادە دەیویست هەر چۆنێك بووە ژنەکەی تەڵاق بداو کچە تاتارییەکە بخاتە شوێنی، هەرچی دوکۆشاو دەیکرد چارە سەری یەك پەیدا بکات سەر نەدەکەوت.. کڵیسا بەو کارە ڕازی نەبوو. میللەت کچە تاتارییەك بە شا ژن دانانێت.. ئیتر شازادە چاوەڕوانی هەل بوو. چەند ساڵێك بە زۆرە ملێ شازادە لە گەڵ کچە تاتاریدا دەژیان.. ساڵان تێ پەڕی‌و ژنە تاتاری لەو جۆرە ژیانە وەڕس بوو بوو.. بڕیاری دا بە هەر نرخێك بووە دەبێت شا ژن لە ناو بەرێت.

شەوێك لە شەوان تاریکی وەك داڵێکی لاش خۆر باڵی داکشاندیوو بە هەموو لادا. ژنە تاتاری بە ئاسپایی بەرەو هەنوزگای شا ژن کەوتە ڕێ. دووروو نزیك هیچ نەدەبیسترا. دەرگای ژووری شا ژنی کردەوە. قوڵە پێش لە پەنا دیوارێکدا دەینواڕییە ڕێ ڕۆیشتنی ژنە تاتاری‌و بۆی دەرکەوت ئەو ڕێ ڕۆیشتنە لە رزینی لەشی تێکەڵەو دوو دڵی‌و ترسی پێوە دیارە بۆیە لێی کەوتە گومانەوە بە ئاسپایی کەوتە دوای ژنە.

له كاتێكدا ژنه تاتاری خەنجەری بەرەو ئاسمان بەرز كردەوە تا له ناوەڕاستی هەردوو مەمكی ژنه شازادەدا نوقمی بكات. له پڕ ناڵەیەك له دەمی هاته دەرەوەو به لەشی خوێناوییەوە كەوته سەر لەشی خەوتووی بێ ئاگای ژنه شازادە. ژنه شازادە له خەو ڕاپەڕی و پڕ به دەم قیژاندیو له ژوورێكی ترەوە شازادەش له خەو ڕاپەڕیو چرایان داگیرساندو نواڕیان خەنجەرێك تا دەستەكەی له دڵی ژنه تاتاریدا جێگیر بووە..!!

شازادە به كوشتنی ژنه تاتاری گەلێك ئاڵۆز بوو وتی: كێ كوشتی؟ قوڵه ڕەش هاته پێشەوەو وتی: من كوشتم له بەر ئەوەی دیم وا دەڕوات یەكێك له ئێوه بكوژێت، له سەرەتاوه ویستم دەستی به ئاسمانەوه بپێكم بەڵام له بەر ئەوەی تۆزێك درەنگ گەیشتمو له تاریكی ترسام بۆیه ناچار بووم دڵیم كرده نیشان.. شازادە دامركایەوه و وتی: تۆ هەرچی بڵێیت ڕاست ئەكەیت. بەڵام مەرج بێت دوای مەرگی ئەو تا دەمێنم سەرم له سەر سەرینی ئافرەتان نەكەوێتو تەواوی كاتو بیرم تەرخان بكەم بۆ وڵاتەكەم.

## کۆیلەداری لە سەدەکانی ناوەڕاستدا

لە سەدەکانی ناوەڕستدا بازرگانی کۆیلەو کویلەداری لە سەرتاسەری ئەوروپادا ڕەواجێکی زۆری هەبوو. هەروەها لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیشدا ئەوروپای ڕۆژهەلات بە کانگای کۆیلەو بازرگانی کۆیلە ناسراوە، سلاڤەکان نورکەکان، روسی، هندی، چەرکسی، بەربەر، مەراکیشیو ولاتانی خوارەوەی سارای گەورەی ئەفریقیا بە ولاتی هەمیشە کۆیلەی زۆر ژمێردراون. ڕێچکەی زەواری کۆیلە لە ڕۆژهەلاتەوە بۆ ڕۆژئاوا سەرەنجام ولاتی موسلمانان لە بارەی کۆیلەداریەوە جێگەی دەسەلاتی ڕۆمانی گرتەوە.

دەولەت شارەکانی وەك ژەنەوەی ئیتالیا، ڤینیسیا، پیزا، توسکانی سەخت بە بازرگانی کۆیلەو سەرگەرم بوون لە بەر وەزعی جوکرافیایی ئیتالیا ئەو ولاتە بوو بە دەروازەی ئەوروپا بۆ کڕینو فرۆشتنی کۆیلەو خێزانێکی لە شاری توسکانیدا، سەدەی چواردەهەم" نەدەبینرا" لە یەك کۆیلە کەمتری لە ماڵدا هەبێت. لە ژن بە شوداندا کۆیلەش بەشێك بووە لە دیاری نێوان ژنو مێرد، یان پزیشك لە جیاتی دەرمانی نەخۆشەکان کۆیلەی وەردەگرت، یان پێشکەش قەشەکان دەکران، یا وەك خزمەتکاری ناو ماڵ یا بۆ رابواردن سودیان لێ وەردەگیرا. زۆربەی ئەو کۆیلەنە سپی پێست بوونەو لە ڕۆژهەلاتی ئەوروپاوە دەهێنران، لە ناوەراستی سەدەی چواردەهەمدا تاعون بلاو بووەوە زیاتر لە ٣٠٪ خەلکی ئەوروپای لە ناو برد، تاعونی رەش وەك یەك خەلکی دەکوشت، دەولەمەندو هەژارو کۆیلەی وەك یەك لە ناو دەبرد، ئەوانەی مانەوە لە مەرگی رەشی رزگار بوو بوون بوونە وارسی کاروباری دارایی مردوان. سەرئەنجام نیازێکی زۆر گرنگ بە کۆیلەی تازە نەفەس پەیدا بوو بۆ رواندنی کارو بار.

## بونگای کۆیلە فرۆشتن.

کۆیلەدار لە جێگەیەکی بلند دا دادەنیشت، کۆیلەکانی دەڕازاندەوە، بە جلو بەرگی رەنگاو رەنگ، هەتا وەکو زێڕو زیوی دەکردە گەردنو دەستو پلیان، بۆ جوانتر نواندن، کە دەفرۆشران تەواوی ئەوانەی لێ دەکردەوەو دەیکردە قەدو بەری یەکێکی تردا.

## کۆیله له کۆمه‌ڵگای موسلماندا

کۆیله‌داری لـه وڵاتـانی عه‌ره‌بـدا هـه‌بووه، میللـه‌تی عـه‌ره‌ب یـه‌كێكن لـه‌و میلله‌تانـه‌ی به‌زوری به‌و بازرگانیه‌وه خه‌ریك بووه، به‌تایبه‌ت له رێگای هێنانی كۆیلـه‌ی ئـه‌فریقیایی بـۆ تـه‌واوی جیهـان، رێگه‌یـه‌كی دوورو درێـژی پـڕ لـه دژواریو گرفتاریـان ده‌بـڕی، لـه رۆژئاواوی بۆ رۆژهه‌ڵات چ له رێگای ده‌ریاوه یان سارای گه‌رمو پـڕ تۆفانی لم‌و گه‌رمای سوتێنه‌ر، سه‌لاتین‌و ده‌ست رۆیـشتوانی ئـه‌فریقیای یـه‌كێك لـه كاره گـه‌وره‌كانیان كۆیلـه فرۆشتن بووه، بازه‌رگانی عه‌ره‌ب ئه‌وه‌نده په‌یوه‌ندی هاتوو چۆیان لـه گـه‌ڵ رۆژهـه‌ڵاتی ئه‌فریقیادا زۆربووه، زمانێكی تایبه‌تی تێكه‌ڵو پێكه‌ڵی عه‌ره‌بی و ئه‌فریقی پێك هـاتووه به ناوی"ساحلی" ئه‌م زمانه زۆر كاروباری نێوانی ئاسان كردبـوو هـه‌ر رێگـه‌وه كوتـاڵو نیازمه‌ندییه‌كانیان ده‌گه‌یانده دڵی ئه‌فریقیاو له‌وێڕا له رێگه‌ی ئاڵو گۆڕه‌وه نیازمه‌نـدی تریان ده‌سه‌ندو ده‌یانگه‌یانده رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست بازه‌رگانی عه‌ره‌ب له ماوه‌ی سێ سه‌د ساڵدا بو ئه‌فریقیا خورمـاو هـه‌نجیرو شـه‌كرو سـه‌ده‌ف و ئاسـن‌و مـس‌و پارچـه‌و كوتـاڵی ره‌نگاو ره‌نگـو ئاوێنه‌و شووشه‌و ئه‌سپی گران به‌هاو خۆیان ده‌گه‌یانده ئه‌فریقا لـه وێـڕا عاج و پێست و چه‌رم و بیبه‌ر ئه‌به‌نوس و پاوده‌ری میخه‌ك  و زێڕ و كۆیله‌یان ده‌هێنـا، له ساڵی ٦٥٠ی زایینی تا سه‌ده‌ی نۆزده‌هـه‌م عـره‌ب هـه‌ژده ملیـون كۆیلـه‌ی لـه ئـه‌فریقاوه گه‌یاندووه‌ته وڵاته ئیسلامییه‌كان به رێگه‌و بانێكدا كه زۆرتر له سێ مانگی ده‌خایاند.

ئانتۆنی جیمز هاپكێنز مێژوو نووسی ئابووری ده‌ڵێت: زه‌وارێـكی دوور و درێـژی پـڕ له مه‌ترسی و دژواری به درێژایی چه‌ندین سه‌ده هه‌موو ساڵێك دووباره ده‌بوویه‌وه، ساڵ به ساڵ گرنگتر ده‌بوو ئه‌و رێچكه و ئاڵوگۆر یه‌كێك بوو له گـه‌وره‌ترین رێگـه‌ی بازرگـانی ئه‌و ده‌مانه.

كۆمه‌ڵگای موسڵمانان له باكووری ئه‌فریقیا و رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاسـتكۆیله‌یان بـۆ كـاری كشت و كاڵ به‌كار ده‌برد به تایبه‌تی له میسر و مه‌راكیشدا. یان بۆ كـاری نـاو مـاڵ و بـۆ چه‌كداری له ناو سپا و له‌شكر و یان ژنیـان بـۆ رابـواردن ده‌كـرڕ و لـه حه‌ره‌مـدا ده‌یـان پاراسـتن. حه‌ره‌مـسه‌رای موسـڵمانان وابـوو سـه‌د ئـافره‌تی تێـدا بـووه بـێ ئـه‌وه‌ی ده‌ره‌وه ببینن. ره‌فتاری موسلمانان له گه‌ڵ كۆیله‌دا چـه‌ندین مـه‌رجی بـۆ دانرابـوو. خاوه‌نه‌كـه‌ی خاوه‌نی بووه و هه‌تاوه‌كوو مافی كوشتنی هه‌بوو.

## کۆیلەداری لە ئەفریقیا.

ئـەفریقیا لـە گـەلێ وڵاتـی گـەورە پێـك هـاتووە. بـەڵام سـاراکەی یـەکجار بـەرینو بەربڵاوە، ئەفریقیا دەکاتـە دوو بەشـەوە، ئـەفریقیای بـاکورو ئـەفریقیای باشـور، بەشـی سەرەوەی میللەتانی وەك بەربەر لییە، کە لە بنەڕەتدا زۆربەی زۆری باکووری ئـەفریقیا ئـەوانن، دوای عـەرەب. ئیـدی لـە دوای سـارای گـەرم و وشـكو بـرینگ تادەگاتـە هێڵـی ئیـستیوا، کـە جەنگـەڵی ئیـستیوایی پـڕ لـە بـارانو نمـدارە، لەوێـدا سـەدان ڕەگـەزی جۆراوجۆری ڕەش پێستەکان دەژین، دەیەها دەوڵەتو شاو دەسـەڵاتی جۆراوجـۆر لـەوێڕا وەدی دەکرێن.

کادامۆسـتو، گەشـتیاری ڤینیـسیای سـەدەکانی ناوەڕاسـت، بـۆ وڵاتـی سـەنگال چـووەو نووسیویەتی:

شایەك لەو وڵاتەدا دەژی هـیچ دارایـی و دەوڵەمەندییـەکی نییـە جگـە لـە پێـشکەشی میرزادەو دەست ڕۆیشتوانی وڵاتەکە نەبێ کە هەموو سـاڵێك بـۆ وەفـاداری شـا، ئەسـپێك، کەزۆر لەو وڵاتەدا نایابە، یان گایەك یان بزنێك دەبەخشنە شاو، ئەویشی وڵاتەکەیان لـە دوژمنـان دەپارێزێـت، لـەو وڵاتــەدا کۆیلـە فراوانــە، شـای وڵات لـە گـەڵ بازەرگانـە عەرەبەکاندا بە ئەسپ و ئاژەڵ دەیانگۆڕێتەوە.

گەڕیدەیـەکی تـر، بـە نـاوی ریتـشارد برتـون لـە سـاڵی ١٨٦٠زدا ڕێگـای دەکەوێتـە ئەفریقیای ناوەندی، لە بارەی کۆیلەدارییەوە دەڵێ:

تەواوی ئەو شەڕانە وا لە ئەفریقیادا روو دەدەن، لە بەر دوو مەبەستە، ئاژەڵ دزینو مرۆڤ ڕفاندن، کە کـارو پیـشەیەکی دێـرینو هەمیـشەیی ئـەو وڵاتانەیـە، ململانـی نێـوان دەسەڵات داران بە دیل کردنو بە کۆیلە کردن، تەواوی ئەو دیلانە نافرۆشرێن، بڕێکیـان لـە کارخانـەو کافەکانـدا سـوخرەیان پـێ دەکـەن سـەرجەم ژیـانی کۆیلـەو وەزعـی کۆمەڵایەتی کۆیلە لە ئەفریقیادا لە ئەمریکا باشتر بووە، لە ئـەفریقیادا خێزانیـان پێـك دەهێنا، دەبوونە خاوەنی دارایـی خۆیـان، هـەتاوەکوو کۆیلەشـیان هـەبووە. تـا کۆیلەیـەك کارو کاسبیو لێهاتوویی باشتر بوایە بەو گوێرەیە پلەی کۆمەڵایـەتی بـاڵاو بـاڵاتر دەبـوو، بڕێك لە کۆیلەکان چەخماخ کاربوون، چەکیان دروست دەکـرد، یـان بەلـەمیان دەسـازاند، یان بەیتاڵیان دەکرد، یان دەبوونە چەکداری تایبەتی شا، ئەوانـەی لـە کـانو کـشتوکاڵدا

کاریان پێدەکردن ژیانیان دژوارو پڕ لە دەردەسەرەبوو، جاروبار لە باتی نەزرو قوربانی کۆیلەیان سەردەبڕی.

## کۆیلەی ناو ئەفریقیا

قەشەیەکی بەریتانیایی لە گەڵ کاروانی کۆیلەدارێکی عەرەبدا بەرەو بازاڕی زەنجەبار رۆیشتووە نارەزایی خۆی گەیاندوەتە دەوڵەتی زەنجەبارو دەوڵەتی بەریتانیا، جا لەم رووەوە و توویەتی:

بە هیچ جۆرێك بۆگەنی سەرو سورەتو لەشیو ئەندامی ئەو کۆیلە بەدبەختانەم بۆ وەسف ناکرێت، لەشیان پڕ لەزامی قامچی وشولودار بوو، هەر کوێ دەچوون کۆمەڵێك مێشی بە دوایانەوە بوو، ئەو رێگایەی دەیانبڕی بە درێژایی هەزار میلە، هەریەك لە پارێزەرانی ئەو زەوارە تفەنگێكو شمشێرێکی پێیە، لە سەرکردەی زەوارێکم پرسی:

وەزعی ئەو کۆیلانە بەربادە.. لە وەڵامدا وتی:

ئەوانە چارەیان نییە، یا دەبێ ئەو بارانە بگەیێننە جێگە، یان دەبێ بمرن، وتم: ئەگەر نەیانتوانی بەرێگەوە برۆن چی؟. نێزەکەی راوەشان بەمە دەیانڕانم.

وتم: ئەو ژنانە جگە منداڵێك"عاج"ێکیش بە کۆڵیانەوەیە..وتی: ئەو دەم منداڵەکە دەکوژینو بابەتەنها عاجەکە هەلگرێ.

تۆڕی بازرگانی کۆیلە لە نێوان عەرەبو ئەفریقیادا.

کاتێك بازرگانانی باکوری ئەفریقیا سارای ئەفریقیایان بڕیوو، پەیوەندیان لە گەڵ شاو دەسەڵاتدارانی ئەفریقیای مەرکەزیدا پەیدا کرد، زۆر شتیان لە گەڵ یەکدا دەگۆڕییەوە، زێڕ، عاج، خوێ، ئەبەنوسی، پێستەی درندەکان، مس، عەرەب زۆرتر بۆ کڕینی کۆیلە ئەو رێگە پڕ لە دژوارو مەترسیدارەی دەخستە بەر خۆ. سەرۆك تیرەکان دەکۆشان ژنە کۆیلەکان کەمتر بفرۆشن، بازرگانانی ئەوروپایش پایان بۆ ئەوێ کرابووە، چەكو تەقەمەنیو بارووتو پارچەو خواردنەوەو ئەسپیان دەهێنا. یەك دانە ئەسپ لە جیاتی دەتا پانزە کۆیلە وەردەگیرا، مێژوونووسی ولیام دی فیلیبسی دەڵێت:

ئەسپ بە کۆیلە گۆڕینەوە، بازاری گەرم بووە.. بازرگانیو شەڕ دوو کارو کردەوەی تێکەڵاو بوون، زەواری باکوری ئەفریقیا دەبوا کاروان سالارو کارامەی لە گەڵدا بوایە، رێ هەڵگرو ئاو و ئازوقەو چەکداری پاراستنو شوێنی پا هەڵگرو نوسەریشیان لە گەڵ خۆدا دەبرد، هەتا وەکو بەیتاڵیش بۆ تیمار کردنی چوار پاکانیان.

بازرگانی رۆژهەڵاتی ئەفریقیا بە دەست عەرەبەوە بووە.

زۆری کۆیلەیان گەیاندە لەشکری مەمالیك، کە زۆربەی ئەو کۆیلانە سلاقو چەرکەسی بوون، کە ساڵانە دوو هەزاریان بە مەمالیك دەفرۆشت، نووسەرێکی ئیسپانیایی بە ناوی(پروشارەدا) رۆیشتۆتە"کافا" دەڵێت:

لەو شارەدا کە بە شاری کۆیلە دەژمێردرێت، من دوو ژنو پیاوێکی کۆیلەم لەو شارەدا کڕی و ئەوڕۆکە بوون بە خاوەنی منداڵو لە ئیسپانیادان و من خاوەنیانم. رەسم وابووە کە کۆیلە رووتو قووت بکرێتەوەو چەند جوڵانەوەو چەند هەنگاوێکی بهاوێژێت تا بزانرێت تەنی دروستە یا نا. ئەودەم دادەپۆشرێن و دەکەونە مامەلەوە.! زۆربەی کۆیلەی ئەو بەندەرەگایە، خەڵکی دەوروبەری دەریای رەشو دەریاچەی خەزەر و ئاسیای ناوەڕاست بوون.

# کۆیلە بوون لە سەدەکانی ناوەڕاستدا

مارکوپولۆ، لە یادەشتەکانیدا دەڵێت:

خەڵکی بۆنگالی هێندوستان، بازرگانی زۆر گەورەو سەرەیان تیادایە، بۆن، مەڵهەم، زەنجەفیل، شەکەر، دەواو دەرمان. بەوڵاتانی تر دەفرۆشن. لە جیاتی کۆیلەو خواجەی خەساویان دەسەند.

خەواجەی خەساو لەو دەورو بەرانەدا زۆرن، دوای هەر شەڕێك ئەوەی دەستگیر بکرێت، ئازا زو دەیخەسێنن.. لە وڵاتی چیندا، خێزانە هەژارەکان کچەکانیان دەفرۆشنە دەوڵەمەندان. روسە هەمیشە سەر خۆشەکان منداڵەکانیان دەفرۆشن، تا پارەی خواردنەوەی رۆژانەیان تەئمین بکەن.

## کۆیلە لە دەوڵەت و شارەکانی ئیتالیادا

کلیبا دەکۆشا کۆیلەی مەسیحی بەغەیری مەسیحی نەفرۆشرێت، بەڵام بازرگانانی کۆیلە، بە کۆیلەی موسڵمان لە قەڵەمیان دەدان. زۆریان لە کۆیلەکان دەکرد ئاینیان بگۆڕن، لە زۆربەی کاتدا پەیمانی نێوان ژنەوەییەکانو مەمالیك ئەو رچەیە شکاند، ئەو کۆیلانەی وا دەگەیینرانە ئیتالیا زۆربەی زۆریان ژنانی گەنجو جوانکیلە بوون، بۆ رابواردن و سوودی ناو جێگەە بەکاریان دەبردن، ئەو کۆیلانەی سکیان پڕ دەبوو خاوەنەکانیان یا دەیان فرۆشتن یان ئازادیان دەکردنو مارەیان دەکردن.. لە ساڵی ١٤٢٧ز"کاسیمودومدیس" خەڵکی شاری فلورەنسا بوو، لە کچە کۆیلەیەکی چەرکەسی کوڕێکی بووە، ئە کوڕە لە دواییدا بووە بە قەشەی گەورەی براتو.. مارەکردنی کۆیلە، پێدانی نازناوی خەڵکی شاربون لە نرخو بە دەست هێنانی ئازادیدا کاری بووە. مارکۆپولۆ لە گەڵ خۆیدا کۆیلەیەکی تەتەری هێنابوو، لە دواییدا ماڤ خەڵکی شار بوونی پێدراو لە ساڵی ١٣٢٤ز ئازادکرا.

## شەکەرو کۆیلە

گەورەترین هۆی گەرمی بازرگانی کۆیلەو کۆیلەداری کشتو کاڵی نەی شەکر(قصب السكر) بووە. لە سەدەی شانزەهەمدا کشتو کاڵی نەی شەکر چ لە ئەوروپا چ لە ئەمریکاو وڵاتانی تردا، پەرەی سەندووەو بووە بە باو، بە تایبەت لە وڵاتانی کارائیبدا، ئیتر لەشکری کۆیلەیان بەرەو ئەو وڵاتانە سەراژێر کرد. سەلیبیەکان لە سوریەدا بۆ یەکەمین جار شەکەریان وەبەر چاو کەوتووەو لەوێدا خۆیان دەستیان بە کشتو کاڵی نەی شەکر کردووە، کە سەلیبیەکانیان وەدەر نا موسڵمانەکان لە شاری قاهیرەدا ٦٢ کارخانەی شەکەر سازیان سازاندووەو بەرهەمەکانیان بۆ ئەوروپاو وڵاتانی ژێر دەستەی وەك دورگەی گریت یان کوبرسی دەنارد.

# پێست سوورەکانو کۆیلایەتی

بۆ یەکەمین جار، ئەوروپا، پێ خستە سەر خاکی ئـەمریکا، میللـەتانی ئـەو وڵاتـە تـا رادەیەکی زۆر خاوەنی فەرهەنگی خۆیان بوون. بەو شێوەی کۆیلەداری لە ئەوروپادا بـاو بـووە لـەوێرا وەدی نـەدەکرا، وە نـەبێت کۆیلـەی تیـادا نـەبوو بێـت بـەڵکو ئالییـەتی کۆیلەداری وەك ئەوروپاو ئاسیا تیادا بە کار نەدەبرا. کریستوف کولومبی، لە ساڵی ١٤٩٢ز گەیشتە ئەو وڵاتە، لەوێا فەرهەنگی میللەتانی ئولەك، زاپوتیـك، مایـا، تئـونی، هوئاکـان، تولیتك، میکستكوئازتك تا رادەیـەك خـاوەنی فەرهـەنگی پێگەیـشتووبوون کـشتو کـاڵی سـەرکەوتوو، ئـاینی جۆراجـۆری تێـدا دەبینـرا. لـە نـاو قـەومی"ئازتـەك"دا رەوالـی کۆیلـەداری دەبینـرا، شـەڕو شـوڕو بـەدیل گـرتنو تاوانبـاران بـە کۆیلـە کـردن، یـان قەرزارەکان یا هەژارەکان دەکرانە کۆیلە. ئەگەر دزێك لـە کـاتی دزیـدا بگیرایـە، دەکرایـە کۆیلەی ماڵ دزراو. قوماربازان، لە قومـاردا قـەرزار بوایـەن دەکرانـە کۆیلـە، پیـاو کـوڕان دەکرانـە کۆیلـە، فـەقیری بـە بەڵگـەی سـەرەکی کۆیلـەداری دەژمێـردرا، زۆر کـەس لـە هەژاریدا هەر بە نانەسك ئامادەی بە کۆیلە بوون دەبوو رەفتـاری ناپەسـەندیان لـە گـەڵا نـەدەکرا. تـا ئـسپانیەکان گەیـشتنە ئـەو وڵاتانـە، ئیـدی سیـستەمی کۆیلـەداری کەوتـە قۆناغێکی پڕ لە توندوو تیژییـەوە، لـە مێـژدا کۆیلـەی ئازتـەکی وەك هـەر کەسـێك ژنـی دەهێنا، مەرج نەبوو ژنەکەی کۆیلە بوایـە. لـە سـاڵانی ١٤٥٠-١٤٥٤ز قڕوقـاتی کەوتـە دۆڵـی مکسیکەوە، خێزانەکان ناچار فرۆشتنی منداڵەکانیان بـوون، تـا لـە برسـانا نـەمرن. وەك هەمیـشە چـینی دەوڵەمەنـد بوونەتـە هـۆی پەرەسـەندنی کۆیلایـەتی ئەزتەکـەکان، بەرزەوڵاخیان نەبووە، زۆرتر هەر لە کۆیلە سودیان وەرگـردووە بـۆ بـار گواسـتنەوە، وای لێهات بازرگـانی کۆیلـە و کۆیلـەداری بـوو بـە بازرگانیـەکی سـوودار لـە سـەر تـا سـەری ئیمپراتۆرییەتی ئەزتەگدا.

ئەگـەر کۆیلەیـەك نافـەرمان بوایـە، سێ جـاران دەبەخـشرا، ئەگـەر لـە نافەرمانیـدا بـەردەوام بوایـە، دەفرۆشـراو دەکرایـە قوربـانی. ئەگـەر کۆیلەیـەك رایبکردایـە تـەنها خاوەنەکەی یا کوڕی خاوەنەکەی دەیتوانی بە دوایدا بگەڕێت، ئەگەر کۆیلەیەك بتوانیبا لە کۆشکی فەرمان رەوادا رایکردبا ئازاد دەبوو.

ئەگەر لە بازاڕدا کۆیلەیەك رایکردایە و کەسێکی تر بەری گردبا، کۆیلە ئازاد دەکراو ئەو کابرا، دەکرایە کۆیلە، ئەگەر کۆیلەیەك ببوایە بە ژنی کابرایەك یان بە مێردی ئافرەتێك دوای مردن ئازاد دەبوو.

## ئاژەڵە ماندووەکان.

"کاتو" گەورە پیاوو سەربازی ناسراوی سەردەمی دەسەڵاتی رۆمان دەڵێت" لە هیچ کوێی دنیادا بە ئەندازەی رۆمانی سەختگیری لە گەڵ کۆیلەدا نەکراوەو ناکرێت. رۆمانی بۆ خۆی زاتەن کابرایەکی سەختگیرو توندخوو وە، هەتاوەکوو لە عاستی خۆیشی، سا بگاتە کۆیلە.کۆیلە تا ئەو کاتەی سوودمەندەو کاری لە دەست دێت پارێزراوە، ئەگەر نا شایستەی وەدووەوخستنەوەیە، ئاژەڵێك نەخۆش کەوت، پیر بوون کۆیلەی پیرو نەخۆشی یان هەر شتێکی بێ سوودو پەك کەوتوو هەر دەبێت بفرۆشرێت.

کاتو، هەتاوەکوو دەربارەی خواردنی کۆیلەو جلو بەرگی کۆیلە دواوەو دەڵێت: کۆیلە دەتوانی ئەو زەیتونانەی لە درەخت دەکەونە خوارەوە بیخوات یان شەرابێك ترش بوو، دەربارەی جلو بەرگ دوو ساڵ جارێك یەك دەست جلو بەرگی تازەی دەدەیتێ کۆتەکەی لێ وەرگرتووە تا بیکەتە پەتوو.

## بەندەگی

کۆیلایەتی لە ئەزەلەوە تاکوو ئەمرۆ بە شێوەیەك لە شێوەکان لە ناو رەگەزی مرۆڤدا بینراوە، هێندەشی دەربەستی رەنگو رەگەزو سنوور نەبووە، وەك پەتا وەی خاڵی پشکنینو سنوورەکان هەیە هاڕاندوویەتی بە سەر یەکدا. رەگەزی ئینسان یان خاوەن کۆیلە بووە، یا رۆژێك لە رۆژان چەرخی لێ چەواشە کراوەو لە لایەن لە خۆی زۆرداتر و بە دەسەڵاتتر ئازادی لێ زەوت کراوەو هەڵقەی غولامی لە گوێ خراوە.

ئەو دەم نەبینراوە میللەتێك رەگەزێك چوزانم هۆزێك کۆیلەی تیادا نەبووبێت، یا بازرگانی کۆیلەی تیادا نەکرابێت، هەستی کۆیلەداری و بازرگانی بە ئینسان لە

میللەتێکەوە دزەی نەکردووە بۆ نێو میللەتێکی دی. کۆیلایەتیو هەستی دەست بە سەردا کێشان لەناخو دەروونی زۆر مرۆڤدایە ژینگەی بۆ رەخساو زانی دەتوانێ هەڵمەتی خۆی دەباو ژیانو مانو تەواجودی ئینسانی ئەوانی تر بە چاپاو و تالآن دەباو مۆری هەر من منم، لە لەشو بیرو ئەندیشەی خەڵکێکی دیدا تۆمار دەکات.

لە پێش ئەوەی، سپی پای لە ئەفریقیادا بکرێتەوە، رەشی خودی ئەوان یەکتریان بە کۆیلە کردبوو، شەڕی نێوان هۆزەکان تیرەو تایفەکان سالەسەر دەسەلآت بووبێت یان ئابووری، یان ئاین یان رەگەز ئاکامی بە کۆیلایەتی تەواو بووە.. لە ئەوروپادا بازرگانە مەسیحیەکان لە رێگەی کڕینو فرۆشتنی کۆیلەوە پارەو پولێکی زۆریان وەدەست هێناوە. خۆ دەسەلآتدارانی ئێمەی موسلْمان، لە سەرەتاوە تاکو ئەمڕۆ پالپشتی سەرسەختی کۆیلەداری بوونەو بۆی کۆشاونو ملیاردەهاشیان لە پێناودا خەرج کردووە.

لە پێش ئیسلامدا ئەو بازرگانیە لە جەزیرەتولعارەبدا هەبووەو بینراوە، بەلآم زۆر کەم میللەتێکی برسیو زەبوونو نیوە وەحشی وەك عارەبی پێش ئیسلام بە ئاسانی کۆیلەداریان پێ نەکراوە، یان رەواج بدەنە ئەو جۆرە بازرگانیە، یەکتریان تالآن کردووە، کوشتووە، بە دیلی کردووە، وە نەبێت لە بەر لەزەت بردن لە یاساو سیستەمی کۆیلایەتی، بەلْکوو بە مەستی تالآنو بڕۆ و هەراج سەندن بووە، خودی شالآوەکەیان زۆرتر مەبەست بووە بۆ ترساندنیان وە دەرخستنی گوایە ئازایەتی و جەربەزەیی. ئیدی، ئیسلام دەرکەوت، رۆژ بەرۆژ ئەرکانەکانی دادەمەزراو پتەوتر دەبوو، کەچی یاسای کۆیلایەتی وەك خۆی مایەوەو سەیر لەوەشدایە بە جۆرێکی فراوان لە سایەی شمشیری ئیسلامدا هەزاران و ملیونەها بە تۆمەتی غەیرە دینی هەلْقەی بەندەگی لە گوێ کراوە. بەرەکەت کەن، کە لەشکری ئیسلام لە عەرەبستان هاتنە دەرێو ولآتی ئێمەو خەلْکی تریان داگیر کردو هەزاران کەسیان سەرالێژی عەرەبستان کردوو سەرو مالْو دارایی ئەنفال کراو گەیشتە جەزیرەتولعەرەب.

کودەتایەکی کوتوپڕی کۆمەلآیەتی، ئابووری لە بنەڕەتەوە دژ بە بەندە سەرەکیەکان دەستی پێکرد. هەر لە زەمانی خولەفای راشیدینەوە ئەو گۆڕانکارییە، ئەو گۆڕانە، زۆر دەقی شەلْەقاندو کەسایەتیە ناسراوەکان بە ئاسانی نە دەچوونە ژێر باری ئاسانو ژیانو زەهدی ئیسلامەوە. دژواربوو دیسانەوە بگەڕێنەوە بۆ دنیای هەژاری و برسێتیو بێ دەرەتانیو رووتیو رەجالْیەوە.

دەوڵەمەندی"ئەسحابە" دەسەڵاتی بێ سنووری سەرکردەو فەرماندەوایانی ئیسلام، لە ولایاتو ولاتانی ژێر دەستەدا، لە خودی جەزیرەتولعەرەبو بن دەستی کەعبەدا، چەندین چینی تازە پێگەیشتووی تەماحکاری تێرنەخۆری پێك هێنا، شێوەی ژیان گۆڕا، خواردنی خۆشیو جلو بەرگی زەربافتو پڕ زەوقو بەرق بوو بە باو، حەرەمسەرای پڕ لە ئافرەتی هەمە رەنگو شۆخو شەنگ، کەوتە ناوە. دەنگە دەنگێکی نهێنیو ئاشکرای خستە نێو کۆمەڵگاوە، کابرایەکی وەك" ئەبوزەر" دەنگی بە هیچ کوێ نەدەگەیشت، دەسەڵات دارانی قورەیشی کەوتنە دەستەبەندیو گروپ بازیو بەربەرەکانی خەلیفەی وەقتو فەرامینەکانی بە تایبەت ئەوانەی پەیوەندیان لە گەڵ" بیت المال"دا دەبوو.. هەنگاوەکان شپرزانە دەستی پێکردبوو، واقعییەتێکی نویی ئابووری، نامۆو تازە پێگەیشتوو تا دەبوو نمایانتر دەخوا، بۆچوونی تاكو تێکەڵاو لە ناو ئەسحابەدا دەبیستراو رۆژ بە رۆژ زۆرتر پەرەی دەسەند، لە لایەکی ترەوە هەستی ناسیونالیستیو پان عەرەبیسم وردە وردە پەرەی دەسەند، حەزرەتی "عومەر" بە تەواوی توانایەوە کەوتە خولیای بە عەرەب کردنی دۆلی رافیدەنیەوە، شەڕی قادسیە، رویدابوو، تیسفونی تالان کراو یەشتا هەر تیسفون بوو، بۆ بەربلاوی زۆرتر لەشکرکێشی بەرەو باکوورو رۆژهەلات، دوو شاری کوفەو بەسرەی دروست کردو ئیدی رێچکەی هۆزە برسییە عارەبەکان بەرەو باکور کەوتنە رێ، بەلای زانایانی مێژووەوە بونیات نانی ئەو دوو شارە، بە یەکەمین هەنگاوی بە عەرەب کردنی ئەم ولاتە دەژمێردرێت، یەکێك لە هۆ سەرەکیەکانی کوشتنی حەزرەتی خەلیفە عومەی هەمان سیاسەتی تەعریبە، کە بە کاری بردووە، بۆیە دوای هەزارو ئەوەندە سەد ساڵە بێنریانی عومەر لە لایەن پانێرانیسمەوە بە شێوە جۆراوجۆر تاکو ئەمڕۆ لە ئارادایە، کۆمەڵگای عەرەب هەژابووە سەر یەکدا، ئادابو نەرێتی میللەتانی ژێر دەستە، لە ژیانی عەرەبو قورەیشدا کاری خۆی کردبوو، تا دەبوو هانی یاخی بوونی لە خاڵە سەرەکیەکان دەداو بەرەوشی جۆراوجۆر دەکۆشان نەڕۆنە ژێر فەرامێنی خەڵیفەو رێبازە ناسراوەکانەوە، هەر لە ناو خودی قورەیشدا دوودڵیو رۆحی بەداوەت و رەفتارو کرداری پێش ئیسلامو دەرمارگرژی عەرەب بوونیشی، هەر وەها"بای پاسی"کردنی مەسائیلی رۆحیو مەرجەکانی ئەو دنیا. کوشتنی حەزرەتی "عومەر" بە سەرەتای وەدەرکەوتنی ئەو دوو لەتی کۆمەڵگایە دەدرێت لە قەڵەم، شەڕی جەمەلو سەفەینو یاخی بوونی والی

شام"معاویە"لە خەلیفەی وەقت، بە پۆپەی ململانەکە دەژمێردرێت، سەرئەنجام کوشتنی حەزرەتی عەلیو دامەزراندنی دەسەلاتی ئەمەویو بەیعەت وەرگردن بۆ یەزیدی کوڕی مەعاویەو کوشتنی حەزرەتی حوسەین لە سارای کەربەلا بە سەرکەوتنی بەرەی لایەنگرانی ژیانی ئەرستوگراتی بە سەر زەهدی ئیسلامدا دەژمێردرێت. سەیر لەوەدایە برێك سەرچاوە و تاخم روداوی کەربەلا دەخەنە ئەستۆی خەلکی ئەم ولاتە، کە ئێستا ناونراوە"عیراق". لە کاتێکدا ئەم دەم یەشتا تەعریبی دەورو بەری"کوفە" نەکرابوو، ئەوی لە کوفەدا بوو چەکداری عەشایەری یەمەنو نەجدو دەوروبەری کابە بوون، ئەم ولاتەە وا بووە بە" ئیراقولعەزیم" پێش ئیسلامدا عەرەبێك ئەگەر بۆ کارو بار گوزەری کەوتایەتە ئەم ناوە، دەبوایە لە دیوەخانی کوێخای مەنازیرە ماوەیەك بکەوتایە تاکو مۆلەتی بۆ وەردەگیراو ئەوجا بهاتایە. وابوو، ئەوسا سەلتەنەتی ئەمەوییانو دەرباری ئەمەوی کوێرانە لاسایی دەرباری ساسانی و بنرەنتیان دەکردەوە، بە تەواوی مەرجەکانیەوە، کۆیلەو یاسای کۆیلایەتی و حەرەمسەرای رازاوەو هەتا دەگاتە"غلمان"یش، بوونە دیاردەیەکی.

بینراوی دەرباری خولەفای ئەمەویو عەباسیو فاتمیو چوزانم سەلجوقی تا گەیشتە خەلیفەکانی عوسمانی ئەگەر بێتو هەریەکە نەختەکی دەربارەی روداوە نەنگینەکانی ئەو دەربارانە باس بکەین، شانامەیەکە بۆ خۆی. هەر ئەوەندە دەلێم لە هەر کوێیەك کچۆلەیەکی نازدارو ئافرەتێکی نازەنین و شۆخ هەبوایە واشەکانی ئەو دەربارانە خۆیان دەگەیاندیو پەلکێشی حەرەم سەرای خەلیفەیانە دەکرد.

نە یەكو نە دوو نە هەزار تەواوی کونو قوژبنی دەربار پڕ بوون لەو داماوانە، ئەو زانیارانەی ئەورۆکە بە دەستەوەیە زۆربەی زۆری خولەفاو سەلاتینی ناسراو دووچاری گرێی جنسی پڕ لە سەیرو سەمەرە بوون.. کوشاون بە شێوەیەك لە رێگەی سەرۆك خەساوەکانی حەرەمسەراوە ئارەزویان بشکێننو رەفتاری دوور لە بە شەرییەتیان ئەنجام دەدا.. بۆ نموونە هەواڵ دەگاتە یەکێك لە سەلاتینی عوسمانی کەوا یەکێك لە ئافرەتانی حەرەمسەرا پەیوەندی لە گەڵ پیاوێکدا هەیە، هەرچی دەگەڕێن ناتوانن ئەو ئافرەتە دەست نیشان بکەن، سولتان بە ئاسانی فەرمان دەدات هەر هەزارو سێسەد ئافرەتەکەی ناو حەرەمسەرا سەرجەم بکوژنو ئەنجامیش دەدرا.

کـام ئینـسان بـه هـەزار ئافرەتـدا مرادەگـا؟ لـه چ روویەکـەوە بـه چـی توانایەکـەوە؟ بایـەلوژی؟ فیکـری؟ جنـسی؟ لـه هـەر روویەکـەوە، هەڵیـسەنگێنێ نابەرابەریـەتی بـێ مەودایە، پیاوی بەویژدانی ئـەمڕۆ هـەتاوەکوو دوور لـه بـواری خۆشەویـستی و عیـشق و عەلاقـەو پەیوەنـدی ئینـسانی نێـوان ژنو پیـاو، هـەر دەتوانـێ نیـازی کۆمەڵایـەتی و ئابووریو جنسیو هەروەها گرفتاری رۆژانەی خێزانەکەی بـەر ئـاورد ئەگـەر بکـات. سـا بگاتـه هـەزار ئـافرەتی گـەنجو شـۆخو تـازە پێگەیـشتوودا، بـا دوور نـەرۆین یـان نیـازو گرفتاری چوار ژندا.

بۆیـه دەربـاری خولـەفاو سـەلاتین و حەرەمـسەراکانیان بووبـوون بـه کانگـای روداو مەحرومیەتی جنسی، ناچاری زۆر شتیان دەکرد. ژن له گەڵ ژندا، یا ئاژەڵ یا منداڵ یان قوڵه رەشه نیوەخەساوەکان، یان پەنا بـردن بـۆ رەفتـارەی دی، کـه دوور لـه باسـەکەمان. وتمان، بەندەگی له کۆنەوە هاو لفی مرۆڤ و ئارەزووەکانی مرۆڤ بـووە. ئێمـەی کـوردیش گـەلێکی گـەلێك دێـرینینو لـه سـەرەتای بەشـەرییەتەوە وەك میللـەت بووینـەو لـه کوردستانیـشدا ژیـاوینو هـیچ کوشـتنو بـڕینو جینۆسـایدێك نـەیتوانیوە لـه کوردسـتان دوورمان بخاتەوە. یان رەچەڵەکمان له ریـشه وەدەر بهێنێـت. لـه دوای دەسـەڵاتی مـادەوە که ئێمه لامان وایه پاشماوەی ئەوانین، زۆر جاران بەری شاڵاوی دوژمن کەوتووین، ماڵو حاڵو ژنو منداڵو خاكو وڵاتمانیـان تـاڵان کـراوە، بـه ئـەنفال بـراوین، بـەدیلو کۆیلـەو بەندەگیش کراوین، ئیدی پرسیارێکەو دێتەکایەوە. ئەی خودی ئێمه چی؟ ئێمەی کـورد کۆیلـەمان هـەبووە؟ کۆیلـەداریمان کـردووە؟ سـەندنو فرۆشـتنی ئینـسان لـه ناومانـدا هەبووەو رەواجـی پـێ دراوە؟ بێگومـان ئێمـەی کـوردیش بەشـێك بـووین لـه حاڵەتەکـەو نـەمانتوانیوە وەك دەرو دراوسـێکانمان بـین.. بـەڵام ئاواتـه خـواز بـووین کۆیلـەداریو بازرگانی له ژمـارەی زۆردا دەسـەڵاتو زۆری دەویـست، لەشـکرو زەڕی دەویـست، جـەبری زەمـان ئێمـەی لـەو مەرجانـه بێـوەری کردبـوو، هـەلو مـەرجی دەورو بـەرو ئالیـەتی کۆمەڵایـەتی نـاوخۆو رقەبـەری نێـوانو هـەڵتانی دوژمنانیـشی سـەرباقی وای لێکـردین فکرو زکرمان بەزەو بەندەگیو خزمەتگوزاری دەسەڵات دارانی بێگانه ناچاری کـردووین لـه شـەڕەکانیاندا وەك کەواسـووری بـەری ئـوردووی بـه فـیڕۆ هـەزارانمان لـێ بکوژرێـتو وڵاتەکەشمان بۆ ماوەی چوار سەد سـاڵ بکرێتـه گۆڕەپـانی شـەڕی نێـوان ئێـرانو تـوران، سەیر لەوەدایە تا بە ئەمڕۆ نەمان توانیوە لەو گـرێ دەرونیـه خـۆ رزگاربکـەین بـێ بـیر

کردنەوە، بە ئاسانی دەبینە بەندەی زۆردارانی خۆماڵیو بێگانەش، خوێنەری ئازیز ڕێزو حورمەتی بەندەت پێشکەش بێت، منیش بەندەیەکم لە ملیونەها بەندەی دەروون گرێ- گرێ!!!

# جۆری خەساوەکان.

مێژوو چەندین جۆری خەساوی بۆ دەرخستووین، بڕێکیان زکماك نێرەمووکن، بڕێکی تریان وەك ئاژڵ دەخەسێنرێن بڕێکی تریان بە ئارەزووی خۆیان، خۆیان دەخەسێنن، تازاتو دەروونیان بگاتە پلەو پایەی خاوێنی .

ئەوانەی زکماك، بە نێرەمووکی لە دایك دەبنن کارو کردەوەیەکی ژینیتیکیە کە بە قودرەتی قادر رویداوە.

دیاردەی خەساندن، لە ڕێگەی ئێرانەوە بەرەو ڕۆژهەڵات ڕۆیشتووەو گەیشتۆتە وڵاتی چین.. شەرکەرە ئێرانیەکان کە لە شەڕدا سەردەکەوتن دیلەکانیان دەخەساندو هەروەها ژنانی جوانکیلەیان دەکردە دیاری شاکان، لە ساڵی ٥٣٨پ ز کە کورش وڵاتی بابلی گرت. وتی: خەساوەکان لە زۆر کەسی تر دڵسۆزترو بەوەفاترن، چونکی ناتوانن خێزان دروست بکەن. زینونی مێژوونووسی یونانی دەڵێت: کورش ئەو بیرەی لە ئاژیلانەوە بۆ دەرکەوتووە، ئەسپە سەرکێشەکان کە دەخەسێنران، ئیتر لە سمکۆڵان و جووتە وەشاندن دەکەوتن، بەڵام بۆ کاروباریش هەر وەك خۆمان بە هێز دەمانەوە. کە لە گاکان کە دەخەسێنران شرەتیان کەم دەبووەوە، بەڵام هێزیان هەروەك خۆی دەمایەوە.. هەروەها ئەو کارە دەربارەی سەگیش، هەروا کە دەخەسێنرا زۆرتر لە خاوەنەکەی نزیکتر دەبووەوە، پیاوانیش هەروا، کە لە ئارەزووی جنسی بێوەری دەکرێت، شرەتیان کەمتر دەبێتەوە و کارو کردەوەیان کەم نابێتەوە. بیرۆکەی خاوێنی" یەهوی نەسرانی"و حەز لە ئافرەت کردن بە کۆسپی داناوە، بۆیە خۆ خەساندن بووەتە کارێکی شیاو، بەلای بڕێك لە قەشەکانەوە، ئەو کارەیان کردووەو زۆریش لەو کارە پەشیمان بوونەتەوە. هیرودتی مێژوونووس دەڵێت: بازرگانێك هەبووە بە ناوی" ننیونوس" لە

دورگەی"تشبوس"دا دەژیا، ناوبانگی خراپی هەبووە، بە هۆی کاروباری لەرادەبەدەری سەکسی.ئەو"بنیونوس" کوڕی گەنجی دەکڕیو دەیانی خەساندو لە بازاری کۆیلەکاندا دەیفرۆشتن، لە نێو ئەو کۆیلانەدا، یەکێك هەبووە، بە ناوی" هیوموتیوس" دوای چەندین ساڵ دوای فرۆشتنی، ڕێکەوت وادەکات، دووبارە ئەو بازرگانەی دەبینێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان" هیرموتیوس" تواناو دەسەڵاتێکی زۆری بە دەستەوە بووە، کە بوەتە گەورە خەساوی کابرایەکی دەست ڕۆیشتو، توانی ئەو بازرگانە ڕازی بکات، کە لە گەڵ خێزانەکەیدا بێتە نزیکیانەوە، بە" بنویونوسی"ی سەلماند ئەگەر بێتو لە ماوەیەکی کەمدا زوڕو زۆرێکی فراوانی وەچنگ دەکەوێت، هەر ئەو کارەی کردو بێ باك لە تۆڵەو تینی"هیرموتیموس" گوێزرایەوە کۆشکێك کە لە ژێر چاودێری کۆنە کۆیلەی خۆیدا بوو، کابرای ناچار کرد، چوار کوڕەکەی بخەسێنێتو لە دواییدا کوڕەکانی ناچار کرد، باوکیان بخەسێنن.

لە ڕاپەڕینەوە"ڕینسانس"کلیسای کاسولیکی بڕێك کوڕە گەنجیان دەخەساند، تا دەگیان لە ئاوازی sopranoسۆپرانودا تێك نەچێت و هەروەك خۆیان بمێننەوەو لە کۆڕاڵی پاپاویدا بۆ کەنیسەی سیستانی ئاواز بخوێننو ئەو کارەی تا ساڵی ١٨٧٨ز بەردەوام بووە، لە سەردەی هەژدەهەمدا ئۆپرای ئیتالی، خەساوەکانی بەلاوە باشتربووە و بڕێکیان شورەتی بەربڵاویان بە دەست هێناوە، وەك"گریمالدی" فارینینلی و نبکولینی.

لە زۆر لە مزگەوتە ئیسلامیەکانی مەککەو مەدینەدا وەك مجێور لەو خەساوانەیان بە کار بردووە و لە بەر ئەوەی بڕێك لە ژنان هاتوو چۆی ئەو جێگە پیرۆزانەیان دەکرد، بە کار بردنی خەساوو نێرەمووك جێگای نێگەرانی ناهێڵێتەوە.

لە دوادوایی سەدەی هەژدەهەمدا کۆمەڵێکی ئاینی نهێنی کەوتە کارەوە، یانی ڕەخەساو" ئەوان بڕوایەکی سەیریان هەبووە، دەرباری" بەهەشتی عەدەن" کە ئادەم و حەوا تیادا خوڵقاوە، کە ئەوەدەم نە نێر بوونە و نە مێ، بەڵام دوای تاوان و دوور خستنەوەیان بۆ سەر زەوی، دیاردەکانی تێرو مێیەتی بە لە شیانەوە دەرکەوتووەو بۆ خاوێنی ڕۆح و ڕەوانو هەروەها ئەندیشەو تێفکرین خۆیان خەساندووە، ئالەتی نێرییان بە چەقۆ یان بە بەرد یان بە شووشەی شکاو لە بندا بڕیوە، ئەو کۆمەڵەیە هێشتا هەر لێرەوە لەوێ دبینرێن. لە تورکیا ئێستادا، کە ئەوسا(بۆ دەرمان تورکێکی تیادانەبووە) سەدەی پێنجەمی پێش زایین، پیرشالیارانی پەرستگای ئارتەمیس لە ئیفسوس،

کەیەکێکـە لـە دەگەنــەکانی جیهــان هــەروەها پەرســتگای"ســبیلا" تــەواویان خۆیــان خەسـاندووە، ئـەو دیاردەیـە لـە فەرهـەنگی یونـان و رۆمانـدا بـە چاوی پیرۆزەوە تیـان دەڕوانــی و ئــەو حاڵەتــە مایــەوە تــا ســەر دەمــی دەســەڵاتی بیزەنتیــەکانو لــە وێــڕا گوێزرایـەوە بـۆ نـاو عوسمانیـەکان، لـە سـەدەی چواردەهەمدا عوسمانیـەکان، ژنـەکانیان جــویێ کــردەوەو حەرەمـــسەرایان پێکێنــاوە، بیزەنتــەکان خەســاویان بــۆ نــاردوون، عوسمانیـەکان بـەوەوە رانەوەسـتاون، بـۆ خۆیـان دەسـتیان بـەو کارە کـردووە، هـەر لـەو کاتەیدا دیاردەی خەسـاندن لـە وڵاتـی چینـدا بـەردەوام بـووە، تـا لـە ناوچوونی کۆشکی پەکین لە وڵاتـی چینـدا تـەواوی خەسـاوەکان هـەر چینی بوونـە، کـە کاتێکـدا لـە وڵاتـی عوسمانیدا، هەموو میللەتێکی تیـادا بـووە، تـورك نـەبێت. وەك زانـراوە، خەسـاوندن لـە ئـاینی ئیـسلامدا قەدەغـە کـراوە، بـەڵام وەك زۆر بابـەتی قەدەغـە کـراوی تـر ئـەوکارە رەواجی پێدراوە. لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی عوسمانیـدا، سـەرەتا خەسـاوەکانیان لـە وڵاتـە مەسیحییەکان هەڵدەبژارد، وەك، سەرقستە، جورجیا، ئـەرمینیا، بـەڵام بۆیـان دەرکـەوت ئـــەو رەگەزانـــە زۆر پابەنـــدی بریارەکـــان نـــابن، بۆیـــە وەرچـــەرخانەوە لای رەگـــەزی قوڵەرەشـەکان، بۆ ناو وڵاتانی میسر، حەبەشە، سودان،و وڵاتانی دیکەی ئەفریقیا.

## بازرگانیی کۆیلە.

لـە ئیـسلامدا ئـەو کۆیلانـەی لـە شـەڕدا دەسـتگیر دەکـرێن دەبنـە مـۆڵکی ئـەوەی گردوویـەتی، مـافی کـڕینو فرۆشـتنی پـێ دەدرێـت یـان هـەرکارێکی دیکـەی پـێ بکـات. بازرگانە موسڵمانەکان بـۆ وڵاتـانی ئـەوروپایی دەڕۆیـشتن، بـۆ خزمـەتی گـەورە پیـاوانی ناسـراوی دەڤـەرە جۆراجۆرەکـانو بەرەزامەنـدی ئـەوان خـەڵکیان کڕیـوەو وەك کۆیلـە هێناویانــە، ئــەو جــۆرە بازرگانیــە سوودبەخــشە ســوودی دوولای تیــادا بــووە، یەکــەم بازرگانـەکان، دووهـەم دەسـت رۆیـشتووەکن، کـەوا تیرەو تایفـەی خۆیـان بەرازامەنـدی فرۆشتوەو کردویانەتە کۆیلە. زۆربەی ئـەو کۆیلانـە لـە سـەر چاوەکانی رووبـاری نیـلو دارفــورو ئــەنگولاو دەوروبــەری دەریاچــەی تەشــادەوە دەکــڕڕانو بــە ســواری بەلــەم بەرووباری نیلدا دەگەیەنرانـە شـاری ئەسـکەندەریە، یـان قـاهیرە، یـان لـە دارفـورەوە بـۆ

سودان، بە ناو سارادا بە پیانو کۆتکراو، یان بە سواری حوشتر دەبران. لە ڕێگای تـرەوە کۆیلـەی حەبەشـەیی دەگەیەنرانـە بەنـدەرەکانی کـە بـە سـەر دەریـای سـوورەوە بـوون، لەوێڕا ڕێچکەی کۆیلە دەگەیشتە شاری مەککەو مەدینە، لەو دوو شـارەوە بـۆ بـەیروت و ئەزمیر و ئەستەنبول دەبران، بڕێك لەو قوڵـە ڕەشـانە هـەر بەرێگـەوە دەخەسـێنران لـە لایەن لێزانە مەسیحیو جولەکەکانەوە. چونکە ئیسلام ئەو کـارەی حـەرام کردبـوو، ئـەو جۆرە خەسـاندنە مەترسـی مردنـی کۆیلەکـەی زۆر بـوو. ئـاوو هـەوای گـەرم نەیـدەهێڵا زامەکانیان سارێژ بێت. بەڵام لـی سارا، تا ڕادەیەك یارمەتی دەربووە بـۆ وشـکەوە بـوونی زامەکانیان، کابرای قوڵەڕەشیان، تا بـینی لـە نـاو لـی سـارادا، بـۆ ماوەیـەکی زۆر لـە چاڵ دەنرا، تەنها سەری بەدەرەوە دەمایەوە، ئەوانەی لـەو کارەسـاتانە ڕزگاریـان بوایـە پـارەی چاکیان دەکردو نرخو باییان گەلێك گران دەبوو، ئەو خەساوانە دەسالآتداران دەیان کڕی و زۆر لـەو خەسـاوانە دەگەیـشتنە دەوڵـەتو دەسـەڵات، هێـشتا بـە وەردی مـەفاهیمی ڕاستەقینەی ئەو کـارە وەدەرنەکـەوتووە، بـەڵام مێـژووی ئـایتمولۆژی کلیلـی چۆنیەتیو جۆرە جۆراو جۆرەکانی خەساندنی تـا ڕادەیـەك بـۆ ڕۆشـن کردوینەتـەوە. مێژوونووسـی سەردەمی کۆن(ن، م، بنزر) چۆنیەتی ئەو کارەی بۆ ڕۆشن کردووینەتەوە.

١-کاستڕای. یانی هەڵکۆڵینی دەستگای نێرینە لە بنـەوە، بـە ئالـەتی پیاوانـەو هـەردوو گونەوە.

٢-سپادونز. لە نو بردنـی هـەر دوو گـون بـە شـێوەی جەڕانـدنو دەرهێنـانی هێلکـەی گون کە غودەی نێرینەی تیـادا بـە بپلیـشێتەوە، ئـەو جـۆرە زۆرتـر بـۆ کـوڕە منداڵـەکان ئەنجام دەدرا.

ڕۆژهەڵاتناس(سیر ریتشارد بورتون) سێ ڕێگەی بۆ خەسـاندن لـە ڕۆژهەڵاتـدا دەسـت نیشان کردووە.

١- سـاندلی. یـانی لـە بنـدا بـڕینی دەسـتگای نێرینـەو لوولەیـەك دەخرایـە کـونی میزەوەو زامەکە بـە ڕۆنـی گـەرمی گـەرم داخ دەکـرا. بـە دوایـدا ئـەو کەسـە لـە سـەیترو تـورولاخ دەگـیرا، ئەوانـەی بلـوغ نـەبوو بـوون زۆربـەیان دەمـردن، ئەوانـەی دەرمانـەوە هەستی پیاوەتیان تیادا دەما بەڵام هیچیان پێنەدەکرا.

٢- سیبیلای: ئەم جۆرەیان کابرای خەساو هەر دوو گونی لە بن دەردەهێنـرا، یـان بـە چەقۆ یان بە بەرد دەپلیشینرایەوە ئەم جۆرەیان، بە هـیچ جۆرێـك هەسـتی پیاوتـەتیان تیادا نەدەما.

دیارەە شـێوەی خەسـاندن، لـە تـەواوی دنیـای ئـەو کاتـەدا وەك یـەك وابـووە، شـتێکە شێوەی تیمار کردنەکان جۆراوجۆر بـووە، کارتەرسـتنت ١٨٧٧ز، دەڵێـت: لـە وڵاتـی چـیندا سەرەتا سێ جاران دەستگای ئالەتی نێرینەی پیاوەکە بە ئاوی بیبـەری تیـژ دەشـۆردرێت و دوو رانی کابرا لە بنەوە شەتەك دەدرێت، هەروەها لە ناو قەدیـشدا دیـسان بـە تونـدی شەتەك دەدرا. ئەو دەم کێرو هەر دوو گونی لە بندا دەبـڕا و لوولەیـەك دەخرایـە کـونی میزکردنو زامەکە دادەپۆشراو کابرایان ناچار دەکـرد دەسـت لـە سـەر شـانی دوو کـەس داناو لە ناو ژوورەکـەدا پیاسـە بکـات، بـۆ مـاوەی دوو تـا سـێ سـەعات. ئـەو دەم مۆڵـەتی دەدرایە راکشێتو قەدەغە بوو هیچ جۆرە خواردنەوەیەك بۆ ماوەی سێ رۆژو سـێ شـەو بخواتــەوە. هــەروا دەیانهێڵایــەوە دوای مــاوەی ســێ رۆژ زامەکــەیان دەکــردەوەو کــونی گمیزیان بەردەدا، ئەگەر کابرا بە شێوەیەکی ئاسایی گمیزی کردبا، ئـەوا رزگـاری دەبـوو، ئەگەر ئەو گمیزەی بە شـێوەیە بـۆ نـەکرایا ئـەوا زامەکـەی دەبـووە چڵكو کـیم و کـابرا دەمرد.

مێــژوونووس بــول رایکــوت، دەڵێــت: برێــك لــەو خەســاوانە لوولەیــەکیان لــە نــاو عەمامەکانیانــدا دەشــاردەوەو تــا لــە کــاتی گمیــز کردنــا بیخەنــە کــونی گمیزیانــەوەو میزەکەیان نەچۆڕێتە پێیو پلیاندا.

ئەوانەی منداڵ بـوونو یەشـتا نەگەیـشتبوونە سـاڵانی هـەرزەکاری باشـتر دەیـانتوانی ئازاری خەساندن تامول بکەن، بـەڵام ئەوانـەی لـە پیـاوەتی خرابوونـەو خەسـێنرا بـوون دەردی دەروونــی و هەســتی تۆڵــە ســەندنەوە لــە ناخیانــدا هەڵــدەقوڵا بــە دوای هەڵــدا دەگەڕان تا قۆڵەی کۆڵەواری خۆیان بکەنەوە.

# خەساوی چینی

شاری پەکینی قەدەکراو تەنها پیاوانی تیادا بووەو زۆربەی زۆریان خەسابوون، لە سەردەمی دەسەڵاتی میتك ١٩٦٨-١٦٤٤ز لە نێو ئەو شارە چوار دەورگیراوەدا هەزار خەساوی تیادا دەژیا. لە سەردەمی دەسەڵاتی pu.yiکە ئیمپراتۆر بووە. ژمارەی خەساوەکان کەم بوونەتەوە و گەیشتونەتە دووسەد.. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ژمارەی مردن بە هۆی خەساندتەوە کەم بووبوویەوە، لە ٤٪ یان ٥٪ زیاتر نەدەبوو، بڕێك خۆی دەخستە ئەم بەزمەو بەرنامەوە تا بتوانێت لە نێو شورەی ئەو شارەدا بژی و زۆر لەو خەساوانە فێری زانیاری جۆراوجۆر دەکران و دەبوونە کاربەدەست، بڕێکیان دەبوونە گۆرانی بێژ. یان هەونەرپیشە، یان باوەڕ پێکراوی دەسەڵاتداران وەك زانراوە، ئاینی کونفوشیوسی لای وایە هەواو هەوەسی لەش دەبێت بخنکێنرێت، لە ژێر فەرمانی عەقڵدا دەرنەچێت تا بتوانرێت بگاتە بەهەشتی راستەقینە.ئەو خەساوانە دەستگای نێرینەی خۆیان دەخستە نێو کوپەیەکی بچووکەوە و پریان لە ئاوی سوێر دەکرد و دەمیان سفت دەبەست و پەیوەستە بۆ کولیاندا دەدا، بڕێك نەیتوانیوە ئەو کارە بکەن، بە پارەی زۆر لەوانەیان دەکڕی کەئاڵەتی زکوری خۆیان کە کوپە نابوو.

هۆکارەکانی خەساندن.

لە بارەی فسیولۆژییەوە ئەوی دەخەسێنرا، موی سەرو رووومەتی لە ناو دوچوو، دەنگی ناسك دەبووەوە، قەڵەوبوونو بە دژوار گمێزیان دەکرد. شت لە بیر کردن، شەونەخەوتن، چاو کزی.

خەساوەکان حەزیان لە خواردنەوە نەکردووە، ئەلکول دەبووە هۆی کزاندنەوەی مەجرای گمێز کردنی.

(ئاقا محەمەد خانی قاجار) دامەزرێنەری زنجیرە دەسەڵاتی قاجارییە، لە لایەن دەسەڵاتی کەریم خانی زەندەوە خەسێنراوە، کە بووەتە شای ئێران دەنگی هەر وەك ژن وابووە، کە لە سەر تەخت دادەنیشت دەفێکی گەورەی لە بەر دەستی دادەناو هەریەك لە پیاوە ماقوڵانی مانگ کردبا دەیدا لە دەفەکە. دوژمنانی ناویان نابوو شای دەف لێدەر. وەرگیرا.

خەساوەکان گەلێك پارە پەرست بوونە، زۆریان حەز لە شیرینی کردووە و جوان چیرۆکیان گێڕاوەتەوە، ئیدی داستانەکانی هەزارو یەك شەویان، ئەفسانەکانیان لە بەر بووە، زۆر حەزیان لە سەماو موسیقا کردووە، بە تایبەت قولەرەشەکان لە کاتی موسیقادا کەوتنەتە بیری ولاتانیان.."ئدموندی ئمیکی ١٨٦٠ز" لە کتێبی قوستەنتینیەدا دەڵێت: خەساوەکان، کە موسیقایان دەبیست، ناخۆی ئاگا لە گەل ریتمی ئاهەنگەکەدا خۆیان دەلەراندەوە، وردە وردە دەکەوتنە سەمایەکی توندو تیژی وەحشیانەی بەربەری.

## خەساو و هەوەسی جنسی.

ئەگەر خەساندن لە سەردەمی پێگەیشتندا بکرێت، هەوەسی جنسی لە ناو دەچێت.

"ژڤینال" دەڵێت: ئەو خەساوانەی تەنها گونیان دەرهاتووە. ئالەتی پیاوەتی هەڵدەستێ، دەتوانێ کاری سیکسی ئەنجام بدات، "ریشارد بورتون" لە وەرکێڕانی کتێبی هەزارو یەك شەودا، دەڵێت: تا دڵ لە لێدان نەکەوێ هەوەسی لە ناو ناچێت، ئەو سۆزو هەستە ریشەکەن ناکرێت، لە چیرۆکی خەساوی یەکەمدا دەڵێت: قولە رەشێك لە گەڵ کچێکدا رایدەبوارد، لە تۆڵەی ئەو رابوارنەیدا خەساندیان و کرایە خزمەتکاری ئەو کچە، بەلام تا مرد لە گەڵیا رایدە بوارد.

لە راستیدا زۆر رویداوە خەساوەکان پەیوەندی سەکسیان لە گەڵ ژنانی ناو حەرەمسەرادا هەبووە،"مونتسکیو" لە کتێبی"نامە فارسیەکان"دا باسی لە ژانی و دەردی خەساوێك دەکاو دەڵێت: ئەو دەمەی بردمیانە ناو حەرەمسەراوە، ناخم بۆ ئەوە هەڵدەکێشا کە لە دەستم دابوو، هەوسم هەر دەم زۆرتر دەبوو، سەر بەرامبەری ئالۆزی و تورە بوونم سەرباقی و هەر وەها تێکەڵ بە دنیایەك نائومێدی. ئەوێك خزمەتی خانمێکم دەکرد لە سەر شۆرکەیدا خۆی دەشۆرد، سەدان بیری ئاشوفتە لە دەروونمدا دەجۆشاو دەکولا، نازانم چۆن بوو دەستم خستە سەر ئەو جێگایەی کە نەدەبوو بمخستباو هاتمەوە سەر خۆم زانیم ئەوە دوا رۆژی زیانمە، بەلام ئەو ئافەرەتە ئیدی بە

کاری بردمو ئەوی دەیویست پێی دەکردم و هەڕەشەشی لێدە کردم ئەگەر نەیکەم سەرم بەبڕین دەدا.

ئەو خەساوانەی وا ئاڵەتی پیاوانەیان نەبڕابووەوە، تەنها گونیان دەرهێنرا بوون بە لای ژنانی حەرەمسەراوە پەسەندتر بوونە، چونکە لە کاری جنسیدا دەرنگیان دەخایاندو ئەوەش دەبووە مایەی هەوسێکی زۆرتری ژنەکە، بێ ئەوەی ترسی ئاوسی وونیشی هەبێت.

بڕێك لە خەساوەکان عاشقی مێرد منداڵەکان دەبوون، یەکێك لە پارێزەرەکانی ناو دەربار دەڵێت: ئەو بەدبەختانە دەکەوتنە داوی عشقی کوڕە جوانکیلەکانەوە، بە تەواوی توانایانەوە دەکەونە پەلەقاژێی بە دەست هێنانی رەزامەندیانەوە، ئەو خەساوە بێچارانە هەزاران حەزو ئارەزووی کۆمەڵکراو لە ناو لەشو ئەندیشەی بیماریاندا شەپۆلی دەدا، هەر یەك لەوانە کۆیلەیان دەکڕی و بە نهێنی رایاندەگرت تا چاوی خەساوەکانی دیکەی نەکەوێتە سەرو جاروبار لە سەر ئەو ئافرەتە شاراوانە لە نێوان خەساوەکاندا دەبووە شەڕو کێشە.

خەساوەکان لە کاروباری هەوەسی خولقاندندا وەستا کارو لێزان بوونە و لە بەر ئەوەی هاتووچۆی دەرەوەی حەرەمسەرایان دەکرد دەیانتوانی ئامێری جنسی بوکڵەیی بە دەست بهێنن. وەك دەستگای دروستکراوی نێرینەی پیاوان و شتی کەی شەهوەت ئەنگیزی تر و بە وەردەکارییەوە ئاگاداری سەکسی لێساندنەوەو مژین بوونە. هەر ئەو پارێزەرە دەڵێت: ئەو ژنە مێرد دارانەی سەکسیان لە گەڵ خەساوەکاندا دەکرد. ئیدی بە هاوجووتی مێردەکانیان رازی نەدەبوون، هەروەها ئەو ژنە کۆیانەی لە گەڵ خەساوەکاندا سەکسیان ئەنجام دابێت، شێوەی لەزەت بردنیان لە تێکەڵاوبووندا دەگۆڕاو ئەو راستەقینەیە کە لە ناو شاری ئەستەمولدا بە سەر زمانی هەمووانەوە بووە، دوای یەك هەفتە لە شوکردنیان مێردەکانیان تەڵاقیانی دابوو، لە بەر ئەوەی وتبوویانە مێردەکانیان ئێوە لە رابواردندا ئەزانن و ناگەنە لێزانی خەساوەکان لە ناو جێگەدا، کەچی ئافەتێکی جنیسن.

وادیارە خەساوەکان لە سەکسی کردندا، یەك لایەنو پەیوەستە لە بیری رووبە رووکەیدایە. باوەك لەم رووەوە زۆرمان لە دەستەوە نییە، بەڵام وا دیارە جێگەی سەرەکی هەوەسی هەڵساندنیان کونی گمیز کردنو کۆمیان بووە.

پورترد. ناوێك له گەڵ ژنی یەكێك لە خەساوەكاندا بووەتە دۆستو ئاشناو دەڵێت: ژنە دەیوت مێردە خەساوەكەی تاملێی لێزان بووە لە دەست پەڕ كردنو لێسانەوەو سەكسی كۆمدا، ئەو كارەی بە درێژا دەكرد تا دەگەیشتە پلەی رەحەت بوون لە رێگەی خروشاندنی پروستاتەوە كاتێك دەگەیشتە ئەو كاتەی كە بە تەواوی رەحەت بوون بو ئەوەی كابرای هاو جووتی سا پیاو باتا یان ژن ئازارو ئەزیەتی پێ نەگەیەنێت وە بە گاز گردن خۆیناوڵی نەكا گازی لە سەرینەكەی دەگرد تا بە تەواوی دادەمركایەوە ئەگینا مەمكی ژنە روخساری كوڕەی بریندار دەكرد.

## ژن هێنانی خەساوەكان.

وەنەبیت لە حەرەمسەراكاندا نەبینرابیت خساو ژنی هێنابێت بەڵام كە ژنێ دەهێنا لە حەرەمسەرا بەدەر دەچوو بۆ نموونە. سومبول ئاغا: گەورە خەساوی سوڵتان ئیبراهیم كچێكی بارداری مارە كرد تا هەم ژنی هێنابێت و هەم ببێتە خاوەن منداڵیش وەخەساوی تر هەبوونە بو خۆیان حەرمسەرای تایبەت بە خۆیان هەبووە. لە سەدەی نۆزدەهەمدا قولێكی گەورە خەساو وتویەتی: مـن تەنها حەزم لە دڵداری نیە بەڵكوو زۆرتر شیفتەی رابورادنم، لە كۆشكی سوڵتاندا ئەو رابواردنەم بۆ دەست نەدەدرا، زۆر ئافرەت لە حەرەمسەرادا هەبوون بە تەواوی مەیلم بە لایانەوە بوو بەڵام ترسم لە مردنو توڕە بوونی سوڵتان بو بوە ژنم هێنا، بەڵام رەنگە یەكێك بپرسێت باشە ئەوە ژنە شوی بە چی من كردوە؟

من بو خۆشم ناتوانم وەڵامی ئەو پرسیارەی بدەمەوە.سەیر لەوەدایە بە درێژایی ساڵانێكی زۆر منو ئەو ژنە پێكەوە ژیاوین هیچ كامان ئەو پرسیارەمان لە خۆمان نەكردوە.

## دووبارە بونی ئاڵەتی پیاوانە.

جارەو بار رویداوە خەساوێك دووبارە دەستگای نێرینەی ئەوزەڵی كردوەتەوە سەوز بوەتەوە لەم روەوە كارتەر ستنتدەڵێت: لە یەكێك لە دادگاكانی وڵاتی چیندا رویداوە

زۆر لــه خەســاوەكان یەشــتا هــەرخاوەنێ دەســتگای جنــسی خۆیــانن و دوبــارە خەسیونراونەتەوە.

یەكێك لە خەساوەكانی دەرباری پەكین بە ناوی: تـشونگ هـسین، دوور لـە چاودێری كۆیلەیـەكی ئـافرەتی شاردبوویەوەن یـەكێك لـە پزیـشكەكان پیـێ وتبـوو: ئەگـەر بێـت حەوت مێشكی پیاو بخوێت دەبێتـەوە خـاوەن ئاڵـەتی پیاوانـەی خـۆت.وە نـاوبراو تـوانی مێشكی حەوت تاوانبار بخوات بەڵام نەزانرا ئایا بویەوە خاوەنی ئاڵەتی پیاوانەی خۆی.

خەساوەكان كە دەبارە دەبشكینران بۆ مەبادا دووبارە ئەوزەڵ كردنی ئاڵەتەكانیان وە بـۆ حەرەمـسەرا زۆرتـر خەسـاوە ناشـرینەكان پەسـەند دەكـران. نزیكـەی هەشـت سـەد خەساو لە سەرایدا دەژیان وە جێگەی تایبـەتیان هـەبوو وە دوو درگـا هـەبووە یـەكێكیان بە ناوی دەرگـای بەهـشت كـە دەروازەی حەرەمـسەرا بـوە لـە مـس دروسـتكرابووە ئـەوی تریان بوناو كۆشكی سوڵتانی تەور بە دەست وەردەگرد وە بە بەیانیدا دووبارە دەیدا بـە دەستیەوە. ئەو خەساوانەی هەمووی لە لایەن والی ولایەتەكانەوە بە دیاری دەنێرنان بـۆ دەرباری سوڵتان.

نێـو حەرەمـسەراوە بـەوردی تاقیدەكرێنـەوە، هەرماوەیـەك دەگـوزەرا و دووبـارە دەپشكێران و زۆرتر خەساوە ناشیرینەكان پەسەند دەكران تا دوانكیلـەكان لـە سـەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا لە حەرەمسەرادا شەش سەد تا هەشت سەد خەساوی تیـادا دەژیـا و زۆربەی ئەوانە بە شێوەی دیاری لە لایەن والیەكانەوە بە دیاری دەنێـردران بـۆ سـوڵتان، ئـەو خەسـاوانە، لـە دەوروبـەری حەرەمـسەرادا دەژیـا، بـەلای دەروازەی بەهەشـتەوە، كـە یەكێك بووە لە دەروازەكانی حەرەمسەرا، و حەرەمـسەرا دوو دەرگـای هـەبوو، یـەكێكیان ئاسنو ئەوی دیكەیان مس، گەورە خەسـاو هـەموو، شـەوێك كلیلـی ئـەو دوو دەرگایـە لـە گەورەی باڵتە بە دەستەكانەوە وەر دەگرت تا خۆر هەڵاتن.

هەر خەساوێكی تازە بهاتایەتە حەرەمـسەراوە دەبـوا جەڵـدەی لـێ بدرایـە، بـێ تـاوان بوایە یان نە، ئەوە بۆ خۆی رەسمو رەواڵی هاتنە ناو حەرەمسەرا بووە و "چێور" دەكرا یانی بە دار لە ژێر پای دەدرا وخەڵكیان كۆ دەكردەوە بۆ تەماشا كردن..

ئوتـافیوبون ١٦٠٨ز دەڵێـت: خەسـاوە گەنجـەكان دەخرانـە ژێـر چـاودێرییەوە تـا دیسپینو بە گوێگردن و فەرمان بەرداریان لە بیر نەچیچتو ئەو قۆناغەیان هەر دەبوا بگوزەرانایە، ئەو دەم بۆ حەرەمـسەرا دەنێـرران یـا بـۆ خزمـەتی سوڵـتان و بـە گـوێرەی

مەرجەكانی دەربارو حەرەمسەرا دەستیان بە كار دەكرد كۆیلە كەنیزەكان ئەوانیش فێری زۆركارو كردەوەی هونەریو خزمەتگوزاری دەكرانن ناوی زۆرتر ئێرانییان بۆ هەڵدەبژاردن. زۆرتریش ناوی گوڵەكانیان بە كار دەبرد یان جەواهێرات.

خەساوەكان ئەوانیشی لە ناوی حەقیقی خۆیان دوور دەخرانەوە ناوی تازەیان بۆ هەڵدەبژاردن وەك، یاقوت، نەرگس، بایاز، قەرنقلو ئەو بابەتە ناوی ژنانە بوون. ئیدی دوای ئەوە دابەش دەكرانە سەر دەست رۆشتووەكانی نێو حەرەمسەرادا وەك: دایكی سوڵتان، ژنەكانی سوڵتان، خۆشكەكانی سوڵتان، و بە هەوای بەرز بوونەوەو وەدەست هێنانی دەسەڵات دەكەوتنە كارەوە.

## گەورە خەساو: قیزلار ئلفاسی.

دەسەڵاتی گەورە خەساو دوای سوڵتان و سەروك وەزیران لە ئیمپراتۆریەتدا بە سێهەمین دەسەڵات دەناسرا، ناز ناوی تری پێدەدرا و لە هەر كاتێكدا گەورە خەساو بۆی هەبووە بڕواتە لای سوڵتان، یان لە هەر كاتێكدا بگاتە خزمەتی دایكی سوڵتان، ئەو بووە پەیكی راستەوخۆی نێوان سوڵتانو دایكی و هەر ئافرەتێكی ناو حەرەمسەرا، دەبوا لە رێگای گەورە خەساوەوە بگاتە لای سوڵتان.

گەورە خەساوە تابڵێ دەوڵەمەندو دەست رۆیشتوو بووە، لە هەمان كاتدا تۆقێنەرو قسە رۆیشتوو تەواوی والیەكان بە شانازییەوە دیاریان پێ دەدا، ئەو ژنانی دابین دەكرد بۆ هاو پێخەفی سوڵتان، لە ژێر دەستی گەورە خەساودا، چاوساقێك هەبووە بە ناوی" وەستا" ژنانی دەستنیشان كردووە كە بڕواتە ناو پێخەفی سوڵتانەوە، ئیدی ئەو كچە ئەوی شێوەی جنسو رەفتاری شەهوەت ئەنگێزانە فێر كرابوو ئەنجام دەدا، تا سوڵتان بحەوێنێتەوەو لەو هاولنگیەیدا رەزامەندی نیشان بدات، ئەگەر لەو نۆرە شەوەیدا شتێك رویدابا، تەنها گەورە خەساو مافی نزیكبوونەوەی لە سوڵتان هەبوو، هەر ئەو بووە، ئاگاداری تەواوی ژنانی حەرەمسەرا بووە، ئافرەتانی تازە بابەتی لێرەو لەوێ دەست نیشان دەكردو دەیهێنایە ناو حەرەمسەراوە، ژن هێنانی سوڵتانو مندالْ بوون ژنانی سوڵتان، بەشودانی كچانی شازادەو خەتەنەكردنی كوڕانی سوڵتان و بەزمو شایی

تایبەتمەندی سوڵتان، هەروەها سزادانی ژنانی ناو حەرەم ئەگەر نەشیاوێکیان کردبا گەورە خەساو سزای دەدان یان لە ژێر چاودێری ئەودا دەکوژران.

لە ناوڕاستی سەدەی شانزەهەمدا، دەسەڵاتی خەساوەکان بووبە دیاردەیەك لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، لە سەردەی حەڤدەو، هەژدەهەمدا خەساوە کانیش وەك کۆیلەکەنیزە مەحبوبەکانی سەڵاتین کەوتنە تەقەلای بە دەست هێنانی زەرو زۆرەوە، بە تایبەت لە سەردەمی سوڵتانە لاواز و شێتۆکەی وەختەوە.

ژنان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دەسەڵاتیان بە دەست هێناوە"١٥٥٨-١٦٨٧ز" لە و قۆناغەدا گەورە خەساوی قوڵەرەشی حەرەمسەرا، لە دایکی سوڵتانەوە نزیك بووە، یان لە ژنە دەسەڵاتدارەکانی سوڵتانو رەفتارو کرداری ئەوانە بووەتە هۆی لە ناو چوونی دەسەڵاتی عوسمانی، ئەگەرچی وا باو بووە کە ئەو خەساوانە، دارای فکرو عەقلیەتێکی بەربلاو نەبوونە، بەلام ئەو ژنانەی لە حەرەمسەرادا خنکێنراون بە پیلانی ئەو خەساوانە لە ناو چوون.

لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید دا، ئەوانەی دەبوونە خاوەن پلەی هاودەمی سوڵتان، گەورە خەساو دەست نیشانی کردوون و هەر لە و سەردەمەیدا گەورە خەساو پیاوە گەورەکانو پاشاگەلو دەسەلاتدارانی ویلایاتی عوسمانی دەرۆیشتنە دیتنی گەورە خەساو. جەوهەر ئاغای، گەورە خەساو، بووبە هۆی رووداوێکی خوێناوی و وەزارەتی جەنگ وەك تاوانبارێك ئیعدامی کردووە. خەساوەکان سێ بەش بوونە

١-برێکیان بێ ئەندازە هەستیار بوونە.

٢-بڕێکیان گێلو دەبەنگ.

٣-ئەو بەشەکەیان گەوجو زۆر لەوشەی قولەڕەش زوێر دەبوون و هەر بەو هۆیەوە قوڵەڕەشەکان قاوەیان نەدەخواردەوە. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە، تا لە ناو چوونی دەسەلاتی عوسمانی، دەسەلاتی گەورەخەساو، وردەوردە کەمترو کەمتر دەبوویەوەو لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا تەنها کاری بووبە چاودێری شێوەی جلو بەرگ پۆشینی ژنانی حەرەمسەرا یان هاوڕایی کردنی ژنان لە سەیرانو هاتوو چۆکانیانداو چاودێریکردنی حەرەمسەرا تا بازرگانانو فالگیران لە خۆڕا نەڕۆنە ناو حەرەمسەراوە، یان لە رووداوێکدا ئەو دەبوایە پرسی پێبکرابا.

کـە حەرەمـسەرا لـە ناوچـوو، خەسـاوەکانیش وردە وردە لـە نـاو چـوون و دیـاردەی خەسـاندن بـە دەگمـەن دەکـراو دەبیـستراو خەڵکەکـەش روویـەکی خۆشـیان دەربارەیـان نیشان نەدەداو دەیانەویست ئەو قۆناغەی بخرێتە لاوەو لە بیر کرێت.

## حەرەمی ئاسایی.

حـەرەم وە نـەبێت تـەنها تایبەتمەنـدی دەربـاری سـوڵتانەکانی عوسمـانی بووبێـت، بەڵکوو ئـەو دیاردەیـە، لـە سـەردەی نۆزدەهەمـدا لـە سەرتاسـەری وڵاتـانی ژێـر دەسـتەی عوسمانی و هەروەها وڵاتە ئیسلامیەکاندا باوی بووەو لە ماڵی بڕێك دەست ڕۆیـشتووانی مەسـیحیو جولەکەیـشدا ئـەو شـێوە ژیانـە پـارێزراوەو هـەمان ڕەفتـارو دیـاردەی حەرەمسەرا گەوەرەکانی تیادا دەبینرا.

کـەنیزو خەسـاوی ڕەشو سـپی تیـادا دەژیـا، ئەوانـەی هـەژاریش بوونـە دووژنیـان هێنـاوەو لـە ژوورێکدا دەژیـان تـەنها پەردەیـەك لـە نێوانیانـدا هـەبووە بـەس. پیـاوانی دەوڵەمەند ژنیان دەهێناو حەرەمیان جیا وەکردوەو دەیانخستە ژێر چاودێری دایکیـانو کچەکانیان هەر لەو حەرەمسەرایەدا گەورە دەبوونو شویان دەکردو دەچوونە حـەرەمی مێردەکانیان.

پیاو دەیتوانی چوار ژن بهێنێتو وەك یەك ڕەفتاریان لە گەڵدا بکاو ئەگەرچـی ژنـی یەکەم خاوەنی دەسەڵاتی زۆرتر دەبوو و سەرەڕای ئەو چوارژنە شەرعیەی کەنیزیان لـە بازاڕدا دەکڕیو کاری جنسیان لـە گەڵـدا دەکـرد و سـەرئەنجام داینـان بـە منداڵەکانیانـدا دەناو وەك کوڕی شەرعی خۆیان مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرد.

لە بـەر تێکـەڵ نـەبوونی ژنو پیـاو، زۆربـەی پەیوەنـدی ژن هێنـان و شـوو کـردن لـە ڕێگـەی دەلاڵو چاوسـاقانەوە ئـەنجام دەدرا، ئـەو دەلاڵانـە هـاتوو چـۆی حەرەمـەکانیان دەکـردو وەك ڕۆژنامەیـەکی پـادار باسـی جـوانیو لێهـاتوویی کـچانی حەرەمـەکانیان دەگەیاندە ئەوانەی بە دوای ئافرەتی جوانو کچانی بنەماڵەکاندا دەگەڕان.

یـان بڕێـك لـە بنەماڵـەکان بـۆ خۆیـان، بـۆ پتـەو کردنـی پەیوەنـدی بنەماڵـەیی ژنو ژنخوازیان دەکرد. تا بە ئەمڕۆ ئامڕۆ بۆ ئامۆزاو خاڵۆزاو پورزا، دەبنە ژنو مێرد.

سەیر لەوەدایە ئـەو جۆرە پەیوەندیانـە تـا شەسـتەكانیش هـەر لـە ڕێگـای ئـەو چـاو ساقانەوە دەكرا، زۆرتـر بـۆ پیـاوە ژن مردووەكـان یـان گەنجـە كەڕوڵاڵـەكانو ئـەو جـۆرە دەڵاڵانە دەیاندا لە دەرگای زۆر لە بنەماڵەكانو دەرگاشیان بۆ دەكرایـەوەو دەیـانزانی بـۆ چـی هـاتووەو بـە چ مەبەسـتێكو بـە شـێوەیەك لـە شـێوەكان كـچەیان دەهێنانـە نـاو دانیشتنەكە، یا لە ڕێگەی قاوەگێران یان شەربەتو شیرینی دانان.

مـنو هاوڕێیـەكانم گاڵتـەمان بـەو جـۆرە ئاشـناییو داخوازییـە دەكـرد، بـەڵام ئـەو دەڵاڵانـە دەهاتنـە ماڵـەكانی ئێمـەش. بـاوەك وڵات لـە قۆنـاغێكی سـەختی گۆڕانكـاری كۆمەڵایەتیـدا دەگـوزەرا، لـە بیرمـە لـە درزی دەرگاكانـەوە، دەمنواڕییـە چـۆنیەتی ئـەو مامەلەیەدا كە دەربارەی كچە گەورەكان دەدوان و بەوردی ئەو رەفتارانەم لا ئاسایی بـوو بوو، كە گەورە بووم، تۆرە هاتە سەر من، بەڵام لاساریم دەكردو نەدەچووم بۆ دیتنیـان، بەڵام ژنە گەورەكانی خێزان دەست بەردار نەدەبوون، بەزۆر پەسەندی لای ژنە دەڵاڵەكە نەبم، جلو بەرگی نەشیاوم لە بەر دەكرد، قاوەی ناخۆشم دروست دەكـرد، چەنەبازیم دەكرد، كە ژنە دەرۆیشتە دەرەوە، خزمانم شەڕیان لە گەڵدا دەكردم، بۆیـە بـە قەسـدی وام لـە خـۆم كردبـوو. مـن لـە باوەڕێكـدا بـووم كـەواا بـۆ خـۆم دەتـوانم مێـردی خـۆم بدۆزمەوە، لەم دوادوایانەیدا پیرەژنانی فامیلیا، حەسرەتیان دەخوارد، كەوا دنیـا چـەندە گـۆڕاوەو دەیـانزانی پاشمـاوەی سـەردەمێكی بـە سەرچـوون. وەنـەبێت داسـتانی عـشقو عاشقی لەو كۆمەڵگایەدا نەبوبێت چینی گەنج بە شێوەیەكی سروشتی تـاروپودی پـڕ لـە عشقو خەیاڵی بەربڵاو چ كچ یان كوڕ شیعریان دەنووسـی بـۆ دڵـداره خەیاڵیەكـەیان و زۆر كەرەسـتەیان دەكـردە هـەوێنی ئـەو عـشقە مەزاجیـەی وا لـە دەروونیانـدا دەجۆشـا، جارو بار ئەو عشقانە هەر لە ڕێگای وەسفو قسەو باسەوە بنچینەی دادەنـاو وردە وردە گەورەو گەورەتر دەبوو بـەڵام لـە سـەرەتاو سـەر ئەنجامـدا ئـەوە خێـزانو فامیلیـا بـووە بڕیاریدا. بۆ نموونە: نەنكم منداڵ بووە، باوكی بەڵێنی داوە بیدا بە هاوڕێیەكی تەمەنی گەیشۆتە چواردە، دراوەتە با پیرم كە تەمەنی چل ساڵان بووە.

داوا كـردنو دیـاری كـردنیش بـۆ خـۆی داسـتانێكی كـەی هـەبووە، دیارییـەكان وەك: ئاوێنەی زیوین، سینی بۆ بەهارات، یان مەسینەی شوشەیی شەربەت، یـان لـە كریـستاڵ، كـراسو كـەوای تەلقرمـەی زێـڕین. خێزانـە دەوڵەمەنـدەكان، ئـەو دیاریانـەیان بـۆ مـاڵی بوكـە دەنـارد. نێرگەلـەی یـاقوتو بـەزێڕ رازاوەیـان دەنـارد بـۆ زاوا یـان جـزدان، یـان

کاتـژمێری گرانبها، یـان مەسـینەو لـە گـەنی دەسـت نوێـژ هـەلگرتن لـە گـەڵ خـاولیو پەشتەماڵی ئاورێشمیان دەنارد.

خۆ رۆژێ پێش گوێزانەوە، ژنان هەموویان درۆیشتنن بۆ حەمام هەر هـەموو خۆیـان دەڕازانـدەوە، خەنەبەنـدانیان دەکـرد، بـاوەك ئـەو جـۆرە خەنەبەندانـە لـە شـاردا کـەم دەکراو بە رەفتارێکی گوندانەیان دادەنا، لە بیرمـە بـۆ یەکـەم جار دەسـتیمان لـە خەنـە گرت، بۆنی سیری لێدەهات، هـەردوو دەسـتمیان شـەو تابـەیانی پێـچایەوە، بـە سـبەینێدا دەستیان شۆری، سەیرم کرد زەردێکی ناشیرینە، کە منـدالانی هاوتەمـەنم ئـەوەیان بـینی زۆریـان گاڵـتە پێکـردم، نەگبـەتی لـەوەدابوو، تـا دوو سـێ هەفتـە هـەر بـە دەسـتمەوە مابوویەوە.

## گوێزانەوە.

کچو کوڕ، یان بوكو زاوا لە پێش گوێزانەوە راستەوخۆ بەکتریان نەدیبوو.. پیرلوتی، لە کتێبك بە ناوی"ئازاد بوانی ناو وەهم": ئەو بوکەی کە هێشتا نەگوێراوەتەوە، نـەبوو بوو بە مولکی یەکێکی تر، دەبوا خۆی ئامادە کردبا وەك وا بێت مەرگی لە پێشدا بێت، ئیـدی ئـەوی رابـوردووی ژیـانی هـەبووە دەبوایـە بیخاتـە لاوە، وردە رازەکـانی، پـسولە نهێنیەکانی گەنجینە بچکۆلەکانی هەمووی لە ناو دەبرد، لە ترسی پیاوەکـەی ئـەو پیـاوە کە ناسراوە، تا هەتاو بەرەو ئاوا بـوون دەچـوو ترسـی ئـەو کـچە بـێ ئەزموونـە زۆرتـر و زۆرتر دەبوو، هەموو ئەو رازانە لە کورەی نێو ماڵدا دەسووتێنران.. شایی بەوەی دەسـتی پێدەکرد بووك بگەیەتە ماڵی زاوا. سەرتاپای داپۆشراو بە تارای سـوورەوە، لـە رارەوێکـی ئاورێشمیدا دەگوزەرا، یانی لە گالێسکەکەوە تا بـە دەرگـا. بـووك نـەدەبوو ئـاوڕ بداتـەوە، بەڵکو بەرەو پێشەوەو بۆ دەرگای ماڵی تازە.

پـووری یـان ژنـە خزمێکـی نزیکـی بندەسـتی دەگـرت، تـا کـەژاوەی دروسـتکراوی تایبەتمەندی بووك ئەو دەم هەڵمەڵەی

جۆراوجـۆری ژنـانی ئاسمـانی دادە دڕی، ئـەودەم زاوا دەهـات و پێـچەی بـووك هەڵدەدایەوە، بۆ یەکەمین جار ژنی خـۆی دەدی، ئـەو کاتـە هەسـتیارە زۆر گـرنگ بـووە،

زاوا ئەگەر بووکی بە دڵ نەبوایە مافی رەدکردنەوەی هەبووە، بەڵام ئەگەر گوێلێک پوول‌و پارەی فرێدایە سەر ژنانی ئەو دەوروبەرە، ئەوە یانی بووکەکەی بە دڵەو دەبووە پەلە قاژەی پوڵ‌و پارەی سەرزەوی کۆکردنەوە. لە لایەن ئەو ژنانەوە، ئەو جۆرە ژنانە لە زۆربەی ژن هێنانەکاندا بەو مەرامەیەوە دەرۆیشتن، دەڵێن بڕێک لە پیاوان عاباو پەچەیان دەداو دەرۆیشتنە ناو ئەو بۆنانەوە، تا روخساری بووک ببینن.

زاوا دەستی دەگرت و لە ژوور دەیبردە دەرەوە، زاوا لە ماڵ دەرۆیشتە دەرەوە، تا شەو نزیک بووک نەدەکەوت. ئەو رۆژە شایی‌و مەولودی بەردەوام دەبوو، لە بڕێک لەو بۆنانەدا حەوت شەوو حەوت رۆژ شایی بەردەوام دەبوو، کە ئێوارە دادەهات پیاوانی خزمی زاوا، زاوایان دەگەیاندە ژوورەی بووک و مەرجی خوێناوی بووک ئەوە بوو دەبرا بەڵگەی کچێنی هەبوایە، ئەویش چەند پەڵە خوێنێ کچێنی بووە، ئەو خوێنەیان نیشان دەدا، بەڵێ وا بووک کە کچ بووەو زاوا کاری خۆی کردووەو کردویەتیە ژن.

ئەوە جیهانی سەردەمی نەنکم بووەو ئەو جۆرە داستانە بە راستی تۆقێنەرو نەشیاو بووە، لەو شەوانەدا زۆر کارەساتی پێشبینی نەکراو رووی داوە.. دووکەس ژن و پیاوێک هەرگیز یەکتریان نەدیوە، لە پڕ دەست بەو کارە بکەن، بە راستی پڕە لە"هیچ". نەنکم دەیگێڕایەوە دەیوت: کاتێک با پیرتان عەمامەکەی لە سەر لابردو سەرێکی کەچەڵم دی موی بە سەرەوە نەبوو، تا ئەو دەمەش پیاوێکی کەچەڵم نەدیبوو، خزمە نزیکەکانی هەر هەموویان سەروو قژێک زۆریان پێوە بووە، ئەو شەوە لە گریان ژیاتر هیچی تری پێنەکراوە، کەڵەشێرێکیان سەر بڕیوەو خوێنی بژاوی سەر متیلەکەیان نیشانی خەڵک داوە.

لە دوای ئەو شەوە، یانی سەرەتای ژن‌و مێردی ئیدی ئەرکی گەورەی ژن ئەوە بووە رەزامەندی دڵی پیاوەکە بە دەست بهێنێت‌و بە پێی ئاین‌و بڕێک لە ئاداب‌و نەریتی حەرەمسەرای پێکهاتووە، جگە لە ناو جێگەو حەرەم‌و کارو کردەوەی ناو حەرەمسەرا نەبێت ژن مافی بەشداری بوونی بەشەکانی تری ژیانی مێردەکەی نەبووە، هەتاوەکوو بە جیا نانیان دەخوارد، ئەگەر پیاوەکە منداڵێکی کچی بوایە لە ناو پیاواندا بە شەرمەوە دەیگوت: پێچەدارێکمان بووە، شتێک لەو بابەتە( لە بڕێک کۆمەڵگای عەرەبی ئێستادا پیاو باسی ژنەکەی دەکات وشەی" تکرم"بە کار دەبات. یانی لە رووی تۆدا نەبێت. ئەوەندە بێ رێزانە دەڕوانە ژن..)"و".

## فرەژنی.

لە قورئاندا دەفەرمێت:( واللاتی تخافون نشوزهن فعظوهن واهجروهن في المچاجع وا مزبوهن) . یان( وانکحوا ماگاب من انساو مپنی وپلاپ ورباع). بەڵام پەیامبەری خودا، پانزە ژنی هێناوەو پەیامبەر، لەومەرجە دەرچووە، لە بەر بەرژنەوەندی کاروباری ئیسلامیەتو پتەوکردنی هێزو توانای ئیسلام.

بەلای برێك لە کەلتووره ئیسلامیەکانەوە، رەزامەندی ئافرەت بۆ ژن هێنان مەرج نییەو ژن ناتوانێت بەرگی لە مێردەکەی بکات بۆ ژن دێنیت، بەڵام ئەو پیاوەی دوو ژنو سێو چوار دێنێت، نابێت جیوازی بخاتە نێوانی ژنەکانیەوە، هە چواریان بەیەك چاو تەماشا بکاتو یەك مامەڵەیان لە گەڵدا بکات، پیاوەکە دەتوانێ جگە لە لەو چوار ژنە هەر چەند کۆیلەکەنیزی جۆراوجۆریش راگیر بکات.

لە تورکیادا، دوای یاسای تازە، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دانراوە، باوەك شەرعی ئیسلامی چوار ژنو هەرچەند"جاریە"ی ئازاد کردووە، ئەو یاسایە تەنها ژنی یەکەمی بە یاسایی ناسیوە، ژنی یەکەم زۆر لە دەسەڵاتو توانای پێ بەخشێنراوەن زۆر لە پیاوان حەزیان لە فەر ژنییە، بەڵام هەر بە تەنها ژنێك بە ناچاری رازی بوونە، لە بەر ئەوەی هەر ئەوەیان پێ بەخێو دەکرێت، وتەیەکی تورکی هەیە دەڵێت: مێردێك چوار ژنی هەبێت، ماڵەکەی کەشتییەکە بەدەم تەفانەوە" هەروا بەزمی سەر دەسەڵات هەمیشە ئارامی حەرەمسەرای شێواندووبووە نادیا تازی، لەم رووەوە دەڵێت: زۆربەی زۆری پیاوان، ئەوانەی ژیرانە بیریان کردۆتەوە"جاریە" یەکیان دەهێناو بۆ ماوەیەك ئەودەم، دەیانگۆڕی بە یەکێکی تر، یان ژنێکیان دەهێناو ژنێکیان تەڵاق دەدا، تا لە کێشە"هەوی" دوور کەوێتەوە. یان چەندین ماڵی جیاوازی دوور لە یەك پێکدەهێنا، تا ژنەکانیان لە یەك دوور بوایەن..

مەرجی چوار ژنداری بە پێی شەرعی ئیسلامی لە نێوانیاندا وەك یەك مامەلە کردنیانە.مێردەکە بە نۆرە دەچووە ژوورەی ژنەکانی، بەڵام لەم رووەوە کابرایەکی هەنگاری بە ناوی"ك-مایکی" کە چلو چوار ساڵ لە ئەستەنبولو گالیبەلدا ژیاوە،

کتابێك لە ساڵی ١٩٤٥ز نووسیوە بە ناوی "نامە تورکیەکان" تیادا دەڵێت: ژنی یەکەم مافیکی دابینکراوی جنسی هەیە، ئەگەر مێردەکەی سێ جاران شەوی جومعە نەڕواتە لای سێ جومعەی لە سەریەك ژنە دەتوانێت بەلای قازی شەرعەوە شکاتی لێکردبا، ئەگەر لەوە زۆرتر پشت گوێی خستبا ئەوا مافی تەڵاقی پێدەدرا، ئەوە کەم روویدەدا، بەڵام بەلای شەرعی ئیسلامیەوە رەوابووە، ژنی دووهەمو سێهەم هێنان، زۆرتر لە ناو راستی تەمەندا دەهێنران، جگە لە هۆی رابواردن، بەڵگەی نەزۆکیو لە منداڵ چوونەوە دەبووە دەستەگیرەو ژنێکی گەنجیان دەهێناو جارەوبار ژنەکەی هانی مێردەکەی دەدا تا ژنێکی گەنج بهێنێتو ببێتە خاوەن منداڵ، ئەو ژنە گەورەیە تەنها بە سەرۆکایەتی حەرەمەکە رازی دەبوو.

رۆژئاواییەکان بەلایانەوە دژوار هاتووەتە بەر چاو ژنێك رازی بێت جێ خۆشکات بۆ مێردەکەی تا ژنێکی کە بهێنێت.. بەڵام ئەوە لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا رەواجی هەبووە، بە تایبەت ئەگەر ژنی یەکەم نەزۆك بوایە، دەکەوتە تەقەلای ژنێکی منداڵەوە تا مێردەکەی ببێتە خاوەن منداڵ، کە ژنی دووەم باردار دەبوو ژنی یەکەم دەکەوتە تەدارەکی پێویستیەکانی ئەو منداڵەو دەیگوت: منداڵەکەمان. بەڵام بەو ئاسانیەش نەبووە ژنێك بتوانێت ئەو جۆرە رەفتارە بکات کە دەبوا خۆی دایك بوایە، نەك ئافرەتێکی تر. بەڵام ئەو ژنانەی گەرم و ساردی دینایان زۆرتر دیبوو، ئەو هەستە پڕ ئازارەیان دەشاردەوەو بەرگەی ژانەکەیان دەگرت.

نووسەرێکی تورك بە ناوی" حەلایی ئەدیب" دەڵێت: ئەگەر ئافرەتێك هەست بکات، ئەوا مێردەکەی پەیوەندی سەکسی هەیە لە گەڵ ژنانی تردا، گەلێکی پێ نارەحەتو نیگەران دەبێت، بەڵام ئەگەر مێردەکەی ژنی بهێنێتە سەر، ئەوە هەستێکی ناوقەو بڕەو پڕە لە کەمایەتی و چاوی بەزەیی خەڵکەکەی تێ دەنوارێت.

لە هەر حاڵەتێکدا بێت، دابەشکردنی خۆشەویستی بەلای ئافرەتێکەوە چ وەك خۆشەویستی بێت، یان پەیوەندی جنسی، بۆ ئەو ئافرەتە ئاسان نییە، رەنگە یەکێك بڵێت کاتو زەمان بارمتەیە بۆ ئاسایی کردنی ئەو جۆرە ژنانە.. رەنگە بەو ئاسانیە نەبێت ئەو ژنە وەنە بێت هەر لە مێردەکەیدا بووەتە هاوبەش لە منداڵو دەسەڵاتو خزمەتگوزاری ئیرسو دەنگو ناوی مێردەکەیدا بەشدارە ئەو ژیانە تێکرایەو پێکەوە

ژيانە. دەروازەی خودی دۆزەخە، بەڵام کورد واتەنی(ئەگەر ریش بوو بە تووشەوە دەبێت شانەی بۆ هەڵگری).

ئەو منداڵانەی لەو جۆرە خێزانەیدا پەروەردە دەبن تووشی سەدان گرێی دەروونی دێن و بە دەگمەن ساخڵەمیان تیادا هەڵدەکەوێ."هودا شەعراوی" ئافرەتێکی هۆشیاری میسری بووە، بەرگری لە پێشل کردنی مافی ئافرەتان دەکرد، لەتەمەنی سیانزە ساڵیدا ١٨٩١ز مارەکراوە. چەند منداڵێکی لە کۆیلەکەش هەبوو.. دایکی هودا مەرجێکی خستبووە بە زاواکەی، ئەگەر هاتو ژنێکی تری هێنا، ئەوا هودا مافی تەڵاق وەرگرتنی هەبێ. دوای هەژدە مانگ ژنێکی دیکە لە مێردەکەی باردار بوو، بوو بە هۆی جیابوونەوەی هودا لە مێردەکەی عەرەب دەڵێت: پیاو وەك ئەوە وایە لە نێوەڕۆدا لە ژێر سێبەری دەرختێکدا بێت. ئەو سێبەرە هەروا نامێنێتەوە، ئافرەتێکی تر بە ناوی" عەتیات سەقاف" کە ئەویش یەکێك بووە لە دۆستەکانی هودا لە بیرەوەرییەکانیدا ١٨٧٩-١٩٢٤ز، دەڵێت: مێردەکەم گەشتو گوزاری زۆر دەکرد، لە هەر سەفەرێکیدا ژنێکی هێنابوو، کاری ئەو لە گەشتیەکاندا کاری دەکرد. لە کاتی حەج کردندا، هەر لە ناو کەشتیەکەدا کە بەرەو مەککەو مەدینە دەرۆیشت ژنێکی دەهێنا، کە دەگەیشتە ئەوێ تەڵاقی دەدا، ئیدی نازانم چەند جار ژنی هێناوە، ئەوەندە منداڵی بووە، نەیتوانیوە بیانژمێرێت یان بیانناسێتەوە، من بۆ خۆم دیومەن سواری لە گەڵ کارەکەرە ئافرەتەکەیماڵماندا جووت بووە، ئەم رەفتارە حەڵاڵە ناشیرینە لە گەڵ ژیاندا ناگونجێت، بڕێك لە پیاوان، ژن هێنانی دووهەمو سێهەمیان لە ژنی یەکەم شاردۆتەوە.

کچە ئەمریکیەك، بە ناوی"پول باولز" لە رۆمانەکەیدا بەناوی"ئەو ئاسمانەی گومرامان دەکات" دەڵێت لە گەڵ مێردەکەمدا گەشتێکی ناو سارامان کرد، لە سارادا مێردەکەم مرد، سەر قافلەدار خۆی کردە خاوەنمو جلو بەرگی پیاوانەی کردە بەرمو بردمیەوە ماڵی خۆیان، خستمیە ژوورێکەوەو دەرگای لێداخستم، ئەو پیاوە سێ ژنی دیکەی هەبوو، ئیدی هەموو ئێوارانێك دەهاتە ژوورەکەمەوەو لە گەڵمدا جووت دەبوو، ماوەیەك بەو شێوەیە درێژای کێشا، من لەوەی دڵنیام ئەو سێ ژنە دەیانزانی ئەو چ دەکات، بەڵام دەنگیان نەدەکرد.

با بگەڕێینەوە بۆ لای چۆنیەتی ژیانی ناو حەرەمسەرا.. ئیدی حەرەمی گەورە پیاوان، پڕ بووە لە رەگەزی مێ، ژنگەل، داکەکان، خۆشکەکان، کچانی پێگەیشتوو، جاروبار ژنانی نەداری خزمی دوور، هەرایەك بووە بۆ خۆی، ژنان نەیاندەزانی ئاغا کەی هەوەسی هەڵدەستێت و سەری حەرەم دەدا، ژنان بۆ مەبادا هەمیشە ئامادەو جلو بەرگ لە بەرو ئارایش کردو، چاوەڕوان لە پارێزدا بوونە، کەی بەختیان بکرێتەوەو ئاغا دۆخینی لیان بکاتەوە.

## دۆعاو جادوو.

زۆر لە ژنانی پەنا دەبەنە کارو کردەوەیەك تا دەروونی ئاشوفتەیان دامرکێننەوە، ئیدی بە پول و پارەیەکی زۆر بە دوای جادوگەرانو فالگیرانو لەپ خوێنەراندا دەگەڕان، یان دەواو دەرمانو دۆعاو جادو کردن بۆ رەش کردنی ناحەزانیان یان نەزۆك کردنی هەویەکانیان، یان تاکو مێردەکانیان تەنها تەوحیان هەر بەلای ئەوانەوە بێت.

قەرەچیەکان دەستیان دەگرتەوە یان قاوەیان بۆ لێکدەدانەوە، یان دۆعاو تەلەسمی جۆراوجۆری جادووی رەشو بۆ خۆشەویستی یان بێزاندن یان دۆعای چاوپیسی و شاکانی بردن، یان چاوەزاری کردن بۆ منداڵان، تا لە بەڵای حەسادەتو چاولێدان بیان پارێزێت.

(بەندە وەك خوسرەو جاف باوەڕم بە (جادوو رەش) هەیە، ئەو جۆرە قسانە وەنەبێت تەنها لە رۆژهەڵاتدا باوی هەبێتو رەواجی پێدرابێت، بەڵکو ئەورۆکە لە ئەورپادا، ئەو کۆمەڵانە نووسینگەو یانەی تایبەتمەندی خۆیان هەیەو ئەندامانیان لە سەر مەرجی تایبەت وەردەگرنو پەیڕەوی شێوەیەکی تایبەتمەندی ژیانی، و لە ئاینی ئیسلامیشدا"سحر" یان جادو لە قورئانی پیرۆزدا باسی لێکراوەو بە یەکێك لە ئاواتە گەورەکان لە قەڵەم دەدرێت.خۆ ئەوانەی لە ئەروپا یان ئەمریکا، چوزانم هە کوێیەك لە دنیا پەیڕەوی "بلاك ماجیکن"سحر رەش- سەرتاسەریان کەسانێکی عیلمانو زۆربەی زۆریان باوەڕیان بە هێچ ئاینێکی ئاسمانی نییە. بەڵام ئەندامی ئەو جۆرە کۆمەڵانەن. لە حەرەمەکاندا ئەو جۆرە کارانە دەکراو ئێستاش خەڵکی ئاسایی دەست بەرداری ئەو

جۆره نووشتەو جادوانە نەبوونەو لەم سەردەمەشدا ئەو كارو كردەوەیە هەر باوەو هەر ماوە.

دیـاره زۆرتـر ئـەو رەفتـاره لـە حەرەمـسەراكاندا رویـدەدا، یـان لـە حـەرەمی ماڵـە گەورەكاندا جگە لـە دۆعـاو نووشـتە، حـەرەمی ماڵەگـەورەكان بـە گـوێرەی زەمـان دەبـوا پەیوەسـتە نـوێ كرایەتـەوە. ئیـدی ئـەوە منداڵـەو زۆر دەبـوو خزمـەتكاره پـیر دەبـوو، میوانە زۆرتر دەهاتن، هەر دەبوا خوێنی تازەو بە گوڕتر بهێنرایەتە حەرەمسەراوە.

نووسەرێك بە ناوی" دی نیرڤال" دەڵێت: حەرەمسەرا وەك"دێـر" وایـە كـە چـۆن لـە ئافرەت زیاتری تیادا نابینرێت لەوێرا حەرەم تەنها كاری پـەروەردەی منـداڵو كۆیلـەكان كـارو كـردەوەی مـاڵ بـە رێگـەوە ببـەن، ئاغـاش هـەركات هەوەسـی هەڵسێت سـەرێك لـە حەرەمسەرا بدات، نەك بۆ نانخورادن بەڵكو بۆ نێرگەلەكێشانو قاوە خواردنەوەو جووت بوون. ژنانی ناو حەرەم لە ئارایشكردنو پاڵدانـەوەی سـەر كۆشـەی پـەڕی نـەرم و گـەرم زیاتر كارێكی ئەوتۆیان نەبووە، جگە لە چاوەڕوانیەكی تەمەڵانەی دوورو درێژی چاو لە دەرگا بۆ هاتنی ئاغا.

لە حەرەمسەرادا كۆیلەكەنیزەش رادەگیرا، هـیچ مافێكیـان پـێ نـەدەدرا، مەگـەر ئاغـا مـارەی كردبـا، ئـەودەم هـەر بـەمۆڵكی مێردەكـەی لـە قەڵـەم دەدرا، بڕێـك لـەو كۆیلـە كەنیزانە ژوورێـك یـان دوو ژووریـان بـۆ تـەرخان دەكـرا، ئەگـەر بـەلای ئاغـاوە پەسـەند بوایە، ئەگەریش نا، ئەوا دوان سیان لە ژوورێكدا دەژیان، ئەو ئافرەتە بەخت رەشانە بـۆ ساڵێك ترسو تۆقیانی ئاغای ماڵیان لە فكر نە دەرۆیشتە دەرەوە، ئەو دەتوانێ هەر جۆره سزایەك دابین بكات بێ ئەوەی لە كەس بترسێت، یان لە یاسا.

تەنها شتێك، مایەی ئومێدی ئەو جۆره ئافرەتانە بووە، جەواهێراتێك بووە كـە پیـان دراوە، كە لە رۆژگاری رەشدا بیان پارێزێت. ئەگەر هەر پیاوێـك بـە زۆر لێیـان سـەندایە بە پێی شەرع سزا دەدرا.

جێگەی ژیانی ئەو ئافرەتانە دیسان دەبـوا مـەرجی خـۆی بـا تـا نـەدەبوو پەنجـەرەی ژووری ژنانی حەرەم بـە سـەر شـەقامەوە بێـت. تـەواوی ئـەو پەنجەرانـە بـە شـێوەیەكی تەختەبەندی كون كونو كونجڕكونجڕ رووی پەنجەرەكان دادەپۆشی، جگە لە رۆشـنایی و بـا هیـچی پیـا نـەدەگوزەرا، ئـەو شـێوە داپۆشـینە ئەورۆكـە یەكێكـە لـە دیـارده فـره زەریفەكانی دینای میعماری ئیسلامی.

له کتێبی"قوستەنتینەدا" ١٨٩٨ز، کە لە لایەن ئەمونس دی ئیمیکسەوە نووسراوە دەڵێت:

بە شێوەیەکی گشتی ژووری ئەو حەرەمسەرایانە گەورەنین، زەوییەکەی بە مافور دادەپۆشرا، گوڵو گوڵدان لە کەمەی پەنجەرەکاندا دادەنرا، مەقاڵەیەکی مسین لە ناوەڕاستدا لە دیوی پیاواندا، پیاو لەوێڕا نانی دەخواردو دۆستانی دەدی، ژنان ماڧ بەوێدا تێپەڕینیان نەبووە. دوو ئاشپەزخانەی تیادا بەکار دەبرا، تەنها سەربان جێگەیەك بووە دەریاو کەشتی ناو دەریای لێوە دیار بووە.

ژنانی ناو ئەو حەرەمانە دەچوونە دیتنی یەکترو ئیدی سەدان رازو باسو دنگۆی جۆراوجۆریان دەگۆڕێیەوە، لەو جۆرە سەردانانەدا پیاوی خاوەن حەرەم، حەقی نەبووە بڕواتە ناو حەرەمی خۆیەوە. لەکابرایەکم پرسی: باشە ئەو ئافرەتانە بە سەر قەرەوێڵەوە دەخەون یان لە سەر زەوی؟.

وەڵامی دایەوە، زۆربەیان هەر لە زەویدا دەخەوتن، ئەویش بە تەواوی جلو بەرگەوە.

ئەی خاوەن ماڵ؟

لە ژووری تایبەتی خۆیدا.. ژنەکانیشی هەریەکە لە ژوورێکدا.

ئەی جاریەکان؟

وەك وتم دوان وسیان لە ژوورێکدا دەخەون.

## مردن.

مردنو شۆردن و کفن کردن و ناشتنی لە ژێر خۆڵدا، لە ناو موسڵماناندا زۆر زوو و بە پەلە ئەنجام دەدرێت، دوای مردن بە بەرنامەی پرسەو تازی باری تا چل ڕۆژ بەردەوام دەبوو دۆستو ناسیاوان دەهاتنە سەرەخۆشی کۆستکەوتووەکە. سەیر لەوەدایە هە کۆمەڵێك یا تاقمێك بهاتنایە بۆ سەرەخۆشی خاوەن مردووەکە دەبوا لە گریان و شیوەندا وەك یەکەمین ڕۆژ غەمگینی تازە کردبایەتەوەو دەبوا شرینی یان

پێشکەش کردبا و قورئان خوێن قورئانی پیرۆزی خوێندباو دانشتوان ویردو سەڵاواتیان بۆ رۆحی مردووەکە بناردبا. گۆڕی مردوو هی پیاوان لە گەڵ ژناندا جیاواز بووە.

رۆژانی هێنی بە رۆژێکی ئاینی دەژمێردرێتو لەو رۆژەدا ژنان دەڕۆنە سەر مەزارو گۆڕەکان. ئەو چوونە سەر قەبرانە لەو سەر دەمانەدا وەك گەشتو گوزارێك وابووە، بۆ رۆژێك لە دنیای چوار دیوارو تەنهاییدا رزگار دەبوونو هەناسەی دەرو دەشتیان دەکێشا.

ئایتینن دینیە"کتاوی: وێنەکانی ژیانی عەرەبی ١٩٠٨

## ژنانی بوخچە.

بازرگانە ئەوروپاییەکان، ژنە مەسیحی خۆماڵیان مارە دەکرد، تا بتوانن وردەواڵەکانیان ببەنە ناو حەرەمسەراکانەوە. ماریانا ئەلیریزا،دەڵێت:" کە هاتە ماڵەوە پێم وا بوو سواڵکەرە، کە بوخچەکەی کردەوە پڕ بوو لە وردەواڵەی جۆراوجۆر، وەك بازنگ، خرخاڵ، ملوانکەی جۆراوجۆر و بڕێك پارچەی رەنگاو رەنگ. بەو شێوە ژنان دەیاندا لە دەرگاو ئەوی هایانبووە خستویانەتە بە دەستی ژنانی ناو حەرەم. ئیدی ئەو جۆرە ژنانە کە بخچەیان، پێ دەبوو و دەیاندا لە دەرگای حەرەمەکان، وردە وردە وەك دیاردەی رۆژانە لە ناو چوون، بەڵام هێشتا لە بڕێك وڵاتدا تاكو تەراك دەبینرێن.

## خەونی رۆژهەڵاتی.

چ دنیایەکی پڕ لە سەیرو سەفاو دەنگو رەنگ خۆشو جوانە، پڕە لە بەری داری ئەفسوناویو جەواهێرگردو پڕە لە شەراب و شیرینی، پڕە لە پەیکەری نەرم و گەرمو قەدوقامەتی سحر ئەنگیزی شەهوەتاوی.

دنیایەکی لە پشتی هەر دەرگاو پەنجەرەیەکدا خورپەی دڵێکی عاشقی مەحرومە، لە پشتی هەر پەێچەی سەر روخسارێکدا جادووی دوچاوی مەست بووی لە بادەی عیشق دەجریوێتەوەو تینووی هاو پێخەفیو جووت بوونە، هەر پەیکێکی نامە هەلگر وەعدی دیدارو ژوانی دەگەیەنێتە دڵدارەکەی دنیایەکە بۆ هەتا هەتا نییەو دەکرێت ئەنجام

دریّت لەو ولاّتانەدا روودەدا پیاویّکی بیزیاو ببیّتە هاو پیّخەفی کچە سولّتانیّك. کۆشکەکان لە زیّرِو ئەلّماس دروستکراون دەربارەکان لە یاقوتیّکی گەورە هەلّکۆلّراون، دنیایەکەە دەگمەنی پیّوە دیارە.

دنیای شاری دیمەشقی ئەفسانە، قاهیرەی سحرئامیّز، ئەستەنبولّی پرِ لە جادووی سەرسام ئاورە.

(پ.ر.ردمان)کتیّبی: رابواردنی شەوانە عەرەب ١٩٣٢.

لە زمانی ئەلّمانیدا وشەیەکی جوان دەوتریّت دەربارەی رۆژهەلاّت(مورگن لاند) یان "ولاّتی رۆژ".

رۆژهەلاّت ئەو جیّگەیە سەرەتا هەتاوی تیادا هەلّدیّتو تیشکی زیّرینی دەشتو دەرو چیاو دەریاکانی لە پیّشدا رۆشن دەکاتەوە. ئەوی بە دیکراوەو نوسراوەو ماوەتەوەو تا ئیّستاش زۆر کەس برِوای هەروا ماوە، بە تایبەت لە رۆژ ئاوادا، کەوا رۆژهەلاّت ولاّتی ئەفسانەو خەیالّە، ولاّتی خەونە گەورەکانە زۆر لە رۆژهەلاّت ناسان یا هەر نەبیّت، ئەوانەی لایان وابووە رۆژهەلاّت دەناسن، بە شیّوەیەکی پرِ لە جادوو باسی رۆژهەلاّتیان کردوو، و برِیّك لەو رۆژهەلاّت ناسانە بەوە رازی نەبوونە و کۆلّەباریان بەستووەو کەوتوونەتە ریّ بۆ رۆژهەلاّتو بەچاوی خۆیان توانیویانە خەیالّ لە حەقیقەت جویّ بکەنەوە.

جولیا بارودی ١٨٣٩ز دەلّیّت:

بیرو ئەندیشەی رۆژئاواییەکان بە کتیّبیّكو دوو کتیّبو دەربارەی رۆژهەلاّت ناگۆرِیّت. ئەوەندە لەو رووەوە داستانو باسی سەیرو سەمەرەیان بیستووە تا رادەیەکیش سەلّماندویانە تا واقیعیانە بنوارنە رۆژهەلاّتدا.

## هەزارو یەك شەو.

لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەمدا دەروازەی چیرۆکە رۆمانسیەکان بە رووی خویّندەواراندا کرایەوە، نەکو لە بەر باروو دۆخی سیاسی یان بازرگانی، بەلّکو بە هۆی کتاویّکەوە بە ناوی چیرۆکی جنوکەکان ١٧٠٤ز. ئنتونیو گالان کە بۆ خۆی نووسەریّکی

فەرەنساوی بوو کتێبی"هەزارو یەك شەو"ی وەرگێڕایە سەر زمانی فەرەنسی، چیرۆکەکانی ئەو کتێبە لە پایتەختی خەلیفەی عەباسیدا روویدەدا، بە تایبەت هی سەردەمی خەلافەتی هارونەرەشید، ئەو چیرۆکانە سەرجەمی باسی لە کۆیلەکەنیزەو پیاوە خەساوەکانو جنۆکەو سحرو جادوو دێو و درەنج دەکات.

خەلیفە کە بۆی دەردەکەوێت، ژنەکەی دۆستی هەیەو هاو پێخەفی یەکێکی ترە، دەست بە جێ دەیکوژێتو رقو کینەی تەواوی رەگەزی ژنانی دەڕواتە دڵەوە، هەموو شەوێك ژنێکی مارە دەکردوو بە سبەینێدا دەیکوشت و کاری سەرۆك وەزیرانی ئەو خەلیفەیە ئەوە بووە ژنانی چارە رەش پەیدا کات و بیانکاتە هاو پێخەفی سوڵتانو بەسبەینێدا بکوژرێن.

رۆژێك "شەهرەزاد" کچی سەرۆك وەزیران کەوتە بیرەوە تا باوکی رازی بکاتو بیکاتە هاو پێخەفی خەلیفە توانی رەزامەندی باوکی بە دەست بهێنێتو لە گەڵ خۆیدا بردی بۆ کۆشکی خەلیفە و بەلای خەلیفەوە جێی هێلا.. خەلیفە فەرمانیدا تا پێچەکەی لادا. کە لایدا جوانیەکەی خەلیفە سەرسام کرد، خەلیفە کە ڕوانی ئەو کچە جوانە فرمێسك بە چاوانیدا دێتە خوارێ.

پرسی بۆ دەگریت؟!

وەڵامی دایەوە: ئەی گەورەم تەنها خوشکێکم هەیە زۆرم خۆش دەوێت، ئەویش منی بەو ئەندازەیە خۆش دەوێت. ئەمشەویش دوا شەومە لە ژیاندا، داوا دەکەم جەنابی خەلیفە مۆڵەت بدا هەر تەنها ئەمشەو خۆشکەکەم لەم ژوورەدا لە گەڵماندا بێت. خەلیفە داواکەی قەبوڵ دەکات. ناردیان بە دوای خۆشکەکەیدا کە ناوی دینارزاد بوو. لە پێش بەرەبەیاندا خۆشکەکەی لە خەو راپەڕی( بە گوێرەی بەرنامەی دارێژراو) وتی: خۆشکە ئازیزەکەم تکایە لە پێش هەڵهاتنی هەتاودا، لەو چیرۆکە خۆشانەی کە دەیزانی یەکێکیانم بۆ بگێڕێتەوە، ئەمە دوا چیرۆکە کە لێتی دەبیستم شەهرەزاد لای کردە لای خەلیفەوەو وتی: جەنابی خەلیفە رازییە چیرۆکێکی بۆ بگێڕمەوە؟

خەلیفە وەڵامی دایەوە. دەتوانی..!

ئیدی شەهرەزاد، دەستی پێکردو خەلیفە بە تەواوی هەستو بیریەوە گوێی بۆ چیرۆکەکە رادا. کە هەتاو هەڵهات شەهرەزاد هێشتا چیرۆکەکەی تەواو نەکردبوو. خەلیفە بڕیاریدا سبەینێ بۆی تەواو بکات. ئیدی چیرۆکەکان تێکەڵاو بوو بوون پڕ

بوون لە رازو نیازی نەبیستراو پڕ بوون لە کارو کردەوەی ئەفسووناوی، بەو جۆرە هەزارو یەك شەوی کێشاو سەرئەنجام خەلیفە خووی بە شەهرەزادەوە گرتو بۆ هەمیشە پێکەوە ژیان.

ئەو چیرۆکە پڕ لە رووداوی سەیرو سەمەرانە لە فکرو ئەندیشەی رۆژئاواییەکاندا دەقی بەستو کەوتنە باوەڕێکەوە کەوا رۆژهەلات، سەر زەوی رازو ئەفسانەیەو ژیانی خەلکەکەشی شایانی دیتنەو کۆمەلگای ئەو قۆناغی ئەوروپایە زۆریان حەز لە شانۆ و جلو بەرگی جۆراو جۆر دەکرد، ئەو کەسایەتیانەی ناو داستانەکانی هەزارو یەك شەو وردە وردە دزەی کردە نێو شانۆکانەوە و لە شاری پاریسدا هەواو هەوەسێکی زۆر کشا بەرەو ئەوێ. کارو کردەوەی تورکیە"تورکویرز" ئیدی لە شانۆو ئۆپراو هونەری تابلوسازی، ئەدەبیاتی رۆمانسی هەیە تا دیزاینی جلو بەرگو خشلومو جەواهەرات هەتا وەکو دەرپێی ژنانەش. میرزادەکان جلو بەرگی پاشاکانیان لە بەر دەکرد، ژنان جلو بەرگی "جاریە" و کەنیزەکانیان دەپۆشاو لە بەرانبەر هونەرمەندانی تابلوسازدا رادەوەستان تا وێنەیان بکێشێت، بە تایبەت رووداوە جنسیەکانی ناو داستانەکانی هەزارو یەك شەو.ژنانی پاریسی سەرسام کرد بوو، "با"یەك لە رۆژهەلاتەوە هەلێکردبوو زۆر دەقی تێکدا بوو. نێرگەلەو شمشێری عەرەبو پێویستیەکانی رۆژانەی رۆژهەلاتیان لە کۆشکەکانی میرزادەکانەوە داکشابووە نێو مالانی خەلکی تر. بەوەوە رانەوەستا مادە سڕکەرەکان وەك تریاك و هێرۆیینو ئەفیون گەیشتنە ئەوروپاو بە کارهێنرانو بووبە هۆی بەربلاوی فکری و فەلسەفی خەلکە خوێندەوارەکەو زۆرتر کەوتنە بیرکردنەوە لە دنیای رۆژهەلات و فەلسەفەی تەسەوفی رۆژهەلاتی و شیعرو ئەدەبیاتی دنیای رۆژهەلات، بە تایبەت ئەدەبیاتی فەیلەسوف و شاعیرانی ئێرانی، وەك حافزو خەیام و مەولانا.

چەندین چیرۆك نووسراوە دەربارەی رۆژهەلات، بڕێکیان لە ژێر تەوژمو کاریگەری ئەفیوندا، وەك چیرۆکی"کوبلای خان" کە لە لایەن "گولیردج"ەوە نووسراوە، یان"ژیراردی نیرڤال".

ئیوژین فرومینتن، گوتە، بودلیر، کە لە جێگەیەکدا کۆ دەبوونەوە ناسراو بووە بە یانەی " بەنگ کێشەکان"

لـە وڵاتـی فەرەنـسادا، ڕۆژهـەڵات کراوەتـە هـەوێنی زۆر لـە فەلاسـیفەی ئـەو وڵاتـە. فولیتر"زدج"ی نووسیو zadمونتسیکو: نامەفارسیەکان"ی نووسـین راسـین"بایەزیـد"ی نووسی، کە ململانێ نێوان دوو ژنە سوڵتان بووە: قوسیمو نورهان.

لـە کۆشـکی ڤیرسـایدا ئـاوازو موسـیقای ڕۆژهـەڵات دەنگـی دەدایـەوە. مـوزارتن لـە دوادوایی سەدەی هەژدەهەمدا نای سحرئامێزی سازاند، یـان بەرهـەمێکی موسـیقا تیـادا ئازاد کردنی" جاریە"یەکی تیادا خولڤاندووە، کە زیندانی حەرەمـسەرای سولـتان رزگـار دەکریـت. هـەروەها بڕێـك پارچـە موسـیقاو سـیمفۆنیەی جۆراوجـۆر دروسـتکراوە، وەك خەلیفەی بەغدا، ڤالسی مەملوکیو مارشی تورکی، شەهرەزاد، هایدە.

ئەوانە هەمووی بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەوروپاییەکانی بەرەو ڕۆژهەڵات بەڕێکەون.

## ژن هێنانی خەساوەکان.

مارە کردنی کۆیلە کەنیزەکان لە خەساوەکان بەدەگمەن نەدەژمێرا، لەو جۆرە کارانە رویان دەدا، لە سەردەمی سوڵتان ئیبراهیم دا سومیل ئاغـا، گـەورەی خەسـاوەکان کـچێکی ئاوسی مارەکرد تـا نـەك ببێتـە خـاوەن ژن، بـەڵکو بێتـە خـاوەنی منـداڵیش لـە دەرەوەی حەرەمسەرادا خێزانی پێکهێناو زۆر لەو خەساوانە ژنیان هەبووە.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا قولەرەشێکی گەورەی خەساوەکان حەرەمسەرا دەڵێت:

مـن بـە دوای خۆشەویـستیدا نەدەگـەڕام، بـەڵکو هـەوەسو رابـواردن نەمـدەتوانی لـە حەرەمسەرادا ئەو کارە بکەم، زۆر ئافەرتی تیادا بوو ئەوەندە حەزم لێ دەکردن، خەریك بووم دەسووتام بەڵام تـرس لـە مـەرگ و سـەربڕین پەیوەسـتە لـە بـەر چـاوم بـوو، بۆیـە بریارم دا ژن بهێنم. هەر وامکرد رەنگە یەکێك بڵێت ئـەو ژنـە شـووی بـە چـی کـردووە. من بۆ خۆیشم ئەو وڵامەم بەلاوە نییە، ئەو پرسیارە لە نێوان منو ژنەکەمدا بە درێژی تەمەن لە یەکترمان نەکرد.

لـەم رووەوە (چـون ریتـشارد)١٦٩٩-١٧٠٠ز دەڵێـت ئـەو جـۆرە پەیوەندیانـە لـە راسـتیدا پێکـەوە ژیانـە، تـا ژنو مێـردی. دەڵـێن: خەسـاو بـە شـێوەیەك لـە شـێوەکان رەزامەنـدی

جنسی بۆ خۆی به دەست دەهێنێت، ئەوەش تا رادەیەك من بـه شـیاوی دەزانم هـەروەك زۆر له ژنان به بێ پیاوان خۆیان رازی دەکەن، ئـەو لیقـەو مارانـەش لـه گـەڵ ئـەم کـەم ئەندامیەیدا ژیان دەبەنەسەر.

## دووباره دەرچوونەوەی ئالەتی خەساوەکان.

ئەوه رویداوه، بەڵام نەك به زۆری"کارتەرسنت" دەڵێت: له بڕێك له دادگاکـان وڵاتـی چیندا، هەنـدێ لـه خەسـاوەکان ئالـەتی نێرینـەیان دووبـاره بـۆ بووەتـەوه جـا دووبـاره خەسێنراون، یەکێك له خەساوەکانی دەرباری"پەکین" به نـاوی (وی تـشونگ هـین)، بـه دزیـەوه ژنێکـی شـاردبووەوه، تـەواوی فکـرو زکـری خـستبوەکارەوه تـا دووبـاره ئالـەتی پیاوەتی لێدەر بێتەوه. یەکێك له دکتۆرەکان پێی وتبـوو ئەگـەر بتـوانی مێـشکی حـەوت پیاو بخۆیت، ئەوا دووباره دەبیتەوه خـاوەن ئالـەتی نێرینـه."وی تـشونگ هـین"، کەوتـه تەقـەللای دەرمـانی دەردی بـێ دەرمـانی خۆیـەوه، سـەر ئـەنجام تـوانی، مێـشکی حـەوت تاوانبار بخوات. بەڵام نەمانزانی بو به خاوەنی ئالەتی نێرینەی خۆی یان نه؟.

وەك زانـراوه خەساوەکان له پێش ئەوەی بڕۆنه نێو حەرەمـسەراوه هـەر لـەو رووەوه خانمی" مای مونتاگو" له نامەیەکدا بۆ ئەلکساندەر بوب نووسیویەتی تیایدا دەڵێت:

لێره دونیایـەکی پـڕ لـه رۆمانـسیەته ژنانیـان لـه گـەڵ ژنـانی لای خۆمانـدا جیـاوازن ژیانێکی له سەر خۆو ئارام به سەر دەبەن. ئەو خانمه له ساڵانی ١٨١٦-١٨١٨ز لـه تورکیـادا دەژیـا، ژنـــی بـاڵیۆزی بـەریتانیا بـوو" ئـدوارد ڤـورتلی" یـەکێك بـووه لـه ئافرەتـه هۆشـیارەکانو خـاوەنی فکـرو بـۆ چـوونو قەڵـەمی خـۆی بـووه، کتێبێکـی نووسـیوه، بـه ناوی" نامەکانی سەفارەتی تورکیا" به وردەکاریەوه توانیویه رووداوه راسـتەقینەکان لـه ئەفـسانەو خـەیاڵ جـوێ بکاتـەوەو ئاوێنەیـەکی باشـی رۆژهـەڵات بخاتـه بـەر دەسـتی رۆژئاواییەکان، باوەك گەلێك سەرسام دوو هێزی به توانای عەقڵو هەست بـوو بـوو، لـه نێوان هێزی سەرکێشی رووداوه ئەفسانەیەکانو واقعیەتدا دەخولایەوه.

کچه میرزادەیەکی ئینگلیزی توانی، بـه شـێوەیەکی پەسـەند ئـەو قۆناغـه بخاتـه بـەر چـاو و تـوانی بڕواتـه نێـو حەرەمـسەراوه بـه یەکـەمین ژنـی رۆژئـاوایی دەژمێردرێـت

توانیویە بڕواتە ناو حەرەمسەرا بە وردی باسی ژنانی ناو حەرەمسەرا بکات. دەڵێت: خانمەکە بە سەر تەختەیەکی نەختێك بڵندەوە بە سەر دۆشەك و کۆشەی رەنگاو رەنگەوە شانی دادا بوو، دوو کچوڵەی ئیسك سووك دوانزەساڵان، رازاوە، بە جەواهێری جۆراوجۆر لە پای ئەو خانمەدا وەستا بوون، من تا ئەو کاتە دیمەنی واپڕ لە زەرافەتم نەدی بوو. ئەمە بەشێك لە نامەی ژنی سەفیری بەریتانیا بۆ خۆشکەکەی نووسیویەتی لە ساڵی ١٧١٧زدا ئەو خانمە بەراستی سەرسامی چۆنیەتی ژیانی رۆژهەڵات بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا پابەندی کەلتووری وڵاتو فکری رۆژئاوای خۆی بووە دەڵێت: ژنانی ناو حەرەم داوایان کرد لە گەڵیاندا بڕۆمە نێو حەمام، زانیم دەبێ رووت ببمەوە وەکو ئەوان، دەمتوانی بڵێم نا، بەڵام ژنانی ناو حەرەم سوور بوون لە سەر ئەوە، ئیدی کەوتنە کردنەوەی بەندە شەتەکە دراوەکانی ناو قەدمو ولایان وابوو کەوا مێردەکەم ئەوەی سازاندووە تا من نەتوانم بۆ خۆم ئەو بەندە شەتەك دراوانە بکەمەوە.

ئەو خانمە نامەی جۆراوجۆری بۆ ئەلکساندەر بو بی شاعیر نووسیوەو هەردووکیان توانیویانە بۆ چوونێکی واقعیانە دەربارەی رۆژهەڵات بخاتە روو.

ئەو شاعیرە کەوتوەتە ئارەزووی بە دەست هێنانی کۆیلەیەکی جەرکسی بەڵام خانمی ماری، ئەوەی نەکردووە کە گەڕاوەتەوە دیاری رۆژهەڵاتی لە گەڵ خۆیدا بە کۆمەڵ بردووەتەوە رۆژهەڵاتو خەیاڵی چۆنیەتی ژیانی حەرەمسەرا بووەتە هەوریێنی تابلۆ سازانی هونەرمەندی ئەورووپایی بە تایبەت ئەندام پەیکەر روتو قوتی جۆراوجۆرو کۆیلە کەنیزەکانی ناو حەرەمسەرا کار بە شێوەیەکی شەهوانی و هەوەسی هەڵسین، هونەرمەندانە خراونەتە بە چاو تابلۆی هونەرمەند"ئنگریس ١٨١٤ز" شاکارێکی دنیای هونەرە لە دنیای تابلۆسازیدا، کۆمەڵگایەکی تایبەتی هونەرمەندانی رۆژهەڵات ناسان لە ساڵی ١٨٠٣زدا پێکهاتووە بە سەر ئەواندا رۆژئاواییەکان بە وردەکارییەوە لە رۆژهەڵات تێنەگەیشتبوونو سەفەر کردن بەرەو رۆژهەڵاتیانی بەلاوە یەکجار بە گرنگو دژوارو پڕ لە مەترسی دەزانی، بەڵام لەم دوادواییەدا هاتو چۆکردن بەو دژوارییە نەمایەوە، بڕێك لە هونەرمەندانی گەورەی رۆژئاوای توانیان بەرەو رۆژهەڵات بڕۆنو لەوێڕا بمێننەوە..

لە ساڵی ١٨٨٨ز، توماس کوك ئەنجومەنی گەشتو گوزاری دروستکرد بۆ بەرەو رۆژهەڵات رۆیشتن و لە ساڵی ١٨٦٩زدا کاناڵی سویس کرایەوە، بۆ کردنەوەی ئەو کاناڵە

شاری قاهیره رازنێرایەوە، هەتێلو ئۆپررای تیادا دروستکراو لە وێڕا هونەرمەندی بەرجەستەی ئەورووپا"ڤیردی"ئۆپرای عایدەی سازاندو لە وێڕا ئەنجامی داوە، لە ساڵی ١٨٩٣زدا شەمەندەوەفەری رۆژهەلاتی توندوتیژ لە نێوان پاریس و ئەستەنبولدا کەوتە هاتۆ چۆ، ئیدی هونەرمەندانی تابلۆ سازیش برێکیان گەیشتنە ئەستەنبول وەك میلینگ، بریزونیزی، بلوتارد، ڤیمنمور، دیلاکروا بۆ جەزائیر رۆیشت ئەگەر چی حەرەمسەرای نەدیبوو، بەلاّم وتبووی دیومە، ئەو هونەرمەندە تابلۆی بە ناوبانگی" ژنە مان، بەلاّم ئەوەی سەرنجی جەزائیرییەکان لە ژوورەکانیاندا" لە ساڵی ١٨٣٤ز سازاندووە ئەوڕۆ شاکارێکی هونەری دنیای ئەمڕۆیە، سەیر لەوەدایە دوای دەساڵ هەمان تابلۆی دووبارە کردۆتەوە(تکایە بنوارە کتێبی چواربەرگی مێژووی هونەری خوسەرەو جاف ٢٠١٠.).

هونەرمەندێکی کە بە ناوی" جون فردریك" دەساڵ لە شاری قاهیرەدا ژیاوە، سواری ئەسپیچکی شێ دەبوو و بە جلو بەرگی ئەو قۆناغەوە شمشێری بریقەداری لە کەمەر شۆڕ دەکردەوە، بە وردەکارییەوە چوو بووە بەرگو قالّبی خەلّکەوەو بەوردەکارییەوە دەستی بە کاری شێوەکاری کردبوو، ماندوونەناس ئەوو رۆژ خەریك بووە.

لە ساڵی ١٦٤٤ز ساکراری لە بیرەوەرییەکانیدا دەربارەی شاری قاهیرەە دەڵێت: منو پیاوەکانم رۆیشتینە ناو هوتێلێکەوە بە شێوەی مێعماری مەملوکی دروستکرابوو، پڕ بوو لە وردەکاری رازاندنەوەی نێو ساختراکێشا دووچاوی بەلەکی رەش پڕ لە نازو جادوو بوو لە پشت پەنجەرەیەکەوە بە دیم کردن..

تەنها هونەرمەندان بەرەو رۆژهەلاّت نەرۆیشتبوون بەلّکو شاعیرو نووسەرانی ئەو سەردەمەش کەوتبوونە خولیای رۆژهەلاّتەوە، لورد بایرون بەلاّم ئەو هەر بە قوستەنتینیەو تەنگەی بسفور رازی بوو بوو، زۆرتر لە نووسران عاشقی رۆژهەلاّت بوو بوون، وەك: گولیردج، فکتورهوگو، گوستاف فلوبیر، سبوفیل، گوتەو هەریەکە بە جۆرێك باسی رۆژهەلاّتیان کردووەو ئەو نوسینانە بووەتە هۆی هەوێنی فکرو ئەندیشەی هونەرمەندانی شێوەکار.

ژیرار دی نیرڤال، زۆربەی ولاّتانی رۆژهەلاّت گەڕاوە، سەرئەنجام عاشقی ژنێکی قوڵ دەبێتو دەکەوێتە دوایو بە دەستی دێنێت، لە دواییدا تووشی واقعییەتێکی تاڵ دەبێت چۆن رای بهێنێت، لە گەڵ کۆمەلّگای خۆیدا؟.. ئەو ژنە ناوی" زیتناییا" بووەو وەك

کۆیله کرپویەتی، بەڵام وردتر دەبێتەوە دەنوارێت خۆیو ئەو ژنە دوو مرۆڤی جیاوازی دوو جیهانن، سەرئەنجام ئازادی دەکاو بە جێی دیڵێت.. لە ساڵی ١٨٤٩ ز گوستاڤ فلوبێر، هاوڕێیەکی کۆڵەباری سەفەر بەرەو رۆژهەڵات دەبەستن ساڵێك لە میسردا دەمێنێتەوە.

ئەو کەڵە پیاوانە هەروا لە خۆوا بەرەو رۆژهەڵات نەهاتوون، پەنجەمۆریان دوای سەدان ساڵ هێشتا لە دنیای ئەمڕۆدا دیارەو نەخشاوە. ژان لیون ژیروم ئەم هونەرمەندە خۆی گەیاندە تورکیا لەوێڕا بۆ فەلەستین، سوریاو باکووری ئەفریقیا، ئەو دەم دەستگای کامیرای وێنەگرتن تازە داهاتبوو، جیروم، لە رێگەی بە دەست" سکیچ" کێشانو وێنەگردنەوە، بووە خاوەنی کۆمەڵێك دیاردەی هونەری، کە گەڕایەوە زۆربەیانی بە شێوەیەکی رەنگاو رەنگ هونەری خستە بەر چاو، بە تایبەت حەمامی تورکی لە رووی خەیاڵەوە پڕی دەکرد لە ئافرەتی روتو قوت، ئەگەر چی"ژیروم" هەرگیز رێگەی پێنەدراوە بڕواتە ناو حەرەمسەراوە، بەڵام بەوردەکارییەوە حەرەمسەرای خستۆتە روو.

" ژیروم" کە کچی گەورەی بازرگانی تابلۆی هونەری" ئەدلوف گوبیل"ی مارە کرد، توانی کارە هونەرییەکانی بۆ بخرێتە بە چاو و گەورە پیاوان ئاواتە خوازی یەکێك لە کارەکانی بن. بەڵام تابلۆکانی" بریزیوزی" بە شێوەی ئاورەنگ ئەنجامی دەدا، بە پێچەوانەی" ژیروم" کە بەرەنگ ڕون کارەکانی دەنەخشاند.. باوەك باوکی" بریزیوزی" کە بۆ خۆی میرزادە بووە و حەزی لە کاری هونەری کوڕەکەی نەکردووە، بەڵام "بریزیوزی" ماڵتای بە جێهێڵاوەو رۆیشتووە بۆ ئەستەنبولو بە درێژایی پەنجا ساڵ لەوێدا ژیاوە و لەو شارەدا ریشەی داکوتاوەو پەیوەندی لە گەڵ دیبلۆماتەکانەو خەڵكو خوادا پتەو کردووەو ناو بانگی بەربلاوی دەرکردووە، کچێکی یونانی مارە کردووەو سێ منداڵی بووە و لە دواییدا بووەتە وێنەکێشی تایبەتمەندی سوڵتان عەبدولحەمید.

شێوەی کاری ئەم هونەرمەندە، دوور بووە لە خەیاڵی ئەفسانە ئامێزو سحرو جادوو، بەڵکو ئەوی ئەو دەیکێشاو جەینەخشاند خوێنو گۆشتو واقعیەت بووە، نە تابلۆی" عەدایل خانم ١٨٥٤." راستەقینەیەکە لە واقعیەت، یانی راستەقینەی رۆژهەڵاتی خستووەتە بەر چاو، کاتێك" ئیوژین" ئیمپراتوریست و ژنی ناپلیونی سێهەم لە سەفەری چوونی بۆ میسردا بە رێگای ئەستەنبولدا گوزەرا، لەوێڕا بووە میوانی سوڵتانو بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا سوڵتانێکی عوسمانی سەری تەعزیمی دانواندووە بۆ ئافرەتێك هەر لە بەر ئەو میوانداریيە لە مێژدا سوڵتان کوشکێکی رازاوەی بە شێوەی

رکوکو، شازاند، تاکو(ئیوژینی)تیا بنوێت. هەر لەو سەفەرەیدا" ئیوژین" رۆیشتە ناو حەرەمسەرای سوڵتانەوە. ئەو سەردانە بووبە هۆی مەیل کێشانی ژنانی حەرەمسەرای تورك بۆ هەمووو شتێکی فەرەنسی، جلو بەرگو شێوەی ژیانی فەرەنساوییەکان، بوو بە ئلگوی بنەماڵە ناسەراوەکانی تورکیاو هەتاوەکو چینەکانی کانی کەی کۆمەڵگاش..

هەر لە شاری ئەستەنبولدا بەو بەرەوە، بەرانبەر کۆشکی"بەیلەر بەگی" هەمان کۆشك وائیوژینی ئیمپراتۆریستی تیادا حەسایەوە، بە سەر لێواری شاخی زێڕێنەوەیە، لە وێڕا چایخانەیەك هەیە بە ناوی" بیرلوتی" هەمان داستان سەرای سەردەمی خۆی کە رۆژێك لە رۆژان رۆیشتبووە خوو و پێستی گەورەیەکی تورکەوە. من لە رۆژانی هەینیدا لە گەڵ هاواڵەکانمدا سەری ئەو چایخانەم دەداو لە ژێر درەختێکی تەمەن سەد ساڵیدا سەماوەری دەمدراو لە بن دەستدا چامان دەخواردەوە، ئەوی دەماندی کارخانەی کەشتی سازیو کاغەز دروستکردنو شاخی بەرزو بڵند بوو و بەس، ئەوی باسی لەو جێگە کرابوو تەنها هەر وتەو باسەکە بوو، ئەویش بە شێوەی داستان سەرایی. بیرلوتی کە زۆربەی زادەی خەیاڵو دارشتنی ئەندیشەی خۆی بووە، بەڵام ئێمە هەر بەو خەیاڵەوە دەرۆیشتین بۆ ئەویّ.

برلوتی ناوبراو، بەرەگەز فەرەنساویو بە مەزهەب پرۆتستاند بووە، هەر بە مێرد منداڵی بووەتە مەلەوانی هێزی دەریایی، گوزەری بە زۆر جێگەو شوێن کەوتووە. وە بۆ هەر کویّ رۆیشتووە چیرۆکێکی رومانسی لیّ سازاندووە و پەیوەندی عشقی لە کومەڵگای جۆراجۆر سازاندوووە، خەڵکی هانداوە، داستانەکانی بخوێننەوە، ئیدی ئەوی غەمو پەژارەو هەستو بیرەوەریو ئازادیو خەیاڵو مەرگ و تنهایی هەیە، هەر هەموو بە شێوەیەکی تێکەڵاو، لە داستانەکانیدا خۆیان دەردەخەن، بەڵام ئەوی سەرسامی کردبوو، شاری ئەستەنبول بووە، لە وێڕا سەری تەعزیمی بۆ خواوەندگاری عیشقی راستەقینە دانواندووەتەوە و تەواوی تەمەنی لە گەڵ ئەو عشقەیدا گوزەراندووە، دوو شاکاری ئەدەبی سازاندووە، یەکەمیان ئەزیادی AZIYADI -١٨٧٧ز و دووهەمیان THEDISENCHANTED-١٩٠٦. برلوتی ئەوی لەژیانیدا دەیدی دەینووسی، ئیدی خەیاڵو راستەقینەی تێکەڵاو دەکرد. کە ئاوڕم دایەوە دوو چاوی سحر ئامێز ئەفسوناوی سەیریان دەکردم، بروّو برژانگی رەشی قەترانی دووچاوی سەوزی بریسکەدار لە دەریا سەوزتر ئەزیادی ئاوابوو، بەڵی، ئەو بەرەگەز جەرکسیو ژنی

یەكێك لە پاشا دەست ڕۆیشتووەكانی بوو. سمیوئیلی خزمەتكاری لوتی توانیبو ژوانێكی ناو بەلەم لە نێو دەریادا بۆ ئاغاكەی‌و ئەزیادی شوخو شەنگ پێك بهێنێت و ئەوی ترس‌و توقیان لە كوشتن بە لاوە بخەن‌و لە نێو بەلەمێكی رازاوە بە كۆشەو دۆشەكی نەرم‌و نۆڵ، هەر وەك پێخەفێكی پڕ لە جوڵانەوەی نەرم‌و نۆڵ پەڕداری هەرگیز نەشیاودان دەچنی شنەی شەماڵی ئەو تەنگەیە مەمكەكانی ئەزیادی ئەوەند پتەو كردبوو سەگۆكانی نەدەچوونە ژێر باری قورسایی لەش‌و ئەندامم. ئەی خودایە مەرگ چەندشیرینە، لە پێناوی پەیوەندییەكی ئاوادا..

ئەو دیدارانە، گەلێك جار لە نێوان لوتی‌و ئەزیادیدا دووبارە كرابوویەوە، سەرئەنجام لوتی كۆڵەباری سەفەری بەرەو وڵاتەكەی بەست‌و(ئەزیادی) بە جوانە مەرگی سەری نایەوە.

دوای مردنی "ئەزیادی" لوتی، دوای بیست ساڵ گەرایەوە ئەستەنبول. ئیدی دنیا گۆڕا بوو، رۆژئاواو تازە بابەتەكانی لە كۆمەلگای رۆژهەلاتدا بەدی دەكران، ژنانی رۆژهەلات زمانە بیانیەكان فێر بوو بوون درۆشتنە قوتابخانە، ئەگەرچی هێشتا هەر لە حەرەمدا دەژیان، بەلام بە شێوەیەكی تر دەژیان‌و شاكامیان بە ژنانی رۆژئاوا دەخواست.

لەووتی نامەیەكی لە ئافرەتێكەوە پێ گەیشت، داوای كردبوو سەردانی ئەستەنبول بكات، لوتی، پیری سەری لێدا بوو، بەلام ئەو سەفەرەی كردو ئەوە سەرەتای داستانی" ئازادی لەوەهەم" بوو جیهانی نامە نووسی‌و دوو ئافرەتی كەی هاوالی، چەندین جار بوونە هاو پێخەڤ لوتی‌و هایناند، تا داستانی مەحرومیەتی ژنانی رۆژهەلات بە شێوەی خۆی بنووسێتەوە.

لوتی، گەڕایەوەو دەستی بەو كتاوە ناودارەی كرد، كە لوتی گەڕایەوە، ئەو سێ ژنە خۆیان گەیاندە شاری پاریسی‌و ساڵۆنە ئەدەبیەكانی شاری پاریس، ئاگاداری هاتنیان بوون، لە زۆر كۆمەڵەو كۆبوونەوەی تایبەتی شاری پاریسدا وەدەردەكەوتن، تابلۆ و پەیكەری زۆریان لە روخسارو قەدو قامەتیان سازاند. هێشتا دەرنەكەوتووە كەسایەتی ئەو سێ ئافەرەتە راستەقینە بووە یان دروستكردووی فكرو خەیالی لەتی بووەو بەس.

ئەو كتێبە، هەرای گەورەی نایەوە، ژنانی رۆشنبیری فەرەنسا كەوتنە بانگەوازی ئازادی كردنی ژنان، لەو مەرگە ساتەیدا كە تیایدا دەژیان، وەك شەڕی خاچ كەوتنە تەقەاللای ئازادی كردنی ئەو جۆرە ژنانەوە لەو ژیانە ژێر دەستەیە.

ئیزابیلی ژنی ریتشارد بورتوون، به ئەنقەست جل‌و بەرگی کورتی لە بەر دەکرد تا پاوپوزی دەرکەویت هەرا لە ناو ژنانی دەولەتی عوسمانیدا دەستی پێکرد بوو سولتان عەبدولحەمید ١٩٠١ز فەرمانێکی دەرکرد، هیچ ژنە مامۆستایەکی مەسیحی حەقی بە حەرەم رۆیشتنیان نەبێت، بەلام پەیوەندی نێوان حەرەمسەراکان و ژنانی ناو کۆمەلگا دەستی پێکرد بوو. شاعیران و نووسەران و رۆشنبیران دژ بە ژیانی فرە ژنی کەوتبوونە هەولدان.

لە سالی ١٩٠٩زدا، سولتان عەبدولحەمید تەختەکەی با بردی، دەولەتێکی دەستوری پێکهات، کەمال ئەتا تورک توانی کودەتایەکی کۆمەلایەتی لە تورکیادا پێك بهێنێت ئیدی پێچە داکەوتە خوارەوە، عابا فڕیدراو سالانێ بەو شێوە چەو ساندنەوەی رەگەزی مێ بە سەر چوو ئەو ئافرەتانەی لە حەرەمسەرادا دەژیان، دەولەت ناردی بە دوای کەس و کاریاندان تا بیان بەنەوە، ئیدی لە هەر چوار گۆشەی ئیمپراتۆریەتەوە بە جل‌و بەرگی جۆراوجۆرەوە، خۆیان گەیاندە دیوان‌و حەرەمسەرا. ژنانی حەرەمسەرای سولتان بە جل‌و بەرگی پۆشتەوە کەس‌و کاری هەژارو شرولێیان، دیمەنێکی ناجۆری پڕ گریان‌و پێکەنینی پێکهێنابوو. لە لایەکەوە گریان‌و تاسەی دووری و لە لایەکی ترەوە ئۆخەی کردنی چەندین سالەی پڕ مەحرومیەت، بەلام ئەوی لە هەمووی پڕ ئازارتر بوو، برێك لەو ئافرەتانە لە ئاسماندا ئەستێرەیان بۆ نەمابوو. نە کەسێك نە دۆستێك نە خزمێك نە خوێشێك، بەلام تەنها شتێکە مایەی دلخۆشیان بوو ئازادی‌و سەربەستی بە دەست هێنان بوو، کە تەمەنێکی دورو درێژ بە تەمای بوونە‌و وەك خەیال وابووە.

وە نەبێت سەرسامی رۆژئاوا دەربارەی ژیان‌و چۆنیەتی فکر کردنەوەی رۆژهەلات‌و رۆژئاواییەکان لە قۆناغێکدا تەواو بوو بێت، لە قولایی مێژووەوە بە گوێرەی زنجیرە دەسەلاتەکان ئەو خولیایە لە سەری رۆژئاواییەکاندا شەپۆلی داوەو بە گوێرەی زەمان گۆڕاوە.

کاتێك دکتور ژۆزێف تشارلز، کتێبی( هەزارو یەك شەو)ی وەرگێڕایە سەر فەرەنسی"١٨٩٩-١٩٠٤. دیسانەوە هەواو هەوەسی رۆژهەلات چوون کەوتە خولیای رۆ ژئاواییەکانەوە. لە کارو کردەوەیاندا رەنگ‌و دەنگی خۆی دایەوە، لە جل‌و بەرگدا لە ئەپراو سەماو نیگارکێشیداو لە دواییدا لە سینەمادا. تیپی بالێی روسی بە سەرۆکایەتی سێرگی دیاگلیف لە پاریسدا بەرنامەیان لە سالی ١٩١٠زدا ئەنجامدا، زۆر لە

دیمەنی دراماتیکی رۆژهەڵاتیان خستە بەر چاو و دووبارە پەتای رۆژهەڵات لە ئەوروپادا سەری هەڵدایەوە.

یان" سیسیل بیتون" دیمەنی سەمای کارسافیناو بنجنسکی کەبە جلو بەرگی قوڵەرەشێکی کۆیلەوە بازی سەیر سەیری لە بالیەی شەهرەزادا دەدا. لە ولاشەوە دیزاینەری روسی( لیون پاکیست) کەوتە نیشاندانی جلو بەرگی رۆژهەڵات، دیمەنی سەیریان دەخستە بەر چاو، رابواردنی ژنانی حەرەمسەرا لە گەڵ خەساوەکاندا بە شێوەو زمانی ئۆپێرایی، دەیانحستە بەر چاو و لە شانۆییەکاندا ئەنجامیان دەدا.

دیزاینەری جلو بەرگ کەوتنە هێنانی پارچە دەستکردەکانی رۆژهەڵات وەك ئاورێشمی دیمەشقو ساقانی چینی و مەغریبی و زەربافتی ئێرانی و عوسمانی. ئیدی ئەوی سەماو جوڵانەوەی شەهوەت ئەنگیزانە هەیە بە ناوی داستانەکانی هەزارو یەك شەوەوە ئەنجام دەدرا، یان کابرایەکی کەتەی ورگ زل، جلو بەرگی سوڵتانی لە بەر دەکردو باڵندەی رەنگاو رەنگو مەیموونو کچە قوڵەرەشی نیوە روتیان لە دەور کۆ دەکردەوە.

کۆمپانیایەك هاتە کایەوە، بۆ رازاندنەوەی، خانوبەرە، بە شێوەی ئیسلامی و حەرەمسەرایی، زۆربەی بوونە دروستکراوەکان ناوی رۆژهەڵاتیان خستە سەر وەك. منارە، عەلائودین، ئەنتینا، یان شەوانی چین.

ژنانی پاریسی لایان وا بووە، کەوا ژنانی حەرەمسەرا لەکارو باری جنسیدا وەستاکارو لێزان بوونە، لە زۆربەی بۆنەکاندا، جلو بەرگی ناسراوەکانیان لە بەر دە کرد، وەك سەمیرامیس، شەهرەزاد سالومی، سالامبو، یان ژنەکانی سوڵتانەکانی عوسمانی لە ساڵی ۱۹۲۲ پێشەنگا کولونیالیەکان بۆ رەواجی بەرهەمەکانیان، وێنەی ژنانی رۆژهەڵاتیان دەخستە سەر پرۆپاگەندەکانیان، بە تایبەت بۆ رەواجی کرێم و سوراو سپیاوی ئارایشی ژنان، پەیوەستە بازرگانەکان پەنجەیان دەخستە سەر چۆنیەتی باری رابواردنی رۆژهەڵاتیەکان.

کۆمپانیەکانی سان لوران و ئەوانی تر، ئەوی هی رۆژهەڵات بووە. بە شێوەیەك لە شێوەکان بە کاریان دەبرد.

ئەگەرچی دەستگای فۆتۆگراف کەوتە دەستی هەمووان بەڵام شێوەو دیمەنی کەنیزەك" جاریە" هەمیشە وەك مۆدێل وابووە بۆ هونەرمەندان، نەك تەنها: ماتیس"

بەڵكو زۆربەی زۆری هونەرمەندان مۆدێلەكانیان بە شێوەی" جاریە" رازاندۆتەوە و نیگار كێشانیان راستەو خۆ لێ كێشاوە، بە تایبەت دیمەنی سەرفەو شكاندنی نێوەڕوان، یان راكشانی نێوەڕۆی ژنان. كە سینەما بوو بە باو، سەمای رۆژهەڵاتی و چیرۆكەكانی ئەفسانە ئامێزی رۆژهەڵات، بوو بە هەوێنی زۆر لەو فیلمە سینەمایانە وەك: شەمەندەفەری تیژی ئەستەمول، ماسكی دیمیتریوس، عەلی باباو چل دز، عەلی بابا دەڕوا بۆ شار، دزی بەغدا، زۆری كەی لەو بابەتە فیلمانە.

فیلمەكانی جیمسی بوند ٠٠٧ لە دیمەنەكانی رۆژهەڵات بە دوور نەبوونە، هەتاوەكو فیلمەسەكیسەكانیش بڕێكیان بە شێوەی رۆژهەڵاتیەكان تێكەڵاوی دەكەن.

بە پێی یاسا پێكهێنانی حەرەمسەرا قەدەغە كراوە، بەڵام حەرەم هێشتا هەر باوی ماوە، بە پێی ئاینی ئیسلاو چوار ژن لە ژێر كیفی پیاوێكدا بێت، بۆ خۆی حەڵاڵەو رەوایەو ئەو كارە رەوایە بۆ خۆی حەرەمسەرایەكی بچكۆلانەیە، یەشتا ژنانی رەش پۆش لە ماڵ وەدەردێن، سەرتاپایان داپۆشراوە، لە سعودیەدا ئەوسا بە گالیسكە دەرۆیشتنە دەرەوە، ئەوڕۆ كە بە كادیلاك و لیمۆزین دەردەكەون، یان لەم دواییەدا كە دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران لە ناو چووە و شەپۆلێكی توندوو تیژی ئیسلامی نەك تەنها لە ئێراندا، بەڵكو لە تەواوی دنیادا هاتۆتە سەر شانۆ و ناو ژیانی خەڵكی.

وەنە بێت فەرە ژنی تەنها هەر لە ناو ئیسلامدا رەواجی بوو بێت لە ساڵی ١٨٣١زدا مورمونە مەسیحیەكان فەرە ژنی لە ناویاندا ئاسایی بووە، تالەم دوا دواییەدا ١٨٩٠. لە ئەمریكادا بە پێی یاسا قەدەغە كرا، بەڵام ئەو كارە بە نهێنی هەر دەكرێت. لە ناو هندوسەكانیشدا حەرەمسەرا راگرتن هێشتا رەواجی هەیە"تكوان شری واجنیش"و" بوبافری جونر" سەدان جارییەیان بە خێو دەكردو بڕێكیان بە پارەو پول دەناردە لای داواكارەكانیان.

پرسیارێك پێش دێت، ئایا پیاو حەزی لە حەرەمسەرایە؟.. من وا دەزانم كەم پیاو هەوەسی لەو بابەتە رابواردنە نەبێت. ئەگەر بۆی بلوێ و دەست بدات.

ژنی چی؟ ئایا رازییە بە ژیانی فرە پیاوی؟. لە مێژوودا زۆر بینراوە و نووسراوەو بیستراوە، بە تایبەت ژنە دەسەڵاتدارەكان، لەو هەوەس بازییەدا دەستی كەمیان لە پیاوان كەمتر نەبووە، ئەگەر زۆرتر نەبوو بێت، وەك: سەمیرا میس، عشتارن كلیوپاترا، كاترین و زۆری دیكە، لەو ئافرەتە دەست رۆیشتووە حەشەریانەی كە هەر شەوێك لە باوەشی

پیاوێکدا بوونە داستانی رابواردنە خوێنیایەکانیان گەیشتووەتە منو تۆ..(سەیر لەوەدایە لە دنیای پێشکەوتووی ئەورۆی مرۆڤدا فرە ژنی بیزیاوە بەڵام هاو پێخەڤ ژنان جۆراوجۆرو فرە ژنی لە زۆربەی کۆمەڵگا پێشکەوتوو و تێگەیشتوەکاندا لە ئەندازە بەدەرەو لە بەرانبەریدا رەنگە ژنەکەش هەمان کار بکا کە پیاوەکە بۆ خۆی بەرەوای داناوە. خوسرەو) بەزمی بەشداری بوونی چەندین ئافرەت لە یەك پیاودا، لە سەردەمی باوك سالارییەوە بینراوەو رەنگە لە قوڵایی ناخی برێك لە ئافرەتاندا تا بە ئەمرۆ ماوەو لەزەت بەخشانە تێی بنوارێت. لەم رووەوە، ئودری B تشابما، گفتوگۆیەکی لە گەڵ دوو ئافرەتی ئەمریکاییدا کردووە، دیلون ناویان دەڵێت: من باوەڕم بە ژن و مێردی ئاسایی ئەمریکی نەماوە، بۆیە رۆیشتمە کۆمەڵگای دنیای فرە ژنی زۆرتر ئاسایشی تیادایە، هەروا ئەو خانمە دەڵێت: من دەزانم مێردەکەم لە کوێیە.. شەو بەلای کام ژنەوەیە، لە بەر ئەوەی من ژنی یەکەم، یارمەتیم داوە، بۆ هەڵبژاردنی ژنەکانی دیکەی کارو باری خێزانیمان دوورە لە کێشەو بگرەو بەردە، زۆر لە ژیانی شووی یەکەم رازی ترم، لە رووی بەرنامەیەکی دارێژراو ژیانمان بە سەر دەبەین، هیچ جۆرە ململانێو شەڕو ئاژاوەمان لە نێوەاندا نییەو رەفتار بەرانبەرمان وەك یەك وایە..ئەوی تریان بە ناوی" کارین" کە ئەویش ژیانی فرە ژنی هەڵبژاردووە دەڵێت: من وا نازانم مێردەکەم هەر دەبێ بۆ من بێت. ئێمە ئەنجومەنێکی خێزانین، هەر یەك لە ئێمە ژوورێکی تایبەتمان هەیە، میردەکەمان یەشتا نەهاتۆتە ژوورەکانمان. ئەوە ئێمەین بە تۆرە دەڕۆینە سەر جێگەی ئەو. هەرچەندە ئێمە زۆتر پەیوەندی روحمیان لە پەیوەندی ناو جێگە لا بە هێزترە. ئەو جۆرە ژیانە لە ئاژاوەوە دووری خستوینەتەوە. من بۆ خۆم مەلەوانکەیەکم وەدیکرد، زیاتر لە دوانزە ئافرەتی تیادا بوو زۆربەیان نیوەی لەشیان لە دەرەوەی ئاوەکەوە دەرکەوتبوو، برێکیان پەرداخ بە دەست، ئیدی شەربەت بوو یان ئەلکول ئەوەی نازانم.. جارەو بار قاقای پێکەنینێك بێ دەنگی دادەدڕی و زۆرتر چپەی ژنانەیان دەکردن جارەوبار لە ئاوەکە دەردەچوون و دەهاتن بۆ ناو سەرشۆرگەی هەڵم.

ئیدی هەڵم ئاسمانی سەرشۆرگەی پڕ کردبوو لە لەشی هەڵماوی زۆربەیانی هێنابووە سەر هەوەس. قەدو باڵای مەوزونو لەڕولاوازو قەڵەو کە لەشیان تیادا وەدی دەکرا، جارەو بار رەزامەندانە دەستیان لە سنگو مەمك وڕانو پوزی یەکتر دەدا، برێکیان

ڕۆنیان لە لەشیان دەماڵی، بڕێکی تریان هەویری زەراتیان لە روخسار دەدا، یان دەواو دەرمانیان تابن رانیان دەماڵی دەشێلا.

ئەو دیمەنە وا باسم کرد، دیمەنێکی ڕۆژهەڵاتی نەبووە، بەڵکو خوو و ڕەوشتی کۆمەڵێك ئافرەتی دواهەناسە بیستەم بووە کە بۆ خۆی خووی ژنانە پابەندی زەمان نییەو چ لە حەرەمسەرادا بێت، یان مەلەوانکەیەکی شارێکی ئەمڕۆ لەو جۆرە کارانەوە بە دوور نابێت..

# کرنولوژی سوڵتانەکان عوسمانی

| ناوی سوڵتان | ساڵی فەرمانڕەوایی | ناوی ژنەکەی |
|---|---|---|
| ١-عوسمانی یەکەم | ١٢٩٩-١٣٢٦ | |
| ٢-ئورهان | ١٣٢٦-١٣٦٠ | تیودورا |
| ٣-مورادی یەکەم | ١٣٦٠-١٣٨٩ | |
| ٤-بایەزیدی یەکەم | ١٣٨٩-١٤٠٢ | |
| قۆناغی بێ سوڵتانی. سەردەمی تەیمورەی لەنگ | | |
| ٥-محەمەدی یەکەم | ١٤١٣-١٤٢١ | |
| ٦-موردای دووەم | (١٤٢١-١٤٤٠)و(١٤٤٥-١٤٥١) | |
| ٧-محەمەدی دووەم | (١٤٤٠-١٤٤٥)و(١٤٥١-١٤٨١) | ئێرین |
| ٨-بایەزیدی دووهەم | (١٤٨١-١٥١٢) | |
| ٩-سەلیمی یەکەم | (١٥١٢-١٥٢٠) | |
| ١٠-سلێمانی یەکەم | (١٥٢٠-١٥٦٦) | روکسالینا |
| ١١-سەلیمی دووەم | (١٥٦٦-١٥٧٤) | |
| ١٢-موڕادی سێهەم | (١٥٧٤-١٥٩٥) | بافا |
| ١٣-محەمەدی سێهەم | (١٥٩٥-١٦٠٣) | قوسیم |
| ١٤-ئەحمەدی یەکەم | (١٦٠٣-١٦١٧) | |
| ١٥-مستەفای یەکەم | (١٦١٧-١٦٢٢-١٦٢٣) | |
| ١٦-عوسمانی دووەم | (١٦٢٧-١٦٢٢-١٦٢٢-١٦٢٣) | |
| ١٧-مورادی چوارەم | (١٦٢٣-١٦٤٠) | |
| ١٨-ئیبراهیم | (١٦٤٠-١٦٤٨) | |
| ١٩-محەمەدی چوارەم | (١٦٤٨-١٦٨٧) | |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠-سلێمانی دووەم | (١٦٨٧-١٦٩١) | |
| ٢١-ئەحمەدی دووەم | (١٦٩١-١٦٩٥) | |
| ٢٢-مستەفای دووەم | (١٦٩٥-١٧٠٣) | |
| ٢٣-ئەحمەدی سێهەم | (١٧٠٣-١٧٣٠) | |
| ٢٤-مەحموودی یەکەم | (١٧٣٠-١٧٥٤) | |
| ٢٥-عوسمانی سێهەم | (١٧٥٤-١٧٥٨) | |
| ٢٦-عەبدولحەمیدی یەکەم | (١٧٧٤-١٧٨٩) | ئیمی دی ریڤیری |
| ٢٧-سەلیمی سێهەم | (١٧٨٩-١٨٠٧) | |
| ٢٨-مستەفای چوارەم | (١٨٠٧-١٨٠٨) | |
| ٢٩-مەحموودی چوارەم | (١٨٠٨-١٨٣٩) | |
| ٣٠-عەبدولمەجید | (١٨٣٩-١٨٦١) | |
| ٣١-عەبدولعەزیز | (١٨٦١-١٨٧٦) | |
| ٣٢-مورادی پێنجەم | (١٨٧٦- | |
| ٣٣-عەبدولحەمیدی دووهەم | (١٨٧٦-١٩٠٩) | |
| ٣٤-محەمەدی پێنجەم | (١٩٠٩-١٩١٨) | |
| ٣٥-محەمەدی شەشەم | (١٩١٨-١٩٢٢) | |

# وێنەکان



لە بەر نەرویشتنە دەرەوە لە حەرەمسەرا و پەیوەستە لە نیم چوار دیواردا مانەوە ژنانی ناو حەرەم سەرا زۆربەی کاتیان یا بە خواردنو خەوتن دەبردە سەر یا بە راکشان و پالکەوتن هەر بەو هۆیانەوە زۆربەی زۆری ئەو ژنانە قەڵەو دەبوونو گۆشت بە سەر لەشو لاریانەوە تۆپەڵی دەکرد.



ئـەم تالويـە لـە لايـەن هونەرمەنـد ئيجـى تيـسايرەوە كێـشراوە ٨٦٠ ز لـە موزەخانـــەى هونەرەجوانـــەكانى ئـــەفريقياو رۆژهەلاتـــدا پـــارێزراوە. ناسـراوە بـە تـابلوى( خـانمى جـەزايرىو كۆيلەكەى).



هونەرمەنـد ئـۆژين دلاكـروا ٨٣٨ز ئـەم شـاكارەى خولقانـدوە بـە نـاوى" چـەند ژنـە جەزائيريەك لە ژورەكەياندا. لە موزەخانەى لوڤەردا پارێزراوە.



**گۆشتن یان باریك ئەندام**

یەكێك لە ئافەرتەكانی ناو حەرەمسەرا نەختەكێك گۆشتن كە یەكێك بووە لە مەرجەكانی زەرافەتی ژنانی ئەو كاتە هەتا وەكو هونەرمەندانیش كە نیگاری لەشیو لاری ئافەرتانیان كێشاوە چ بە جلو بەرگەوە یان بە رووتی گۆشتنیان زورتر بە لاوە پەسەند بووە تا باریك ئەندام.



شەوی خەلیفە.

حەرەمسەرای یەکێك لە سەلاتینی عوسمانی و چۆنییەتی بەزمێکی رابواردنی، وەك دەبینی ئافرەتی قەشەنگی هەمەڕەنگ وەك پەپوولەی دەوری چرا بە دەوری سوڵتاندا دەسووڕێنو پەخشو بەڵاون.

ولیام جیمس موللەر ١٨٣٨ نیگارکێش‌و رۆژهەڵاتناسی بەریتانیایی

جیراردی نیرڤال ١٨٤٣-١٨٥١ز گەریدەی رۆژهەڵات

مەکسیم دوکامب

بیرەوەری یاداشتی سروشتی رۆژهەڵات ١٨٤٩

سیر ریتشارد بورتون"چیرۆکی" تایبەتی حاجیەکەی مەککە و مەدینە ١٨٥٣ز.



چونیەتی کۆیلە فرۆشتن



له سەرتا سەری وڵاتانی ژێر دەستەی دەسەڵاتی عوسمانیدا یەکێك لە مەرجەکانی کچ پەسەند کردن" قاوەی تورکی" دروست کردن بووە. هەر کچێك ئەو کارەی وەستاکارانە نەزانیبا بە عەیبێکی گەورەی بۆ دەژمێردرا، خۆ راکشانی ناو حەرەمسەرا بەشێکی زۆری کاتی ژیانی ناو حەرەمسەرای بە خۆوە تەرخان دەکرد.



هونەرمەند. ئرموند دولاك.

چوارینەی ژمارە: LXXll.ی خەیامی کردوەتە تابلو بە شێوەی مینیاتۆر لە زانکۆی کولومبیای شاری نیوورکدا پارێزراوە.



**هونەرمەن لیون پاکیس" ژنە سوڵتان ١٩١٢ز.**



هونەرمەند ژان هیون ژیـروم: خەسـاوی پـارێزەری حەرەمـسەرا ١٨٥٩ز. لـە کۆمەڵەی گالاسدا لە شاری لەندەن پارێزراوە.



هونەرمەند سونگرسارگنت" حەمامی هەڵمی عەنبەر ١٨٨٠ز" لە پەیمانگای ستیڕلنگ و فرانسین کلارك بو هونەر لە شاری "ولیامز تاون"ی ولایەتی ماساشوسیتیدا پارێزراوە.



هونەرمەند ژان لیون ژیروم. حەمام ١٨٨٠ز لە موزەخانەی هونەرە جوانەکانی سان فرانسیسکۆدا پارێزراوە.



**هونەرمەند رودلوف ئرنست ١٩٠٠. کاتەبە یەهودەکانی ناو حەرەمسەرا.**



ئـەم تابلۆیــە لــە سـەردەمی حەڤدەهەمدا کێشراوە لـە موزەخانـەی تـوپ قـاپی شـاری ئەسـتەنبولدا پـارێزراوە بـە شـێوەی مینیـاتۆری ئیرانـی ئـەنجام دراوە سـەردەمی دەسـەڵاتی مەغول.



هونەرمەند پول دیزایر ترویلیبرتس بە ناوی خزمەتکاری حەرەمسەرا ۸۷٤ز .
لە موزەخانەی هونەرە جوانەکانی شاری" نیس"دا پارێزراوە.



هونەرمەنـد ژان ئەگیـست دومنیـك ئـەنگریس ١٨٤٢ز تابلۆكـە بـە ناوبانگـە بـە نـاوی "جاریەم كۆیلەكەی" لە هوڵی ڤالتەر بو هونەردا. بالیمور پارێزراوە.



لــە ئــاوا دیوەخانێكـدا ژنــانی حەرەمــسەرا ســوڵتانیان دەهێنایــە ســەر هــەوەس. هونەرمەند.هونكەر سوفاس.



هونەرمەند. ژان یولیوسی ئنتولن لیکوستی دینوی " کۆیلەی سپیلکانە ١٨٨٨ز"
لە موزەخانەی هونەرە جوانەکانی نانتس لە فەرەنسادا پارێزراوە.



هونەرمەنـدی گـەورە رینـوار ١٨٧٠ز ئـەم تابلۆیـەی نـاو نـاوە "جاریـە" هونـەرە نیشتمانیەکان لە واشنتۆن پارێزراوە.



هونەرمەند سیرفرانك دیکس. لە یلا ١٨٩٢. لـە ئەنجومـەنی هونەرەجوانـەکانی شاری لەندەندا پارێزراوە.



هونەرمەند: ئدموند دولاك

یـەکێك لـە چـوارینەکانی خـەیامی کردوەتـە تـابلۆ بـە شـێوەی مینیـاتۆر ١٩٠٩ز لـە زانکۆی کولومبیادا لە شاری نیورگ پارێزراوە.



هونەرمەند. بابلو بیکاسو ۱۹٥٥ز. ژنە جەزائیریەکان.لە ئەنجومەنی نورتون سیمون.
باسادینبا- کالیفۆرنیادا پارێزراوە.



هونەرمەند. تیودورلیبلانـك" بـوکی موسـلمان ٨٣٥ز لـە هـولی بیولوسـیك ناسـیونالی شاری پاریسدا پارێزراوە.



هونەرمەندی گەورە هنری ماتیس ١٩٢٣ز ئەم تابلۆیەی کێشاوەو ناوی ناوە "جاریە" لە ناو گوڵزاری مەنگولیادا.



تابلۆیەکی کەی هونەرمەند هنری ماتیس بە ناوی کۆیلەی دەرپیە ستور ١٩٢٢ز لە مۆزەخانەی هونەری نویەی نیشتمانیدا لە شاری پاریسدا پارێزراوە.



هونەرمەنـد فرەدریـك لـویس ژیـان لـە حەرەمـسەرادا قـاهیرە ١٨٥٨ز لـە موزەخانـەی. فكتۆریا و ئەكبیرت، پاێزراوە لەندەن.



هونەرمەنـد جـون فرەدريـك لـويس ئەم تابلۆيەی سازاندووە بە ناوی ليليوم ئـــەواتوم ١٨٧١ز لـــــە كتێــــب خانـــەی بردجهانی شاری لەندەندا پارێزراوە.



هونەرمەند ژان ئيـتين ليۆنـارد ئـەم تابلۆيەی ناو ناوە ژنە نورك و كۆيلەكەی ١٧٤٢ز موزەخانــەی ژنـێف بـۆ مێـژووی هونەر.



**هونەرمەنـد: جـون فرەدريـك لـويس: ژيـانی حەرەمـسەرای قوسـتەنتینیە ١٨٥٧ز لـە هۆڵی لاینگ لە نیوکاسلی بەریتانیادا پارێزراوە.**



هەر جارێك سوڵتان لە گەڵ ئافرەتێكدا هاو پێخەف با تا گەورە خەساو دەبوا سەعاتو رۆژەكەی لە دەفتەرێكدا تۆمار كردایە تا لە رەگەزی منداڵەكان دڵنیا بان وە ئەو ژنانەی دەبوونە خاوەنی منداڵ لە سوڵتان بە تایبەت ئەگەر كوڕبا تا پلەو پایەی گەلێك بەرز دەبوویەوەو دام و دەستگای تایبەتی بۆ تەرخان دەكرد.



بەزم گورانی تایبەتمەندی ناو حەرەمسەرا کە جارو بار ئـەنجام دەدرا دیمـەنێکی لـە ژیانی روکسالینا.



هونەرمەند ئەروارد مانییە ١٨٦٣ موزەخانەی ئوروسی لە شاری پاریس"جاریە"و کۆیلەکەی.



ژنە دەست رۆیشتووەکەی حەرەمسەرا ناوی ئەم تابلۆیە لە لایەن هونەرمەند ژان ئوگیست دونیك ئنگریسەوە کێشراوە ١٨١٤ز لە موزەخانەی لوڤەردا پارێزراوە، وا دیارە لە رووی داستانی ژیانی، قوسیم"ەوە کێشاویەتی.



هونەرمەند ئەتشیل، ژاك، ژاف ماری دیڤیریا ١٨١٠ز لە ئەنجومەنی نوتون سیمون باسادینا لە کالیفورنیادا پارێزراوە وادیارە لە ژیانی ئیمی دیبوك کێشاویەتی.



**هونەرمەند بالسوی ١٩٦٣از ژورێکی تورکی، لە موزەخانەی هونەری نویەی پاریسدا پارێزراوە.**



دەڵاڵێکی کۆیلە فرۆش لەش و ئەندامی روت و قوتی کۆیلەیەك بە سینەکان نیشان دەدا هەروەك چۆن لە مەیدانی ئاژیل فروشاندا ئاژیل دەخرێتە بەر چاو، پیم سەیرە، ئەم کارە قیزەونە ئاینە ئاسمانیەکان چۆن قەدەغەیان نەکردوەو زۆر بە ئاساییی مامەڵەیان پێ کردوە سەیر لەوەدایە گەورە خەساوی حەرەمسەرا کۆیلەکانی پەسەند دەکرد. سلێمان ئاغا لە کۆیلەسەندندا.

بونگای کۆیله فرۆشتن.

کۆیلەدار لە جێگەیەکی بڵند دا دادەنیشت، کۆیلەکانی دەڕازانـدەوە، بـە جلـو بـەرگی ڕەنگاو ڕەنگ، هەتا وەکو زێڕو زیوی دەکردە گەردنو دەستو پلیان، بـۆ جوانتر نوانـدن، کە دەفرۆشران تەواوی ئەوانەی لێ دەکردەوەو دەیکردە قەدو بەری یەکێکی تردا.

کۆیله

یەکێك لە سوڵتانەکانی عوسمانی کۆیلەی نەدەسەند ئەگەر لە پێشدا بە چاوی خـۆی ئەو کۆیلە ئافرەتەی نەدیبا. جا کۆیلەی فرۆشـتنیان دەبـردە دەریـاو بـەو شـێوە سـوڵتان دەیدی ئەو دەم ئەگەر پەسەندی کردبا دەیسەندو دەیخستە سوپای حەرەم سەراکەیەوە.

حەرەم سەرای دەرباری سەلاتینی عوسمانی پڕ بوو لەم لەشو لارە بەند کاروانە.

حەرەم سەرا.

گۆشەیەك لە حەرەمسەرای سەلاتینی عوسمانی کە لە لایـەن پیـاوە خەسـاوەکانی نـاو حەرەمـــسەاوە دەبـــران بـــە جێگـــەوە.. زۆر کـــاری پـــڕ لـــە ســـەیرو ســـەمەرە لـــەو حەرەمـسەرایانەدا ڕووی دەدا، نابەرابـەری، مـەحرومیتی جنـسی، کـاری شـەرم ئـاوەری خواجە خەساوەکان، رابواردنی ژن بە ژنو سەدان رەفتاری نەشیاوی تر.

ئاسیای ناوەڕاست ئەوروپای رۆژهەلات هەوارگەی کۆیلە سپی پێستەکان بوو.. رۆژ بە رۆژ بازاریان گەرمتر دەبوو.

کۆیلەکە دەفرۆشرا بسین ماڤ لەش بشکنینو دەمی بۆن دەکرد دانێ تـاقی دەکـردەوە سەدای دەنگی زیوە رۆیشتنی رووت و قووت کردنەوەو بـشکنین کـەڵ و سـنگو مـەمك و جێگای تری مەرجەکانی تربوو..

دەربـارەی یـەکێك لـە خولـەخانی عەباسـی بەزمـە هەمیـشەیەکانیان کـە تـا تێـدا چووون تێریان لە رابواردن نەخواردەوە.

**دەربارەی یەکێك لە خولەفای عەباسی، بەزمە هەمیشەییەکانیان کە تا تێدا چوون تێریان لە رابواردن نەخواردوە.**

**ئاژێل فرۆشتن لە بازاردا کۆیلە بە ژنو هەتاوەکوو مندالیش لە بەر دەستدا بووە بو فرۆشتن.**



حەرەمــسەرا لــە زوربــەی زۆری وڵاتــە ئیــسلامیەکاندا هــەبووە وە لــە ناحییــەی شەرعییەوە بە کارێکی شیاو وە پەسەند دانراوە، بە مەبەستی جیا کردنــەوەی ژنوزا لــە رەگەزی پیاوان ئەو شیوە پیەی وتراوە "حەرەم" بەڵام کە حەرەم کراوەتــە حەرەمــسەرا مەرجــەکانی خۆبــەخۆ گــوڕاوە چ لــە بــاری ژمارەیانــەوە پێداویــستەکانی بــەخێو کردنــی حەرەمسەراو پارازتنی.

زۆربەی دەست رویشتوانی نێو کومەڵگای ئیسلامی خــاوەنی جۆرێــك لــە حەرەمــسەرا بونە ئیتر هەر کەسەو بە گــوێرەی توانــای دەســت رۆیــشتنی خــۆی، والیــەکان چاویان لــە سولتانو شاکانیان کردوەو هەریەك بە خوی حەرەمــسەرای تایبەتمەنــدی خــۆی هــەبووە وە دەستەی موزیكو سەماکەرو قەشمەر بازو بەزم و رەزمی خۆیان هــەبووە وە لــە هــەر وڵایەتێکدا ئەو جۆرە بەزمو رەزمە جیاواز بووە ئەو تابلۆیەی لە بــەر دەســتدایە بــەزمو سەماو چەقەنە لێدانێ یەکێکە لە والیەکانی وڵاتی مەغریب.



لـه بـازاری کۆیلـــــــــه فرۆشـــــاندا کۆیلەی جۆراو جـــۆر بــــەم شـێوەی وا لـــە بـەر دەسـتدایە دەخرایـــــــە بەرچـاو ئیـدی کـابرای بـسین بـوی هــەبووە دەسـت لـە زور جێگـای بدایـە، دەمـــــــــی دەکــــــردەوەو ســـــــەیری داندانی دەکرد بۆنی دەمی دەکرد تا بزانێت بۆنی دەمی دێت یا نـا، رێگـە رۆیـشتنی تـاقی دەکـردەوە، پرسیاری هونەرو رۆشنبیری لێدەکرد ئەگەر کۆیلەکە گەورە کچ یان ژنی سەرەبایە.

بۆ رەگەزی نێرینە مەرجی تر لە کاردا بووە لـە پـیش هـەموو شـتێکدا تەندروسـتیو ساخلەمی، ئـەو جـار لیـزانینو کـارو کـردەوە جۆراوجۆرەکـان هـەر پولـە کۆیلەیـەك بهاتبایەتە ئەستەنبول یا ولایەتـەکانی ژێـر دەسـتەی دەسـەڵاتی عوسمـانی والـی ولایـەت چاوساگانی بازاری کۆیلە فرۆشی ئەگەر کۆیلەیەکی نایاب یـان خـاوەنی مـەرجـەکانی نـاو حەرەمـسەرا باتـا دەبـوا پێـشکەشی حەرەمـسەرای سـوڵتان کرابـا. گـەورە خەسـاوی نـاو حەرەمسەرای سوڵتان پەیوەندی راستەوخۆی هەبووە لـە گـەڵ دەڵاڵانـی کۆیلـە فرۆشـیدا یان والی ولایەتەکانی ژێر دەسەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا.



**دیمەنێکی دیکراسیونی حەرەمسەرای ئیسلامیەکان کە زۆرتر لە کەندەکاری سەر دارو رازاندنەوەی بە پارچەی بچوکی عاجو هەروە شوشەی رەنگاو رەنگو نەخشەی دارو درەخت بە سەر دیوارەکاندا.**



هونەرمەند جون فرەدريك لوبس ٨٧٣ز ئەم تابلويەی ناو ناوە پێشوازی. لە ناوەندی یال بو هونەری بەریتانیادا پارێزراوە.



هونەرمەنـد.جـون فائـد ئـەم تابلويـەی كێـشاوەو نـاوی نـاوە "جاريـە بـە سـپەر دەگورێتەوە.



**هونەرمەنـد لیـون پاکـست لـە سـاڵی ١٩١٠ز ئـەم تابلۆیـە کێـشاوە بـە نـاوی خەسـاوی حەرەمسەرا ئیسلامیەکان.**



هونەرمەند ژان ژوزیف بنیامین کونستانت ١٨٨٢ بە ناوی. حەرەمسەرا.



جل‌و بەرگی ژنای ناو حەرەمسەرای سەدەی هەژدەهەم ئەگەر بە شینەیی لیی وردبینەوە پەیوەندیەکی راستەوخۆی لە گەڵ جل‌و بەرگی ژنانی کوردا هەیە، هەمان کەواو سەوخمەو کراسی شوڕو سەربەندو پشتوێن، تەنك‌و لەرزانەو دەسبەندو ملوانکەو گوارەو سەر پەرچەم.



**ئەم تابلۆیە ناسراوە بە ناوی عەدیلەخانم ١٨٥٤ز لە لایەن. ئامادیو کونت برزیویزی:ەوە کێشراوە لە موزەخانەی فکتوریا ئەلبیرت دا پارێزراوە.**